# زمان و زار

ساڵی سێیەم- ژمارە (١٠) (سەرماوەرز-٢٧٢٣) (زستانی-٢٠٢٣)

گۆڤارێکی زمانناسیی وەرزییە

خاوەن ئیمتیاز:

د. تەها رەسووڵ

سەرنووسەر:

فەرەیدوون سامان

سەرنووسەری فەخری:

تۆفیق وەهبی بەگ

# زمان و زار


**دەستەی راوژێکاری:**

د. وریا عومەر ئەمین

د. هۆگر مەحمود

د. مژگین چالی

د.بێستوون حەسەن ئەحمەد

کامران رەحیمی



**کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت**
**دەری دەکات**



بۆ پەیوەندی بە گۆڤاری زمان و زار

fereydunsaman61@gmail.com

00964 750 448 0493

**ڕاوێژکاری کارگێڕی:**

ئەڤین ئەحمەد

**ڕاوێژکاری یاسایی**

سالم سەلمان کوببەچی

**هەڵەگری: لوقمان.م شلانی - مەسعود لاوە**
**دیزاین: ئومێد محەمەد**
**چاپ:** ٢٠٢٣
**تیراژ:** ٥٠٠ دانە
**نرخ:** ٥٠٠٠ دینار
**چاپ:** چاپخانەی تاران

هەموو ئەو بابەتانەی بڵاودەکرێنەوە:
گوزارشت لە راوبۆچوونی نووسەرەکەی دەکات

# پێڕست


- زمانی کوردی و گۆڕانکاریی دیموگرافی.........................................................................٧

**فەرەیدوون سامان**

- ململانیی زمان و زارەکان – زمانی کوردیی و زارەکانی بەنموونە................................٢١

**پ.د. بێستوون حەسەن ئەحمەد**

- زمانی کوردی لە پرۆسەی بەکەمینەکردنی کورد و بە ئاسایشکردنی پرسی کورددا........٤٣

**د.شێرکۆ کرمانج**

- لێکدانەوەیێکی مۆرفۆفۆنیمی.......................................................................................٦٣

**پ.د. وریا عومەر ئەمین**

- نەخشە ڕێگایەک بۆ بە ستانداردکردنی زمانی کوردی...................................................٦٧

**کازم عەباس زەندی**

- زمان و ئایین لای ڤیتگنشتاین.....................................................................................٩١

**ئاری عەلی ئەمین**

- زمانی کوردی پرسێکی ئەمنیەتی سیاسییە.................................................................١٠٩

**شەریف فەلاح**

- تێبینی لەسەر شێوەزاری گۆران یان هەورامی.............................................................١٤٣

**موحەمەد ڕەشیدی ئەمینی**

- مافی خوێندن بە زمانی دایک......................................................................................١٥٩

**ئازاد وەڵەدبەگی**

- زمانی یاسایی لە فەرهەنگی یاساییدا..........................................................................١٦٧

**عەلی حەمەد عوسمان و هاژە چیچۆ**

- زمان و بیرکردنەوە....................................................................................................١٨٧

**ئاری سوبحی کۆیی**

- ڕێکارێن وشەئافراندن: (وشەدۆزینەوە، وشەبژارتن، وشەڕونان و وشەوەرگرتن)...١٩٩

**ئەیوب گازرانی**

- بنچینەی ناوی «تاق وەسان».....................................................................................٢٠٧

**سەروەر پێنجوێنی**

- مۆسیقا و زمان...........................................................................................................٢١٥

**هەیاس کاکەیی**

- هەڵبژاردنی زمان لەکن یاشار کەمال - بێژان ماتوور...................................................٢٢٣

**و/ بەکر شوانی**

- مادی ناوەڕاست، زارێکی نەناسراو( شیکارییەک زمانناسیی مێژوویی)......................٢٢٩
**کامەران ڕەحیمی**
- ڕانانی کتێب : ڕێزمانی گشتگری کوردی شێوەزاری فەیلی........................................٢٣٥
**کامران مەڵگشایی**
- هەڵسەنگاندنێک بۆ (١٠) ژمارەی گۆڤاری زمان و زار.............................................٢٣٩
**فازیل شەوڕۆ**
- «پێگەی گۆڤاری زمان و زار لە تەرازووی ڕاژەدا»...................................................٢٥٧
**د. هۆگر مەحمود**
- منظومه حماسی گورانی «بهمن و فرامرز» در یک نگاه،...........................................٢٦٣
**سکینه آزادی و علی گراوند**
- گوران بخش گسست ناپذیر هویت کردی است........................................................٢٨٥
**مصاحبه با طیب طاهری**
- المنهج الدياليكتولوجي الإدراكي للتنوع اللغوي والتحليل المكاني للتنوعات اللغوية الكردية....٣١٣
**ترجمة/ ب. جوانرؤ**
- ملحمة جلجامش كرديا بين الترجمة الأدبية والقواعدية..............................................٣٣٣
**برزو محمود**

– Dengên Zimanê Kurdî(Kurmancî), di Proseyên Dengsazîyê de.....5
Berzo Mehmûd
– Felsefeya ziman. Ziman çi ye?.....................................13
Maruf YILMAZ
– Li TIRKIYEYÊ REWŞA ZIMANÊ KURDÎ.......................39
Bahadîn Robar
– Eskere Boyik, dramatûrg, helbestvan û nivîskarekî kurd.....51
Jiyan

# زمانی کوردی و

# گۆڕانکاریی دیموگرافی

فەرەیدوون سامان

پەیوەندییەکی ئۆرگانیک لە نێوان گەشەکردنی زمان و سۆشیالمیدیا هەیە، چونکی ڕەوشی زمان پەیوەستە بە ئاساییشی نەتەوەیی هەر گەلێک، هەروەها ئەو گۆڕانکارییانەی لە دیموگرافیای ئەو ناوچانە ڕوودەدەن کە دەکەونە بەر هێژموونی سیاسەتی پاکتاوی نەژادی و ئاسمیلاسیۆنی زمان، هەر بۆیەش کەناڵەکانی سۆشیالمیدیا لەو پرسەدا ڕۆڵێکی کارا و ستراتیژییانە دەگێڕن لە ناساندنی دۆزی ئەو نەتەوەیە، بەتایبەتیش لە ڕوانگەی پرسی زماندا و گەیاندنی ئەو پەیامە بە هەموو تاکێکی هاووڵاتیان لە هەر کوێیەکی ئەو سەر زەمینەدا.

سۆشیالمیدیا دوو ڕووی هەیە، یەکیان بەڕاستی دەتوانێت لە خزمەت زمانی یەکگرتووی کوردیدا بێت، لە ڕێگای گەیاندنی پەیامی ئەو کەناڵانە بە ئامانجی لە یەکتر نزیککردنەوەی زار و بنزارە کوردییەکان و ئەو بەرنامە پەروەردەیی و هونەری و زانستی و ویژەییانەی کە بە سانایی دەگەنە ناو هەموو ماڵێکدا، ئەویش بە ئاشناکردنی کولتووری ناوچە جیاوازەکانی کوردستان، ئەمەشیان تا ڕادەیەک لە سێ دەیەی ڕابردوودا بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێ کە هاووڵاتیەکی دەڤەری ئیلام یان شارەزوور بە سانایی لە زۆر وشە و زاراوەی کوردی باکوور یان ڕۆژاوای کوردستان دەگات و تا ڕادەیەکی زۆریش زانیاری گشتی لە سەر دابونەریت و کەلەپووری بەشەکانی تری کوردستان پەیدا کردووە...

لێرەدا مەبەست لە چەمکە تیۆرییەکەی زاراوەی گۆڕانکاریی دیمۆگرافی، واتە گواستنەوە لە دۆخێک بۆ دۆخێکی دیکە، یان ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ڕێکخستن و بونیادی کۆمەڵگەیەکدا ڕوودەدەن و بەو پێیەش گۆڕانکاریی دیموگرافی بە یەکێک لەو زانستە کۆمەڵایەتیانە دادەنرێت کە پەیوەندی بە پرس و کێشە و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە هەیە، پەیوەندی بەو پرسانەوە هەیە وەک ژمارەی دانیشتووان و هۆکارەکانی گەشەکردنیان و هاوسەنگی چۆنایەتی و چەندایەتییان، چەمکەکانی کاریگەری ئەو گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییانەیان لە سەرە کە لە کۆمەڵگا مرۆییە هاوچەرخەکاندا هەیە، جگە لەوەش هەندێک تایبەتمەندی دانیشتووان دەپێوێت، وەک قەبارەی دانیشتووان و دابەشبوونی بەپێی جۆری کار، پیشەسازی، نیشتەجێبوون و ئینتماسی سیاسی و ئایینی و نەتەوەیی. هەر بۆیەش هەر جۆرە گۆڕانکارییەکی دیموگرافی بە پلان و بەرنامی دەوڵەت کە ئەجێندایەکی تایبەتی لە پشتە لەوەدەرنانی خەڵکی ڕەسەنی ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی دیکەو

پەیڕەوکردنی سیاسەتی پاکتاوی نەژادی دەچێتە خانەی ڕیشەکێشکردنی زمانی نەتەوەیەک و جینۆسایدی کولتوورییەوە.

**کلیلە وشە: (زمانی ستادارد، سۆشیالمیدیا، گۆڕانکاریی دیمۆگرافی، ئاسمیلاسیۆن، جینۆسایدی کولتووری)**

**ئاسمیلاسسیۆنی زمان (زمانی کوردی)**

ئاسیمیلاسیۆن واتە سڕینەوە و داماڵینی نەتەوەیەک لە زمان و ناسنامە و کولتووری ڕەسەنی خۆی بە بەرنامە و پیلانێکی کولتووریی شۆڤینیانەی نەتەوەی سەردەست، یان دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر، واتە داماڵینی نەتەوە لە هەموو ناسنامە نەتەوایەتییەکانی، لە گشت ئەو چەمک و توخمی نەتەوایەتیانەی، یان کولتوورییانەی کە لە ناو زمان و پاشخانی ئەو نەتەوەیەدا هەن، ئەمە پێی دەڵێن ئاسیمیلاسیۆن، واتە داماڵینی فەرهەنگی نەتەوەی بندەست و ئەو نەتەوانەی کە لە ڕووی قەوارە و و دەسەڵاتی سیاسییەوە لە پەراوێزدان، بەڵام خاوەنی پاشخانێکی کولتووری و مێژوویین لەسەر دەستی نەتەوەی سەردەستدا دەتوێنتەوە و لە ئەنجامی سیاسەتێکی میلیتاری و دیکتاتۆری دەچەوسێنەوە و لە ناسنامەی نەتەوایەتی خۆیان نامۆ دەبن و دوور لە داوو نەریتی ڕەسەنی خۆیان دەخرێنەوە. بە نموونەش ئاسیمیلاسیۆنی زمان و کولتووری کوردی لە بەشەکانی کوردستانی بندەستی تورکیا و ئیران و سووریا و عیراق. لە باشووری کوردستاندا بۆ نموونە: لە ساڵی ١٩٢٤ وەزارەتی مەعاریفی عیراق کتێبێکی مەنهەجی لەسەر ماددەی جوگرافیا بەناوی (جوگرافیای عیراقی نوێ- جغرافية العراق الحديث) کە نووسەرەکەی ناوی هاشم سەعدی بووە لە چاپخانەی (دار السلام) لە بەغدا بە چاپ گەیاندووە، نووسەری کتێبەکە ئاماژە بە دانیشتووانی لیوای کەرکووک دەکات کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردن، لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە عەرەب و تورکمان و فارس. کەچی دەبینین دوای سەدەیەک لە سیاسەتی ڕەگەزپەرستی ڕاگوێزان و بە عەرەبکردن زۆرینەی دانیشتووان ڕەسەنەکە کە کوردن، هەنووکە عەرەب زۆرینەن و کورد کەمینەن، هەلبەتە بێگومان ئەمەش ڕاستەوخۆ باندۆری بەسەر گۆڕانکاری دیمۆگرافی و جینۆسایدی کولتووری لەسەرووی هەمووشیانەوە ئاسمیلاسیۆنی زمانی کوردییەوە هەیە.

نموونەیەکی تر ڕەوشی زمانی کوردی لە تورکیا و لە باکووری کوردستاندا کە لەم ساڵی خوێندتدا زیاتر لە هەشت ملیۆن خوێندکار کە بە ڕەگەز کوردن، ڕێگەیان پێ نەدرا بەزمانی زگماکی خۆیان بخوێنن، ئەمەش چەندین ناوەندی کولتووری و

تەنانەت ڕێکخراو و پارتی سیاسی هێنایە دەنگ. بۆ داکۆکی کردن لە پرسی خوێندن بە زمانی کوردی، پرسی خوێندن بە زمانی کوردی لە تورکیا لای پارتە سیاسییەکانی کە لە حکوومەتدا بوونە بە درێژایی مێژوو، بەردێکی زۆر گەورە بووە و پێیان وابووە ئەگەر هەڵیبگرن، تێدا دەچن، بەڵام چەندین وڵات هەن لەڕووی ئابووری و سیاسی و سەربازییەوە لە تورکیا زۆر بێهێزترن، کەچی سێ زمان یان پتر زمانی فەرمی دەوڵەتە، بۆ نموونە سویسرا، ئەفغانستان یان باشووری ئافریقا، بەڵام لە دەستووری تورکیادا، لە زمانی تورکی زیاتر، هیچ زمانێکی تر قبوڵکراو نییە و دانی پێدا نەنراوە.

### لە دەستووری تورکیادا زمانی کوردی قەدەغەیە

لە کاتی پروپاگندەی هەڵبژاردندا هەموو پارتە سیاسییەکانی تورکیا بەڵێنی گەورە بە هاووڵاتیانی کورد دەدەن، کە جێبەجێ کردنی بەڵێنەکان ئاسانە، بەڵام دواتر لێی پاشگەز دەبنەوە. یەکێک لەو بەڵێنانەش خوێندنە بە زمانی دایک، لە تورکیا کە یەک هاووڵاتی ئەڵمانی لێ نییە، کەچی ئاساییە خوێندنت بە ئەڵمانی بێت، بەڵام ٢٥ ملیۆن هاووڵاتی کوردی لێیە و ڕێگە نادەن بە بە زمانی کوردی بخوێنن، لە سەردەمی موستەفا کەمال ئەتاتورکەوە، واتە لە ١٩٢٠ تاوەکوو ئێستا، حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی کۆماری تورکیا زمانی کوردییان قەدەغە کردووە، هێشتا. هەر کاتێک لە تورکیا، کورد داوا بکات کە دەیەوێت بە زمانی دایک بخوێنێت، دەڵێن نەخێر ڕێگە نادەین، چونکە ئەم هەوڵە دەبێتە هۆی جودابوونی تورکیا و ڕەنگە وای لێ بێت تورکیا بەرەو دابەشبوون ببات. هەر لە ئاکەپەوە بیگرە تا تازەترین پارت کە پارتی (ئاییندە)یە و ئەحمەد داودئۆغڵو سەرۆکایەتی دەکات، چەندین جار بەڵێنیان داوە کە هەنگاوی جیدی بگرنە بەر بۆ ئەوەی کورد بتوانێت بە زمانی کورد بخوێنێت، بەڵام هەنگاوەکان هیچی نەبووەتە کردار.

لە تورکیا یەک زمانی فەرمی هەیە، ئەویش زمانی تورکییە و لەو زمانە زیاتر هیچ زمانێکی تر وەکوو زمانی فەرمی بوونی نییە. ئەوەی سەیرە ئەوەیە، قوتابخانە لەناو تورکیا بە زمانەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و  بە فەڕەنسی و تەنانەت عەرەبیش هەیە، لە کاتێکدا لە تورکیادا یەک هاووڵاتی ئینگلیز و ئەڵمانی بوونی نییە ، بەڵام نەتەوەی کورد لەسەر خاکی ڕەسەنی خۆی کە ڕێژەی ٣٠٪ دانیشتوانی تورکیا پێک دەهێنێت، کەچی ڕێگە نادەن بە زمانی دایکی خۆی  بخوێنێت.

لە هیندستان ١٦ زمانی فەرمی دانی پێدانراوە و دەتوانن خوێندنی لە قوتابخانەکان پێ بکرێت، لە بۆسنا ٢ زمانی فەرمی هەیە و لە عێراقیش زمانی عەرەبی و کوردی زمانی فەرمین. ئەدی بۆچی ئەو وڵاتانە دابەش نەبوون و بۆچی ترسیان لە لێکترازان نییە، کەچی تورکیا ترسی هەیە بە رێگەدان بە خوێندن بە زمانی کورد، وڵاتەکەیان دابەش ببێ. هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەی لەبەردەم ئازادی زمانی کوردیدا دان، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هێشتا لە دەستووری تورکیادا زمانی کوردی قەدەغەیە.

زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچە کوردنشینەکانی ئێرانیش تا بڵێی لە ڕەوشێکی خراپدایە وێڕای ئەوەی دەوڵەت بە پلان و بەرنامەی تایبەت هەردەم لە هەوڵی ئەوەدایە نکۆڵی لە زمانی کوردی بکات و بە زارێکی فارسی بیناسێنێت، یان و زار و بنزارەکانی لێک بترازێنێ وەک زمانێکی جیاواز لە زمانی کوردی بیانناسێنێت، تەنانەت ئەو کەسانەی کە لە هەوڵی خزمەتکردندان بۆ خوێندن بە زمانی کوردیدا ڕووبەڕووی دادگاو سزای توندی زیندان بوونەتەوە، بەداخەوە هەر چەندە زمانی کوردی ساڵانی ساڵ لەلای دوژمنانییەوە دووچاری نکۆڵی لێکردن و دژایەتی و چەندان وەرچەرخانی تراژیدی لەوانەش قەدەغەکردنی ئاخاوتن بۆتەوە، بەڵام بە هەوڵی بەردەوامی رووناکبیران و قوربانی رۆڵە دڵسۆزەکانی توانیەتی ناسنامەی خۆی بپارێزێت و وەک قەڵایەکی پۆڵایین دژی ڕەشەبای دوژمنانی بوەستێت.

ئێستا لە سایەی سیستەمی سایبری و سۆسیالمیدیادا، لە سێبەری جیهانگیریی (گلۆبالیزەیشن) و بانگەشەکانی دیمۆکراتیزەکردن سیاسەت و کۆمەڵگە و مافەکانی مرۆڤدا، زمانی کوردی لە هەموو کاتێک زیاتر لە بەردەم هەرەشەی لە ناوچووندایە.

بێگومان چەندان هۆکاری دەرەکی و ناوەخۆش هەن، کە بەڵگە و سەلمێنەری ئەو هەڕەشانەن لە سەر زمانەکەمان، بۆ هۆکارە دەرەکییەکان دیارە هەوڵی نەتەوەی سەردەست و ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا بەشکراوە. بێوچان لە دژایەتی کردنی زمانی کوردی و قەدەغەکردنیدا سڵیان نەکردۆتەوە، هەروەها بە هۆی بە سیاسی کردنی پرسی کەمینەکان، وەک پرسگەلی کوردانی ئێزەدی و کاکەیی و فەیلی و شەبەک و هەورامی و زازاکی...هتد، و هەوڵدان بۆ پتر لاوازکردنی زمانی کوردی و گۆڕانکاری دیمۆگرافی بە ئامانجی کەمکردنەوەی کاریگەریی جوگرافیای دانیشتوانانی کورد، بەتایبەتیش لە ناوچە کوردستانییە کێشە لەسەرەکاندا، پلانێکی کارا هەیە بۆ ناساندنیان وەک کەمینیەیکی نەتەوەیی جیاواز لە گەلی کورد، بۆ ئەم مەبەستەش حزبی سیاسی و


هاشم السعدي
جغرافية العراق
(الحديثة)
الطبعة الأولى
(طبع في مطبعة دار السلام ـ بغداد)


(٢١٧)
١٢ – لواء كركوك

دارایی و پشتگیری سیاسی ناوخۆ و دەرەکی دەکەن، (بەتایبەت لە هەندێک ناوەندی شۆڤینی ئەو دەوڵەتانە)دا، کە بە پلان و بەرنامەی تۆکمە کاری جددیان بۆ کردووە.

هەبوونی زار و بنزارە کوردییەکان و نەبوونی زمانێکی ستاندارد و پێوەر بۆ هەموو ئاخێوەرانی کورد لە بەشەکانی کوردستاندا، ئەگەرچی دیاردەیەکی سرووشتی هەموو زمانێکی زیندووە، بەڵام ئەو هەوڵانەی کە دەدرێن بۆ بە سەربەخۆ ناساندنی ئەو زارانە و جوداکردنەوەیان لە زمانی کوردیی دایک، ناتوانرێت نکۆڵی لەو مەترسییە جیددیە بکرێت کە پێی دەوترێت جینۆسایدی کولتووری، کە خۆیان لە هەڕەشەی زمانی نەتەوەی سەردەست و خوێندنیان لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردندا و هاوکات پەراوێزخستنی زمانی کوردی و حاشا لێکردنی لە ناوچە کوردنشینەکانی دەرەوەی هەرێم لە دەشتی نەینەوا و کەرکووک و خانەقین لە باشووری کوردستان و دەڤەرە کوردنشینەکانی وەک ئوستانی خوراسان و مازندەران لە ئێران. هەروەها لە شارەکانی هەرێمی کوردستانیش هەرەشەیەکی ڕاستەوخۆتر لەو خوێندنگا ئەهلی و ناحکومیانەدا هەیە، کە نەوەیەکی نەشارەزای لە زمانی کوردی بەرهەم هێناوە و لە

ئێستا و داهاتوودا بە دڵنیایی تۆزقاڵێک هەست و ئینتمایەن بۆ زمان و خاکەکەیان نییە و نابێت، هاوکات فرەزاری لە بواری پەروەردەو فێرکردندا.

نەبوونی ڕێنووسێکی ستاندارد، یان فرە ڕێنووسی کێشەیەکی ترە لەبەردەم زمانی پێوەر و یەکگرتوویی کوردیدا. ئەگەرچی زمانی کوردی هێشتا نەیتوانیوە وەک پێویست لە هەموو دامودەزگاکانی سەر بە هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، دادوەری و جێبەجێکردن و لە سەرانسەری سنووری کارگێڕیی حکومەتی هەرێمدا بە تەواوی بچەسپێت. لەوە زیاتر لە ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستاندا لەڕووی پراکتیکییەوە زمانەکە روو بەرووی جینۆسایدی فەرهەنگی دەبێتەوە.

**زمانی کوردی لە عیراقدا لە نێوان ڕەتکردنەوە و بە فەرمی ناساندنیدا.**

وەک ناسنامەی نەتەوەی کورد، هەر نەتەوەیەکیش زمانەکەی لە دەست بدات، هەڵبەت بێ ڕاپرسی خاکەکەشی لە دەست دەدات، مخابن لەوەتەی کوردستانیش بەشکراوە، زمانەکەشی لە لایەن نەتەوە سەردەستەکانەوە قەدەغەکراوە، بۆیەش دەبینین داگیرکەرانی بەر لە هەموو شتێک دژایەتی توندی زمانی کوردییان کردووە، چونکە بایەخی زمان لە گەیاندن و بە یەکبەستنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە و پەرەپێدانی بوارەکانی لە ڕێگەی دیالۆگ و لەیەکحاڵی بوون. هیچی کەمتر نییە لە کۆڵەگە نەتەوەییەکانی دیکەی وەک گەل و خاک و مێژوو و ئایین و کەلەپوور و بەرژەوەندی هاوبەشی تاکەکانی کۆمەڵگە.

بۆ بەرپەچدانەوەی سیاسەتی حاشا لێکردن و ڕەتکردنەوە و بەرخودانی شەڕی تایبەت دژ بە زمانەکەمان، گەرەکە زمانی کوردی بکرێتە زمانی رەسمی و زمانی ستاندارد و پەروەردە و فێرکردنی ئەو هەرێم و ناوچانەی کە زۆرینەیان کوردی ئاخێوەرن، هاوکات لەپاڵ ئەوەشدا بایەخ بە زار و بنزارەکانی دیکەش بدرێت و ڕێگە لە خوێندن و نووسینی نەگیرێت. بە تایبەت لە بواری ئەدەبیات و ڕاگەیاندن و چاپەمەنییەوە، نەک دوو زار و سێ زار بخرێتە بواری پەروەردەو فێرکردنەوە. کە لە واقیعدا دەبینین لە هەرێمی کوردستاندا کاری پێدەکرێت، لەم قۆناغەدا دەکرێت ئەو زمانە کوردییە ناوەندەی کە ساڵەهایە لەسەر ئاستی پەروەردە و خوێندن و چاپەمەنی و ڕاگەیاندندا خزمەتی زۆری پێکراوە. بکرێتە بناخەیەکی پتەو بۆ زمانی یەکگرتووی کوردی و کێشەی جووت ستانداردی و فرەییش چارەسەر بکات، دیارە بایەخی ئەو

بە ڕەسمی ناساندنەش کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر کورد و ڕەوشی زمانی کوردی لە بەشەکانی تری کوردستان، کە هێشتا بە ڕەسمی لە لایەن دەوڵەتەکان ددانیان پێدا نەنراوە. هەر بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بەو کارکردە ئایدۆلۆژیکییەی زمان لە تورکیا و ئێراندا بکەین. زمان لەکارەکتەرە ناسنامەخوازییەکەیدا کە مەبەستی سەرەکیی ئەو وتارەشە، پانتایی ئەزموون کردنی ناسنامەیە، ئامرازێکی کارا و بەهێزی پێناسەکردنەوە و ددانپێدانانە لە سنوورەکانی نەتەوە ـ دەوڵەتدا و نزیک بوونەوە لە نێوەندی دەسەڵاتدا. ئەو کارەکتەرەی زمان لە نێو کەمینە ئایینی و ئێتنیکتیەکاندا، یان لەنێو نەتەوە پەراوێزخراوەکاندا بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێت. بۆ زمانی کوردی هەم دیوێکی بەرگریخوازانەی هەیە کە بەشێکە لە ناسنامەیەک و دەبێ لە ئاست هێژمونی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا وەک میراتێک و گەوهەرێکی بە بایەخ بپارێزرێت، هەم دیوێکی هێرشبەرانەشی هەیە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و دروست کردنی قەوارەیەکی سیاسی. زمانی کوردیش سەبارەت بەو هۆکارانەی کە لە باسەکەدا ئاماژەم پێکردوون دووچاری ئەو کێشانە هاتوون.

بۆچوونێک هەیە کە لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا کە کورد ببێتە خاوەنی قەوارەی سیاسی خۆی وەک دیفاکتۆ زمانی فەرمی یان زمانی پایتەختی دەوڵەتەکە دەبێتە زمانی ستانداردی سەرجەم پێکهاتەکانی لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان و تەنانەت کوردەکانی هەندەرانیش ناچار دەبن ئەو زمانە فەرمییە بکەنە زمانی ستانداردی خۆیان لە نووسین و خوێندنەودا بەکاری بهێنن.

بایەخی زمانی دایک و ئەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی زمانی کوردی دەبنەوە لە ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستاندا، بە تایبەت لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ و پرسی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان، هەروەها لەو بەشانەی کوردستان کە هێشتا نکۆلی لە بە فەرمی ناساندنی زمانی کوردی دەکرێن و ئاخێوەرانی دووچاری سزای قورس دەبنەوە، ئاماژە دان بەو ئاستەنگانە دەکرێت کە لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن و سۆسیالمیدیا و چاپەمەنییەکان ڕووبەڕووی زمانی کوردی هاتوون، هەروەها هەبوونی ڕێژەیەکی زۆری خوێندنگا تایبەت و ئەهلییەکان بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و فەرامۆشکردنی زمانی کوردی لەو ناوچانەدا. هەڕەشەیەکی دیکەن، خەمساردی و گوێ پێنەدانی دەزگا حکومییەکانی

هەرێمی کوردستان لە هەوڵی بە ستاندارکردنی زمانی کوردی و کێشە ئاڵۆزەکانی زمانی کوردی لە دەڤەرە دابڕاوەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان...هتد.

**زمانی کوردی لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا.**

بە پێی دەستووری وڵاتی عێراق کە لە مادەی ٤ی ئەو دەستوورەدا لە ساڵی (٢٠٠٥/٢٠٠٤)، هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی زمانی ڕەسمیی ئەو وڵاتەن. ئەم یاسایە بە وردی نووسراوە کەچی تاکوو ئێستاش لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، ئەو مادە دەستوورییە بەو شێوەیە ڕەچاو ناکرێت کە چاوەڕوان دەکرا، بۆ وێنە بەو شێوەیە کە لە وڵاتێکی وەکوو کەنەدا هەڵسوکەوت لەگەڵ دوو زمانی ڕەسمیی وڵات، واتە ئینگلیزی و فەڕانسەییدا، دەکرێت. لە عێراقدا نەتەنیا زمانی کوردی لە زۆر شوێن و کەرتی وڵاتدا بە تەواوی وەپشتگوێ دەخرێت یان دەخرێتە پەڕاوێزەوە، بەڵکوو هەندێک جار هەڕەشەی نەمانیشی لێدەکرێت. ئاشکرایە کە ئەم هەڕەشەیە زۆرجار لە لایەن ناسیۆنالیزمی هێژمۆنی-خوازی عەرەبیی عێراقییەوە دێت، کە بەهێزبوونی زمان و گوتاری کوردی وەکوو بەرهەڵستێک لە پێش دەسەڵاتی خۆیدا دەبینێت، بەڵام هۆیەکی دیکەش لە گۆڕێدایە: بە کەمگرتنی زمانی کوردی لەلایەن دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە، لە فێرخواز و مامۆستاوە بگرە هەتا سەرۆکەکان. هیچ دوور مەڕۆن. چاوێک لە حیسابی تویتری سەرۆکەکانی هەرێم بکەن، بزانن بە کام زمان دەنووسن. ئەگەر یەک تویت بە کوردی بنووسن، سەد تویت بە عەرەبی و ئینگلیزی دەنووسن. کەسێک یان خەڵکێک خۆی بەکەم بزانێت نابێت چاوەڕوان بێت کە خەڵکی دیکە بە هێندی بگرن. فەرموون ئەمەش یەکێک لە ئاکامەکانی خۆبەکەم زانین.

**لە خانەقین بڕیاری داخستنی خوێن کوردی دەدرێت**

خوێندنی کوردی لەناوچە کێشە لەسەرەکان ڕوو لە کەمبوونەوە دەکات و مامۆستایانیش پێیانوایە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە کارئاسانی زیاتر دەکرێت بۆ خوێندکاران بەراورد بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆیە خەڵکی ئەو ناوچانە بەناچاری خوێندنی عەرەبی هەڵدەبژێرین، بە پێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی هاووڵاتی کە ئاماژە بەوە دەکات کە بڕیار دراوە ٣٣ خوێندنگای کوردی لە سنوری خانەقین

دابخرێت و لە خورماتووش لەکۆی ٣٤ خوێندنگەی کوردی هیچ بەرێوبەرێکی کورد نییە. مامۆستایان پێیان وایە بە بەرنامە کاردەکرێت بۆ کەم کردنەوەی خوێندنی کوردی لە ناوچە کێشە لەسەرەکاندا.

قەزای خورماتوو لە رووی ئیدارییەوە سەر بەپارێزگای سەلاحەددینە، قەزای خانەقینیش لە رووی ئیدارییەوە سەر پارێزگای دیالەیە، کە دەکەونە سنوری ئەو ناوچانەی تاوەکو ئێستا بە ناوچەی کێشە لەسەرەکان دادەنرێن.

«لەسنوری خانەقین ٥٩ قوتابخانە هەیە کە خوێندنی کوردی تێدا دەخوێنرێت ٢٦ قوتابخانەیان سەر بە هەرێمی کوردستانە و ٣٣ قوتابخانەیان کە خوێندنی کوردی تێدا دەخوێنرێت سەر بە حکومەتی عێراقە، لە ئێستادا وەزارەتی پەروەردەی عێراق بڕیاری داوە ئەو قوتابخانانە دابخات بە بیانووی ئەوەی کە ڕێژەی فێرخوازی کوردی تێیدا کەمە».

خانەقین لەهەموو ڕوویەکەوە پشتگوێ خراوە لەدوای ساڵی ٢٠١٧ەوە ٣ قوتابخانە لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە لە خانەقیندا دروستکراوە، بەڵام ١٨ قوتابخانە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دروستکراوە، لە نێو ئەو ٢٦ قوتابخانانەی کە لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە دروستکراون ٢٣ قوتابخانەیان پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە».

لە سنوری قەزای خورماتودا ٣٤ خویندنگەی کوردی هەیە، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە زۆرێک لە پێداویستیەکانیان بۆ دابینکراوە، لە خورماتوودا ناردنی منداڵان بۆ خوێندنی عەرەبی ڕووی لە زیادبوون کردووە، کە ئەمەش هەست دەکەین لەلایەن خەڵکانێکی ناحەزانی کوردەوە ئەم پلانە جێبەجێ دەکرێت».

دەشتی نەینەوا دەڤەرێکی جوگرافییە سەر بە پارێزگای نەینەوای ناوچە دابڕێنراوەکانی هەرێمی کوردستانە و کەوتۆتە باکوور و رۆژاوای موسڵ، لە سێ کاڤار پێکهاتووە (حەمدانیە و شێخان و تەلکیف)، دەشتی نەینەوا زێدی رەسەنی کوردانی (ئێزەدی و شەبەک و کاکەیی..)ن هەروەها مەسیحییەکانی کوردستان و باکووری عیراقە، سەرباری هەبوونی رێژەیەکی بەرچاو لە عەرەب و تورکمان و گروپی ئیتنیکی دیکە. ژمارەی دانیشتووانی ئەو دەڤەرە دەگاتە ٥٠٠٠٠٠ نزیکەی پێنجسەد هەزار کەس.

دوای رووخانی رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ و هەڵایسانی شەڕی تایفەگەریی ژمارەیەکی زۆر لەو پێکهاتانە بە تایبەت مەسیحیەکانی ناوەڕاست و باشوور روویان لە دەشتی نەینەوا کرد.

ئەو ناوچەیە دەکەوێتە ناوچە کێشە لەسەرەکان و ماددەی١٤٠ دەستووری ساڵی ٢٠٠٥، لە ساڵانی رابردوودا هەندێک لە سیاسەتمەداران داوای ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی، یان پارێزگایەکی تایبەتییان بۆ مەسیحییەکان دەکرد. بەڵام لە لایەن پارێزگاری ئەوسای موسڵەوە( ئەسیل نوجیفی) ئەو پرۆژەیە بە توندی رەتکرایەوە.

گەلی کوردستان بە درێژایی مێژوو لەلایەن دەسەڵاتدارانی نەتەوەی سەردەستەوە بە هۆکارگەلی جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزایی دووچاری سیاسەتی قێزەونی بە عەرەبکردن و کۆمەڵکوژی هاتوون، بەتایبەتیش پێکهاتەکانی وەک کوردانی ئێزیدی و شەبەک وکاکەیی و مەسیحییەکان. کێشەی پێکهاتەکان و دەڤەری دەشتی نەینەوا بەر لە ڕووخانی رژێمی بەعس و دوای هاتنی داعشیش هەر هەبووە، بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠١٤ بە هاتنی ریکخراوی تیرۆریستی داعش پرسەکان ئاڵۆزتر بوون. بۆ قسەکردن لەسەر پرسی گۆڕانکاری دیمۆگرافی پێکهاتەکانی دەشتی نەینەوا دوای داعش، وتارەکەمان دابەش دەکەینە سەر ئەم تەوەرانە:

-دابەشبوونی جوگرافی پێکاتەکانی دەشتی نەینەوا- بەعەرەب کردن- بەزۆر کۆچ پێکردن- فێرکردن و بە عەرەبکردنی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی- تۆقاندن و کۆمەڵکوژی.

-گۆڕانکاری دیمۆگرافی و کۆمەڵکوژی پێکهاتەکانی دەشتی موسڵ دوای داعش، بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان.

هەروەک دەزانین رێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش، لە ڕۆژی ٣-٨-٢٠١٤ پەلاماری شنگال دەدات، دوای چوار رۆژی تر، هێرشی کردە سەر دەڤەرەکانی دەشتی نەینەوا وەک بەحزانی و بەعشیقە و شێخان و ئەلقوش و داگیری کردن و خەڵکەکەی ئاوارە و کۆچی بە زۆری پێکردن، لە رۆژانی یەکەمدا پتر لە ١٤٧٠ پیاوی لێ کوشتن، پتریش لە ٣٥٠٠ ژن و کچی لە تەمەنی جیاوازدا لێ رفاندن، جگە لە ٣٠٠٠ منداڵی تەمەن کەمتر لە ١٠ ساڵان، سەرباری کۆچێ ناچاری پتر لە ٤٠٠٠٠٠ هاووڵاتی بۆ دەرەوەی ناوچەکانیان و دواتر ڕووکردنە چیای شنگال، کە هێشتا زۆرینەیان لە ناو خێوەتەکاندا ژیانێکی سەخت دەگوزەرینن.دوای ئەوەی داعش دەستی بەسەر تەواوی زەوی وزارو خانووبەرەی ئێزیدییەکاندا گرت، تاڵانی کردن و دواتر سووتاندنی و خانوبەرەکانیان تەقاندنەوە بۆ ئەوەی بێئومێد بن و بیر لەوە نەکەنەوە کە جارێکی دیکە بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان.

**دابەشبوونی کاکەییەکان گۆڕانکاریی دیمۆگرافی:**

کاکەییەکان کە لە باشووری کوردستاندا وەها ناسراون تیرەیەکن لە هۆزگەلی کوردی رەسەنی ئایینی یارسان و لەزۆر دەڤەری کوردستان و دەرەوەیدا دەژین، هەندێک پێیانوایە ئەمانە گرووپێکی ئیسلامین و هیتریش پێیانوایە ئاینێکی سەربەخۆن و لە دەرەوەی ئیسلامن.

لەسەر ئەو بۆچوونە جیاوازانەش ئەم پێکهاتەیە دووچاری فشاری زۆر و مەترسی هاتوون وەک کوشتن و بڕین و کۆچی زۆرەملێ و دواجاریش کۆمەڵکوژی هاتوون، لەلایەکی تر ئینتمایان بۆ نەتەوەی کوردی هۆکاری سەرەکی ئەو بەدبەختییانە بووە، سەرباری چڕی ژمارەی دانیشتوانییان لە شارەکانی هەولێر و کەرکوک و سلیمانی و دیالە و موسڵ و بەغدا هێشتا ئامارێکی ورد لەسەر ژمارەی دانیشتووانی کاکەیەکان نییە. کاکەییەکان لە دەشتی نەینەوادا بەسەر ئەو گوندانەدا دابەشبوون: وەردک، تەل لەبەن ، کزکان، مەجیدییە، زەنگەلی و کبرلی- ئەو دوو گوندە عەرەبی سوننە و کوردی شەبەکی شیعە و بەکتاشی تێدایە، کاکەییەکی زۆریش لەناو شاری موسڵ و هەروەها لە قەرەقوش دەژین کە ناوەندی کاڤاری حەمدانیەیە. کە دەوروبەرییان بە عەرەبی سوننەو و تورکمانی شیعە و شەبەک گیراوە.

شیاوی گوتنە میللەتی کورد لە تەواوی کوردستاندا کە لێی نیشتەجێن بۆ چەندان جار لەسەر دەستی ئەو دەسەڵاتدارانەی حوکمی ناوچەکەیان کردووە دووچاری هەڕەشەی کۆمەڵکوژی بۆتەوە، نەخوازەلا لە باشووری کوردستاندا. کاکاییەکانیش بەشێکی سەرەکین لە نەتەوەی کورد و لەڕووی شێوەزاریشەوە سەر بە زاریی گۆرانن. هەڵبەتە شوێنکەوتووانی ئەو ئایینە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونیان لە نێو نەتەوەکانی دیکە بووە لە سنووری ئیدارەی پارێزگاکان، زیاتر بە بیانووی جۆراوجۆر ڕووبەڕووی چەندان جۆری ستەمی نەتەوەیی و ئایینی وتاوانی کۆمەڵکوژی بوونەتەوە ،

لەبەر ئەوەی نەتەوەی خۆیان بۆ نەتەوەی عەرەبی نەگۆڕیوە دووچاری هەڕەشەی ڕاگوازتنی بە زۆرە ملێ بوونەتەوە، بە تایبەت لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، لەئاماری ساڵی ١٩٧٧ کاکاییەکان بە زۆر لە نەتەوەی کوردییەوە کردوویانن بە عەرەب. هۆکارەکانیش ئەمانەن:

-ڕاگوازتنی ئەو خێزانانەی کە پەیوەندییان بە پێشمەرگەوە هەبووە،
لە ئابی ساڵی ١٩٨٨ لە دەشتی نەینەوا بە زۆر ڕادەگوێزرێن و پاشان گوندەکانیان بەتەواوی تێکدەدرێت.
-خەڵکەکە قەدەغە دەکەن لەوەی کە ناوی کوردی لە منداڵەکانیان بنێن، بەربەستێکی ئەمنی لەو گوندانەی عەرەب دادەنرێت کە کەوتوونەتە ناوچەی گوێڕ کە سەر بە کاڤاری مەخموری پارێزگای هەولێرە، (مخابن بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بەعسی لەناوچوو خرایە سەر پارێزگای موسل) بۆ ئەوەی کاکەییەکان نەتوانن جارێکی دیکە بگەڕێنەوە گوندەکانیان.
پاش ڕووخانی ڕژێم ساڵی ٢٠٠٣ ژمارەیەکی زۆر لە کاکەییەکانیان کوشت و هەڕەشەی کوشتنیشیان لەوانی دیکە کرد گەر موسل جێنەهێڵن.
لەساڵی ٢٠٠٩ بە چەندان ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو و خۆکوژی هێرش کرایە سەر گوندی وەردک، بەمەبەستی ترساندنی خەڵکی گوندەکانی دیکە و بەجێهێشتنی زێدی خۆیان.
لەساڵی ٢٠١٤ دوای ئەوەی داعش ناوچە کوردییەکانی داگیرکرد بڵاونامەی هەڕەشە ئامێز بە تێکدان و وێرانکردنی گوندی کاکەییەکانیان بڵاوکردەوە، هەروەها فەتواشیان دەرکرد کە کاکەییەکان کافرن، بۆ ئەوەی بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە حزبە کوردییەکان و هێزەکانی ئەمنیەوە نەکەن.

### گۆڕانکای دیمۆگرافی مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا

نکۆڵی لە ڕەسەنایەتی نەتەوەی کلدوئاشوورو سریانەکان ناکرێ کە خەڵکی رەسەنی ناوچەکەن و بە درێژایی مێژوو ڕۆڵی باڵایان گێراوە لە شارستانیەتی ناوچەکە و چەندان دەوڵەت و ئیمپراتۆری مەزنیان دامەزراندووە و ڕۆڵی پێشەنگیان گێڕاوە لە پرۆسەی نووسین و فێرکردن و خوێندن و زانست و زانیاریی، بەتایبەت لە بواری ئەستیرەناسی و فەلەکدا، هەروەها لە یاسازانی و ڕێگاوبان و بازرگانی و ڕێکخستنی کارگێڕی و چاندن و و ئەدەب و هونەردا. راستە ئەم شارستنیانە کۆتایین هات, هێشتا شوێنەوارەکان بە ئاشکرا ماون وەک گای باڵدارو و دەروازەی عەشتار و تابلۆ و تابلۆ قوڕینەکان.

دوای رووخانی رژێمی ڕەگەزپەرستی بەعس کە دەبوو ژیانی هاووڵاتییە مەسیحییەکان باشتر بێت، کەچی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خراپتر بوو، بەتایبەتیش دوای هاتنی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و داگیرکردنی ناوچەکانیان، ئەوەیّ بە هۆکارگەلی توندڕۆیی ئایینی و نەبوونی ئاسایش، بڕێکی زۆر لە هاووڵاتییانی کریستان ڕوویان لە دەرەوەی دەڤەرەکەیان کردووە، بۆ نموونە ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ژمارەیان بەر لە ساڵی ٢٠٠٣ یەک ملیۆن و نیو مەسیحی هەبووە، بەڵام ئێستاکە کەمتر لە ٤٠٠ هەزار کەس ماونەتەوە، بەپێی بەڵگەنامەکانی (ڕێکخراوی شلۆمۆ بۆ دیکۆمینتاری) لەسەر دەستی تیرۆریستانی داعش زۆرترین پێشێلکاری لەهەقی مەسیحیەکانی دەشتی نەینەوا کراوە لە کوشتن و تاڵانکردن و بە زۆر کۆچ پێکردنیان بۆ دەرەوەی ناوچەکانیان.

**ئەنجام:**

وێڕای جینۆسایدی کولتووری، ڕەوشی زمانی کوردی لەو ناوچانەدا کە ڕووبەڕووی سیسەتی بە عەرەبکردن و پاکتاوی نەژادی هاتوون، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو لە ناوچوونە، چونکە سەبارەت بە سیاسەتە ڕەگەزپەرستانەیە و دەرکردنی هاووڵاتینی کوردی پێکهاتەکانی ئێزیدی و شەبەک و کاکەییەکان لە ناوچەکانی خۆیان بە پلان و بەرنامەش سیاسەتی بە عەرەبکرنی ناوچەکانیان و هەروەها دژایەتی کردنی زمانی کوردی لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردندا و زمان و فەرهەنگی کوردی ڕووبەڕووی جینۆسایدی کولتووری و زمان هاتوون، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە کوردستاندا وەک ئەرکێکی مرۆڤپەروەرانە و نەتەوەییانە نەیانتوانیوە ڕۆڵێکی کاراو پێشەنگ بگێڕن لە ناساندنی پرسی نەتەوەیەک و خزمەتکرن بە فەرهەنگ و زمانەکەی...

**تێبینی:**

بۆ ئەم نووسینە سوودی زۆرم لەو زانیارییانە وەرگرتووە کە لە کاتی خۆیدا لەگەڵ توێژەرانی بەڕێز (داود موراد خەتاری لە پێکهاتەی کوردە ئێزیدییەکان، دکتور نەبیل عەگید ئەلموزەفەری لە پێکهاتەی کوردە کاکەییەکان و فارس عیسا لە سەنتەری دیکۆمیتناری مەسیحییەکان کە وتووێژم لەگەڵدا کردوون.

# ململانیی زمان و زارەکان – زمانی
## کوردیی و زارەکانی بەنموونە

پ.د. بێستوون حەسەن ئەحمەد

**١-هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە :**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ململانیی زمان و زارەکان – زمانی کوردیی و زارەکانی بەنموونە)یە. یەکێکە لەو کەلێنانەی کە لە زمانی کوردی و دیالێکتۆلۆجیدا هەیە و بە پێویست زانرا توێژینەوەی لەسەر بکرێت .

**٢-ڕێبازی توێژینەوەکە :**

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی پەسنی شیکاری بەکارهێنراوە .

**٣- کەرەستە و نموونەی توێژینەوەکە :**

نموونەکانی ئەم توێژینەوەیە لە چێوەی زمانی کوردیدان، لە هەر زارێک یان شێوەزارێک پێویست بووبێت نموونە هێنراوەتەوە.

**٤- کێشەی توێژینەوەکە : ئەم توێیژینەوەیە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە:**

زمانی کوردیی لە کام زمانی جیهان دەچێت لەڕووی ململانی زارەکانییەوە؟ ئەو زمانانە کامانە کە تەنگیان بە زمانی کوردیی هەڵچنیوە؟ ئەو قەیرانانەی کە بۆ زمانەکە دروستبوون، دروستکراون یان دروستبوون؟ دروستکردن و دروستبوونیان پەیوەندیی بە ئاگایی مرۆڤی کوردەوە هەیە یان نا؟

**٥- بەشەکانی توێژینەوەکە :**

**بەشی یەکەم :**

بەشێوەیەکی گشتی پێناسەی زمان و زار کراوە و جۆرەکانی زار خراوەنەتەڕوو و باس لە زمانی ستاندارد و ڕێگاکانی دروست بوونی و هەلومەرجی کراوە.

**بەشی دووەم :**

لەم بەشەدا و وەک نموونە ئەزموونی چوار وڵاتی (چین، هیندستان، مالیزیا، جەزائیر) پڕ ململانی زمانی خراوەتەڕوو. پاشان باس لەو ململانێیانەی کە لە نێو زارەکانی زمانی کوردیدا دروستبوون و ئەو زمانەی کە شانکێ لەگەڵ زمانی کوردیدا و لە هەرێمەدا دەکەن باسکراون. هەر لەم بەشەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە ئایا ئەم زمانانە خۆیان بە سروشتی ئەم ململانییەیان دروست کردووە، یان کورد ڕۆڵی هەبووە لە زەمینەسازی هاوردەکردنیاندا؟

**بەشی یەکەم: ناساندنی زمان و پەیوەندی بە زارەوە**

هەموو ئەو چەمک و زاراوانەی کە دەچنە ناو زانستی مرۆییەوە، ئاسان نییە بە سانایی و سادەیی بناسێنرێن، زمانیش لەم نێوەندەدا چەندین پێناسەی بۆ کراوە، یان گونجاوترە بڵێین لە چەندین ڕوانگەوە سەیرکراوە.

هەریەکێکیش لەو ڕوانگانە وەچە لقێکی زانستی لێکەوتوەتەوە (زانستی زمانی کارەکی، زانستی زمانی دەروونی، زانستی زمانی کۆمەڵایەتی ...هتد). ئەم لێکۆڵینەوەیە بە پێویستی دەزانێت چەند پێناسەیەکی زمان بخاتەڕوو:

١- زمان هۆیەکە بۆ لەیەکتر گەیشتن، دەکرێت بە چەند دانەیەکی وردەوە (مۆرفیم) کە هەر یەکەیان خاوەنی واتا و فۆرمن(مارتنیت).

٢-زمان پێڕەوێکی دەنگییە بۆ لەیەکترگەیشتن بەکاردێت و بەهۆی ڕشتەی وتن بیستنەوە لە کۆمەڵێکی دیارکراودا کاردەکات، دەنگەکان ڕەمزن و واتا لەخۆوە وەردەگرن..

٣- کۆمەڵە ڕستەیەکە کە ڕێزمان دەریان دەکات،(چۆمسکی).

٤- زمان هۆیەکی ناغەریزی تایبەتی هەیە، مرۆڤ بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو بەکاردێت و بەهۆی ڕەمزی لەسەر یاسا ڕۆشتووە و کاردەکات و لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدایە(ساپیر).

٥-زمان بریتییە لە چەند ڕەمزێکی لەخۆوە کە بە هۆیەوە کۆمەڵ دەتوانێ هەرەوەزی بکات(بارک وتراکەر).

٦-زمان کۆمەڵە ڕەمزێکی دەنگییە لەخۆوەیە، کە دەتوانرێ بەکاربێت بۆ لەیەکتر گەیشتن و پۆلکردنی شت و ڕووداوەکانی دەوروبەر(کارول).

٧-زمان کۆمەڵە شێوازێکی جیایە کە هەر یەکەیان بۆ بارێکی تایبەتی دەست دەدات(کۆزمانەوانەکان).

٨- زمان ئاوێتەی مێشکە، ئەنجامی شیکردنەوە و توێژینەوەی پەسەنکەرانەی زمانی ئاخاوتن لە ڕێی تێڕوانین و لێوردبوونەوەوە لە داتاکانی زمانە هەڵهێنجراوەکە و خستنەڕووی مۆدێلی ڕێزمانەکەی ناو مێشک و ئاوەزی ئاخێوەرەکانی. (محەمەدی مەحویی، (٢٠٠٤: ٤ )). (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (محمد معروف فتاح) (٢٠١١:٧ )) (محەمەدی مەحویی، (٢٠٠١: ٩- ١٨ )).

پاش خستنەڕووی ئەو پێناسانە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ڕوانگەکان زۆر و هەمەجۆرن، بەڵام زانستی زمانی نوێباو زمان بە پێڕەوێکی چڕو ئاڵۆزی مێشکی مرۆڤ

دادەنێت، کە پێویستە لە ڕێگەی زمانەکەوە مۆدێلی ڕێزمانەکە دەربهێنرێت، کە ئەویش بریتییە لە پێڕەوێک لە ڕێسا و یاساو قەیدو مەرج و ژمارەیەکی بێشومار لە ڕستەی واتا ڕاست و ڕێزمان دروست، کە بە دروستەی فۆنەتیکی و سیمانتیکییەوە بەرهەم دەهێنرێت.

**جۆرەکانی زمان:**

لە زانستی زماندا چەندین جۆری زمان جیاکرانەتەوە و هەریەکەشیان زاراوەی تایبەتی خۆیی بۆ دانراوە، لەوانە (زمانی دایک، زمانی زگماک، زمانی دیوانی، زمانی فەرمی، زمانی ستاندارد، زمانی نەتەوەیی، زمانی ئەدەبی، زمانی دەستکرد، زمانی زیندوو، زمانی مردوو...هتد).

**ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات هەندێک لەو جۆرانەی زمان بناسێنێت:**

زمانی دایک: ئەو زمانەیە کە مرۆڤ یەکەمینجار زمانی پێدەپژێت، ڕاستەوخۆ لە دایکەوە وەردەگیرێت، هەربۆیە ناویان ناوە زمانی دایک.

زمانی فەرمی: زمانی نووسینی دامودەزگاکانی دەوڵەتە بە سەرجەم فەرمانگەکانەوە (پەروەردە و خوێندنی باڵاو ڕاگەیاندن...هتد. ئەم زمانە ناسنامەی نەتەوەیی ئەو نەتەوەیەیە کە بەکاری دەهێنێت.

زمانی زیندوو: ئەو زمانەیە کە لە ئێستادا بەکاردەهێنرێت و نەوە لەدوای نەوە دەگوێزرێتەوە، بە بەردەوامی زاراوە و وشەی بۆ زیاد دەبێت و هەندێک لە وشەکانیشی لە ناو دەچن.

زمانی مردوو: ئەو زمانەیە کە دوا قسەپێکەری ئەو زمانە مردبێت، واتە هیچ قسەپێکەرێکی نەمابێت. هەرچەندە ئەم زمانە تۆمارکرابێت, بەڵام هەر بە زمانێکی مردوو دادەنرێت، وەکو زمانی (فیرعەونی کۆن، سانسکریتی، قیبتی...هتد).

**خێزانی زمان**

زانایانی زمان زۆر لە مێژە خێزانەکانی زمانیان لەسەر بنەمای هاوبەشی لێکسیکی و ڕێزمان و دروستەی نزیک لەیەک پۆلکردووە. ئەم پۆلکردنانە لەسەر بنەمای زانستی و لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی هاوبەشی ئەنجامدراون. کارەکان هەروا ئاسان و بێکێشە نەبوون.

**یەکێک لە دابەشکردنەکان بەم جۆرە خێزانەکان جیادەکاتەوە:**

١-خێزانی هیندۆ –ئەوروپایی

٢-خێزانی سامی وحامی

٣-خێزانی ئۆرالی

٤- خێزانی چینی تیبتی

زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی کە سەر بە خێزانی (هیندۆ – ئەوروپایی)یە, ئەو گەلانەی کە بە زمانانی هیندۆ – ئەوروپایی دەدوێن، دەکەونە ناوەڕاستی ئاسیا، تا ئەو پەڕی کەنارەکانی ڕۆژئاوای ئەوروپا. ئەم لێکۆڵینەوەیە تەنها گرنگی بەو خێزانە دەدات کە زمانی کوردیی تێدا خۆیی دەبینێتەوە.

**خێزانی زمانە هیندۆ – ئەوروپاییەکان:**

ئەو گەلانەی لە هیندستانەوە، تا ئەوروپا لە زەمین و زەمانی کۆندا ژیاون، لە چەند هۆزێک پێکهاتبوون، پێش ئەوەی بکەونە کۆچکردن و بڵاوبوونەوە لە نیشتمانە کۆنەکەی خۆیاندا، بە درێژایی دەشتەکانی خۆرهەڵات و باکوری خۆرهەڵاتی دەریای قەزویندا نیشتەجێ بوون.

ئەو هۆزانە، کە هێشتا یەک گەل بوون، بە زمانێک قسەیان دەکرد، کەناوی زمانی (هیندۆ- ئەوروپایی) لێنرا. کە ئەمیش لەزمانێکی کۆنترەوە پەیدابووە و پەرەی سەندووە، کە بڕوا وایە لە هەزارەی پێنجەمی پێش زاییندا هەبوو بێ ،پسپۆڕان ناویان لێناوە ( زمانی بەرایی هیندۆ- ئەوروپایی).

گەلە هیندۆ-ئەوروپاییەکان لە شوێنی خۆیانەوە بە سێ ئاڕاستە کۆچیان کردووە:

ئاڕاستەی یەکەم : هەنێکیان ڕوویانکردە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، کە ئەمانە ڕەچەڵەکی یۆنانی و ڕۆمانی و گەلەکانی تری ئەوروپا بوون، کە بە زمانە هاوچەرخەکانی ئەوروپا دەدوێن. ئاڕاستەی دووەم: بەشێکی تریان بەرەو باشوری ڕۆژهەڵات ڕۆیشتن، تا گەیشتنە سنوورەکانی هیندستان، ئەمانە بە زمانە جۆربەجۆرەکانی هیندی دەدوێن.

ئاڕاستەی سێیەم: ئەم بەشەیان بەرەو ئاسیای بچووک و چیاکانی زاگرۆس هاتن و لە ئێران و کوردستاندا بڵاوبوونەوە، پێشەنگی ئەوانەی گەیشتنە چیاکانی زاگرۆس(گۆتی) یەکان بوون، دوای ئەوانیش (میدی )یەکان هاتن، کە بە ڕەچەڵەکی کورد دادەنرێن.

کەواتە خێزانە زمانی ( هیندۆ- ئەوروپایی) ، لە ئاسیاو ئەوروپادا ، کۆمەڵێکی زۆر

زمانی سەرەکی و جۆر بەجۆری تێدایەو بەگشتی دەکرێن بەدوو بەشەوە:

١- زمانە هیندۆ ئێرانییەکان

٢- زمانە ئەوروپییەکان

زمانە هیندۆ ئێرانییەکانیش جارێکی تر دابەشدەبن بۆ زمانە ئیرانییەکان و زمانە هیندییەکان، هیندستان چۆن بەسەر زەمینی ئایینە جیاوازەکان دادەنرێت، بە هەمانجۆر شوێنی زمانە جۆربەجۆرەکانیشە. هەرچی دەربارەی زمانی ئێرانییە ئەویش کۆمەڵێک زمان لەخۆدەگرێت، کە وەک دەستەخوشک ناوزەد دەکرێن، بریتیین لە: پشتوو، بلوج، تات، سوگدیانی، کوردیی، فارسی.

پێویستە ئەو ڕاستییە بخەینە پێشچاو، کە ئێستا زمانیک نەماوە بەناوی زمانی ئێرانی یان هیندۆ ئێرانییەکان، بەڵام وەچەکانیان وەک زمانی زیندوو بەکاردەهێنرێن.

زمانە ئەوروپییەکان وەک زمانی (ئیتالی، ئەڵمانی، ئینگلیزی...هتد). خێزانەکانی دیکەی وەک سامی و حامی وەک (زمانی عەرەبی و عیبری)، چینی و تیبتی وەک زمانی (چینی، کۆری...هتد) ئۆراڵیش زمانە سلاڤییەکان دەگرێتەوە.

ئەو زمانانەی دەکەونە ناو یەک خێزانی زمانییەوە هاوبەشییان زۆرە، بۆ نموونە زمانەکانی کوردیی – فارسی هاوبەشییان زیاترە وەک لە زمانەکانی کوردیی – ئینگلیزیی، خۆ ئەگەر باس لە زمانەکانی کوردیی – عەرەبی بکەین هاوبەشییەکە زۆر کەمە یان هەر نییە. ئەو هاوبەشیەش کە لە نێوان زمانی کوردیی وعەرەبیدا هەیە، کە کۆمەڵێکی زۆر وشەی عەرەبی هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە بە هۆی داگیرکارییەوەیە. واتە بە هۆی ئەو کاریگەرییەوەیە کە زمانێکی زاڵی وەک عەرەبی بەسەر زمانێکی بن دەستی کەمینەی وەکو کوردیدا سەپاندویەتی.

لە ئێستادا زمانێک نەماوە بەناوی زمانی هیندۆ ئەوروپی یان زمانی ئێرانی، بەڵام قۆناغەکانی گەشەسەندن و جیابوونەوەی زمانەکانی ئەمڕۆ هاوبەشی لێکسیکی و دروستەی دروستە جیاوازەکان پێماندەڵێت: ڕۆژانێک ئەم زمانانە یەکبوون و یەک باوانیان هەیە، ئەوەتا ئێستاش وەک دەستەخوشک خۆیان دەنوێنن.

**زار:**

زار وشەیەکی ڕەسەنی کوردییە و لەناو کۆمەڵدا بەکاردێت، هەموو زمانێک بە گوێرەی دروست بوون و سروشتی تایبەتی خۆیی لە چەند زارێک پێکدێت، زۆری

ژمارەی زارەکان لە زمانێکی دیارکراودا نیشانەی دەوڵەمەندی فەرهەنگی ئەو زمانەیە، هیچ زمانێک نییە بێ زار بێت، هیچ زارێکیش نییە سەر بە زمانێک نەبێت.

یان شێوە ئاخاوتنێکی سەر بە زمانێکە کە ئەو زمانە لەلایەن کۆمەڵێک خەڵکەوە قسەی پێ دەکرێ، کۆمەڵێک ڕەفتاری زمانی و مەعریفەی هاوبەشی لەگەڵ ئەو کۆمەڵە خەڵکەدا هەیە.

لەناو کوردا زارێکی فەرمی (ستاندارد) بوونی نییە، کە لەلایەن هەموو کوردانەوە بۆ نووسین بەکاربێت، ئەگەر قسە لە ئاخاوتنیش بکەین هەر ناوچەیەک لە کوردستان زارێک یان شێوەزارێکی تایبەت بەخۆی هەیە، زۆرجار زارەکان لەسەر بنەمای(جوگرافی یان کۆمەڵایەتی) دیار دەکرێن.

**جۆرەکانی زار :**

**زانایانی دیالێکتۆلۆجی زاریان بۆ ئەم جۆرانە پۆلکردووە.**

**١- زاری جوگرافی :**

بریتییە لە زمانی قسەپێکردنی کۆمەڵێک خەڵک لە جوگرافیایەکی دیارکراودا، کە هاوبەشی زمانی و کلتووری کۆیان دەکاتەوە. دابڕانی جوگرافی و سیاسی و جیاوازی کۆمەڵایەتی و کلتووری و ڕوشنبیری و ئابووری و بایلۆجی دەبێتە هۆی دروستبوونی زاری جیاواز. هەر بۆ نموونە هەورامان کە ناوچەیەکی کوێستانی ساردە بووەتە هۆی دووری و دابڕینی لەگەڵ زاری ناوچەکانی دیکە، بۆیە هەلی دروستبوونی زارێکی جیاوازی بۆ ڕەخساوە.

بۆیە تاوەکو ماوەی نێوان قسەکەرانی زمانێک زیاد بکات ئەوا ژمارە و جیاوازی زارەکانی ئەو زمانە و زیاتر دەبێت (بڕوانە (١)) .

**١)شێوە زاری سلیمانی شێوە زاری گەرمیانی شێوە زاری سۆرانی**

| | | |
|---|---|---|
| سەهۆڵ | بەفر | بووز |
| پور | پلک | میمی |
| یاری | وازی | گەمە |
| دەزوو | تیرە | بەکرە |

((نوئێل) لای وایە، لێکدابڕاوی خێڵە کوردەکان و پەیدا نەبوونی وێژەیەکی هاوبەش و ئەو کارە گشتییەی کە کردوویەتی سەرەنجام بووەتە هۆی ئەوەی کە زمانی هاوچەرخی کورد بێت بەچەند زارێکەوە، کە هەریەکەیان ڕێبازی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەختە بڵێین کە بە هەموویان یەک زمانی سەرچاوە پێکدێنێت) ، ( فوئاد حمە خورشید ، ٢٠٠٨ : ٤٢).

**٢-زاری توخمی ( جێندەر ) :**

قسەکردنی پیاو جیاوازی هەیە لە قسەکردنی ئافرەت، شێوازی دەربڕین لە لای پیاو جیاوازترە لە شێوازی دەبڕین لەلای ئافرەت، هەروەها لە پلەی دەنگ و بەکارهێنانی هەندێک وشە و دەستەواژە و گوزارشت کردن لە شتەکانی دەوروبەریان جیاوازیان هەیە، هەر ئەم جیاوازییانەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە زاری توخمی بۆ (ژن و پیاو) لەسەراپای زمانەکاندا دروست ببێ واتە پیاوان بە زمانێک قسە دەکەن کە جیاوازترە لە هی ئافرەتان، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: نموونەی (٢)، ( شیلان ڕەحیم ئیبراهیم، ٢٠٠٤).

٢)

ا- ئافرەت: چۆنی، کوڕت نەمرێت، ڕووت سپی بێت، سکت نەسوتێت...هتد.

ب- پیاو : چۆنی، ئەحواڵت، هەموو لایەک باشن، بێوەی بیت...هتد.

**٣-زاری پیشەیی :**

هەموو پیشەیەک خاوەنی زاراوەی تایبەتی خۆیەتی کە بە هۆی ئەو زاراوانەوە پیشەیەک لە پیشەیەکی تر جیاواز دەبێت، ئەو زاراوانەی کە پزیشکان بەکاری دەهێنن جیاوازە لەو زاراوانەی کە ئەندازیارەکان بەکاری دەهێنن و ئەو زاراوانەی کە مامۆستایەک بەکاری دەهێنێت جیاوازە لەو زاراوەیەی کە فیتەرێک بەکاری دەهێنێت، هەریەکەیان کۆمەڵێک وشە و زاراوە بەکاردەهێنن کە تایبەتە بە ئاخاوتنی خۆیانەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: نموونەی (٣)، ( نەریمان عبداللە خۆشناو ، ٢٠١٦ : ٦٠ ، ٦١ ) .

٣)

ا- پزیشک: ئەمڕۆ لە فریاکەوتن کەیسی زۆرمان بۆهات.

ب- ئەندازیار: ماندووم ئەمڕۆ لۆدی زۆرمان لەسەربوو.

**٤- زاری لادێنشین و شارنشین (شارستانی) :**

لە هەر هەرێمێکدا چەندان شار و لادێ هەن. لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا زاری قسەکردنی خەڵکی شار جیاوازە لە خەڵکی لادێ ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار لەوانە، شار بە سەنتەری گوندەکان دادەندرێت و خەڵکانێکی زۆر ڕووی لێدەکەن و ئەمەش دەبێتە هۆی تێکەڵ بوونی ڕۆشنبیری ناوچە جیاوازەکان و خەڵکی گوندەکان کەمتر تێکەڵیان هەیە .

بەشێوەیەکی گشتی خەڵکی شار خاوەن ڕۆشنبیرییەکی زیاترن لە چاو خەڵکی گوندەکان، ( لێکدانەوەی جیاوازی نێوان زارەکان لە ناوچە ئاڵۆز و کاتییەکاندا وەک (شار) زۆر گرانترە وەک لە ناوچە نەگۆڕ و سادەکاندا(گوندەکان) . ( محمد معروف فتاح ، ٢٠١١ : ١١٧).

لادێنشین ئەو وشە و زاراوانە دەزانێت و هێژمونی بەسەریاندا هەیە کە پەیوەندییان بە کشتوکاڵەوە هەیە. بەڵام شارنشین ئەو وشە و زاراوانە دەزانێت کە پەیوەندییان بە دنیای تەکنەلۆژی و شارنشینییەوە هەیە، بڕوانە (٤):

ا- لادێنشین: بەرخ، کاوڕ، مەڕ، بزن، سابرین، ئەسپ، ماین،...هتد جیادەکاتەوە.

ب- شارنشین: جۆرەکانی ئۆتومبێل: کامری، پرادۆ، سەنی...هتد یان جۆرەکانی مۆبایل: گەلاکسی، ئایفۆن، نوکیا ... جیادەکاتەوە.

پێویستە ئەو ڕاستییە بڵێن، لە ئەمڕۆدا بە هۆی تێکەڵبوونی لادێ و شارەوە ئەم پێوەر و نموونانە زۆر تەواو نین.

**٥- زاری کۆمەڵایەتی :**

لەناو کۆمەڵدا، خەڵک لەڕووی ئاستی کۆمەڵایەتییەوە جیاوازن، واتە دابەشبوونی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لەناو هەموو کۆمەڵێکدا هەست پێدەکرێت. هەرچەندە بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵ هەیە لە کۆمەڵێکی پێشکەوتووتربێت و بە پێچەوانەشەوە. ئەم ڕادە و ئاستی گەشەکردنی کۆمەڵایەتییە لە زمانی قسەپێکەراندا ڕەنگ دەداتەوە.

ئاستی ڕۆشنبیری تاک کاریگەری لەسەر شێوازی قسەکردنەکەی هەیە ، هەر بۆ نموونە کاتێک دوو مامۆستا یاخوود دوو پزیشک قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن، بەشێوەیەکی تا ڕادەیەک فەرمی قسە دەکەن، بەڵام کاتێک دوو کەسی ئاسایی لە شوێنێکی گشتی قسە دەکەن زیاتر قسەکانیان شێوازێکی بازاڕیانەی پێوەدیارە .

کاتێک مامۆستایەک دەچێتە لای هاوپیشەکەی خۆی یاخوود خوێندکارەکانی دەستەواژەی (بەیانیتان باش، نیوەڕۆتان باش) بەکاردەهێنێت، بەڵام کاتێک دوو هاوڕێی ئاسایی لەدەرەوە یەک ئەبینن دەستەواژەی (چۆنی، باشی، های ..... هتد ) بەکاردەهێنن .

**٦- زاری (زمانی) ستاندارد :**

زمانی ستاندارد ئەو شێوە زمانەیە کە بەکاردەهێندرێت لە بواری نووسین و خوێندن و کاری فەرمی و کارگێری لەسەر ئاستی نەتەوەیەک یان لە سنوری دەوڵەت و دەسەڵاتێکی حوکمڕانی دیارکراودا، (زمانی ستاندارد، زمانی ئەدەبی یەکگرتوو، زمانی فەرمی، زمانی نووسین، زمانی باڵا، زمانی هەمووان، زمانی دەوڵەتی و زمانی دەستوریی) پێدەڵێن. (کامیل عومەر، ٢٠١٧ ) کەمال میراودەلی لەبارەی زمانی ستاندارد دەڵێ: (زمانی ستاندارد ئەنجامی پرۆسەیەکی گەشەکردنی مێژووی و فرەلایەنە کە بە پشتگیری و بڕیاری سیاسی تەواو دەکرێت و جێی خۆی دەگرێت) (کەمال میراودەلی ( ٢٠١٣: ٢)

لە باشووری کوردستان بویەری فەرمانڕەوایی دوو زاری کردووە بە زمانی ستاندارد، زاری کرمانجی خواروو – شێوەزاری سلێمانی- زاری کرمانجی ژووروو – شێوەزاری بادینی. گەنگەشەی زمانی ستاندارد ئەم لێکۆڵینەوەیە بەکاری خۆیی نازانێت، بەڵام دەتوانرێت بە کورتی بوترێت: هۆی دروستببونی زمانی ستاندارد پەیوەندی بە هەلومەرجی فەرمانڕەوایی و ئایینی و پێشکەوتنی زانستی و بەرهەمی وێژەوانی و ئابووری و تەکنەلۆژیەوە هەیە. ئەزموونی نەتەوە جیاوازەکان سەلماندویانە بە ستانداركردن باشترو گونجاوترە تا بەستانداردبوون، لەو ناوەدا زارو شێوەزار خزمەتێکی بێپایانی زارە ستانداردەکە دەکەن.

پەیوەست بەسیستمی نوێی جیهان و جیهانگیرییەوە، دەتوانرێت ئەوە بخرێتەڕوو، کە لەم ڕۆژگارەدا هەوڵی دروستبوونی زاری جوگرافی کەمبووتەوە، چونکە دابڕان و ئاستەنگەکانی پەیوەندیی نەماون، زەمینەی دروستببوونی زاری ستانداردیش تاڕادەیەک ئاسان بووە. تەنانەت هێزی سیاسی و سەربازی و ئابووری وای کردووە، زانینی زمانی ئینگلیزی خەریک دەبێتە پێویستی و زمانی ستانداردی جیهانی، زۆرێک لە دانیشتوانی جیهان ئەگەر زمانی ئینگلیزی زمانی یەکەمیان نەبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە زمانی دووەمیانە.

ئەزموونەکان بۆمان دەسەلمێنن، زۆرجار زمانی کەمینەیەکی بێدەسەڵات لە ناو زۆرینەیەکی هەژمووندااردا لاواز دەبێت و تا پنتی لەناوچوونیش دەڕوات. بەو مەرجەی ئەو زۆرینەیە خاوەنی هێزی (سیاسی و سەربازی و ڕۆشنبیری و ئابووری...هتد) بێت.

خۆ ئەگەر بە پێچەوانەوە کەمینە خاوەنی ئەو هێزانە بوو ئەوا زۆرینە ترسی لەناوچوونی هەیە، سەبارەت بە ململانی زمان و زارەکان، (بڕوانە (محەمەد حوسێن ئەحمەد: ٢٠١٦)).

**دروستبوون یان دروستکردنی زاری ستاندارد:**

کۆمەڵێک هۆکار دەبنە هۆی دروستبوون یان دروستکردنی زاری ستاندارد، لە خوارەوە باسدەکرێن.

١- بوونی کتێبێکی ئاینی، بەو مەرجەی لای زۆربەی قسەپێکەران پیرۆزبێت. وەک (قورئان) کە بووەتە هۆی دروستبوونی زمانی ستانداری عەرەبی. قورئان زاری هۆزێکی بچوکی وەکو قورەیشی کردووە بە زمانی فەرمی هەموو عەرەب. لە ڕاستیدا ئەم ئایین و تێکستە پیرۆزانە خوا بە میللەتانی دەدات.

٢- بە بڕیارێکی سیاسی زاری ستاندارد دروستدەکرێت، وەک ئەوەی لای ئیسرائیلییەکان ئەنجام درا. لەم حالەتەدا زاری ستاندارد دروستدەکرێت، نەک دروست دەبێت. ساڵی (١٩٤٨) کاتێک دەوڵەتی ئیسرائیل دادەمەزرێت، خۆیان بڕیاردەدەن زمانی (عیبری) کە یەکێکە لە زمانی ئایینیان بکەن بە زمانی ستاندارد.

٣- کاریگەری تێکستی ئەدەبی، لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، ئەو دەمانەی پاشا و کەنیسە گاڵەیان بە خەڵک دەکرد، جۆرەها ستەم چەوسانەوە هەبوو، زمان زمانی لاتینی بوو، هەموو زمانەکان تر (ئیتالی، فەرەنسی، ئەڵمانی...هتد) بە زمانی ناوچەیی ئەژماردەکران. (دانتی) شاعیری گەورەی ئیتالیا بە هۆی بەرهەمێکی ئەدەبییەوە بە ناوی (کۆمیدیای یەزدانی) توانی شێوەزاری (تۆسکانی) بکات بە زمانی فەرمی ئیتالیا، کە (تۆسکان) ناوچەیەکی بچوکی ئیتالیایە. مەرجی ئەم بەرهەمە ئەدەبییە ئەوەیە کە دەبێت کاریگەرو بەردڵان بێت، ئینجا کاری خۆیی دەکات.

٤- بوونی شارێکی گەورەی ئابووریی خاوەن سەرمایە، کاتێک خەڵک بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان ڕووی تێدەکەن، پێویستە هەموو فرۆشیارەکان زمانی خەڵکی خاوەن سەرمایە بزانن، ئەم هەیمەنە و خۆسەپێنییە دەبێتە هۆی دروستببونی زاری ستاندارد، لێرەدا پێویستە قسەیەکی گەورە نووسەری ئەمریکای لاتین وەبیر بێنمەوە، کە دەڵێت: (ئەگەر کڕیار بوویت پێویستە هەمووان زمان بزانن، بەڵام ئەگەر فرۆشیار بوویت، ئەوا پێویستە زمانی هەمووان بزانیت). ئەم وتەیە جەختکردنەوەیە لەسەر هەیمەنەی نەتەوە و شێوەزار و شاری خاوەن سەرمایە و گەشەسەندنی زارو زمانەکەی.

٥- گەشەسەندنی زارێک کاتێک زانست بە هەموو جۆرەکانییەوە بەو زارە دەخوێنرێت، بۆ نموونە کاتێک دەزگاکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا بڕیاردەدەن زارێک ببێتە زمانی زانستییان، ئەم کارە کاریگەری گەورەی دەبێت لە برەودان و پێشخستنی ئەو زارەدا تا دەگاتە ئاستی بە ستانداردبوون.

هۆکاری دی هەن دەشێت لێکۆڵەرەوان لە ڕۆژانی داهاتوودا پەیان پێببەن و بیانخەنەڕوو. لە پەیوەندی نێوان زار یان شێوەزار بە زاری ستانداردەوە کە دواتر وەک زمان دەناسێنرێت، پێویستە ئەو بخرێتەڕوو کە هەر زار یان شێوەزاری جوگرافییە دەبێتە زاری ستاندارد و زمانی فەرمی نەتەوەیەک. بۆنموونە (قورئان) زاری قورەیشییەکانی کردووەتە زمانی ستانداردی عەرەبەکان، ئابووری و پایتەختی مەزن زاری لەندەنییەکانی کردووەتە زاری ستانداردی ئینگلیزی لە بەریتانیا.

**بەشی دووەم: ململانێی زمان و زارەکان**

لەم بەشەدا، بەپێی قەبارەی توێژینەوەکە هەوڵدەدرێت ئەزموونی چوار وڵات بخرێتەڕوو، کە کێشەی داگیرکاری و سەپاندنی زمانی و فرە نەتەوە و زمانی جیاوازیان هەیە. ئەوانیش (چین و هیندستان و مالیزیاو جەزائیرن).

**یەکەم: چین**

لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە لە پلەی یەکەمدایە، چینییەکان ژمارەیان دەگاتە نزیکەی ( ١٤٠٠٠٠٠٠٠) کەس. ئەمەش وایکردووە لەڕووی ژمارەی قسە پێکەرانەوە زمانی چینی ببێتە یەکەمین زمان، هەرچەندە زۆری ژمارەی قسەپێکەران هۆکار نییە بۆ پێشکەوتن یان دواکەوتنی زمانێک. پێشکەوتوویی و قۆناغ بڕینی زمان پەیوەندی بە هێزی ئابووری و تەکنەلۆژی و هەژموونی سیاسی و سەربازییەوە هەیە.

ئەمڕۆ زمانی چینی یەکێکە لە زمانە پێشکەوتووەکانی جیهان، ئابووری بە هێزو پیشەسازی و تەکنەلۆژیاو شارستانییەتی کۆنو دەسەڵاتی سیاسی ڕۆڵی گەورەیان لەم پێشکەوتنەدا بینیوە.

کۆماری چین بەسەر زەمینی زمان و زارە جیاوازەکان دادەنرێت لێکۆڵینەوەکان پێیان وایە زیاتر لە (١٢٠) زمان و زار لە چینی میللیدا بوونیان هەیە. ئەمەش بەهۆی زۆری ژمارەی دانیشتوان و فراوانی شوێنی نیشتەجێبوونەوەیە (عیزەدین مستەفا

ڕەسوڵ : ٢٠٠٥: ٧٠)، تەنانەت جگە لە زمان و زاری جیاواز خاوەنی کلتور و دابونەریتی کۆمەڵایەتی جیاوازن. کلتور و دابونەریتی کۆمەڵایەتی جیاواز بە هۆی دوورە دەستی و دابڕان و هەلومەرجی جیاوازی ژیانەوە دروستدەبێت، هەرچەندە لەم سەردەم و ڕۆژگارەدا جیهانگەری جیاوازی و دابڕانی کەم کردووەتوە یان بەرەو نەمانی بردووە.

دووری زارەکانی زمانی چینی لە یەکدییەوە هەندێکجار وادەکات کە لێتێنەگەیشتن بێتە ئاراوە، هەرچەندە لێکۆڵەر پێیوایە تێگەیشتنی قسەکەری دوو زار یان شێوەزار مەرج نییە بۆ بوونیان بە دوو زمانی جیاواز. زمانی فەرمی کۆماری چین زمانی (ماندەرانییە) ئەمەش سەرەڕای بوونی ئەو هەموو زمان و زارە.

لە چیندا مافی کەمینییەکان پارێزراوە لە کۆنەوە کار لەسەر ئەوە کراوە کە وڵاتێکی فرە کلتوور و فرە زمان و زار بێت. کۆماری چین بە هۆی زۆری ژمارەی دانیشتوتنەکەی فراوانی ڕووبەرەکەی دەستوپەنجەی نەرمکردووە لەگەڵ کلتور و زمان و زاری جیاوازدا. لە دوای ساڵی (١٩٤٩) وە ئەوە چەسپێنراوە کە چین وڵاتێکی یەکگرتووی فرە نەتەوەیە.

لە ساڵی ( ١٩٤٩) هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە چین دەستی پێکرد، زمانە جیاوازەکان ڕێنووسیان بۆ دانرا کەمینەکان بە زارو زمانی لۆکاڵی خۆیان دەیانخوێند، بەڵام پرسی زمانی ستاندارد پشتگویی نەخراو، زمانی (پۆتۆنگ هوا) کرا بە زمانی فەرمی، تەنانەت هەندێک لە کەمینەکان زمانە فەرمییەکەیان بەکاردەهێنا.

لەمە بەدواوە پەروەردە و کایەی ڕۆشنبیری و قوتابخانەو زانکۆکان ئەم زمانە فەرمییەیان بەرەو پێشبرد و کردیانە زمانی فەرمی وڵات.

هەندێک لە وڵاتانی جیهان بۆ ڕاگرتنی بەلانس و هەستی نەتەوایەتی نەتەوە جۆربەجۆرەکان دانیان ناوە بە هەموو زمانی ئەو نەتەوانەدا، وەک (دانیمارک، پۆلەندا ، هەنگاریا، سوید، نەرویج ، بولگاریا...هتد) (فاتمە حجازی، ٢٠١٢: ٢٤٤).

**دووەم: هیندستان:**

کۆمارێکی فیدراڵییە لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە لە دوای چینەوە دێت، واتە بە دووەم وڵات دادەنرێت. لە ڕووی ڕووبەرەوە بە حەوتەمین وڵاتی جیهان دادەنرێت، هەندێک لێکۆڵەر پێیانوایە لەگەڵ چین نیوەی گۆی زەوی پێکدەهێنن.

هیندستان وڵاتێکی فرە ئایین و فرە ڕەگەزو فرە زمانە، فرە کەلتوری و پەیوەندی جۆراو جۆری کۆمەڵایەتی و فرەزمانی و ئایین و ئایینزا جیاواز(هیندۆسی، مەسیحی،

ئیسلام، بودایی...هتد) و بوونی چەندین زمان و زار و شێوەزاری جیاواز ناسنامەی هیندستانن.

نزیکەی (١٠٠٠) زمانو زاری جیاواز لە هیندستاندا بەکاردەهێنرێن، بەڵام زمانی فەرمی وڵات زمانی هیندی و ئینگلیزییە. لە هیندستاندا بە جۆرێک ڕۆشنبیری ئینگلیزی ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە (لە ماوە ٧٢ ساڵادا) تا ئێستا هیندییەکان نەیانتوانیوە لە هەیمەنەی زمانی ئینگلیزی خۆیان بپارێزن. لەبەر ئەوە زمانی ئینگلیزی پلەی دووەمی هەیە لە هیندستاندا.

لە دەستوری هیندستاندا زمانی هیندی و ئینگلیزی بە زمانی فەرمی پەسەند کراون و ناوبراون (تاریق جامباز، (٢٠١٤: ٦٣). ئەمەش بۆ ئەو هۆکارە دەگەڕێتەوە کە ٤٠٪ وڵاتی هیندستان بە زمانی هیندی قسە دەکەن و نزیکەی ٧٠٪ خەڵکی هیندستانیش زمانی ئینگلیزی دەزانن.

مەترسی سەرهەڵدانی نارەزایی خەڵکی ناوچەیی و لۆکالی بۆ داواکردن و بە فەرمی ناساندنی زمان و زارە جیاوازەکانیان دەسەڵاتدارانی هیندستانی ناچارکرد، تەنها زمانی هیندی بە ئەلفوبێی (دیڤانەگاری) و ئینگلیزی وەک زمانی پەروەردەو فەرمانگەکان و دامودەزگانی حکومەت بناسێنێت.

دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هیندستاندا، مافی کەمینەکانی پاراستوە بەوەی کە منداڵان مافی خۆیانە لە قۆناغەکانی سەرەتایدا زمانی ناوچەیی یان زاری ناوچەیی خۆیان بخوێنن، بەڵام لە پاڵ ئەمانەشدا گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی زمانی هیندی یەکێکی ئەرکێکی سەرەکییەکانیان.

**سێیەم: مالیزیا**

وڵاتی مالیزیا دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئاسیاوە، ئەم وڵاتە دابەش دەبێت بۆ دووبەش مالیزیای ڕۆژهەڵات و مالیزیای ڕۆژئاوا کە درێژی نێوان هەردووکیان (٤٠٠) میل دەبێت. لەچواردە ویلایەت پێکهاتووە، پایتەختەکەی(کوالالامبور) ە، تاکو ساڵی( ١٩٦٣) مالیزیا بە (ملایو)ناسرابوو. رووبەری مالیزیا نزیکەی ( ٣٢٩,٧٥٠ کم٢) وە سیستمی حوکمەکەی پاشایەتی یە.

لەرووی پێکهاتەی دانیشتوانەوە ئەم وڵاتە دابەش بووە بەسەر کۆمەڵە نەتەوەیەک لە بەناوبانگترینیان (ملایۆ)یە کەلە(٦٥٪)دانیشتوانی مالیزیا پێکدەهێنن ، کۆنترۆڵی سیستمی

حوكمرانیيان كردوه و هەمووشيان موسڵمانن، ئەمە سەرەرای هەبوونی ژمارەيەكی زۆر لەچينييەكان لەو وڵاتە كە رێژەكەی لە(٢٦ ٪). كە لە سەدەی نۆزدە و سەرەتاكانی سەدەی بيستەم بەهۆی كۆچەوە هاتوون بۆ ماليزيا، سەرەرای ئەوەی چينييەكان لە وڵاتی ماليزيا بە كەمينە ئەژمار دەكرێن، بەڵام لە(٧٥٪) ماليزييەكان لەرەچەڵەكدا دەگەرێنەوە سەر چينيەكان وە چينيەكان قورساييەكی ئابووری زۆريان هەيە لە ماليزيا، بەهۆی ئەوەی زۆربەی بازرگانی و دارايی و سەرمايە لە دەستی ئەوانە و لە (٧,٧ ٪) دانيشتوانی ماليزيا هندیين، دانيشتوانی عەرەبيشيان هەيە بەرێژەی (١,٣٪). لە(٨٥ ٪) ی ماليزييەكان بەزمانی ئينگليزی قسە دەكەن، چونكە بەزمانی فەرمی دەزانن سەرەرای هەبوونی جياوازی لەگوفتارو ئاخاوتنيان، لەكاتێكدا نزيكەی لە(٦٠٪) خوێندن و نووسينەكانيان بە زمانی ئنگليزييە شان بەشانی ئەو زمانە زمانی تر بەكاردەهێنن وەكو (ملاوی، چينی، تاميلی) (بۆ زانياری زياتر بروانە (يونس علی، (٢٠١٢: ١٤٧) .

ماليزيا دەوڵەتێكی يەكگرتووی مەلەكيی دەستورييە، سەرزەمينێكی قرە نەتەوە و كلتوری جياوازە. ئايينەكانی ئيسلام و مەسيحی و بوزی و هيندوس ئاينی دانيشتوانی ماليزيان. زمانی مەلايۆ زمانی ڕەسمی دەوڵەتە لە ماليزيا، ئەم زمانانەی تريش بوونيان هەيە:

**زمانی چينی** : چينييەكانی دانيشتوی ماليزيا بە زمانی (ماندريان) قسە دەكەن، چەندين زار و شێوەزاری جۆربەجۆريان هەيە بەناوبانگترينيان (زاری هۆگين)ە.

**زمانی هيندی**: هينديەكانی ماليزيا بەشێوەيەكی بنەڕەتی زمانی تاميللی بەكاردەهێنن.

**زمانی ئينگليزی**: ئينگليزی زمانی دووەمە لە ماليزيا، بڵاوترين زمانە لە ماليزيا، هەر بەهۆی ئەوەی زۆرينەی دانيشتوانی ماليزيا زمانی ئينگليزی دەزانن، ژيان لە ماليزيا زۆر ئاسانە. زاری بەريتانی زمانی ئينگليزی زۆرترين بەكارهێنانی هەيە.

زمانی مەلايۆ زمانی ڕەسمی دەوڵەتە لە ماليزيا، كە زمانی خەڵكە ڕەسەنەكەی ماليزيايە، بەڵام زمانی ئينگليزی زمانێكی هاوكاری ماليزييەكانە بۆ كەرتی گەشتياری و خوێندنی باڵاو پيشەسازی. لەلای ماليزييەكان هەموو داهێنان و داهێنراو سەپێندراوێک لە سەر بنەمای سڕينەوەی چەسپێنراوێكی كەلتوری بێت پەسەند نييە. واتە تا ئەو ڕادەيە زمانی ئينگليزی پەسەندە نەبێتە بەربەست بۆ زمانی مەلايۆ هەوڵی لەناوبردنی بدات و ...هتد. بۆيە ماليزييەكان سەرەڕای ئەوەی هەيمەنەی تەواويان بەسەر زمانی ئينگليزيدا هەيە، بەڵام زمانی دايكی خۆيان پلە يەكە.

**چوارەم: جەزائیر:**

وڵاتێکی کۆماری دیموکراتییە، گەورەترین وڵاتی عەرەبی کیشوەری ئەفریقایە، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی جەزائیر ئاڵۆزو فرە نەتەوەیە، بە شێوەیەکی گشتیی ئایینی ئیسلام و زمانی عەرەبی دوو پایەی گرنگن و دەوڵەت چەسپاندونی. چوار زمانی سەرەکی لە جەزائیردا بوونیان هەیە:

**یەکەم**: زمانی عەرەبی: زمانی ئایینی ئیسلامە، زمانی دانیشتوانە ڕەسەنەکەی جەزائیر نییە، جەزائیرییەکان خۆیان لە بنەڕەتدا ئەمازیغین، پاش ئەوەی ئیسلام وەک ئایین پەسەند دەکەن بە هۆی فتوحاتی ئیسلامییەوە تا ڕادەیەک دەبن بە عەرەب (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فاتمە حجازی، ٢٠١٢: ٢٤٨).

**دووەم**: زمانی ئەمازیغی: زمانی بنەڕەتی خەڵکە ڕەسەنەکەی جەزائیرە، بە زمانی بنەڕەتی هەموو ئەفریقا دادەنرێت، وەک بەکارهێنان و ئاخاوتن قسەپێکەرێکی زۆری هەیە. لە بواری پەروەردەو فێرکردندا بەکاردێت، بەڵام سنورداره، واتە مەرج نییە لە هەموو زانکۆیەک و ناوچەیەک زمانی نووسین و خوێندنەوە بێت.

**سێیەم**: زمانی فەرەنسی: بەرزترین پایەی هەیە لە جەزائیر و لە نێو زمانەکاندا، زمانی فەرمی دامودەزگاکانی دەوڵەتە و ڕاگەیاندن و پەروەردە و فێرکردن هەر بەو زمانەیە. ئەگەرچی جەزائیرییەکان دەزانن زمانی بێگانەیە و دەسەڵاتی داگیرکەر سەپاندویەتی بەسەریاندا، بەڵام تا ئەمڕۆ نەیانتوانییوە دەستبەرداری بن.

**چوارەم**: زمانی ئینگلیزی: بە شێوەیەکی زۆر سنووردار لە بواری پەروەردە و خوێندنی باڵادا بەکاردێت، وەک پێوستییەک کە جیهانگەری سەپاندویەتی بەسەر هەموو جیهاندا.

جەزائیریەکان هەرچەندە لە دەستوردا زمانی عەرەبییان چەسپاندووە، وەک زمانی فەرمی دەوڵـەت، بەڵام تا ئێستا نەیانتوانییوە خۆیان لە ژێر کاریگەری هەیمەنەو هەژموونی زمانی فەرەنسی دەرباز بکەن. ئەمەش بۆیەری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری وڵاتەکە سەپاندویەتی نەک خواستی دەسەڵاتداران و دەستەبژێری جەزائیری.

**زمانی کوردیی و گرفت و لەمپەرەکانی بەردەمی**

لێکۆلەران پێیان وایە زمانی کوردیی لە دوو پارچە لەو پێنج پارچەیەی کە کوردی بەسەردا بەشبووە گەشەی کردووە. ئەوانیش باشووری کوردستان (ئەو پاچەیەی کەوتوتە عیراقەوە) لەگەڵ ئەو پارچەیەی کەوتوتە یەکیەتی سۆڤییەتی جارانەوە. ئەمەش

لەبەرئەوەی لە یەکەمیاندا شۆڕش هەبووە و هەندێک ماف و جۆرێک لە ئۆتۆنۆمی بە دەستهاتووە، لە دووەمیشیاندا بە هۆی ئازادی کەمە نەتەوایەتییەکانەوەو بوونی دیراساتی کوردی و رۆژهەڵاتناسی زمانی کوردیی لەبرەودا بووە

لە ڕەوتی گەشەسەندندا هەمیشە زمانی خاوەن دەسەڵات و هێزی سەربازیی و ئابووری بەهێز لەپێش زمانەکانی دیکەوە بووە با ژمارەی ئاخێوەرانیشی کەم بووبێت. زمانەکانی چینی و هیندی لە بەرانبەر هەژموون و هەیمەنەی زمانی ئینگلیزیدا نموونەی زیندوون. یەکەمیان زمانی نزیکەی یەک ملیارو چوارسەد ملیۆنە و دووەمیان زمانی نزیکەی ملیارێک دووسەد ملیۆنە، کەچی هێزی زمانی بە دەست زمانی ئینگلیزەوەیە.

کورد لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی مادەوە هێزی پچڕپچڕو میرنشینی بچوکی هەبووە. لە هەر زەمان و سەرزەمینێکدا بایەخی بەدیالێکتێک دراوە. کەرت کەرت و پارچە پارچە کراوە، لە هەر پارچەیەکدا بە جۆرێک لە جۆرەکان پاشەکشە بە زمانەکەی کراوە. تەنانەت ئاخێوەرانی زمانەکەش بە هاووڵاتی پلە دوو سەیرکراون.

**زمانی کوردیی لە هەرێمی کوردستاندا**

لە بەهاری ساڵی (١٩٩١) داو پاش هاتنە ئارای زەمینەیەکی لەبارو گونجاو، خەڵکی باشووری کوردستان، بەهاوکاری حزبە کوردییەکانی ئەو کاتە ڕاپەڕینی ئەنجامدا و پاشانیش هەڵبژاردن بەڕێوەچوو و حکومەتێکی خۆماڵی (حکومەتی هەرێمی کوردستان) پێکهێنرا.

لێرە بەدواوە بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارانەدا دەگەڕێن: باردوخی زمانی لە هەرێمی کوردستان لەکام لەو چوار وڵاتەی دەچێت کە باسکران؟ ئایا حکومەت پلانی زمانی هەبووە؟ ئایا لە سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا زمانی کوردیی گەشەی کردووەو قۆناغی بڕیوە؟

هەرێمی کوردستان وەک چین و هیندستان و مالیزیا سەرزەمینی زمان و زارە جیاوازەکان نییە بەو ڕێژەو ڕادەیە کە لەو وڵاتانە هەیە. لەم هەرێمەدا پێکهاتەی جیاواز بەو ژمارە گەورەیە نییە، کە لە وڵاتێکی وەک مالیزیادا هەیە، کە کۆی گشتی پێکهاتەی وڵاتەکە لە سێ نەتەوەی جیاواز پێکدێت (مالیزی و چینی و هیندی).

لەلایەکی دیکەوە هەرێمی کوردستان لە وڵاتی جەزائیر ناچێت، کە لە بنەڕەتدا دانیشتوانەکەی ڕەچەڵەو ڕەگەزێکی دیکەیان هەبووبێت و بارودۆخ کردبنی بە کورد،

بەڵکو خەڵکی هەرێمی کوردستان هەر خۆیان لە بنەڕەتدا زۆرینەیان بە ڕەچەلەک کوردن.

ئێمە داگیرکراوین و چەوسێنراوینەتەوە، بەڵام جۆری داگیرکردنەکەمان لە جەزائیر ناچێت، چونکە زمانمان لە دەستنەداوە وەک ئەوان. هەرێمی کوردستان کێشەی ئەوەی نەبووە زمانی داگیرکەرەکەی بە جۆرێک ڕیشەی داکوتیبێت. قورتاربوون لێی ئاسان نەبێت. ڕاستە ئاخێوەرانی زمانی کوردیی لە دوای ڕاپەرین ڕۆشنبیریان زمانی عەرەبی بوو، زمانی عەرەبی زمانی دووەم بووە لەم هەرێمەدا. بەڵام ئەم بارودۆخە گۆڕدرا زمانی عەرەبی لەم هەلومەرجەی ئێستەدا ئەگەر زمانی چوارەم نەبێت بە دڵنیاییەوە زمانی سێیەمە.

لەڕووی ژمارەی دانیشتوان و زۆری ژمارەی زمان و زارەوە لە وڵاتی چینیش ناچین، وەک ئەوان وڵاتێکی فرە کەلتوری کەلتور جیاواز نین بەو ڕادەیە، ڕاستە هەرناوچەیەک تایبەتمەندی کەلتوری خۆی هەیە تا ئێستەش ئەو تایبەتمەندییە لەدەست نەدراوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئاوەزمەندی ڕۆژهەڵاتی و بیروباوەڕی ئاینی (ئاینی ئیسلام) بەسەر کۆی گشتی کۆمەڵەکەدا زاڵە.

ئەم لێکۆلینەوەیە گرفتی زمانی لەهەرێمی کوردستاندا لەم چەند خاڵەدا کورتدەکاتەوە:

**یەکەم: نەبوونی پلانو ستراتیژیەتێکی زمانی:**

ئەو ئاوەزمەندییە دروست نەبووە کە دەسەڵاتدارێکی حکومی لە ئاست و بەرپرسیاریەتی بەرزدا بێت، تەنها و بەمەست زمانی کوردیی لەناوەو دەرەوەی وڵات بەکاربهێنێت لە دەرکەوتن و کۆرو کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکانیدا. لەکاتی سەردانی شاندەکاندا لە پاڵ زمانی بێگانەدا بە زمانی کوردیش ناو و ناونیشان و پلەو ئاستی کەسەکان و شاندەکان بنووسرێت.

پلانێک نەبووە زمانی کوردی بە بایەخەوە هەم بە کورد خۆیی نیشان بدات، هەم بەو بێگانانەی دێنە هەرێمی کوردستان. زۆرینەی ئەو عەرەب و تورک و فارسانەی هاتونەتە هەرێم فێری زمانی کوردی نەبوون، لە هەر ئاست و پلە و پیشەیەکدا بووبن کوردزمان ناچاربووە زمانی ئەوان فێربێت، نەک ئەوان زمانی کوردیی فێربن.

نووسراوی سەر کاڵاو شمەک و ڕیکلامی بازرگانی و کۆمپانیاکانی بواری گواستنەوەو فرۆکەوانی و زانکۆکان و کۆلێژە پزیشکی و زانستییەکان ...هتد زمانیان زمانی بیانییە نەک زمانی کوردیی.

**دووەم: گرنگیپێدانی زیاد لە پێویستی زمانانی بیانی:**

وەزارەتی پەروەردە نەیتوانییوە بە بەرنامەیەکی تۆکمەو مامەڵە لەگەڵ قوتابخانە توركی و فەرەنسی و ئینگلیزییەکاندا بکات. لە لایەکی دیکەوە نەتوانراوە ئەو ڕۆشنبیری و باوەڕە بۆ زۆرینەی دانیشتوانی هەریم دروستبکرێت کە زمانی دایک لەپلەی یەکەمە، پاشان زمانانی بیانی.

بۆیە ئێستە نەوەیەک بەڕێوەیە، زمانی ئینگلیزی و تورکی و فەرەنسییەکەی باشترە لە زمانی کوردییەکەی. ئەم قسەیە ڕەها نییە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە ئاستێکی باڵادایە و جێگەی هەڵوێستە لەسەرکردنە.

**سێیەم: بێبایەخکردنی زمانی کوردیی:**

هەلی کارەکان دەبەسترێنەوە بە زانینی زمانی بیانییەوە، لەکاتێکدا زۆرینەی دانیشتوانی هەرێم کورد زمانن. بەڵگەنامەی تەلەفزیونی هەیە، کە دەیان خواردنگە لە هەولێر تاکە یەک شاگردی کورد زمانیان نییە. لە کاتێکدا زۆرینەی کڕیارەکانیان کوردن. ئێمە چ وەک نەتەوە چ وەک دەسەڵات بەو لۆجیکەی کە گابرێل گارسیا مارکیز باسی دەکات مامەڵەمان نەکردووە (ئەگەر کڕیار بوویت دەبێت هەموان زمانت بزانن، بەڵام ئەگەر فرۆشیاربوویت دەبێت زمانی هەمووان بزانیت). ئێمە کڕیار و خاوەن سەرمایەین، کەچی ئێمە زمانی ئەوان دەزانین، نەک ئەوان زمانی ئێمە بزانن.

**چوارەم: زیندوکردنەوەی گیانی ناوچەگەرییەتی:**

دەسەڵاتی کوردیی و حیزبە کوردییەکان بەو ئاڕاستەیە کاریانکردووە، کە گیانی ناوچەگەرییەتی و زارچییەتی هەمیشە لە گەشەو برەودابێت. ململانێی بادینی و سۆرانی و فیسڤالەکانی خێڵ و بەخشینی دیوەخانانەو سولحی عەشایەری...هتد نموونەو بەڵگەی ئەم بۆچونەن.

بۆ نەتەوەیەک کە تا ئێستا زمانی ستانداردی نییە، گەشەپێدانی گیانی ناوچەیی مەترسییەکی گەورەیە، زارەناوچەییەکانی ناو زمانی کوردیی دەبێت لەڕووی وەرگرتنی وشەو زاراوەوە سوودیان لێوەربگیرێت و هەوڵی چڕ هەبێت بۆ دروستکردنی زمانی ستاندارد. نەک هەر زارە و سازو ئامادە بکرێت بۆ بەستنداربوون یان بە زمانی سەربەخۆ بوون. یەکێک لەو هەڵە کوشندانەی کە هەیە لە زانکۆکانی هەرێم و لەناو بەشە

کوردییەکاندا بابەتێک بە ناوی زارەکان هەیە و دەخوێنرێت، کە تێدا شێوەزاری بادینی و هەورامی دەخوێنرێت. بۆ نەتەوەیەکی وەک کورد، کە تا ئێستا زمانی ستانداردی نییە ئەم فرەزارییە کارێکی لۆجیکی نییە. لەکاتێکدا بە پێچەوانەوە لە بەشەکانی زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و ...هتد کە خاوەنی زمانی ستانداردو فەرهەنگی زمانەوانی خۆیانن بە هیچ شێوەیەک بابەتی زاری ناوچەیی (زارەکان) ناخوێنرێت.

**ئەنجامەکان:**

١-زارەکانی زمانێکی دیارکراو یان زمانەکان ناو دەوڵەتێکی فرەنەتەوە هەمیشە لە کێبەرکێدان.

٢-نەتەوەی خاوەن دەسەڵاتی سەربازی و ئابووری و تەکنەلۆژی ...هتد، هەمیشە زمانی باڵادەستە و لە کێبەرکێدا لە پێشەوەیە.

٣-نەتەوە و دەوڵەتە بە هێزەکان خاوەن پلانی توکمەی زمانین، بە مەبەستی بە هێزکردنی زمانی نەتەوەیی و ڕەسەنی خۆیان.

٤-کورد لە هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی کوردیی، کەمتر بایەخیان بە پرسی زمانی نەتەوەیی داوەو و پلانیان بۆ پێشخستن و پاشکۆنەبوونی زمانەکە نەبووە.

٥-بارودۆخی زمانی کوردیی لە سایەی نەبوونی ستراتیژێکی ڕووندا، بەرەو پاشەکشە دەچێت.

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردیەکان :

**کتێب :**

•بەکر عومەر عەلی، شێرکۆ حەمەئەمین، ٢٠٠٧، زارو شێوەزار، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

•چنار سەعد عەبدوڵلا (٢٠٠٥)، کاریگەری باری سیاسی لەسەر گەشەکردنی هۆشیاری نەتەوەیی کوردەواری ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١، چاپی یەکەم، بەڕیوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر- هەولێر.

•لویس جان کالفی و: بەهادین جەلال ( ٢٠١٢ )، شەڕی زمان و سیاسەتی زمانەوانی ، ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی خانی – دهۆک .

•فوئاد حمە خورشید ( ٢٠٠٨ )، زمانی کوردی و دابەشبوونی دیالێکتەکانی، دەزگای سەردەم – سلیمانی .

•قەیس کاکل تۆفیق ( د ) ( ٢٠٠٧ ) ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، چاپی یەکەم ، چاپخانەی دەزگای ئاراس – هەولێر .

•عەبدوڵلا ئەبریشەمی، (.......)، نەتەوەخوازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان.

•عەبدولا حسێن ڕەسوڵ ( ٢٠١٥ )، چەند بابەتێکی وردی زمانەوانی کوردی ، بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی هێڤی – هەولێر .

•عزەدین مستەفا ڕەسوڵ، (٢٠٠٥)، بۆ زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

•غازی عەلی خورشید ( ٢٠١١ ) ، زمانی فەرمی بۆ کوردستان ، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – سلیمانی .

•محمد معروف فتاح (د) ( ٢٠١١ ) ، زمانەوانی ،چاپی سێیەم ، چاپخانەی هاشم- هەولێر .

**نامەی زانکۆیی بڵاونەکراوە:**

•شیلان ڕەحیم ئیبراهیم، (٢٠٠٤)، شێوازی قسەکردنی ژن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێچی زمان، زانکۆی سلێمانی.

•محەمەد حوسێن ئەحمەد، ململانێی زارەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، ٢٠١٦.

**گۆڤارەکان :**

•پیتەر هانز ئێلدە (٢٠١٠) ، ململانێی زمان ، لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ، ژ(١٥) ی (٢٠١٠) ی چاپخانەی پێرێز- دهۆک .

**سەرچاوەی ئەلیکترۆنی (ئینتەرنێت) :**

•حسێن محمد عزیز (٢٠١٨ ) ، دیالێکتەکانی زمانی کوردی ، ( WTARI KURD) ، ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی .

•کەمال میراودەلی ( ٢٠١٣ ) ، زمانی ستاندارد :پێناسە ، پرۆسە ، گەیاندن ، ( بەشی دووەم ) ، ( WTARI KURD ) ، ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی .

•کامیل عومەر (٢٠١٧ ) ، زمانی ستانداردی کوردی ، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک .

•هیوا احمد عەساف (٢٠١٣ ) ، نەبوونی یەک زمانی ستاندارد ڕێگا خۆشدەکات بۆ دروستبوونی چەند زمانێکی ستاندارد ، ماڵپەڕی زاری کرمانجی .

سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

*- ابوخلدون ساطع الحصری، (١٩٨٥)، ماهي القومية، مركز دراسات وحدة العربية. بيروت.

*- فاطمه حجازی، (٢٠١٢)، الغشف باللغة الام،انموذج السياسة اللغويه فی صين،الجزء الثانی.

* پ. د. بێستوون حەسەن ئەحمەد مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی – کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت- ٢٠٢٣

# زمانی کوردی لە پرۆسەی بەکەمینەکردنی کورد و بە ئاسایشکردنی پرسی کورددا

د.شێرکۆ کرمانج

## پێشەکی

پەیماننامەی لۆزان نەک هەر ڕێگربوو لەپێش دامەزراندنی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم لە باکووری کوردستان و دەوڵەتە چاوەڕوانکراوەکە لە باکوور و باشووری کوردستان، بەڵکو دابەشکردنی کوردستانی ژێر قەڵەمڕەوی عوسمانی بەسەر سێ دەوڵەتە تازە-دامەزراوەکەی عێراق و تورکیا و سوریای بە فەرمی کرد و پێچەوانەی گەلانی دیکەی ناوچەکە، گەلی کوردی لە مافی بەدەوڵەتبوون بێبەش کرد. کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە دوای شەڕی چاڵدێران لە ململانێکانی نێوان سەفەوییەکان و عوسمانییەکاندا ناوچەکانیان لە ١٥١٤ دا خرابوویە سەر قەڵەمڕەوی سەفەوییەکان، وەک کوردانی بەشەکانی دیکە، بەهاتنی قاجارەکان و دامەزراندنی دەوڵەتە نوێیەکەی ئێران لە ١٩٢١ دا، لە مافی بە دەوڵەتبوون بێبەش کران. لە غیابی دەوڵەتدا، گەلی کورد لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان مافی سەربەخۆیی و سەروەرییشی لێ زەوتکرا. کوردەکان بەکەمینەکران و پرسی کورد بەئاسایش کرا، ئەمەش کرۆکی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوین پێکدێنێت. لەو نێوەدا زمانی کوردی هەم لە پرۆسەی بەکەمینەکردنی کورد، هەم لە پرۆسەی بەئاسایشکردنی پرسی کورددا تەرکیزی سەرەکی لەسەر بووە و دووچاری یاساغ کردن و بە نزم تەماشاکردن بووەتەوە.

هۆکاری جەخت کردن لەسەر گاڵتەپێکردن و قەدەغکردنی زمانی کوردی ئەو تێگەیشتنەبووە، کە پێی وابووە بە سڕینەوەی زمانی کوردی دەکرێت نەتەوەی کورد لەناوببرێت. لەم بابەتەدا باس لە پرۆسەی بە کەمینەکردنی کورد و بە ئاسایشکردنی پرسی کورد لە دوای سیڤەر و لۆزان لە تورکیا و ئێران و عێراق و سوریادا دەکەین، بەڵام بە تەرکیزکردن لەسەر زمانی کوردی وەک ڕەهەندێکی سەرەکی ئەو دوو پرۆسەیە. سەرەتا ئامراز و میکانیزمەکانی هەر دوو پرۆسە، بەکورتیش بێت، دەخەینەڕوو، سەرەتا بە پرۆسەی بە کەمینەکردنی کورد دەست پێدەکەین.

## بەکەمینەکردن

بۆ تێگەیشتن لە دۆخی کەمینەبوون و بەکەمینەکردنی کورد لە عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا دا، ئاوڕدانەوەیەک لە چەمکەکانی کەمینە و بەکەمینەکردن بایەخی تایبەتیان هەیە هەم بۆ تێگەیشتن لە چەمکەکان هەم بۆ بەکارهێنانی وەک چوارچێوەیەکی تیوری و دیدگایەک بۆ شرۆڤەکردنی پرسەکە و پرۆسەکە و

لێکەوتەکانی. کەمینە (minority) چەمکێکە کە زیاتر بۆ وەسفی ئەو گرووپە نەتەوەیی یان ئاینییانە بەکاردێت کە لەنێویاندا لەگەڵ گرووپێکی دیکەی نەتەوەیی یان ئایینییدا دەژین کە ژمارەیان لە گرووپەکەی دیکە کەمترە. واتە ژمارە و قەبارە و ڕێژە پێوەری کەمینەبوونە، بۆ نموونە: سوننەکان لە عێراق، عەلەوییەکان لە سوریا، ئازەرییەکان لە ئێران یان کورد لە سوریا. بەڵام بەکەمینەکردن (minoritized) چەمکێکە کە بنەما لەسەر قەبارە و ڕێژە و ژمارەی دانیشتوانی، کەسانی یان پەیڕەوانی گرووپەکە دانانێت بەڵکو بنەمای تێگەیشتنەکانی لەسەر پێگەی سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی، زمانیی، سایکۆلۆجیی و شوناسیی گرووپەکە دادەنێت لە یەکە سیاسییەکاندا، بۆ نموونە دەوڵەت.

کەمینەبوون پێش هەموو شتێک مانای کەمینەی ژمارەیی نییە، چونکە کەمینەبوون پێش ژمارە و قەبارە بە کەمینەکردنە لە یەکە سیاسییەکاندا، وەک پرۆسەی دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوە لەلایەن نەتەوە یان گرووپی باڵادەست. وەک چۆن بە کەمینەبوون پەیوەندی بە ژمارەوە نییە، باڵادەستیی گرووپەکانیش پەیوەندی بە ژمارە و قەبارە و ڕێژەوە نییە. نەتەوەی باڵادەست مەرج نییە بە ژمارە زۆرینە بن، بۆ نموونە: باڵادەستیی عەرەبە-سوننەکان (١٩٢١-٢٠٠٣) لە کەیسی عێراق و باڵادەستیی فارسەکان (١٩٢٥-ئێستا) لە ئێران. هەم عەرەبە-سوننەکانی عێراق هەم فارسەکان لە ئێران هیچ کاتێک بە ژمارە و قەبارە و ڕێژە زۆرینە نەبوون لە وڵاتەکانیاندا.

ئێمە بە کەمینەکردن وەک ئەوە دەبینین کە گرووپێک پێگەی نەتەوەیی، ئایینی، سیاسیی، زمانیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوریی، کەلتوریی، یاسایی و سایکۆلۆجی کەمتر و لاوازتر و بێهێزتر بێت لە گرووپەکانی دیکە بەڕادەیەک ئەگەر هەر لەو پێگەیە بمێنێتەوە ئەگەری توانەوە و لەناوچوونی یەکجارەکی دێتەگۆڕێ. بۆ دەرککردن و تێگەیشتن لە بە کەمینەکردن دەبێت لە پەیوەندییەکانی هێز (power) بگەین. هێز هێندەی پەیوەندی بە بونیاد (ستراکتۆر)ەوە هەیە هێندە پەیوەندی بە ژمارەوە نییە. ژمارەی ئەو ئینگلیزانەی کە هیندستانێکی سەدان ملیۆنیان لە سەدەی بیست کۆنترۆڵ کردبوو و بەڕێوەدەبرد لە چەند هەزارێک تێپەڕی نەدەکرد، لەوێدا ئینگلیز باڵادەست و هیندییەکان بە کەمینەکراو بوون. ئەوەی ئەو پێگەیەی بە بەریتانییەکان دابوو دەوڵەتی بەریتانیای مەزن و ئەو توانا سەربازیی و تەکنۆلۆجییە بوو کە دەوڵەتەکەیان خستبوویە خزمەت دەسەڵاتدارە بەریتانییەکان لە هیندستان. ئەمە لە باشووری ئەفریقاش بە زەقی دەردەکەوت لە

باڵادەستیی سپی-پێستەکان کە کەمینەیەکی ژمارەیی بوون لەسەر ڕەش-پێستەکان کە زۆرینەی ژمارەیی بوون. هیندییەکانی هیندستان و ڕەش-پێستەکانی ئەفریقای باشوور کەمینە نەبوون بە کەمینەکراو بوون، واتە پێگەی سیاسی و کەلتوری و زمانیان، بە نموونە، نزمتر ڕادەگیرا یان گاڵتەی پێدەکرا و پەراوێز دەخرا. ڕوونتر بڵێین، کەمینەبوون و زۆرینەبوون هێندەی پەیوەندییان بە چۆنیەتی مامەڵەکردنی دامەزراوەکان و دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە هەیە لە چۆنیەتی ڕێکخستن و پلەبەندکردنی نەتەوە و گرووپەکان هێندە پەیوەندییان بە ژمارە و قەبارەوە نییە. بە واتایەکی دیکە، ئەگەر کەمینە و زۆرینەش بە بنەما لەسەر ژمارە لێکجیا بکرێنەوە ئەوە بە کەمینەکردن پرسێکی جیایە و بریتییە لە بە کەمزانین و بە کەمدانان و پەراوێزخستنی گرووپێکی نەتەوەیی، ڕەگەزیی، ئایینیی، مەزهەبیی یان کۆمەڵایەتیی لە بواری سیاسیی و ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و زمانیی و کەلتورییدا. ڕوونتر بڵێین، کەمینەبوون پێگەیەکی سروشتی و بابەتی نییە، بەڵکو دەرەنجامی پەیوەندییەکانی هێزە (power relations) کە گرووپێک باڵادەست و یەکێکی دیکە ژێردەستە دەکات، یەکێک سەروەر و ئەوی دیکە کۆیلە دەکات. بە کورتی ناهاوتابوون و یەکسان نەبوون کرۆکی بە کەمینەکردنن. ئەم تێگەیشتنە دەکەین بە زەڕەبین بۆ وردبوونەوە لە پرۆسەی بە کەمینەکردنی کورد و باڵادەستکردنی تورک و فارس و عەرەب لەلایەن دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریاوە، بەڵام سەرەتا ئاماژەیەک بە بە کەمینەکردنی کورد لەسەروبەندی سیڤەر لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە دەدەین.

### زمانی کوردی و بە کەمینەکردنی کورد لە چوار دەوڵەتەکە

پێش ئیمزاکردنی پەیماننامەی لۆزان لە ١٩٢٣ دا، مستەفا کەمال، سەرۆک کۆماری تورکیا، کورد وەک «میوان» لەسەر «خاکی تورکان» لە قەڵەم دەدات. کوردبوون لەلای مستەفا کەمال دەبێتە تێگەیشتنی کۆمەڵێک بێمێشکی دواکەوتوو کە بە فیتی بێگانە هەڵدەپەڕن، ئیدی وەک هاوڕێیەکانی و جێگرەوەکانی دوای خۆی پێداگرییان لەسەر دەکرد، کورد هیچ مافێکیان نییە، بێجگە لە ملکەچی بۆ خاوەن ماڵ، کە تورکە. لەوکاتەوە، ڕۆژبەڕۆژ و ساڵ بە ساڵ، بە کەمینەکردنی سیستەماتیکیانەی کورد قووڵتر دەبێتەوە، بە ئاستێک کە تورک وەک ماستەر و کورد تەنیا وەک کۆیلەیەکی داماڵدراو لە شوناس و زمان و کەلتوری نەتەوەیی قەبوڵ دەکرێت.

لە سەرەتای سییەکانی سەدەی بیستەوە تا ئەمڕۆ، هەموو ڕۆژێ لەگەڵ گزنگی بەیاندا، منداڵانی کورد هەست و نەستی کوردبوونیان بریندارەکرێت، کاتێک بە خۆشی یان بە ناخۆشی بێت بە زمانی تورکی بە دروشمی «من تورکم»، واتە کورد نیم! گۆشدەکرێن. لەپاڵ ئەمە، نەک هەر خوێندکاران، بەڵکو تەواوی کوردانی تورکیا ڕۆژانە چاو بۆ هەر لایەک بگێڕن بە شیعاری «خۆشحاڵ ئەو کەسەیە کە دەڵێ تورکم [نەک کوردم]» لەناخدا ئازار دەدرێن. کورد لە تورکیا ڕەچەڵەک و مێژووی شێوێندرابوو، نەژادی کرابوو بە تۆرانی و وەک «تورکی چیایی» ناودەبرا. لە هەموو ئاستێکدا دەیانگوت کوردەکان تورکی ڕەسەنن بەس شوناس و زمانەکەیان لەبیر چۆتەوە، ئەمە تەنیا پڕوپاگەندەیەکی ئایدیۆلۆژی ناسیونالیستە شۆڤینیستە تورکەکان نەبوو، بەڵکو دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەت، لەوانە دادگا و دادوەریی، بە فەرمی پشتیوانییان لەو تێگەیشتنە دەکرد.

کورد وەک جاهیل، نامەدەنی، ئاییندار و دواکەوتوو وێنادەکرا، بۆیە لە دیدی دەوڵەت دەبێت بکرێت بە تورکێکی مۆدێرن و سێکولار و شارستانی. بۆ ئەم مەبەستە گاڵتە بە زمانی کوردی دەکرا و دەگوترا زمانێکی ڕەسەن نییە و لە چەند وشەیەک پێکهاتووە و زۆربەی وشەکانی تورکییە و هەندێکیشی عەرەبی یان فارسییە. کوردەکان نە مێژوویان هەیە نە کەلتور نە نەریت. لە دوای هاتنەسەر حوکمی پارتی داد و گەشەپێدان (ئەکەپە) لە ٢٠٠١ دا، قسەکردن لەسەر ئەوەی داخۆ زاراوەی تورکیایی (Turkish)، یان تورک (Turk) کامیان لەخۆگرتن چونکە دووەمیان دیارە کە دەربڕی ڕەگەزیی و ئیتنییە، کەچی لە ٢٠١٧ کە هەندێک دەستکاری لە دەستور کرا بەناوی چاکسازی و گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی لە پەرلەمانیی بۆ سەرۆکایەتیی زاراوەی تورک وەک خۆی هێڵدرایەوە. بەمەش دەستورەکەی سەدەی بیست و سەدەی بیست و یەک، وەک یەک بێ پێچ و پەنا دەڵێت «منداڵی باوکێکی تورکیایی (Turkish) یان دایکێکی تورکیایی (Turkish)، تورکە»، واتە هەموو منداڵێکی کورد کە هاووڵاتی تورکیان لە ڕۆژی لە دایکبوونیان دەبن بە تورک نەک لە ڕووی یاسایی، چونکە ناسنامە دۆکیومێنتێکی یاساییە و دەبێت دوای لە دایکبوون داوا بکرێت و ڕەزامەندی لەسەر بدرێت، بەڵام وەک ڕەگەز و نەتەوە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکیانە دەکرێت بە تورک. هەر لەو دەستورە و لەسەر هەمان بنەما تەنیا تورک، نەک هاوڵاتی تورکیایی، مافی ئەوەی هەیە کە ببێت بە ئەندام پەرلەمان. زمانی تورکی تاکە زمانی

خوێندن و فێرکردن و پەروەردەیە و بەکارهێنانی هەر زمانێکی دیکە بەپێی ماددەی ٣٠١ لە دەستور بەتاوانکراوە (criminalized). لەسەر ئەم بنەمایە، قوتابخانە کرا بە شوێنێک بۆ لەناوبردنی جیاوازییەکان بە فەرمی، بەتایبەتی زمانی کوردی.

کوردەکانی سوریا نەک هەر لەسەر دەستی ناسیونالیستە عەرەبەکان بە کەمینەکراون، بەڵکو لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی سوریا لەلایەن فەڕەنسییەکان لە ١٩٢٠ دا لە کەمینەش خران. دەسەڵاتدارانی فەڕەنسا دانیان بە کورد وەک گرووپێکی نەتەوەیی نەنا، چونکە وەک لە لۆزان کرابوو بە بنەما گرووپەکان لە سوریاش لەسەر بنەمای ئایین جیاکرانەوە، واتە کوردەکان وەک موسڵمان دەبینران نەک وەک کورد.

دوای هاتنەسەر حوکمی ناسیونالیستە شۆڤینیستە عەرەبەکان، بەتایبەتی بەعسییەکان، کوردانی سوریا دەبن بە «کوردە لەبیرکراوەکان»، واتە لەوکاتەی کوردەکان لەلایەن سورییەکان بە کەمینەدەکران لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش، تەنانەت کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، پشتگوێ خرابوون. کورد وەک «بێگانە»، «میوان» و «تۆمارنەکراو» ناسێنرابوون. بەشێکی زۆریان ناسنامەی سورییان پێ ڕەوا نەبینراوە و تا ئێستا سەرگەردان وەک نیشتەجێیەکی «بێدەوڵەت» (stateless) مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. دەستورەکەی ٢٠١٢، وەک دەستورەکانی پێشخۆی، نەک هەر دان بە کورد و زمانەکەی نانێت، بەڵکو دەیکات بە بەشێک لە نەتەوەی عەرەب و ئەرکی کورد لە سوریا بەرقەرارکردنی یەکێتیی خاک و نەتەوەی عەرەبە. عەرەببوون، کە ناڕاستەوخۆ دەکاتە ڕەتکردنەوەی کوردبوون و زمانەکەی، هەر لە ناوی دەوڵەتەکە، کۆماری سوریای عەرەبی، دەردەکەوێت. دەستورەکە ئاماژە یان دان بە هەموو جیاوازییە کەلتوری و مەزهەبی و ڕەگەزییەکاندا دەنێت جیاوازی نەتەوەیی و زمان نەبێت، ئەمەش ڕەتکردنەوەیەکی زەقی کورد و کوردبوونە، کە نەک بە کەمینەکردنی کورد و زمانەکەی لێ دەکەوێتەوە، بەڵکو سڕینەوەشی دێنێتەگۆڕێ.

سەرەڕای ئەوەی کە پرۆسەی بە مۆدێرنکردن لە ئێرانی قاجارەکان و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە دەستی پێکرد، بەڵام پرۆسەکە بۆ بوارە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان تەنیا دوای دەستبەکاربوونی ڕەزاشا لە ئێران و مستەفا کەمال لە تورکیا، کە خۆی لە بە مەدەنیکردن و بە سێکولارکردنی کۆمەڵگە دەدیتەوە، خرایە بواری جێبەجێ کردنەوە. لە پەیوەند بە ئێران پرۆسەکە بەگشتی نەک هەر کاریگەریی لەسەر کەلتوری نەتەوە نا-فارسەکان هەبوو بەڵکو کاریگەریی لەسەر

کەلتوری فارسەکانیش هەبوو، بەڵام کەلتوری نەتەوەی زاڵکراو یا باڵادەست لەبەر ئەوەی لەلایەن دەوڵەتەوە پشتیوانی لێدەکرا و بەرز ڕادەگیرا کاریگەرییەکانی زیاتر دەچوونە قاڵبی خۆگونجان و نوێکردنەوە، کەچی بۆ نەتەوە ژێردەستەکان، وەک کورد، دەبوون بە هەڕەشە لەسەر کەلتور و زمانەکەی. بۆ نموونە، کاتێک دەوڵەت بڕیاری ناساندنی زمانی فارسی دەدات وەک زمانی فەرمی دەوڵەت و زمانی قوتابخانە و خوێندن و پەروەردە و گۆڕینەوە و پەیوەندیی، ئیدی فارسی گەشە دەکات و کوردی دەپوکێتەوە، شوناسی فارس سەرەکی و شوناسی کوردی لاوەکی دەکات. سیاسەتەکانی ڕەزاشا کە بنەمای لەسەر وەکیەک کردن (standardization) ی کەلتوری و زاڵکردنی زمانی فارسی دانابوو، کوردی بچووک دەکردەوە و وردە وردە دەیتواندەوە. لەو سەردەمانەدا، سیاسەتەکانی وەکیەک کردن و بەستاندەرکردن بوارەکانی زمان و پەروەردەی تێپەڕکرد و پەڕیەوە بۆ بواری کەلتور و مێژوو، کە هێندەی دیکە شوناسی کورد و نەتەوە نا-فارسەکانی لاواز دەکرد و باڵادەستیی فارس و فارسی، وەک زمان و کەلتورو مێژوو، تۆختر دەکرد. پڕۆسەی بەمۆدێرنکردن لە ساڵانی حوکمڕانی محەمەد ڕەزاشا (١٩٤١-١٩٧٩) چڕتر بەردەوامی کێشا، واتە کاریگەرییەکانی لەسەر کورد و زمان و کەلتورەکەی بەردەوام بوو.

دەستورەکەی ١٩٠٦ ی سەردەمی قاجارییەکان کە لە ١٩٠٧ دا هەندێک دەستکاری کرا، کە تا ڕووخانی محەمەد ڕەزاشا لە ١٩٧٩ کارابوو، ئاماژە بە زمانی فەرمی ناکات. دوای لەسەرتەخت لادانی شا، سیستەمی سیاسی گۆڕا و کۆماری ئیسلامی ئێران لە ١٩٧٩ بەرقەراربوو، کە هەر لەو ساڵەدا دەستورێکی نوێی بۆ وڵات پەسەند کرد و لە ١٩٨٩ هەندێک دەستکاری تێدا کرا. دەستورە نوێیەکە تەنیا زمانی فارسی وەک زمانی فەرمی و زمانی پەیوەندی ناساند. دەستورەکەی کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا کە ڕێگە خۆش دەکات بۆ خوێندنی زمانی عەرەبی، لەبەرئەوە نییە کە زمانی نەتەوەیەکی نا-فارسی ئێرانە، بەڵکو لەبەرئەوەی زمانی قورئانە، بە ڕوونیش ڕێگری دەکات لە بەکارهێنانی هەر زمانێکی دیکە وەک زمانی فەرمی و زمانی پەروەردە و خوێندن، کە پەراوێزخستن و بە کەمینەکردنی کورد و زمان و کەلتور و شوناسەکەی لێکەوتۆتەوە.

لە ڕووی سیاسیشەوە بە حوکمی سوننەبوونی بەشی هەرە زۆری کوردانی ئێران پێگەی سیاسییان لاواز و پلە دوو کراوە. هەموو دەستورەکانی ئێران مەزهەبی شیعە بە ئاینی فەرمی دەوڵەت دەناسێنن. لەوەش گرنگتر پۆستی ڕابەری شۆڕشی ئیسلامی

و سەرۆکی ئێران بەپێی دەستور قۆرخکراون بۆ شیعە مەزهەبەکان. ئەمەش پێگەی نەک ئایینیی بەشێکی زۆر لە کوردەکان کەمدەکاتەوە، بەڵکو پێگەی سیاسیشیان دەکات بە پلە دوو.

بارودۆخی کوردەکانی عێراق زیاتر لەوانەی ئێران دەچوو نەک کوردانی تورکیا و سوریا. کوردەکان لە عێراق نەک هەر دان بە بوونیان نرابوو وەک کوردەکانی ئێران بەڵکو هەر لە سەرەتای لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە دەوڵەتە تازەدامەزراوەکەی عێراق کۆمەڵێک مافی کەلتوری و زمانیان بۆ فەراهەم کرابوو. زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی دەوڵەت نەناسرابوو، بەڵام لە زۆر شوێن منداڵان بە زمانی کوردی دەیانخوێند و هەندێک گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردییش ڕێگەپێدراو بوون. ئەوەش بەو مانایە نییە کە کورد لەسەردەمی پاشایەتیدا بە کەمینە نەکرابوون. لە یەکەمین دەستوری عێراق لە ١٩٢٥، هیچ ئاماژەیەک بە کورد و مافەکانی ناکات، بۆ نموونە زمان. لەگەڵ ڕووخانی حوکمی پاشایەتیی و نەمانی بەریتانییەکان و هاتنە سەر حوکمی عەبدولکەریم قاسم لە ١٩٥٨ دانانان بە کورد وەک شەریکی عەرەب بە پێی دەستور هەستی ئەوەی لای کوردەکان دروست کردبوو، کە چیدیکە ئەوان کەمینە نین، بەڵکو گرووپێکی نەتەوەیین. بەڵام لەبەرئەوەی ئەو ماددە دەستورییە لە واقیع کەمی لێ جێبەجێکرا، ململانێ نەتەوەییەکان زەقتر دەرکەوتن و پێگەی کورد ڕۆژ بە ڕۆژ لاوازتر دەبوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە کوردەکان هەستیان کرد حکومەت خۆی لە ناوهێنانی کوردستان دەدزێتەوە و کێشەش لەسەر خاک و سنووری کوردستان دروست دەکرێت. هاوکاتیش، ناسیونالیستە شۆڤینیستە عەرەبەکان لە هەڵمەتێکدا گومانیان دەخستەسەر بنچەی کورد و بەشێک لە کوردیان بە عەرەب دادەنا، ئیدی ململانێ و شەڕ و پێکدادان دەستیپێکرد کە تا ئێستا کەم تا زۆر بەردەوامە.

دوای ئەوەی عەرەبە ناسیونالیستە شۆڤینیستەکان «قاسم»یان لەسەر حوکم لادا و بە حوکمی ئەوەش کە وەک عەرەبە ناسیونالیستەکانی سوریا کوردیان وەک هەڕەشە یان کۆسپ لەپێش پڕۆژەی یەکێتیی عەرەبی دەبینی ئیدی سیاسەتی تەعریب و ڕاگواستن و چۆڵکردن بەچڕی لە ١٩٦٣ وە دەستپێدەکات. ئەو دەستورەی کە دانی بە شەراکەتی کورد و عەرەب لە عێراق دا هێنابوو پەک دەخرێت و ماددەکە لە دەستوری نوێ وەلادەنرێت. هێماکانی دانانان بە کورد لەسەر ئاڵاو لۆگۆی دەوڵەت کە قاسم دایانابوون، دەسڕێنەوە. لەسەردەمی کۆمارییدا، ئەوەی لە هەموو شتێک

زیاتر کوردی بە کەمینە دەکرد دانانی عێراق و گەلەکەی بوو وەک «بەشێک لە ئوممەی عەرەبی»، کە دەستورەکانی (١٩٥٨-١٩٦٣)، (١٩٦٤-١٩٦٨) و (١٩٦٨-٢٠٠٣) جەختیان لەسەر دەکرد. بۆ کوردەکانی عێراق و سوریا ئەمە نەک هەر دانپێدانەنانە بە کوردستان، بەڵکو سڕینەوەی شوناسی کورد و کوردستانە.

لەگەڵ هاتنی بەعسییەکان بۆ سەر حوکم لە ١٩٦٨، بێجگە لە تەعریب، بەسەدامکردن (وەک هێمای عیراقیبوون و عەرەببوون) و بە سوننەکردنی شوناس و دامەزراوە و دامودەزگاکانی عێراق هێندەی دیکە کوردیان پەراوێزخست. سەرەڕای ئەمە، دەوڵەت بە فەرمی بە پێی دەستور دانی بە نەتەوەی کورد نابوو، خوێندنیش لە زۆربەی ناوچە کوردنشینەکان ڕێگەی پێدرابوو، بەڵام لە ١٩٧٥ قەتیسکرا بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی کە تەنیا ٦٠٪ ی ناوچە کوردنشینەکانی ناو سنووری عێراق دەگرتەوە. هاوکات تەعریبکردن و ڕاگوازستن و چۆڵکردنی دێهاتەکانی کوردستان، بەتایبەتی ناوچە سنوورییەکان و دەوڵەمەند بە نەوتەکان بە چڕیی دەستیپێکردەوە و بەردەوام بوو تا ڕووخانی حکومەتی بەعس لە ٢٠٠٣ دا.

بە ڕووخانی بەعس قۆناغێکی نوێ لە ژیانی کوردانی عێراق دەست پێدەکات کە سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ دەرپەڕاندنی سوپای عێراق لە کوێت و ڕاپەڕینی کوردەکان لە بەهاری ١٩٩١. لەوکاتەوە کوردەکانی ناو سنووری هەرێمی کوردستان، کە لە ٢٠٠٥ دا بە پێی دەستوری عێراق بەفەرمی ناسێنرا، سەربەخۆیی و سەروەریی لێدەرچێت لە زۆر بوار و ڕووەوە ئۆتۆنۆم و فەرمان بەدەستن. ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر لە بە کەمینەبوون و بە کەمینەکرانی پاراستون. سەرەڕای ئەمە، تەعریب و ڕاگواستنی کوردەکان لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لە دوای شکستی پڕۆسەی ڕیفراندۆم لە ٢٠١٧ دا، بەچڕیی بەردەوامە. بەڕادەیەک کە کوردەکانی ئەو ناوچانە زەلیل و پەراوێزخراون.

پڕۆژەی سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژوو لە عێراق و تورکیا بەتایبەتی ئیشیان لەسەر کراوە. مێژووی نەک هەر نەتەوەی تورک و عەرەب، بەڵکو ناوچەکە داڕێژرانەوە و لە دیدێکی شۆڤێنیستی تورکی و عەرەبییەوە نووسرانەوە. لە عێراق، مەبەست لە دووبارە-نووسینەوەی مێژوو بە عەرەبکردن و بە سەدامکردنی شارستانییەتی مێزۆپۆتامیا بوو کە لەوێدا پێگەی عەرەب بەرز و هی کورد نزم ڕاگیرابوون. ئەم دیدە بۆ مێژوو لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو خزێنرایە نێو کتێبەکانی قوتابخانە. لەوێدا ئەو

گرووپە کۆچبەرانەی لە نیمچە دوورگەی عەرەبییەوە هاتوون بۆ عێراق وەک «کۆچی ناوخۆیی» وەسفکراون، کەچی هاتنی گوتییەکان و مادەکان (ئەژدادی کوردەکان) وەک «کۆچی دەرەکی» نیشاندراون. گرووپی یەکەم بە «ڕەسەن»و «ڕزگارکەر» دانراون و گرووپی دووەم بە «داگیرکەر»و »بەربەری»و «ناشارستانی» ناوزەدکراون.

لە تورکیا، دووبارە-نووسینەوەی مێژوو، ئەناتۆلیای کرد بە نیشتیمانی تورک و ڕەچەڵەکی تورکەکان برایەوە سەر هیتییەکان (Hittites) تاوەکو بەشێک لە نیشتیمانی کورد بکرێت بە تورکیا. ڕەچەڵەکی تورک کرا بە دایکی هەموو ڕەچەڵەکەکان و زمانی تورکی بە ڕۆژی هەموو زمانەکان. ئەمانە کوردیان لە نیشتیمانی خۆیان کرد بە میوان و زمانی تورکی کرد بە دایکی زمانی کوردی، بە واتایەکی دیکە کورد لە زمان و لە نیشتیمان داماڵدران.

لە بڕگەکانی داهاتوودا باس لە بە ئاسایشکردنی پرسی کورد دەکرێت، بەڵام دەبێت ئەوە بگوترێت کە بەکەمینەکردن و بەئاسایشکردن دوو پرۆسەی هاوتەریبن و تەواوکەری یەکدین نەک دوو پرۆسەی جیا لە یەک. لەڕاستیدا هەر هەوڵێک بۆ بەکەمینەکردنی کورد بە ئاسایشکردنی پرسی کوردی لە پشتە هەر هەوڵ و میکانیزمێکیش بۆ بە ئاسایشکردنی پرسی کورد کەم تا زۆر بە کەمینەکردنی کوردی بەرهەم هێناوە.

### زمانی کوردی و بە ئاسایشکردنی پرسی کورد لە چوار دەوڵەتەکە

لەدوای دابەشکردنی کوردستان و نەتەوەکەی بەسەر چوار دەوڵەتەکەدا، ئیدی نوخبەی سیاسی دەسەڵاتدار لەو وڵاتانە لەگەڵ نوخبەی ڕۆشنبیری پرسی کورد و مافەکانیان وەک هەڕەشە لەسەر نەتەوەکانی عەرەب و فارس و تورک و لەسەر یەکپارچەیی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا دیوە و وێناکردووە و نیشانداوە، ئەمەش ئەوەی لێکەوتۆتەوە کە لە سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بە بەئاسایشکردن (securitization) ناسراوە.

لە دوای شەڕی سارد لە ١٩٩١، تێگەیشتنێکی نوێ بۆ پرسی ئاسایش لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان قسەی لەسەر دەکرا، دواتریش لەلایەن قوتابخانەی کۆبنهاگن وەک تیوری بە ئاسایشکردن (securitization) داڕێژرا. بەپێی بۆچوونەکانی گرووپێک لە تیوریستەکانی ئەو قوتابخانەیە، لە نێویاندا باری بوزان، ۆلی ویڤە و جاپ دی

وایلد، کێشەکانی ئاسایش «پێدراوێک» (given) نین، لەوێ لەو گۆڕە هەبن، بەڵکو وەک کێشە لەلایەن بکەرە ئاساییشییەکان (securitizing actors) وەک پرسی ئاسایشیی نیشان دەدرێن. بۆ نموونە، کۆچی لاتینییەکانی ئەمریکای باشوور بۆ ئەمریکا لەلایەن سەرۆکی ئەمریکا، دۆناڵد ترەمپ و ئەوانی دیکە بە دروستکردنی دیوار و ناساندنی هاتنی لاتینییەکان وەک هەڕەشە لەسەر شوناس و بەهاکانی ئەمریکییەکان لە پرسێکی کۆمەڵایەتیی-ئابوریی-کۆچبەرییەوە دەکرێت بە پرسێکی سیاسی و ئاسایش. بەواتایەکی دیکە، مەرج نییە پرسەکان لە خودی خۆیاندا کێشەی ئاسایشیی بن، بەڵکو کاتێک وەک پرسگەلی ئاسایشیی لەلایەن بکەرە ئاسایشییەکان (بۆ نموونە: دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و نوخبەی سیاسی) وەک پرسی ئاسایشیی ئاماژەیان پێدەکرێت و وێنادەکرێن و نیشان دەدرێن ئیدی دەبن بە کێشە و گرفتی ئاسایشیی.

لەپاڵ بکەرە ئاسایشییەکان بە ئاسایشکردن چوار توخمی دیکە هەن کە بەسەریەکەوە بە ئاسایشکردنی پرسێک تەواو دەکەن. یەکەم، بکەرە کاراییەکان/ وەزیفییەکان (functional actors)، ئەمانە کاریگەرییان لەسەر داینامیکییەتی کایەی ئاسایش هەیە، بەڵام وەک بکەرەکانی ئاسایش کاریگەر نین بەڵکو ڕێخۆشکەر و کارئاسانکەرن بۆ بەئاسایشکردنی پرسێک، وەک دابەشکردنی کۆمەڵگە بەسەر ئێمە و ئەوان. میدیا و ئەکادیمی و توێژەر و خانەکانی بیر لە بکەرە کاراییەکان هەژماردەکرێن. دووەم، وشە و قسە (speech act)، ئەمانە کاتێک دەردەکەون کە دەسەڵاتداران پرسێک زەقدەکەنەوە بەمەبەستی قەناعەت پێهێنانی جەماوەر بۆ بەسیاسیکردن و بەئاسایشکردنی پرسێک. بە پێی ئەم تیۆرە، وشەکان تەنیا وەسفی «ڕاستییەکان» ناکەن بەڵکو هەوڵی دروستکردنی «ڕاستییەکان» دەدەن تاوەکو حەشاماتە قسەبۆکراوەکە هانبدەن و وەگەڕبخەن. بۆ نموونە: کاتێک پێشمەرگە وەک ڕێگر و گەریلا وەک تیرۆریست دەناسێنرێن ئەمانە تەنیا وەسف نین، بەڵکو مەبەست لێیان دروستکردنی ڕاستییەکە، ئەگەر ناڕاستیش بێت، کە پێشمەرگە ڕێگرە یان گەریلا تیرۆریستە بۆ ئەوەی خەڵک بە دژیان هانبدرێن. سێیەم، قسەبۆکراو (audience)، ئەمانە خەڵکن، ئەندامانی کۆمەڵگە، توخمێکی گرنگن لە بەئاسایشکردنی پرسێک، چونکە تا خەڵک قەناعەت نەکات کە کێشەیەک هەڕەشەیە لەسەریان دەسەڵات ناتوانێت کار لەسەر پرسەکە وەک پرسێکی ئاسایش بکات و ڕێوشوێنی نائاسایی بگرێتەبەر، وەک

بەکارهێنانی هێز و سەرباز، کوشتن و ڕاوەدوونان. ئەگەر خەڵک باوەڕی نەهێنا ئەوە بە ئاسایشکردن شکست دێنێت. چوارەم، کردار (action)، بکەرە ئاسایشییەکان، دەوڵەت/دەسەڵات سەرەتا کێشەیەک بەئاسایش دەکەن، دواتر هەوڵدەدەن لە ڕێگە و لەنێو زمان و لە گوتاری فەرمیدا شەرعیەتی پێبدەن و وەک هەڕەشەیەکی بوونیی (existential) نیشانی بدەن. ئینجا ڕێوشوێنەکانی هێرشکردنە سەر »هەڕەشەکە» بە کردار پراکتیز دەکەن وەک گرتن، کوشتن، سڕینەوە، چۆڵکردن، ڕاگواستن، تا دەگاتە زمانکوژی و کۆمەڵکوژی.

هەر چوار دەوڵەتی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا تەواوی ئەو توخمانەی تیۆرەی بە ئاسایشکردنیان لەسەر کورد وەک بکەر و کردار پراکتیزە کردووە هەر لە بەرهەمهێنانی وشە و دەق و گوتار بگرە تا دەگاتە یاسا و ڕێسا و ڕێوشوێنی جێبەجێ کردنی بەگژاچوونەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشتیمانیی کوردستان. لەم بڕگانەی خوارەوەدا گفتوگۆی ئەم پرسە لە کەیسی کوردستان لە هەر چوار پارچەکەدا دەکرێت.

حکومەت و نوخبەی سیاسی لە تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا لە سەد ساڵی ڕابردوودا، گوتارێکیان بەرهەمهێناوە کە بوونی کورد و کوردستان وەک هەڕەشە لەسەر ئەو وڵاتانە ببینرێت. مافەکانی کورد وەک «داواکانی» کورد ناسێنراون، مافی سەربەخۆیی وەک «جودایخوازی» لەقەڵەم دەدرێت. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوە چوار دەوڵەتەکە نین ڕێگری لە مافەکانی کورد دەکەن بەڵکو ئەوە کوردە کە دەوڵەت هەڵدەوەشێنێتەوە، بەمەش کورد خەتابار و تاوانبار دەکرێت و دەوڵەتیش وەک قوربانی نیشان دەدرێت. سنوورەکان بە گشتی کردەی سروشتی و خواپێدراو نین لە ئەزەلەوە هەبن و هاتبن، سنوورەکانی هەر چوار دەوڵەت تەمەنیان لە سەد ساڵ تێپەڕناکات، کەچی وەک ئەوەی لە ئاسمانەوە دیارکرابن پیرۆزکراون و خراونەتە دەرەوەی بیرکردنەوە و پێداچوونەوە و ڕەخنەوە. بەواتایەکی دیکە، بوونی کورد بە گشتی و مافەکانی کورد بە تایبەتی وەک هەڕەشە لەسەر یەکێتیی نەتەوەیی و نیشتیمانیی و یەکپارچەیی خاکی وڵاتەکان نیشاندەدرێن. ئەمەش بە ئاسایشکردنی پرسی کوردی بەدوای خۆیدا هێناوە.

دوای جیابوونەوەی لوبنان لە سوریا لە کۆتایی ئینتیدابی فەڕەنسی لە ١٩٤٦ دا، هەر داوایەکی کورد بۆ مافەکانی لە ئۆتۆنۆمی یان مافە کەلتوری و زمانییەکان

وەک جیابوونەوەی لوبنانییەکان بە جودایخوازی بینراوە. لەوەش ترسناکتر، دوای دامەزراندنی ئیسرائیل و دۆڕانی عەرەبەکان لە شەڕەکانیان لەگەڵ جولەکەکان لە ١٩٤٨ و ١٩٦٧ دا، مافەکانی کورد نەک هەر وەک جودایخوازیی بەڵکو وەک خیانەت تەماشاکراوە. بەواتایەکی دی، لەکاتێکدا ئامانجەکانی عەرەبە ناسیونالیستەکان لە یەکگرتنەوەی خاک و نەتەوەی عەرەب پیرۆز دەکران، کوردایەتی و مافەکانی کورد دەکرانە خانەی خیانەتکاری. نوخبەی باڵادەست لە عێراق لەم پرسەدا تەواو هاودید بوون لەگەڵ سورییەکان، بە تایبەتی ئەگەر ئەوە بیربهێنینەوە کە بەعسییەکان و عەرەبە ناسیونالیستەکان، لە سوریا تا ئێستا و لە عێراق تا ٢٠٠٣، حوکم بەدەستی ڕەها بوون. حکومەتەکانی هەردوو دەوڵەت، کوردستانیان وەک ئیسرائیلی دووەم وێنادەکرد و شەقامی سوری و عێراقی عەرەبییان بەگژدا هاندەدا و وەگەڕدەخستن. عەرەبە ناسیونالیستەکان، بە حوکمی ڕەتکردنەوەی فرەنەتەوەیی و فرەزمانیی و تەماشاکردنی بوونی هەر نەتەوە و زمانێکی دیکە وەک هەڕەشەیەک لەسەر یەکێتیی نەتەوە و خاکی عەرەب، هاوکات بە حوکمی ئەوەی کە کوردەکانی سوریا و عێراقیان وەک گرووپێکی نارەسەن و میوان لەو دوو وڵاتە وێنادەکرد پێوەری زۆر توندیان خستبووەگەڕ بۆ ڕیشەکێش کردنی کورد.

لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، حکومەتی سوریا بڕیاری ئەنجامدانی سەرژمێرییەک دەدا تاوەکو کوردە «ڕەسەن» و بەناو »میوان»ەکان هەڵاوێر بکات، کە بەپەلەپرۆزکێ لە ڕۆژێکدا ئەنجامدرا و خەڵکێکی زۆر بەشدارنەبوون و بەشێکیشیان دۆکیومێنتی پێویستیان پێنەبوو بۆ سەلماندی ئەوەی کە پێش ١٩٤٥ نیشتەجێی ناوچە کوردنشینەکان بوون. بەگشتی خەڵک لەو سەردەمانەدا هەم دۆکیومێنتیان نەبوو، دۆکیومێنتیان هەڵنەدەگرت، یان خۆیان دەشاردەوە لە سەرژمێری بۆ خۆدزینەوە لە سەربازی، بۆیە بەشێکی زۆری کوردانی سوریا وەک «بێگانە»، «تورکیایی» یان هەر «بێ دۆکیومێنت» ناونووسکران. ئەمەش ئەو کوردانەی نەک هەر بە کەمینەکرد، بەڵکو لە بوونێکی یاسایی دایماڵین و کردنی بە خەڵکانێکی «بێدەوڵەت» (stateless).

لە ١٩٦٣ دا، دەوڵەتی سوریا ئەحکامی عورفی (emergency laws) ڕاگەیاند کە تا ٢٠١١ بە فەرمی کارابوو، لەو کاتەشەوە تا ئێستا بە نافەرمی کارایە. بەمەش هەموو دەنگێکی نارازی بە ناوی هەڕەشە لەسەر یەکپارچەیی خاکی سوریا و نەتەوە و خاکی عەرەب سەرکوت دەکرا. پرسی کورد یەکێک لەو پرس و دەنگانە بوو، کە

بە ئاسایش کرا، کەلتور و زمانی کوردی قەدەغەکرا، حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان داخران و ناوی گوند و شارۆچکە و شوێنە کوردییەکان بە عەرەبیکران (بۆ نموونە، کۆبانێ کرا بە «عين العرب»). لەو سەروبەندە، لە ڕاپۆرتی ئەفسەرێکی سوپای سوریدا، کورد وەک «شێرپەنجە»یەک ناسێندرا، کە دەبێت لە ڕیشەوە ببڕدرێت. لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، دەوڵەت ورد و درشتی ڕاسپاردەکانی ڕاپۆرتەکەی جێبەجێ کرد، کە زیاتر وەک »پشتێنەی عەرەبی» (الحزام العربي) ناسراوە، کە خۆی لە ڕاگواستنی کورد و نیشتەجێکردنی عەرەبی لە ناوچە ستراتیجی و سنوورییەکان دەبینیەوە. مەبەستی سەرەکیشی دابڕینی کوردانی سوریا بوو لە کوردانی تورکیا، سیاسەتێک کە تا ئێستا بەردەوامە بەڵام دەوڵەتی تورکی ئێستا ئەم ڕۆڵە دەبینێت. داگیرکردنی عەفرین و جەرابلس و سەرێ کانی و گرێ سپی، هاوکات، دەرپەڕاندن و ڕاگواستنی کورد و نیشتەجێکردنی عەرەبە سورییە ئاوارەکان لەلایەن تورکیا لەم ناوچانە درێژکراوەی هەمان سیاسەتن و بەهەمان مەبەست ئەنجامدەدرێن کە دەوڵەتی سوریا پێشتر پێی هەستابوو.

وەک سوریا، تەعریب لە عێراق سەرچاوەکەی لە بێ متمانەیی بە کورد و بینینیەتی وەک هەڕەشەیەک بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە چڕیی کوردیان زۆرە یان دەوڵەت وەک ناوچەی ستراتیجی پۆلینی کردوون. پڕۆسەی تەعریب لە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاشایەتی، بەڵام بەشێوەیەکی سیستەماتیکانە لەسەردەستی عەرەبە ناسیونالیستەکان لە شەستەکان دەستپێدەکات و لە حەفتاکان لەسەر دەستی بەعسییەکان دەگاتە ترۆپک. لە ١٩٦٣ دا، حەفتا گوندی کورد سوتێنران، پیاوەکان دەستبەجێ لە گوندەکان کوژران یان فڕێدرانە زیندان، ژنەکانیش ئاوارەی شارەکان کران. حکومەت لە جێگەی کوردەکان عەرەبی نیشتەجێ کرد. لەپاڵ ئەمانە، بەپێی پرۆگرامێکی داڕێژراو، حکومەت گومانی خستە سەر ڕیشە و ڕەچەڵەکی کوردەکان و ئەسڵی عەرەبیی بۆ دروست دەکردن. لە ١٩٧٥، ٦٦٠ گوند لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان تەعریب کران و ژمارەیەکی زۆریش گەڕەک لە ناو کەرکوک و دەوروبەری دروست کران بۆ حەوانەوەی ئەو عەرەبانەی لەو سەردەمە بە لێشاو دەهێنران بۆ شارەکە، هاوکات، بە یاسا کۆچی کورد بۆ کەرکوک قەدەغەکرا. لە ١٩٧٨ یش، شەشسەد هەزار کوردی ناوچە سنوورییەکانی ئێران و تورکیا و سوریا بە قووڵایی ٢٠ کیلۆمەتر ڕاگوێزران و گوندەکانیان تەخت کران. بە گشتی، لەنێوان ١٩٦٣ تا ٢٠٠٣

نزیکەی سی و شەش هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە، واتە ٤٢٪ ی ناوچە کوردنشینەکان، بە شێوەیەک لە شێوەکان بەر سیاسەتەکانی تەعریب کەوتن. هاوکات، دەوڵەت هەزاران کوردی فەیلی بێسەروشوێن کرد و سەدان هەزاریشی بە زۆرەملێ لە عێراق دەرپەڕاند بۆ ئێران.

لە ١٩٨٧دا، وەک ئامادەکارییەک بۆ هەڵمەتەکانی ئەنفال، حکومەت ٧٠٣ گوند و شارۆچکەیان لەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵاتەکەیدا بوو، خاپورکرد. لە هەڵمەتەکانی ئەنفالیش لە ١٩٨٨ دا، نەک تەنیا گوندەکان بەڵکو خودی کورد وەک نەتەوە کرا بە نیشانە و لە ماوەی حەوت مانگدا حکومەت زیاتر لە ١٨٢ هەزار هاووڵاتی مەدەنی کوردیان جینۆساید کرد، کە بەشێکیان ژن و منداڵ بوون. لەهەمان هەڵمەتدا، نزیکەی ملیۆن و نیوێک هاووڵاتی کورد لە زێدی باوباپیرانیان دەرپەڕێنران و گوندەکانیان وێرانکران و خەڵکەکەی گوێزرانەوە بۆ کۆمەڵگە زۆرەملێکان، بەمەش یەک تاکە گوند لە کوردستانی باشوور نەما.

دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی سەدام حوسێن و کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی بەعسییەکان تێگەیشتنی نوخبەی سیاسی عێراقی بۆ پرسی کورد گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هات بەڵام لە پرسی تەعریب و شوناسی خاکی کوردستان ئەگەر هەمان تێڕوانین نەبێت زۆر گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە. دەستوری ٢٠٠٥ داوای ناردنەوەی عەرەبە هاوردەکان و گێڕانەوەی کوردە ئاوارەکان دەکات، کە بە پڕۆسەی ئاساییکردنەوە ناوی بردووە، دوای ئەمەش داوای یەکلاییکردنەوەی سنووری کوردستان، لە چوارچێوەی عێراقدا، لەڕێگەی دەنگداندا دەکات. بەڵام دوای تێپەڕبوونی ١٨ ساڵ نەک عەرەبەکان نەنێردراونەتەوە و کوردەکان نەگەڕاونەتەوە، بەڵکو عەرەب زیاتر هێنراون و کوردیش زیاتر دەرپەڕێنراون. ململانێکانی نێوان حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستانیش لە دوای ڕیفراندۆم دەیسەلمێنێت کە عێراقییەکان تەنیا دان بەو سنوورەدا دەنێن بۆ کوردستان کە سەدام و بەعسییەکان لە ١٩٩١ دا کێشاویانە، کە داماڵینی کوردستانە لە ناوچە دەوڵەمەند بە نەوتەکان. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سەرەڕای ئەوەی عێراق بە بەراورد بە وڵاتەکانی دیکە هەنگاوی ئێجگار گەورەی ناوە لە داننان بە مافە سیاسی و کەلتوری و زمانییەکان، کەچی هێشتا مافە پەیوەندارەکان بە شوناسی خاک وەک هەڕەشە لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق تەماشا دەکات.

دروشمگەلی وەکوو «یەک نەتەوە»، «یەک زمان» «یەک ئاڵا» لەگەڵ دامەزراندنی

دەوڵەتی نوێی تورکیا تا ئەمڕۆ هێندە بەچڕی کاری لەسەر دەکرێت باسکردن لە بوونی هەر گرووپێکی نەتەوەیی دیکە، بەکارهێنانی هەر زمانێکی دیکە یان هەڵکردنی هەر ئاڵایەکی دیکە بە فەرمی بەپێی دەستور لە تورکیا قەدەغەکراوە و بە ئاسایشکراوە. هەزاران کەس تەنیا لەسەر بەکارهێنانی زمانی کوردی لە فەزای گشتی زیندانی کراون. یەکێک لەوانە، لەیلا زانا، ئەندام پەرلەمانی تورکیا، کە لەسەر سوێندخواردن بە برایەتی کورد و تورک لەناو پەرلەمان بە زمانی کوردی ١٠ ساڵ زیندانی کرا، گوایە پڕوپاگەندە بۆ جودایخوازیی دەکات. لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو تۆرگۆت ئۆزال، سەرۆکی تورکیا کە بە ڕەچەڵەک دایکی کورد بوو، بڕیاری ڕێگەدان بە بەکارهێنانی زمانی کوردی دا، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدابێت قسەکردن یان گۆرانی گوتن بە کوردی لە گوتاری فەرمی دەوڵەت و نوخبەی ڕۆشنبیری باڵادەست وەک هەڕەشە لەسەر یەکپارچەیی گەل و نیشتیمان دەبینرێت، بۆ نموونە حیزبە پرۆ-کوردییەکان دەبێت بە تورکی بانگەشە بکەن. تا ئێستا یەک قوتابخانەی فێرکردنی زمانی کوردی لە کەرتی گشتیدا ڕێگەی پێنەدراوە. بوونی کورد بەچڕیی لە باکووری کوردستان، باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، وەک هەڕەشە لەسەر یەکپارچەیی خاکی تورکیا بینراوە، بۆیە ڕاگواستنی کورد لە ڕۆژهەڵات و باشوور بۆ بەشەکانی دیکەی تورکیا و هێنانی تورک بۆ ناوچە کوردییەکان لە ١٩٣٤ ـەوە بە فەرمی و بە سیستەماتیکانە بەپێی یاسای نیشتەجێکردن لە ساڵی ١٩٣٤ (Settlement Law of ١٩٣٤) دەستی پێکردووە. ئەمەش دوای سەرکوتکردنی ڕاپەڕینە کوردییەکانی ئەو سەردەمە و ڕێک پەنجا ساڵ پێش ئەوەی کە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) شەڕی چەکداری ڕابگەیەنێت. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە نەک هەر بزووتنەوە سیاسی و چەکدارییەکان بەڵکو خودی کورد و زمانەکەی وەک هەڕەشە تەماشاکراوە و بەئاسایشکراوە. لەمەش سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە کە ڕاگواستن لەژێر ناوی تەمەدون، واتە بەشارستانیکردنی کورد دەکرێت. ڕاگواستن بەفەرمی مەبەست لێی لە ڕەگوڕیشە دەرهێنانی کەلتوری کوردی و لەبیرچوونەوەی زمانی کوردی بوو. دوو برا یان باوک و کوڕێکی خێزاندار بۆ یەک گوند یان بۆ یەک شار ڕانەدەگوێزران تاوەکو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی کوردان هەڵوەشێتەوە و نەتوانن بە کوردی قسە بکەن و ئاسانتر بتوێنرێنەوە، ئەسیمیلە بکرێن.

چۆنیەتی مامەڵەکردنی دەوڵەتی ئێران لەگەڵ پرسی کورد دەکرێت بەسەر دوو قۆناغدا دابەشبکرێت. قۆناغی یەکەم، سەردەمی ڕەزاشا (١٩٢٥-١٩٤١) و محەمەد

ڕەزاشا (١٩٤١-١٩٧٩). لەم قۆناغەدا، بەتایبەتی سەردەمی ڕەزاشای باوک هەموو جیاوازییەکی نەتەوەیی نادیدە دەکرا و دەوڵەت لە پڕۆسەی بەمۆدێرنکردندا لە هەوڵی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی وەکیەک دابوو کە تێیدا هەموو جیاوازییەکان لە بۆتەکەی نەتەوە و کەلتور و زمانی زاڵ، فارس(ی) دا، بتاوێنێتەوە. ڕەزاشا بەحوکمی سەرسامبوونی بە ئەتاتورک و لاساییکردنەوەی تورکیا بوونی جیاوازییەکانی وەک هەڕەشە لەسەر یەکپارچەیی خاک و میللەتی ئێراندا دەدیت و لەسەر ئەو بنەمایەش مامەڵەی لەگەڵدا دەکردن. لە سەردەمی محەمەد ڕەزاشای کوڕ تاڕادەیەک فەزای سیاسی ئاواڵاتربوو بۆ نەتەوە و گرووپە جیاوازەکانی ئێران بە کوردیشەوە، بەڵام تەرکیزی دەوڵەت لەسەر بەفارسیکردنی شوناسی ئێران وەک خۆی مابۆوە.

قۆناغی دووەم، لەگەڵ هاتنی جمهوری ئیسلامی لە ١٩٧٩ بۆ سەر حوکم دەستپێدەکات، کە تا ئێستاش هەر بەردەوامە. سەرەڕای ئەوەی کە دەستورەکەی ئەم قۆناغە پێچەوانەی قۆناغی پێشووتر دان بە جیاوازییە نەتەوەیی و مەزهەبییەکاندا دەنێت، کەچی تەنیا زمانی فارسی وەک زمانی فەرمی و زمانی خوێندن و پەروەردە دەناسێنێت. دەوڵەت جیاوازییە نەتەوەییەکان وەک ئاڵنگاریی ئاسایشیی و هەڕەشە لەسەر دوو شت دەبینێت. یەکەم، لەسەر ئەو نیزامەی کە جمهوری ئیسلامی دەیەوێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بەرقەراری بکات. دووەم، لەسەر سەروەریی و یەکپارچەیی ئێران. تەنیا لەو دیدەشەوە دەکرێت شرۆڤە و تێگەیشتن بۆ بەرخوردەکانی ئایەتوڵا خومەینی بکرێت کە لە ڕۆژانی سەرەتای دامەزراندنی جمهوری ئیسلامی لە خۆی نیشاندا وەک: یەکەم، فەتوای شەڕ لە دژی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات؛ دووەم، ڕەتکردنەوەی هەموو حیزبێک بێجگە لە بەناو حیزبی خوا تا دەگاتە پاککردنەوەی کوردستان لەوەی ناوینابوون «شەیتانەکان.»

تاوانبارکردنی زارا محەمەدی، کچە کوردێکی نیشتەجێی لە سنە، لە ٢٠٢١ دا، بە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران و سەپاندنی ١٠ ساڵ زیندانیکردن، تەنیا لەبەر پێکهێنانی ڕێکخراوێک بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک و یارمەتی بۆ لێقەوماوانی بومەلەرزەکانی کرماشان و لورستان لەگەڵ فێرکردنی خۆبەخشانەی زمانی دایک بە منداڵانی کورد هیچ گومانێک لەسەر بەئاسایشکردنی پرسی کورد لە ئێران ناهێڵێتەوە.

هەموو ئەمانە دەریدەخەن کە ئێران پرسی کوردی کردووە بە پرسێکی ئاسایشی و لەسەر ئەو بنەمایە مامەڵە لەگەڵ کورد و کوردستان دەکات، بۆیە کاتێک کچێکی

خۆبەخش دەیەوێت منداڵانی کورد فێری زمانی دایکیان بکات وەک هەڕەشە لەسەر یەکپارچەیی خاک و میللەتی ئێران لەقەڵەمی دەدات و زارا خاتوون بە ١٠ ساڵ زیندانی حوکم دەدات.

## پوختە

بەکورتی، لە سەد ساڵی ڕابردوودا کورد لە هەر چوار دەوڵەتەکە بێنیشتیمان دەکرێت، بەکۆیلە دەکرێت، کاڵفام و کێوی نیشان دەدرێت، وەک میوان تەماشا دەکرێت، بێناسنامە دەکرێت و بە فەرمی تۆمار ناکرێت، بێدەوڵەت دەکرێت، وەک بێگانە دەبینرێت. زمانی کوردی بە فەرمی ناناسێنرێت ئەوە ئەگەر نەڵێین یاساغ دەکرێت و زمانەکانی دیکەی بەسەردا دەسەپێنرێت، وەک بەشێک لە ئوممەی عەرەبی، تورکی یان فارسی دادەنرێت و لەقەڵەم دەدرێت. ئەمانە و دەیان پرۆسە و کردار و میکانیزمی دیکە، کە هەندێکیان لەسەرەوە خرانەڕوو، بەکەمینەکردنی کورد و زمان و کەلتور و شوناسەکەی لێکەوتۆتەوە.

بە هەمان شێوە، لە پەیوەند بە ئاسایشکردنی پرسی کورد، هەر چوار دەوڵەتەکە بۆ بنکۆڵکردنی ڕەوایی پرسی کورد ناوناتۆرە و زاراوەی تاوانئامێز لە دژی هێز و لایەنە کوردییەکان، چەکدار یان مەدەنی، بەکاردێنن. بۆ نموونە ئێران وەک زیدی ئینقلابی (دژە شۆڕش)؛ سوریا و عێراق وەک عومەلا (بەکرێگیراو)، موخەریب (تێکدەر)، عوسات (ڕێگر)، ئیسرائیلی دووەم؛ تورکیاش وەک تیرۆریست و جودایخواز. وەک پاساوێکیش بۆ جینۆسایدکردن و هێرشکردن، کورد وەک ئەوی دیکەی کافر و ناموسڵمان و نامرۆڤ وێنادەکرێت. هەڵمەتەکان ناوی ئیسلامیان بەسەردا دەبڕێت وەک فەتح و ئەنفال و غەزا.

بەمشێوەیە پرسی کورد لە هەر چوار دەوڵەتەکە بەئاسایشکراوە و خەڵکی تورک و عەرەب و فارس جۆشدراون و وەگەڕخراون بۆ دژایەتیکردنی هەر مافێکی کورد، بەتایبەتی مافە زمانییەکان. حکومەتەکانی هەر چوار دەوڵەتەکە لەو سەد ساڵە لە هەموو میکانیزم و ئامرازێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی کورد و سڕینەوەی زمان و کەلتور و شوناسیان کەڵکیان وەرگرتووە، هەر لە قەدەغەکردنی زمانەوە بگرە تادەگاتە پاکتاوی نەتەوەیی و جینۆساید.

## بیبلیۆگرافیا

Ahmadzadeh, H. & Stansfield, G (2010) The Political, Cultural, and Military Re-Awakening of the Kurdish Nationalist Movement in Iran, Middle East Journal, 64:1, 11–27.

Akbarzadeh, S, Z. S. Ahmed, C. Laoutides & W. Gourlay (2019) The Kurds in Iran: balancing national and ethnic identity in a securitised environment, Third World Quarterly, 40:6, 1145–1162.

Albarazi Z. (2013) The Stateless Syrians, the Statelessness Programme, Tilburg, Netherlands: Tilburg University.

Atkinson, D. (2000) Minoritisation, Identity and Ethnolinguistic Vitality in Catalonia, Journal of Multilingual and Multicultural Development, 21:3, 185–197.

Bayir, D. (2013) Minorities and Nationalism in Turkish Law, London: Ashgate.

Bilgin, P. (2011) The politics of studying securitization? The Copenhagen School in Turkey, Security Dialogue, 42:4399 ,5-–412.

Birdişli, F. (2014) Securitization of Kurdish Question in Turkey, International Research Journal of Social Sciences, 4:2, 1–15.

Buzan, B., Waever, O., and Wilde, J. (1998) Security: A New Framework of Analysis, Boulder: Lynne Rienner.

Elling, R. C. (2013) Minorities in Iran Nationalism and Ethnicity after Khomeini, New York: Palgrave and Macmillan.

Foucault, M. (2012) Discipline and Punish: The Birth of the Prison, New York: Vintage Books.

Hama, H. H. The (2020) Securitization and De-Securitization of Kurdish Societal Security in Turkey, Iraq, Iran, and Syria, World Affairs, 183:4, 291–314.

Kirmanj, S. (2013) Identity and Nation in Iraq, Boulder, USA: Lynn Rienner Publishers.

Klein, J. (2020), The Kurds and the territorialization of minorityhood, Journal of Contemporary Iraq & the Arab World, 14:1&2, 13–30.

Koontz, K. (2020) Turkey's Parliamentary purge and the HDP's dilemma, The Middle East Institute Policy Paper.

Kurt. M. (2019) 'My Muslim Kurdish brother': colonial rule and Islamist governmentality in the Kurdish region of Turkey, Journal of Balkan and Near

Eastern Studies, 21:3, 350–365.
Lenz-Raymann, K. (2014) Securitization Theory: Legitimacy in Security Politics, in Securitization of Islam: A Vicious Circle: Counter-Terrorism and Freedom of Religion in Central Asia, Transcript Verlag, pp. 243–256.
Mofidi, S. (2022). The Political Function of Religion in Kurdish and Perso-Iranian Nationalist Confrontations after the 1979 Revolution, International Journal on Minority and Group Rights. doi: https://doi.org/10.116315718115-/bja10080
Mohammadpour, Ahmad. & Soleimani, K. (2019), Interrogating the tribal: the aporia of 'tribalism', The British Journal of Sociology, 70:5, 1799–1824.
Mohammadpour, Ahmad. & Soleimani, K. (2021) 'Minoritisation' of the other: the Iranian ethno-theocratic state's assimilatory strategies, Postcolonial Studies, 24:1, 40–62.
Polat, R. K. (2008) The Kurdish Issue: Can the AK Party Escape Securitization?, Insight Turkey, 10:3, 75–86.
Shahriari, K. (2017) Modernization Process in Iran: Historical Overview, Journal of Social Science Studies, 4:1, 269–282.
Shwan, S. (2014) Marginalization of Minority Identity as a Consequence of Securitization in Multi-Ethnic Societies: Kurdish Identity in Turkey as a case study, MD Dissertation, University of Sheffield.
Soleimani, K. & Mohammadpour, A. (2020) Life and labor on the internal colonial edge: Political economy of kolberi in Rojhelat. The British Journal of Sociology, 71:4, 741–760.
Soleimani, K. & Mohammadpour, A. (2020) The securitisation of life: Eastern Kurdistan under the rule of a Perso-Shi›i state, Third World Quarterly, 41:4, 663–682.
Waever, O. (1995) 'Securitization and Desecurization' in R. Lipschutz (ed) On Security, New York: Columbia University Press, 46–86.

* د.شێرکۆ کرمانج: پرۆفیسۆری هاوبەش، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان؛ هاوسەرۆکی کورسی ئەکادیمیای بەریتانیی لە بواری پەروەردە و ململانێ و قەیران، زانکۆی ئۆڵستەر، بەریتانیا.

# لێکدانەوەییێکی مۆرفۆفۆنیمی

پ.د. وریا عومەر ئەمین

زمان سیستەمێکی لە ڕادەبەدەر ئاڵۆز و فرەلایەن و تێکچڕژاوە. لە دەیان سیستەمی بچووک و بچووکتری چووەناویەک پێکهاتووە. پەیوەندیی دینامێکی لە نێوان پێکهێنەرەکانیدا هەیە. هەموو تەواوکەری یەکترن، بە لۆژیک و یاسا لێک بەستراون، هاوکات پێکەوە کاردەکەن لە هەڵسووڕاندنی، بۆ ئەنجامدانی ئەرکی سەرەکیی زمان کە قسەکردنە.

ئەم خەسڵەتەی زمان وای کردووە ڕێزمانی کۆن و چاولێکەری هەرگیز نەتوانێ زۆربەی هەرە زۆری لایەنەکانی زمان لێکبداتەوە و یاساکانی دەستنیشان بکات. لێڵی و کەموکوڕییەکی زۆری تێدا بەدی دەکرێ.

تا سەرەتای سەدەی بیستەم، زمانەوانی زۆر ڕووکەش و سادە و ساکار بوو. تەنها بایەخی بە لیکسۆگرافی و نژادی وشە و دۆزینەوەی پەیوەندیی مێژوویی نێوان زمانەکان دەدا . بۆیە لە ڕوانگەی دەسکەوتەکانی زانستی زمانی سەردەم ، ڕێزمانی زۆربەی زۆری زمانانی جیهان بە شێوەیێکی ڕاست و شیاو نەنووسراونەتەوە (١).

لە ساڵی ١٩١٦ دا، کتێبی Course in general linguistics ی فێردیناند دیساسوێر (١٨٥٧ – ١٩١٣) (کۆرسێ لە بارەی زمانەوانیی گشتیدا)، بە زمانی فەرەنسی بڵاوکرایەوە. ئەم کتێبە دەرگای ئاسۆیەکی فرەوانی خستە سەر گازی پشت. زمانەوانیی کرد بە زانست و ڕێباز. بۆچوونەکانی دیساسوێر بوون بە هەوێنی سەرهەڵدانی ڕێبازی (بنیاتنەری) Structuralism ، کە ڕێگەی پاککردەوە بۆ سەرهەڵدانی ڕێبازی گوێزانەوەی چۆمسکی TGG و دەیان ڕێبازی تری زمانەوانی(٣).

بە پێی ڕێبازی بنیاتنەری، زمان سیستەمێکی ئاڵۆزی چووەناویەکە. پەیوەندیی یاسادار لە نێوان هەموو کەرەسە پێکهێنەرەکانی هەیە. بە لۆژیک لێک بەستراون.

نموونەییێکی ئەم جۆرە شیکردنەوەیە لە زمانی کوردیدا دەهێنمەوە، چۆن چەن ئاستێ بەشداری دەکەن لە پێکهێنانی کەرەسەییێکی زمانەوانی. داڕشتنی وشەی(نووسەر) دەکەمە نموونە ، کە هەندێ وای بۆ دەچن کە ئەم (ەر) ەی لە (er) ی زمانی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە.

لە زمانی ئینگلیزیدا یاسایەک هەیە بە هۆیەوە (er) دەچێتە سەر (کار) و (ناوی بکەری) دادەڕێژێ. وەک لە وشەی (write + er) ، (writer) واتا (نووسەر) .

هەشە وای بۆ دەچێ کە (نووسەر) دارِشتنێکی هەڵەیە و بە هەڵە ڕۆیشتووە.

شیکردنەوەی مۆرفۆفۆنیمیی دەری دەخات کە ئەمە نە لە ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، نە هەڵەیە، بەڵکوو بە پرۆسێسێکی ناوەکیی سەپاندنی یاسای Segment addition (لەت زیادکردن) لەگەڵ یاسایەکی فۆنۆلۆجی پێکهاتووە.

یێکێ لە یاساکانی دارشتنی وشەی لێکدراوی(٣) (چەمک بکەری) لە زمانی کوردیدا (ناو + ڕەگی کار) ە. وەک لە:

ئاشتیخواز – خێرخواز –- دڵخواز / لە (خواستن) ەوە ، ڕەگەکەی (خواز) ە.

گوێگر – ڕێگر – دەزگر – کۆڵهەڵگر / لە (گرتن) ەوە ، ڕەگەکەی (گر) ە.

گەشبین – ڕەشبین –- دووربین – وردبین / لە (بینین) ەوە ، ڕەگەکەی (بین) ە.

شۆڕشگێڕ – ئاژاوەگێڕ / لە (گێڕان) ەوە ، ڕەگەکەی (گێڕ) ە.

پیاوکوژ - مێشش کوژ – کەسەرکوژ / لە (کوشتن) ەوە، ڕەگەکەی (کوژ) ە.

گۆرانی بێژ – مەقام بێژ – حەیرانبێژ / لە (بێژتن) ەوە، ڕەگەکەی (بێژ) ە.

بەرهەمهێن / لە (هێنان) ەوە، ڕەگەکەی (هێن) ە.... هتد

لەو ڕەگانەی کە بە بزوێن کۆتاییان دێ بە یاسای Segment addition ، (ر) یان دەچێتەسەر:

کردن – کە / قسەکەر - ئیشکەر - کارەکەر – نانکەر.

بردن – بە / کۆچبەر – دڵبەر – ڕەنجبەر – ڕێبەر - بەڕێوەبەر

خواردن – خۆ / خەمخۆر – سوێندخۆر – زۆرخۆر- مشەخۆر.

شوشتن – شۆ / سەرشۆر – مردووشۆر – جلشۆر

ئەو ڕەگانەی بە (وەستاو) consonant کۆتاییان دێ (ە) یان دەخرێتە سەر .

پێوان / پێو + ە + ر = پێوەر

خوێندن / خوێن + ە + ر = خوێنەر

داهێنان / داهێن + ە + ر = داهێنەر

بە هەمان هەنگاو :

نووسین / نووس + ە + ر = نووسەر

ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە (ەر) دوو بەشە (ە + ر) ، (ر) ئامرازی بکەرییە و (ە) دانیێکی فۆنۆلۆجییە. لە ئەنجامی زۆر دووبارەکردنەوە و بەکار هێنانی ڕۆژانەی ئەو وشانەی بە (ەر) کۆتاییان دێ وەک (قسەکەر - ئیشکەر - کارەکەر – نانکەر-

کۆچبەر – دڵبەر –ڕەنجبەر. ..هتد)، (ەر) چەمکی (ناوی بکەری)ی لێ نیشتووە و بۆتە مۆرفیمێکی وشە داڕێژ Derivational Morpheme کە لە بنجدا لە دوو سەرچاوەوە هاتوون.(٤) لە ناو زمانەکەدا بڵاوبۆتەوە، تەنانەت ناویشی گرتۆتەوە، وەک (توێژەر – کۆچەر).

**پەراوێزەکان**

١– بەم زووانە باسێکم لە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردیدا، بە ناونیشانی (پێڕەوی نووسینەوەی ڕێزمانیکی کوردیی سەردەمانە). بڵاو دەبێتەوە تێیدا پلانی نووسینی ڕێزمانی کوردی بە پێی ڕێبازی بنیاتنەری خراوەتە ڕوو.

٢ – بۆ )فێردیناند دیساسوێر( و ڕۆڵی لە مێژووی زمانەوانیدا سەیری ئەم باسەم بکەن:

)دیساسۆر .. دامەزرێنەری زانستی زمانی تازە(. لە ڕۆژنامەی (ئاسۆ) ژمارە ١ ی (١٩٨٩/٧/٣٩) دا بڵاوبۆتەو. دووبارە لە کتێبی (پیتۆکەکانی زمانەوانی) دا ل ٤٧ – ٥٠ بڵاوبۆتەوە.

٣ – بۆ یاساکانی داڕشتنی وشە لە زمانی کوردیدا سەیری سەرچاوەی پەراوێز ژمارە (٤) بکەن.

٤ - بۆ نموونەییێکی تری ئەم دیاردەیە سەیری ئەم باسەم بکەن:

مۆرفۆسینتاکس وەک سەرچاوەییێک بۆ داڕشتنی وشە لە زمانی کوردیدا. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ژ ٢٩ ساڵی ٢٠١٤، ل ٧ – ١٦.

**سەرچاوەکان**

Bynon, Theodora (1977) Historical Linguistics, Cambridge University Press.

Fromkin, V. , R. Rodman , N. Hyams.(2003) Introduction to Language. Thomson, USA.

R.H. Robins (1967) A Short History of Linguistics. Longman Linguistic Library. London.

وریا عمر امین (١٩٨٩) دیساسۆر: دامەزرێنەری زانستی زمانی تازە. ڕۆژنامەی (ئاسۆ) ژ ١ ی (١٩٨٩/٧/٣٩).

(١٩٨٩) ئەلەمۆرفی ڕێزمانی. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١٢٢) ساڵی ١٩٨٩ ، ل ١٦٦ – ١٦٩.

# نەخشە ڕێگایەك
# بۆ بە ستانداردكردنی زمانی كوردی

كازم عەباس زەندی

زمانی ستاندارد ئەو زمانەیە، کە لەجیاتی هەموو شێوەزارەکانی زمانەک بەکار دەهێنرێت، ئەم زمانەش وشەو بنەما ڕێزمانییەکانی لە شێوەزارەکی دیارکراوی زمانەکەدا هەڵدەهێنجریت، ئینجا بە وشە و زاراوەی شێوەزارەکانی دیکە لە هەمان زماندا موتوربە دەکرێت، پێویستە ئەو زمانەش لە خوێندن و لە نووسین و لە دامودەزگاکانی فەرمانڕەوایەتی بەکار بهێنرێت و بەرژەوەندی فێربوونی لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ دروست بکرێت، تاوەکو بەهۆیەوە زمانەکی هاوبەشی نووسین و ئاشنا و ئاسانی لەیەکتر گەیشتن لە نێوان شێوەزارە جیاوازەکانیدا دروست ببێت، بەمەش شێوەزارە جیاوازەکان نزیکی یەکتر دەبنەوە و بەیەکتر گرێ دەدرێنەوە، ئەگەر هەرچەندە لەیەکتریش دوورکەوتبنەوە و وشەکانیان گۆڕانی بەسەردا هاتبێت، هەروەها هەر لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت خوێندەواری ئاخێوەرە جیاوازەکانیش بەیەک مێژوو پەروەردە بکرێنەوە، بەیەک هەست و بە یەک ڕۆشنبیریش ئاشنا بکرێنەوە، ئەگەر هەرچەندە بە تێپەڕینی سەردەمەکان و بە هۆکارەکانییەوە، شێوێنرابێت یان ڕاستییان لێ ونکرابێت، ئەمانەش وا دەکەن دروستکردن و فێربوونی ئەو زمانە لەپێناو بەرژەوەندی نەتەوەیی ببێتە ئەرکەکی پێویست، چونکە دەبێتە پردەک هەموو جیاوازییەکان بەیەکتر دەگەیەنێتەوە، بۆیە ئەگەر نەتەوەیەک بیر لەدروستکردنی وڵات و دەسەلاتی سەربەخۆ بکاتەوە، دەبێت لەسەرەتاوە هەوڵی دروستکردنی ئەو زمانە بدات و ئەو زەمینەیە بسازێنێت کە لە چ ڕێگەیەکەوە بۆی دروست دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە ئەو زمانە، زمانی دواندن و ئاخاوتنی ڕۆژانەی گشت شێوەزارەکان بێت، بەڵکو دەکرێت لە پاڵ دروستکردنی ئەو زمانەدا، هەر شێوەزارەک تایبەتمەندییەکانی خۆی لە ئاخاوتندا بپارێزێت.

لە ڕاستیدا دەسەڵاتەکی شارەزا و نیشتیمانپەروەری بەهێز و دڵسۆز و تواناداار و متمانە پێکراو، ئەگەر لە هەر سەردەمەکدا هەبێت، دەتوانێت شێوەزارەک لە دامودەزگاکانی فەرمانڕەوایەتی و لە پرۆسەی خوێندن و نووسیندا بەسەر شێوەزارەکانی دیکەی زمانەکدا بسەپێنێت، لەمەشدا بناغەی ستاندارد بۆ زمانەکە دروست دەبێت، چونکە بۆ ڕاهیکردنی ژیانی ڕۆژانە، هەموو شێوەزارەکانی دیکە، بەرژەوەندی خۆنزیک کردنەوە و تێکەڵبوونیان بۆ ئەو شێوەزارە دروست دەبێت، بۆیە بە ناچاری هەوڵی خۆ فێرکردنی ئەو زمانە دەدەن تا لە ئەنجامدا ئەم شێوەزارە بەلای هەموو ئاخێوەرانی ژێر دەسەڵاتەکە ئاشناتر دەبێت، لەمەشدا ئەو ڕاستییە

ڕەهایەمان بۆ دەردەکەوێت، کە لە پلەی یەکەمدا، لە ڕێی هەبوونی دەسەڵاتەوە زەمینەی دروستبوون و دروستکردنی زمانی ستاندارد دەسازێت، ئەگەر لە ڕێڕەو و دروستبوونی ستانداردی زمانەکانیش بڕوانین، دەبینین هەر هەموویان بەهۆی دەسەڵاتەوە لە سەردەمەکدا بناغەی ستانداردیان لە شێوەزارەکدا بۆ دروستبووە، ئینجا لە دواتردا، لەم شێوەزارەدا ستانداردیان دروستکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کە دەسەڵاتەک شێوەزارەکی لە خوێندن و لە نووسین و لە بەڕێوەبردندا بەکارهێناوە، هەرواو لە خۆڕا ئەو شێوەزارەی دەستنیشان نەکردووە، بەڵکو پشتی بە یەکەک لەم کۆڵەگانە بەستاوە .

**کۆڵەگەی یەکەم** : شێوەزاری ئەو بنەماڵەیەی بەکارهێناوە، کە حوکمی گێڕاوە وەک شێوەزاری عوسمانییەکان بۆ زمانی تورکی .

**کۆڵەگەی دووەم** : شێوەزاری ئەو دەقە ئایینیەی بەکارهێناوە، کە پەیڕەوکراوە وەک شێوەزاری قورەیشییەکان بۆ زمانی عارەبی، کە قورئانی پێنووسراوە .

**کۆڵەگەی سێیەم** : ئەو شێوەزارەی بەکارهێناوە، کە لە ڕێی ئەدەبەوە زیاتر گەشەی کردووە وەک ئەوەی لەزمانی فارسیدا ڕوویداوە، ئینجا لە ئەنجامدا و لە قۆناغەکانی داهاتوودا، ئەو شێوەزارە وەک بناغە بۆ ستانداردی زمانەکە پشتی پێبەستراوە، ئاشکراشە کە ئێمەی کورد لە هیچ سەردەمەکدا، یەکەک لەم کۆڵەگانەمان بۆ دەستەبەر نەبووە، بۆیە لە ئێستادا شێوەزارەکی بێ ڕکابەرمان بۆ دروست نەبووە، تاوەکو لە ستانداردکردنی زمانەکەماندا بە بناغەی بزانین، هۆکاریش لەمەدا ئەوەیە، کە هەرگیز دەسەڵاتەکی گشتگیرمان بەسەر ناوچە و دەڤەری هەموو شێوەزارە جیاوازەکاندا نەبووە تا لەڕێی یەکەک لەم کۆڵەگانە شێوەزارەکی بەسەر شێوەزارەکانی دیکەدا زاڵ کرابێت، بەڵکو ئەوەی هەبووە دەسەڵاتی چەند میرنشینەکی بچوک و ناوچەیی بووە، کە لە چوارچێوەیەکی دیارکراودا شێوەزارەکی لێ بەکارهاتووە، ئەوانیش هەرگیز پێشخانەکی تایبەتییان بە زمانی کوردی لە خوێندن و لە نووسیندا نەبووە، بەلکو زیاتر پابەند و گرێدراوی یەکەک لە زمانەکانی فارسی یان عارەبی بووینە ، هەروەها هیچ دەقەکی ئایینیش بە زمانەکەمان نەماوەتەوە، هەروەکو ئەوەی بۆ جوولەکەکان مایەوە، کە لە دوای دروستکردنی دەسەڵات و دەوڵەتی ئیسرائیل زمانی عیبری تەوراتیان بەکارهێنایەوە، بەم هۆیەشەوە توانیان جوولەکەیەکی ئەفریقی و ئەوروپی و ئاسیایی ئاشنای یەکتر بکەنەوە.

چونکە هەر لەو کاتەوەی کە خەت و دەقی ئاڤێستا لەسەردەمی داریۆشی یەکەمەوە (٥٢٣ پ ز) وەرگێڕدرایە سەر خەتی ئارامی و زمانی فارسی، لە پاشاندا کە ئایینی ئیسلامیشی وەرگرت، ئەم کۆڵەگەیەشمان لێسەنرایەوە، چونکە هەر لەو سەردەم و دواییدا، زمانی هەخامەنشییە فارسەکان لەجیاتی زمانی میدییە کوردەکان کرایە زمانی ئایینی پەیڕەوکەران، لەمەشدا زمانی فارسی بە بەراورد بە زمانی کوردی و زمانە ئێرانییەکانی دیکە زیاتر پێشکەوت و ناسرا، چونکە لەگەڵ هەبوونی دەسەڵاتدا، خوێندن و نووسینیش بە زمانەکە دەکرا، ئەمەش وایکرد زووتر گەشەی ئەدەبی تێیدا ڕووبدات، کە سودی بۆ داهاتووی زمانەکە هەبێت، تا داهاتنی ئیسلامیش بەکارهێنانی زمانی فارسی بەم شێوەیە بەردەوام بوو، بەڵام کە دەسەڵات گۆڕا، ئەمجارەیان زمانی عارەبی قورئان جێگەی گرتەوە، لەخوێندن و نووسین و کارگێڕی دەسەڵاتدا بەکارهێنرا، بەڵام لەبەر ئەوەی زمانی فارسی لە پێشتردا، هەر بەم هۆیەوە گەشەی سەندبوو، بۆیە توانی لەدواتردا، لەدروستکردنی دەسەڵات و لە خزمەتکردنی زماندا، بۆ ئەو ڕەگ و ڕیشەو پێشهاتە بگەڕێنەوە، کە هەمووی بە قازانجی زمان و داهاتووی نەتەوەی فارس شکایەوە، هەموو ئەمانەش وایان کرد زمانی فارسی بناغەی ستانداردی بۆ دروست ببێت و زمانی کوردی ئەم بناغەیەی بۆ دروست نەبێت، تاکی کورد زمانە زگماکەکەی خۆی بەهاوتای زمانی فارسی و هیچ زمانەکی زال نەزانێت، وا بزانێت دەبێت هەر لە ئاخاوتن بەکار بهێنرێت، خوێندەوارانی کورد بەزمانی فارسی و عارەبی گۆش ببن، ئەم سیفەتانە لە شێعری شاعیرە کۆنەکانیشماندا دەردەکەوێت، کە دەبینین لەپێناو تێک نەچوونی کێش و سەروای شیعرەکانیاندا، چەندین وشەی ناقۆلایان هێناوەتە ناو زمانی کوردی، لەکاتەکدا ئەو وشانە هەرگیز لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئاخێوەراندا بەکار نەهاتووە، بەڵکو شاعیرە پایەبەرزەکانمان هەر لەڕێی خوێندن بەو زمانانە ئاشنایان بوونەو لێیان تێگەیشتوونە .

وەک حالەتەکی دەگمەن و ناوازەش لە هەندێ وڵات و قەوارەدا، بە پێی ئەو هەلومەرجەی کە بۆیان دروستکراوەو بە سەریانداهاتووە یان لەئەنجامی زۆری شێوەزارەکان و دورکەوتنەوەیان لەیەکتر، هانایان بردۆتەبەر بەکارهێنانی ستانداردی زمانەکی تر وەک هەندێ وڵاتی ئەفریقی بۆ زمانی فەڕەنسی و ئەمریکای لاتینی بۆ ئیسپانی، لە کاتەکدا زمانی تایبەتی خۆشیان هەبووە، بەهەمانشێوە هیندییەکانیش بۆ زمانی ئینگلیزی، ئەگەرچی سانسکریتی کلاسیکی زمانی ئەدەب و نووسینی بەرزی

هیندییەکانیش بووە تاوەکو ساڵی(١٨٣٥ز)، بەڵام دوای ئەوە گەلەک شێوەی ناوچەیی هاتنەکار و زمانی ئینگلیزی بووە زمانی ئەدەب و زانست و خوێندنی گشتی، بەڵام سانسکریتی هیندی هەر مایەوە لە شێوەزاری ناوچەیی ئاییندا(د، پاکیزە ڕەفیق حیلمی ، گ ، ک ، ز ، کورد بەرگی ٢ ، بەشی١، ١٩٧٤ لا٣٤٩)

**چەند بیرۆکەیەک بۆ بەستانداردکردنی زمانی کوردی**

زمانی کوردی زمانەکی سەربەخۆیە لەڕووی بنەما ڕێزمانییەکان و دروستکردنی وشە ڕەسەنەکانی، بۆیە دەکرێت بە تایبەتمەندییەکانی خۆی ستانداردی بۆ دروست بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش لەئێستادا چەندین بیرۆکەی بۆ پێشنیار دەکرێت، هەر بیرۆکەیەکیش لایەنگری خۆی هەیە، کە زانایانی زمان لەبنیاتنانی بیروبۆچوون و توێژینەوەکانیاندا ڕەچاوی دەکەن و پشتی پێ دەبەستن، بەڵام لەبەر ئەوەی جێبەجێکردنیان پاڵپشتی دەسەڵاتی بۆ دەستەبەر نابێت، بۆیە هەموو بیرۆکەکان وەک خۆزگە و بیروبۆچوونی بیرمەندان و زمانەوانان ماوەتەوە، ناتوانرێت بە بەرنامەیەکی سیستماتیک وەک پڕۆژەیەکی چارەسەری نەخشەڕێگایان بۆ دابنریت .

**بیرۆکەی یەکەم:** هەندێ کەس شێوەزاری بابانی بە بناغەی ستاندارد بۆ زمانی کوردی دەزانن، چونکە ئەم شێوەزارە زاری میرنشینی بابان بووە، بەپێی بەڵگە مێژووییەکانیش نوێترین شێوەزارە، کە دواگەشە و گۆڕانی زمانی کوردی لێ دەردەکەوێت، هەروەها خاوەن مێژووەکی ئەدەبی نەپچڕاوەشە، چونکە بەردەوام لە بوارە ئەدەبییەکاندا بابەتی پێ دەنووسرێت، لە هەمانکاتدا نزیکەی سەدەیەکیش دەبێت لەکوردستانی باشووردا وەک زمانی نووسین و خوێندن و دەسەڵات لە کاردایە و چەندین نەوەی پێ پەروەردە بووە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە زەمینەیەکی لەباری بۆ بڕەخسێت تا ببێتە بناغەی ئەو ستانداردەی کە هیوای هەموو کوردەکی دڵسۆزە ئەگەر دروست بکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی شێوەزاری بابانیش وەک شێوەزارەکانی دیکە لە هیچ سەردەمەکدا زمانی دەسەڵاتەکی گشتگیری کوردی نەبووە، تا لەم ڕێگەیەوە خوێندن و نووسینی پێکرابێت و ڕاهاتنی هەموو شێوەکانی لەسەر دروست بووبێت، لە هەڵسوڕاندنی دامودەزگاکانی دەسەڵاتدا بە سەر شێوەزارەکانی دیکەدا سەپێنرابێت، بەرژەوەندی خۆ نزیککردنەوەی شێوەزارەکانی تری بۆ دروست بووبێت و ڕەنگدانەوەی لەسەر زمان و نووسینی خوێندەواران و ئاخێوەران و نووسەرو ئەدیب و شاعیرانی گشت

شێوەزارەکاندا هەبووبێت، تاوەکو لەئێستادا وەک شێوەزارەکی بێ ڕکابەر بە بناغەی ستاندارد لەهەموو لایەک قبول بکرێت، بۆیە لەبەرامبەریدا شێوەزاری تریش هەیە، کە هەمان ماف بە خۆی دەدات، چونکە بە هەمانشێوە، شێوەزاری میرنشینەک بووە، شیعری پێنووسراوە و لە دیوەخانی میرنشینەکیشدا بەکارهێنراوە، بۆیە ئەگەرچی ئەم بیرۆکەیە ئاواتی هەموو کوردەکە، بەڵام هەر بەئاوات دەمێنێتەوە، چونکە نە تێکەوتەی ئێستامان یارمەتیدەرمانە، نە مێژوی ڕابوردومان، نە ئاسۆی دواڕۆژیشمان هێندە گەش و لە بەرچاوانە تا بتوانین ئەم ئاواتە بهێنینەدی .

**بیرۆکەی دووەم** : هەندێ کەس تێهەڵکێشکردنی دەستەواژەکانی شێوەزاری سۆرانی لە کرمانجی ناوەڕاست و شێوە گفتوگۆی کرمانجی (سەروو) کە بە (سورمانجی) ناوی دەبەن بەچارەسەر دەزانن، بەڵام لێرەدا جیاوازی و پرسیارەکی بێ وەڵام دروست دەبێت، ئەویش ئەوەیە : ئایا دەستەواژەکانی کامە شێوەزار لەنێو شێوەزارەکانی کرمانجی سەروودا تێهەڵکێشی سۆرانی بکرێت ؟ چونکە هەروەک دەزانین کرمانجی سەروو لە چەندین زارو بنزاری جیاواز پێک دێت، ئەمەش وادەکات شێوەزاری سۆرانی لەئاست شێوە سەروودا نەبێت، چونکە سۆرانی شێوەزارەکە لەنێو شێوەگفتوگۆی ناوەڕاست، بۆیە ئەگەرچی ئەم بیرۆکەیەش لە هەستەکی پاکەوە هەڵدەقولێت، بەڵام لەبەرئەوەی میکانیزمی جێبەجێکردنی نەگونجاوە، بۆیە هەروەک خۆزگەیەک دەمێنێتەوە.

**بیرۆکەی سێیەم** : هەندێ کەس هەیە بە بێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی زمانەکەمان و هیچ تایبەتمەنییەک لەڕووی گەشەو ڕێڕەوی شێوەزارەکاندا دەڵێن با هەر شێوەزارەک یان چەند شێوەزارەک بەیەکەوە، ستانداردەکیان بۆ دروست بکرێت، لەم حاڵەتەشدا چەندین ستاندارد بۆ تاکە زمانەک دروست دەبێت، ئەمەش لەگەڵ لۆژیک و داهاتوی زمانەکەماندا ناگونجێت، بۆیە ئەم بیرۆکەیە بە بیرۆکەیەکی نەزۆک دادەنرێت، هیچ کەس و دەسەڵاتەکی نیشتمانپەروەریش پاڵپشتی ئەم بیرۆکەیە ناکات ئەگەر زەرەرەکانی بزانێت، مەگەر کەسانەک بن، کە بەرنامەی دوو بەرەکی و مەبەستی نابەجێی ناحەز و داگیرکەران جێبەجێ بکەن .

**بیرۆکەی چوارەم**: هەندێ کەس لە بێ ئومێدیان خۆیان بەو بیرۆکەیە دەبەستنەوە، کە دەڵێن چۆن هاتووە با هەر وابێت تا زمانی ستاندارد لە خۆیەوە دروست دەبێت، بەڵام لێرەشدا ئەو پرسیارە دروست دەبێت، ئایا هیچ زمانەک هەیە لە دنیادا ئەگەر

دەسەڵاتەک لە ڕێی خوێندن ونووسین و دامودەزگای دەسەڵاتەوە شێوەزارەکی نەسەپاندبێت، ئەگەر زەمینەسازی و پاڵپشتی ڕێچکە و ڕێسایەکی بۆ نەکردبێت، زمانەکەی ستانداردی بۆ دروست بووبێت، بێ گومان هیچ زمانەک لەم شێوەیە نییە، بۆیە نابێت بەم بیرۆکەیە کارا بکەین، چونکە لە هەوڵ و گەڕان بەدوای دۆزینەوەی ڕێگەچارە ساردمان دەکاتەوە و لە پاشەگەردانی و بێ ئومێدی نزیکمان دەکاتەوە .

**دروستکردنی ستاندارد بۆ زمانی کوردی**

گومان لەوەدا نییە ئەگەر مێژووی زمان و نەتەوەکەمان بەم ڕێڕەوەی ئێستاکەدا نەڕۆیشتبوایە، ئەگەر لە هەر سەردەمەکدا، دەسەڵاتەکی سەقامگیری بەردەوام بە ناوی کورد هەبوایە و شێوەزارەکی لە خوێندن و بەڕێوەبردندا بەکاربهێنابوایە یان ئەو میرنشینە بچووکانەی کە هەشبوونە بیری سەربەخۆیی و خۆ گەورەکردنیان لەمێشکدا بوایە یان ئەو دەسەلاتانەی کە بە ناوی کوردیش هەبوونە وەک دەسەڵاتەکەی سلاحەددینی ئەیوبی، ئەگەر هەروەک دەسەڵاتی نەتەوەکانی چوار دەورمان، دامو دەزگاکانی دەسەڵاتگێڕانی، جێنشینی ناو جەرگەی دەڤەرەکی کوردستان بوایە نەوەکو دور لە ژینگە و زمانی کوردان یان ئەو دەقە ئایینییەی کە ناوی ئاڤێستایە، لەم سات و کاتە مێژووییەدا بۆ زمانی هەخامەنشییەکان وەرنەگێڕدرابوایە، تا داهاتنی ئیسلام هەر بە زمانی میدییەکان بمابوایەوە و وەک زمانی ئایینی پەیڕەوکرا و لە خوێندن و لە نووسیندا بەکاربهاتبوایە، بە دڵنیایی دەرکەوتنی زمانەکەمان بەم شێوەیەی ئێستاکە نەدەبوو کە دەبینرێت، بەڵکو بە ئاڕاستەیەکی ڕاست و تەندروستتر دەردەکەوت و گەشەی دەکرد، بەلام کەوانە بووە، بۆیە هەر شێوەزارەک بەجیا گەشەی کردووە، ئێمەی کورد زمانەکەمان بەهاوتای زمانان نەزانیوە، لە هەمانکاتدا نەشمانتوانیوە لەژێر سێبەری دەسەلاتەکدا شارو کۆمەڵگای گەورە دروست بکەین تاوەکو بە تێکەڵبوونی ئاخێوەری زارەکان و ڕۆشنبیرە جیاوازەکان تێیاندا، گۆڕانکاری بەرچاو لەهەست و هۆشیاری نەتەوەییدا ڕوبدات، کە کاریگەری لەسەر داهاتووی نەتەوە و زمان و پێشکەوتن و دەرخستنی کەلتوریماندا هەبێت، ئەمانەش وایانکرد پێناسەکانمان لێکدابڕاو بێت، هەستی نەتەوەیی و شانازی بە خۆکردنمان دوابکەوێت، زمانەکەمان لە ڕێی شێوەزارە پەرتەوازەکانییەوە بناسرێت، نەک وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ، کە بە زمانەکی یەکگرتو بئاخێت، کەواتە ئەو بارودۆخەی

کە ئێمەی کوردی پێدا تێپەڕیوە، کاریگەری لەسەر هەموو کایەکانی ژیان و پێکهاتە نەتەوەیییەکەماندا هەبووە، چونکە هەردەم ژێر دەستەبووینە و زمانی دیکەمان بەسەردا زاڵکراوە، بۆیە هەرگیز زمانەکەمان بەیەکەک لە کۆڵەگەکانی بنەماڵەو ئایین و گەشەی ئەدەبی ئەو زەمینەیەی بۆ ساز نەبووە تا وەکو بەهۆیەوە خزمەت بکرێت و سوڕی پێگەیشتنی تەواو ببێت، لەئێستاشدا، کە خاکەکەمان بەسەر چوار پارچەو چوار وڵاتدا دابەشکراوە، لەهەر پارچەیەکیدا چەند شێوەزارەکی تێدا بەکار دێت، لەهەر ولاتەکیش بە زمانەکی ستانداردی جودا دەخوێنریت و دەنووسرێت لەکاتەکدا زمانی کوردی ستانداردی نییە، لە هەمانکاتدا قەدەغە یان بێ بایەخ دەکرێت، سەرەڕای هەمو ئەمانەش بەردەوام لەلایەن دەسەڵاتی وڵاتە داگیرکەرەکاندا، هەڕەشەی تواندنەوەی، بە بەرنامەی بۆ داڕێژراو، بە زەبری هێز و بە ناچاری بەسەر ئاخێوەر و خوێندەوارانی جێبەجێ دەکرێت، ئەمەش وایکرد زمانی کوردی دۆخەکی ناهەمواری بەسەردا بێت، کە پڕ لە کۆسپ و تەگەرە بێت، وەک زمانەکی زیندوو : گەشە و گۆڕانی لێڵ و ناڕوون ببێت ... گرفت و چارەسەرییەکانی لە زمانی دیکە نەچێت ... شێوەزارەکانی بە ئاڕاستەی جیاوازو سەربەخۆ گەشەبکەن ... هەردەم گرفتی دەستنیشان کردنی ئەو شێوەزارەی بۆ دروست ببێت، کە بە بناغەی ستاندارد دەزانریت، چونکە گشت زارەکانی خۆیان بە هاوتای یەکتر دەزانن و خۆیان لە یەک ئاست و شایستەییدا دەبینن.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو مێژووەی کە زمانی کوردی پێیدا تێپەڕیوە، دەبێت لە چارەسەرکردنی گرفتەکان و لە ستاندارد کردنیدا ڕێچکە و ڕێبازەکی تایبەتی بۆ بگیرێتەبەر، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت لە دەستپێکدا بیرمەندانی کورد دوو هەنگاوی بنەڕەتی بهاوێژن، ئینجا بیر لە چارەسەری گرفتەکان و لە ستانداردکردن بکەنەوە، لە هەنگاوی یەکەمدا، دەبێت زمانی کوردی بە پێی جیاوازی شێوەئاخاوتن و گفتوگۆکان پۆلێن بکەن، سەردەمی پەیدابوونی هەر شێوە ئاخاوتنەکیش لە کۆن و کۆنترو نوێییان دەستنیشان بکەن ئینجا هەر یەکەیان بە ئەرکەکی زمانەوە گرێ بدەن و زارو بنزارەکانیان بەسەردا دابەش بکەن، لە هەنگاوی دووەمدا، دەبێت بیرمەندانی کورد خۆیان لە بڕیاردان لە دروستکردنی ستانداردەک یان دوو ستانداردا یەکلابکەنەوە، چونکە لەم حاڵەتەدا لە دوڕایی و ناتەبایی ڕزگارییان دەبێت، بەباوەڕی ئێمەش، لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەی کە بەسەر گەلی کورد و زمانەکەیدا هاتووە، ناتوانرێت

لە ئێستادا یەک ستاندارد بۆ زمانی کوردی دروست بکرێت، چونکە لەمەدا ناکۆکی و دژایەتی لە دەستنیشانکردنی ئەو شێوەزارەدا پەیدا دەبێت کە بە بناغەی ئەو ستانداردە هەژمار دەکرێت، ئەمەش لەو ڕابوردووە سەرچاوەی گرتووە، کە کەس ناتوانێت لە ئێستادا بیگۆڕێت، بۆیە لەم قۆناغەدا دروستکردنی دوو ستاندارد، یەکەک بۆ شێوە ئاخاوتنی سەروو، ئەوی دیکەیان بۆ شێوەئاخاوتنی ناوەڕاست بەباشترین چارەسەر دەزانرێت، لە نوێترین شێوەزارەکانی ناوەڕاست و سەروو بناغەی ستاندارد دەستنیشان بکرێت، لە هەردوو ستانداردا کۆنترین شێوە ئاخاوتنی کوردی بە بناغەی دروستبوونی وشە و بنەماکان بزانرێت، بە مەرجەک لەخوێندنا ئەم دوو ستانداردە بەراوردی یەکتر بکرێن.

## ئاستەکانی زمانی کوردی و پۆلێنکردنی زارەکانی

ئەگەر ئەو زمانە کوردییەی کە لە ئێستادا قسەی پێ دەکەین، بە زادە و هەڵقولاوی سەرچاوەیەک بزانین، دەبێت شێوەئاخاوتن و شێوەزارەکانی لە یەکترەوە دروست بووبن و درێژکراوەی یەکتریش بن، ئەمەش بەواتای ئەوە دێت، کە شێوە کۆنەکان لەسەر شێوە کۆنترەکان گۆڕاون، ئینجا لە ئەنجامی کاریگەرییە سروشتی و دەستکردەکاندا، بە تێپەڕینی سەردەمەکان شێوە نوێیەکان دروست بووینە .

زمانی ئاڤێستا شێوە زمانەک بووە، کە زمانی کوردی ئێستای لەسەر دروست بووە، ئەم زمانەش لە زمانی فارسییەوە دوورە، چونکە وشە هاوبەش و هاوشێوەکانی کوردی و فارسی، ئەوانەی سەرچاوەیان بۆ ئاڤێستا دەگەڕێتەوە زیاتر لە کوردییەوە نزیکن نەوەک لە فارسی، ئەوەش لەبەر دوو هۆیە ، هۆی یەکەم، بەبەڵگە سەپاوە کە زمانی فارسی لەگەڵ زمانی ئاڤێستادا جیاوازە، بەڵام بۆ زمانی کوردی ئەوە نەسەپاوە، هۆی دووەم، ئەوەیە پێغەمبەری ئاڤێستا کورد بووە و لە پێناوی بلاوکردنەوەی پەیامەکەیدا بۆ دەرەوەی هۆزەکەی کۆچی کردووە، ئەگەر لەخراپترین حالیشدا بسەپێندرێ کە زمانی ئاڤێستا لە زمانی کوردی جیایە و زەردەشتیش پیاوەک یان پەیامبەرەکی ناکورد بووە، ئاڤێستا هەروەک کەلەپورەکی کراوەی هەموو گەلە ئێرانییەکان دەمێنێتەوە (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: زمانی کورد، مەسعوود محەممەد، لا٤١) ئاشکراشە کە ئەم زمانە لە ئێستادا گەشە و گۆڕانی زۆری بە سەردا هاتووە، بۆیە زمانی ئاریایی کۆن و ئاڤێستایی و کوردی کۆن و مادی ڕێیان بۆ زمانی کوردی نوێ تەخت و

خۆش کردووە ئەمەش لەهەموو زمانەکدا ئاساییە، مینۆرسکیش دەڵێت ئەگەر هەر لێکۆڵینەوەیەک لەمەڕ کورد و زمانی کوردیدا بکرێت، دەبێت لەسەر بنەڕەتی مادد و زمانی ماددی پێکبێت، لە هەمانکاتدا تۆفیق وەهبیش دەڵێت کورد و ماد پەیوەندییەکی لە بن نەهاتوویان پێکەوە هەیە، چونکە کورد و زمانی کوردی لەسەر بنجی مادد و زمانی ماددی ڕواوەو گۆڕاوە (بنەچەکەی کوردان و بنچینەی زمانی کوردی، دانەر تۆفیق وەهبی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، تاها فەیزی زادە، لا٢٤)

بەپێی ئەو ڕێڕەوە مێژووییەی کە نەتەوەی کوردی پێیدا تێپەڕیوە، زمانەکەی لە ئەنجامی تێکەڵ بوونی چەندین شێوە زمانی کۆن و مردووی وەک سۆمەری و ئاشوری و لۆلۆیی و گوتی و هوری......تاد پەیدابووە ئینجا بەچوار ئاست گەشەی کردووەو گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هەر ئاستەکیشی بە ئەرکەکی زمانەوە دەرکەوتووە، ئاستی یەکەم لە ئاڤێستاوە دەست پێ دەکات، کە بۆ بنەچەی زمانی هیند و ئەوڕوپییەکان دەگەڕێتەوە ئینجا سێ ئاستەکەی تری بە دوادا هاتووە .

**ئاستی یەکەم** : (ئاڤێستا) وەک سەرچاوە و بناغەی زمان .

**ئاستی دووەم** : (شێوە گفتوگۆکان) وەک سەرەتای دروستبوونی شێوەی وشە و داڕشتنی بنەما ڕێزمانییەکانی زمان .

**ئاستی سێیەم** : (شێوەزارەکان) وەک دوا قۆناغی گەشەو گۆڕانی زمان .

**ئاستی چوارەم** : (بنزارەکان) وەک جیابوونەوە لە شێوەزارەکان بە تایبەتمەندی ناوچە و دەڤەر و شارو عەشیرەتەکان (بۆزانیاری زیاتر بڕوانە ، زمانی کوردی بەپێی سەردەمەکان ، کازم عەباس زەندی ، ٢٠١٩ لا٢٦٤)

ئێمە لەو باوەڕەداین، کە زمانی کوردی لە دوای سەرچاوە ئاڤێستاییەکەوە، لە ئەنجامی کۆچکردن و تێکەڵ بوون بە زمانی ترو کاریگەرییەکانی ئایین و خوێندن و دوورەپەرێزی ئاخێوەران بە هۆی جێنشینی لە دەشت و چیاکان یان شارنشینی و نزیک لەکاریگەری دەسەلاتە بێگانەکان بە دوو شێوەئاخاوتن و گفتوگۆی جیاواز گەشەی کردووە، کە ئەویش یەکەکیان شێوە گفتوگۆی خوارووە ئەوی دیکەیان شێوەئاخافتنی سەرووە، بەڵام شێوەی خوارو لە شێوەی سەروو لە سەرچاوە ئاڤێستاییەکە نزیکتربووە، لە ئەنجامی نەبوونی دەسەلاتەکی گشتگیرو خۆماڵیش، هەر شێوە ئاخاوتنەک کەوتۆتە ژینگەیەکی تایبەتەوە، بۆیە بەردەوام لە گەشە و گۆڕاندا بووە تا لەدوا قۆناغدا، شێوە گفتوگۆیەکی دیکەش لە شێوە ئاخاوتنی خوارو

دروستبووە، ئەویش شێوە ئاخاوتنی ناوەڕاستە، کە لە ئێستادا بە چەند شێوەزارەکی جیا لە هەردوو شێوە ئاخاوتنی سەروو، خواروو دەردەکەوێت.

**١- شێوە گفتوگۆی کوردی خواروو (کرمانجی خواروو)**

ئەم شێوەگفتوگۆیە کۆنترین شێوە ئاخاوتنی کوردییە، کە لە زارەکانی گۆران بە هەردوو شێوەی (هەورامی و زازاکی) لەگەڵ (لوڕی و کەلهوڕی و لەکی و فەیلی و بەختیاری و مامەسەنی و زەنگەنە و شەبەک و باجەلانی و...تاد لەگەڵ هەمو ئەو بنزارو وەچەزارانەی کە لەم شێوە گفتوگۆیە نزیکن پێک دێت .

هەریەکە لە زارو بنزارەکانی ئەم شێوە گفتوگۆیە سیفەتی تێکگەیشتنی ئاسانیان لەنێواندایە، چونکە بنچینەی زاراوەییبان لە یەکتر نزیکە، بۆیە ئەگەر هەر چەندە شوێنی جوگرافی و سنوری نیشتەجێبونی ئاخێوەرانیشیان لەیەکتر دوور بێت هەروەکو شێوەزارەکانی هەورامی و زازاکی و شەبەکی، کە سنوری جوگرافیشیان لەیەکتر دورە، بەڵام بەیەک شێوەئاخاوتن هەژمار دەکرێن .

دەتوانین ئەم شێوە گفتوگۆیە بە(شێوە گفتوگۆی ڕەسەن) یش ناو بنێین، چونکە نزیکترین شێوە ئاخاوتنی کوردییە لە زمانی ئاڤێستا، بەتایبەتیش شێوەزاری هەورامی، بۆیە ڕووی لێکچوون لە نێوان شێوەزاری هەورامی و ئاڤێستا و زارە کوردییەکانی تردا ئەوە ناگەیێنیت کە شێوەزاری هەورامی زمانەک بێ و جیاواز بێ لەزارە کوردییەکان، بەڵکو ئەو بەراوردە دەمانگەیێنیتە بڕوایەک کە زاری هەورامی پردەک بێت لەنێوان زارە کوردییەکان و ئاڤێستادا، بۆیە کوردەکانی ئەمڕۆ، نەوەی نوێی میدییەکانن و شێوەزاری هەورامیش نەوەی نوێی زاری ئاڤێستایە، کەوابوو زاری هەورامی و زارە کوردییەکان یەک زمانن و دەچنەوە سەر زمانی میدی، چونکە زمانی ئاڤێستا بەزمانی میدی نووسراوە و وتراوە(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: تەماشاکردنێکی سەرپێیی زاری سۆرانی و زاری هەورامی، محەممەد ئەمین هەورامی، گ، ک، ز، کورد، ب٢، ب٢، ١٩٧٤) هەروەها ئەگەر ئێمە ئاڤێستا بە وردی بخوێنینەوە و لەگەڵ هەندێ وشەی ئاڤێستایی و پارسی کۆن و پارتی و هەورامیدا بەراورد بکەین، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە زمانە کۆنە ئێرانییەکان و لە زاراوەکانی کوردیشدا هەورامی لە هەموویان زیاتر نزیکە لەو زمانەوە کە ئاڤێستای پێ نووسراوەتەوە، ئێستاش زۆرێک لە وشە و دەنگەکانی لە هەورامیدا ماونەتەوە (نامیق هەورامی،

هەورامی زمانی ئایینی یارسان، ل٣١) بۆ نمونە دەنگەکانی(ذ ، ث) لە کوردی ئێستادا نییە، لەکاتێکدا ئەم دو دەنگە لە زۆرینەی زمانە هیند و ئەوڕوپییەکانی هاوخێزانیدا هەن، بەڵام ئەم دوو دەنگە لە شێوەزاری هەورامیدا ماون، دیارە بەسەرهاتی مێژوو لە زارەکانی تردا فەوتاندونی و گۆڕیونی، لێرەدا زانای زمان بە هۆی زانستی دەنگ و بەراوردی دەنگەکانی زمانی کوردی بە درێژایی مێژوو بۆی ساغ دەکاتەوە کە ئەم دوو دەنگە لە پلەیەکی دێرینی مێژووی زمانی کوردی ڕەسەن بوون و مانەوەیان لە زاری هەورامیدا نەک هەر ڕەسەنی ئەم دوو دەنگە لە زمانی کوردیدا ئاشکرا دەکات، بەڵکو بەڵگەن بۆ ئەوەی هەورامی بە کۆنترین زاری کوردی بزانرێت (د. پاکیزە ڕەفیق حیلمی، گ، ک، زانیاری کورد، بەرگی٣، بەشی١، ١٩٧٥، ل١٥٠) مامۆستا هەژاریش دەڵێت زمانی پەهلەوی ماوەی ئەو زمانە کوردییەی ئێستایە کە بووەتە زاراوەی کرمانجی و گۆرانی و لوڕی و کەلهوڕی، لوڕیش لەوانی تر لە پەهلەوی نزیکترە، چونکە لوڕ کەمتر تخونی کلدان و ئاشوریان بوونە، کەلهوڕی و ئەوجار گۆرانی و لەپاشان کرمانجی زۆریان ئاشوری و کلدانی تێکەڵبووە، چونکە هاوسای یەکتر بوون ( شەرەفنامە، وەرگێڕانی، مامۆستا هەژار، چ٦، ل٨٣) فەلەکەددین کاکەییش دەڵێت، بە بەراوردەکی تر دەردەکەوێ کە شێوەزاری گۆران / هەورامی درێژە پێدەری زمانی ئاڤێستایی مادییە، هەروەها زاری زازاکیش هەر وەهایە، هەر بۆیە ئەم دوو زارە لە زاراوەکانی دیکەی کورد لە زمانی ئاڤێستا، پەهلەوییەوە نزیکترن هەروەها مەکەنزیش لەو باوەڕەدایە کە شێوەزاری هەورامی نزیکترین زمانە لە ئاڤێستاوە(نامیق هەورامی، هەورامی و زمانی ئایینی یارسان، ل٢٥ –ل٣٢)

کەواتە ئەگەر بە پێی دەرکەوتنی بەڵگەکان و ئەگەر بە پێی لۆژیک و بەراوردکردنی شێوەگفتوگۆکان بێت، دەبێت لە شێوە ئاخاوتنەکانی خوارو شێوەی بنەڕەتی دەستەواژەکان دروستبوو بێت و بنەما ڕێزمانییەکان داڕێژرابێت، چونکە کۆنترین شێوە و نزیکترین شێوەن لە سەرچاوە ئاڤێستاییەکە، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە بۆ ساغکردنەوەی گرفتە زمانەوانییەکان و دەرخستنی ڕیشەی دەستەواژە و بنەما ڕێزمانییەکان لەشێوەزارەکانی ناوەڕاست و سەروو بۆ ئەم شێوە ئاخاوتنە بگەڕێنینەوە، چونکە ئەم دوو شێوە ئاخاوتنە لە دواتردا دروستبووینە، بۆیە نوێترن، مێژووی پەیدابوونیان لە شێوە ئاخاوتنی خواروو نزیکترە.

**٢-شێوەگفتوگۆی کوردی سەروو (کرمانجی سەروو)**

ئەم شێوە گفتوگۆیە، شێوە ئاخاوتنەکی کۆنی کوردییە، کە لە شێوەزارەکانی (هەکاری و بایەزیدی و ئاشتەیی و شەمدینی و بادینی و جەزیری و بۆتانی و ئێزیدی و وگەرگەری و کوردەکانی ڕۆژئاوا و لوبنان و ئەرمینیا....تاد لەگەل هەموو ئەو بنزارو وەچەزارە ناوچەیی و عەشیرەتییانەی کە لەم شێوەیە نزیکن پێکدێت.

**٣- شێوەگفتوگۆی کوردی ناوەڕاست (کرمانجی ناوەڕاست)**

ئەم شێوە گفتوگۆیە نوێترین شێوە ئاخاوتنی کوردییە، چونکە لە دوای هەردوو شێوە گفتوگۆیەکەی تر دروستبووە، لە شێوەزارەکانی (موکریانی و ئەردەلانی و گەرمیانی و سۆرانی و بابانی و.......تاد لەگەڵ هەموو ئەو شێوەزار و وەچەزار و بنزارانەی کە لەم شێوەیە نزیکن پێکدێت.

کە شێوە گفتوگۆکانمان بەم شێوەیە پۆلێنکرد و زار و بنزارەکانمان بەسەردا دابەشکردن، توێژینەوە زمانەوانییەکانمان دەکەوێتە سەر ئەو ڕێڕەوە ڕاستەی کە بتوانین ئاریشە زمانەوانییەکانی پێ چارەسەر بکەین، چونکە شێوەزارەکانی هەر شێوەئاخاوتنەک بەپێی سەردەمی پەیدابوونیان بە ئەرک و ڕۆڵەک دەبەستێتەوە، بەمەش دەتوانین وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە کە بەردەوام بیرمەند و زمانەوان و خوێنەر و تاکی کورد لە خۆی دەپرسێت، کە ئایا کامە شێوەزار شایانی هەڵبژاردنە بۆ ئەوەی بەبناغەی ستانداردکردنی زمانەکەمان بزانرێت، چونکە لەمکاتەدا دوا قۆناغی گەشەو گۆڕانمان لەنوێترین شێوەزاردا بۆ دەردەکەوێت، بۆمان دەردەکەوێت کە کامە وشەو بنەمای ڕێزمانی لە چ شێوەزارەکدا، نزیکترە لەبناغەکەو کامەی تریان گۆڕان و دورکەوتنەوەی زیاتری بەسەرداهاتووە، ئەمەش بەپێی دەرخستنی ئەم بەلگانەی خوارەوە دەبێت، کە کۆن و کۆنترو نوێی شێوەزارەکانی لێ دەردەکەوێت .

**بەڵگەی یەکەم:** شێوەزاری باختەران یان کرماشان بە کۆنترین شێوەی زمانی کوردی دەزانرێت، چونکە داریۆشی یەکەم(٥٢٣ پ ز) لە نووسراوەکانی بێستوندا دەڵێت، پەڕتووکی یاساکانی خوداوەندم واتا ئاڤێستا لە زمانی باختەری وەرگێڕایە سەر زمانی فارسی تا هەموان بتوانن بیخوێننەوەو لێیتێ بگەن(مێژوی میسۆپۆتامیاو زاگرۆس، وەرگێڕانی ئەردەلان مام وسو... چ١ ، ب٢ ، لا٦١) کەچی هەندەک لە شارەزایانی ئەدەبی کوردی لایان وایە، کە شێوەزاری گۆران کۆنترین شێوەزارە،

چونکە تێکستی شیعری شێوەی گۆران کۆنترین تێکستە لە ئەدەبی کوردیدا، بۆیە وا دادەنێن کە سەرەتای مێژووی ئەدەبی کوردی بە شیعری شێوەی گۆران دەستی پێکردووە هەروەها لەبەر ئەوەی شێوەی گۆران لە پێش پەیدابوونی ئیسلامیش زۆر بەڵگە و ئامۆژگاری ئایینی پێنووسراوەتەوە(زمان و ئەدەبی کوردی، لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، پۆلی دەیەم، چ٣، لا١٢٦) بەڵام هەندەکی تر لایان وایە کە شێوەزاری لوڕی کۆنترین شێوەزاری کوردییە، چونکە چوارینەکانی بابەتاهیری هەمەدانی (٩٣٥، ١٠١٠ز)کە لەسەدەی نۆیەمی زایینی نووسراوە، بەشێوەزاری لوڕییە(د. عیزەدین مستەفا رەسوول، سەرنجێ لەزمانی ئەدەبی یەکگرتوو، بەغدا، ١٩٧١، لا١٩) کۆنترین بەڵگەی کوردی سەرووش، شیعرەکانی عەلی حەریری و مەلای جزیری و فەقێ تەیران و ئەحمەدی خانییە، کە بۆ سەدەی شازدە و حەڤدەی زایینی دەگەڕێتەوە، کۆنترین بەڵگەی ئەدەبیی کوردی ناوەڕاستیش، شیعرەکانی نالی و سالم و کوردییە، کە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە (بەشێک لەبەرهەمەکانی د. کەمال فوئاد (زمان و مێژوو)، لا٤٩) لەمەشدا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە لە هیچ سەرچاوەیەکدا، بەڵگەی هەبوونی دەق و نووسراوی شێوەزارەکانی ناوەڕاست و سەروو بەر لەشێوەکانی گۆران و لوڕی نییە، چونکە لە نووسراوەکانی بێستون تا سرودە ئایینیەکانی یارسانەکان و تێکستە ئەدەبییەکان و چوارینەکانی بابەتاهیری هەمەدانی هەمووی بەو شێوە زمانەیە کە لە شێوەزارە کۆنەکانی کوردی دەچن، بۆیە ئەم شێوە گفتوگۆیە و شێوەزارەکانی نزیکترین شێوەن لە زمانی ئاڤێستا، چونکە سەردەمی پەیدابوونیان دەکەوێتە دوای ئاڤێستا و پێش سەدەی نۆیەم ئینجا لەدوای ئەم شێوەزارانە بەڵگەی نووسینی شێوەکانی تر دەرکەوتووە، زمانی کوردی ڕەسەنیش ئەو وشانەن کە لە سەدەی نۆیەمی زایینییەوە تا ئەمڕۆ پەیدا بووینە، چونکە ئەم جۆرە وشانە خاسیەتی وتووێژی کوردییان هەیە، بێگومان بوونیان لە زمانەکی تردا ئەوە پیشان دەدات کە لە زمانی کوردی وەرگیراون(ئەورەحمانی حاجی مارف، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی٣، بەشی٢، ١٩٧٥، لا٢١٧) بۆیە دەبێت شێوەزارەکانی پێش سەدەی نۆیەم کە شێوە گفتوگۆیەکانی خوارو دەگرێتەوە هەروەک کۆنترو بناغە سەیربکرێن لە دوای سەرچاوە ئاڤێستاییەکە ئینجا کوردی سەروو، لە پاشاندا کوردی ناوەڕاست، دیارترین بەڵگەش بۆ ئەمە، شێوە دابەشکردنەکەی شەرەفخانی بەدلیسییە، کە

زمانی کوردی بە (لوڕ، کەلهوڕ، گۆران، کرمانج) دابەشکردووە، کە تێیدا ئاماژەی بە هەبونی هیچ شێوەیەکی ناوەڕاست نەکردووە .

**بەڵگەی دووەم** : لە دەستوری دروستبوونی چاوگەکانەوە دەردەکەویت، چونکە چاوگ وەک بەشەکی ئاخاوتنی گرنگ، بە شادەماری زمان دەزانرێت، بۆیە لە بنەڕەتداو لە شێوەزارە کۆنەکاندا بە دەستورەکی بنەڕەتی دروستکراون، ئینجا لە شێوەزارەکانی دواتردا سود لەم بناغەیە وەرگیراوە، لە کۆنترین شێوەزاری کوردیدا، کە شێوە ڕەسەنەکانی گۆران و لوڕو ئەوانی دیکە دەگرێتەوە، چاوگەکان بەلکاندنی ڕەگ و پاشگری (یان) دروستکراون وەک (سوتیان، برژیان، باریان، زانیان، کوژیان..... تاد ئینجا لە شێوەزارەکانی ناوەڕاست و سەروودا، لە هەندێ چاوگدا، پیتە (ا) لادراوە، لە هەندەکی تردا (ی) لە پاشگرەکە لادراوە، ئینجا چاوگەکان بەم شێوەیە بەکار هێنراون (سوتان، برژان، بارین، زانین، کوژین.....تاد لە هەندێ چاوگ و لە هەندێ شێوەزاریشدا، نیشانەکان بۆ (ت، د، و، ر، ست، شت) گۆڕدراوە وەک (مرین، نوین، پۆشین، گەیین، گروین.......تاد کراون بە (مردن، نوستن، پۆشتن، گەیشتن، گرون)، لەمەشدا ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت، کە ئەگەر هەرچەند ئەم پاشگرە زۆرتر لەشێوەزارەکدا بەکارهاتبێت، ئەوە ئەو شێوەزارە کۆنترە لەو شێوەزارەی کە کەمتری تێدا بەکار دەهێنرێت، بێگومان لەم حالەتەشدا بە شێوەیەکی گشتی، شێوە گفتوگۆی خوارووو شێوەزارەکانی لوڕو گۆران بە کۆنترین شێوەزار دەردەکەوێت، چونکە زۆرترین چاوگی تێدا بەم پاشگرە دروست دەبێت ئینجا شێوەزاری بۆتانی لەسەروو، شێوەزاری بابانی لە ناوەڕاست بە نوێترین شێوەزار دەردەکەوێت، چونکە کەمترین یان هیچ چاوگەکیان تێدا بەم پاشگرە بەکار ناهێنرێت(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ، زمانی کوردی بەپیی سەردەمەکان، کازم عەباس ، ٢٠١٩) لەمەشدا هەردوو بەڵگە ڕاستی یەکتر دەسەلمێنن، چونکە سەرەتاو دوا قۆناغی گەشە و گۆڕانی زمانی کوردییان لێ دەردەکەوێت، لە هەردووکیاندا، ئاخاوتن و شێوەزارەکانی خواروو بە کۆنترین شێوەی کوردی، لە نێویشیاندا شێوەزاری گۆران و لوڕ وەک کۆنترین شێوەزار بە سەرەتای جیابوونەوەو دروستبوونی دەستەواژەو بنەما ڕێزمانییەکان دەردەکەوێت، ئینجا شێوە گفتوگۆی سەروو دروستبووە لە پاشاندا، شێوە ئاخاوتنی ناوەڕاست پەیدابووە، لە نێویاندا شێوەزاری (بۆتانی و بابانی) هەریەکە لە نێو شێوەگفتوگۆی

خۆیدا وەک نوێترین شێوەزار بە کۆتا گۆڕان و بە ڕێچکەو دوا قۆناغی گەشەکردووی دەستەواژە فەرهەنگییەکان و بنەما ڕێزمانییەکان دەردەکەوێت، بۆیە دەتوانین ئەم دوو شێوەزارە بکەینە بناغەی ئەو دوو ستانداردەی کە دەمانەوێت بۆ هەر یەکە لە شێوە گفتوگۆکانی ناوەڕاست و سەروو دروستی بکەین، ئینجا پێوەر بۆ هەڵبژاردنی دەستەواژە فەرهەنگییەکان و هەڵهێنجانی بنەما ڕێزمانییەکان دابنێین لە هەمانکاتدا بە موتوربەکردن و تێهەڵکێشکردنی دەستەواژەی شێوەزارەکانی دیکە دەوڵەمەندیان بکەین، ئەم شێوە ستانداردەش ناوبنرێت (بابۆ) وەک کورتکراوەی ناوەکانی (بابانی و بۆتانی).

لەپاڵ ئەوەی شێوەزارەکانی بابانی و بۆتانی نوێترین شێوەزاری زمانی کوردین، هەر یەکە لە نێو شێوە گفتوگۆی خۆیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند سیفەتەکی تری هاوبەشیشیان لە نێواندایە، وەک ئەوەی کە ناسراوترو ئاسانترن بۆ تێگەیشتن بە بەراورد بە شێوەزارەکانی دیکە، لە هەمانکاتدا خاوەن دوا قۆناغی ئەدەبی نەپچڕاوەو زیندوویان لێ دەردەکەوێت، هەروەها هەردووکیان تا ڕاددەیەک لە بواری ئەدەبدا کاریگەرییان لەسەر نووسینی شیعرو شاعیرانی شێوەزارەکانی تریشدا هەبووە، بیری نەتەوەیی و خۆ بە کورد زانینیش لە لایەن میرەکانی بابان و بۆتان سەری هەڵداوە.....تاد بەڵام لە ئێستادا لەبەر ئەو بارو دۆخەی کە بەسەر زمانی کوردیدا بە گشتی هاتووە هەست بە جیاوازییەکی سەرەکی لەنێوان ئەم دوو شێوەزارەدا دەکرێت، ئەویش ئەوەیە کە هەر شێوەیەکیان کەوتۆتە بارودۆخەکی تایبەتەوە، شێوەی بابانی نزیکەی سەدەیەک دەبێت لە ڕێگەی خوێندن و نووسین و بەکارهێنانی لە دامودەزگای دەسەڵات تا ڕادەیەکی زۆر بەربەستی نزیکبوونەوەی لە شێوەکانی خوارو هەروەها ڕەسەنیش بڕیوە، بەڵام شێوەی بۆتانی بە پێچەوانەوەیە، چونکە بەهۆی بارودۆخی کوردستانی باکورو قەدەغەکردنی زمانی کوردی لەلایەن دەسەڵاتی شۆڤینیزمی تورکەوە ئەم بەربەستەی نەبڕیوە، چونکە نەهێڵراوە پێی بخوێنرێت و لەدامو دەزگای بەڕێوەبردن بەکار بهێنرێت، بۆ چارەکردنی ئەم گرفتەش پێویستە شێوەی بۆتانیش بە تەنیا لە خوێندندا بۆ شێوەگفتوگۆی سەروو بەکاربهێنرێت، تا ئەویش وەک شێوەی بابان ببێتە زمانی هاوبەشی هەموو شێوەزارەکانی دیکە .

### چەند خاڵەکی پێویست بۆ دروستکردنی ستانداردی کوردی

ستانداردکردن پرۆسەیەکە بە زەمینەسازی و بە هەوڵ و هەنگاوی بە یەکتر بەستراوە و ئەنجام دەدرێت، بۆیە لە دوای ئەوەی کە شێوەزارەکانی زمانی کوردیمان بەسەر شێوەئاخاوتنەکاندا دابەشکرد، ئینجا بە سەردەمی پەیدابوونمان بەستانەوە و هەر شێوەیەکمان بە ئەرکەکی زمانەوە بەستایەوە، لە هەمانکاتدا لە دروستکردنی دوو ستانداردا بڕیاری یەکلاکەرەوەماندا، پێویستمان بە پاڵپشتی دەسەڵاتەک دەبێت، کە زمان بە گرنگ بزانێ و بایەخی پێ بدات، ئینجا لەگەڵیدا ئاخێوەرانیش هەست و هۆشیاری نەتەوەییان بەڕادەیەک بێت کە بەرژەوەندی بەرزو باڵای نەتەوەکەیان بەتایبەتمەندی شێوەزارەکانیانەوە نەبەستنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا پێویستمان بە جێبەجێکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوەش دەبێت، کە لە ستانداردکردنی زمانەکەماندا ڕۆڵیان دەبێت.

**یەکەم** : پێویستە لەدەستپێکدا شێوەزارەکانی بابانی و بۆتانی لە تایبەتمەندییە شێوەزاری و ناوچەییەکانیان پاک بکرێنەوە، ئینجا هەر یەکەیان بکرێتە بناغەی ستاندارد لە نێو شێوە گفتوگۆی خۆیدا، لەم حاڵەتەشدا ئەم پێوەرانەی خوارەوە بۆهەڵبژاردنی وشەکان و هەڵهێنجانی بنەما ڕێزمانییەکان ڕەچاو بکرێت .

ا- ئەگەر دوو دەستەواژەی جیاواز لە هەر شێوەزارەکیان بە هەمان واتا هەبوو، هەردووکیان وەک هاوواتا بەکاربهێنرێن، چونکە هەبوونی دەستەواژەیەک و زیاتر بۆ یەک واتا لە زمانی ستانداردا، دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی زمان .

ب- ئەگەر دوو دەستەواژە لە ئەنجامی سوان یان ئاڵوگۆڕی پیت لە هەر شێوەزارەکیان بەیەک واتا هەبوو، بۆ یەکلایی کردنەوەی بەکارهێنانی یەکەکیان، دەبێت زۆرینەی بەکارهێنان یان بەراوردی شێوە ئاخاوتنی خوارو بکرێت، ئینجا بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی ئەو شێوەیە بدرێت، کە کامەیان لە بنەواشەکە نزیکترە یان کەمترین گۆڕانی بەسەردا هاتووە .

پ- ئەگەر دوو ئەفێکس یان دوو بنەما بۆ بابەتەکی ڕێزمانی بەکار دەهات، وا باشترە یەکەکیان هەڵبژێردرێت، چونکە بەکارهێنانی دوو ئەفێکس و دوو بنەما لە زمانی ستانداردا نابێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی زمان، بەڵکو بە تێپەڕینی کات دەبێتە هۆی سەرەتای دابڕان و دوور کەوتنەوەی چەند شێوەزارەک لە نێو زمانەکی سەربەخۆدا، بۆیە ئەگەر لە بەکارهێنانی ئەفێکس و بنەمادا، جیاوازی لە نێوان هەردوو

شێوەزاری بابانی و بۆتانیدا هەبێت، پێویستە بەراوردی شێوە ڕەسەنەکان بکرێن تاوەکو شێوەی دروستبوون و دووری و نزیکییان لە بناغەکە دەردەکەوێت .

**دووەم** : خوێنکارانی هەردوو ستاندارد بەڕێنووسەکی هاوشێوە فێرە نووسین بکرێن، ئینجا ئەگەر بە هەر ئەلفبێیەک نووسینەکەیان بکەن نەک وەکو ئێستا، کە لە نووسین بە ئەلفبێی عارەبی شێوە نووسینی فۆنەتیکی فۆنیمی، بە ئەلفبێی لاتینی شێوە نووسینی فۆنەتیکی بڕگەیی پەیڕەو دەکرێت، لەمەشدا جیاوازی لە دەرخستنی بنەماکانی ڕێنووسی کوردیدا دروستبووە، چونکە لە هەر شێوە نووسین و ئەلفبێیەکدا هەندێ بنەما دەردەکەوێت و دەتوانریت لە شێوەنووسین و ئەلفبێیەکەی تردا دەرنەخرێت، بۆ نمونە لە نووسین بە ئەلفبێی لاتینی و شێوە نووسینی بڕگەیی بزرۆکە دەردەخرێت و دەنگی (ئـ) تێکەل بە بزوێنەکان دەکرێت، کەچی لەئەلفبێی عارەبی و شێوەنووسینی فۆنەتیکی فۆنیمیدا، بزرۆکە دەرناخرێت و دەنگی(ئـ) بەسەربەخۆیی دەنووسرێت، بۆ نەهێشتنی ئەم جیاوازییانەو نزیکخستنەوەی ڕێنووس لە نێوان هەردوو ستاندارد و هەردوو ئەلفبێدا، وا پێویست دەکات ڕێنووسەکی هاوتا بەیەک شێوەنووسین دروست بکرێت و پەیڕەو بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت تەنیا جیاوازی نیگاری پیتەکان لە نێوان هەردوو ئەلفبێدا بمێنێت بۆ ئەوەی خوێنەران و نووسەرانی هەردوو ستاندارد بە ئاسانی بنووسن و نووسینی یەکتر بخوێننەوە (بۆ زانیاری زیاتریش بڕوانە ، ڕابەری ڕێنوسی کوردی ، کازم عەباس زەندی لا٢٤٤) .

**سێیەم**: پێویستە لەدانانی کتێبەکانی خوێندندا، بۆ شێوە ئاخاوتنی سەروو بە شێوەزاری بۆتانی بێت، بۆ شێوە ئاخاوتنی ناوەڕاست بەشێوەزاری بابانی بێت، شێوەکانی خوارووش بە پێی ئارەزووی ئاخێوەرانیان بە یەکەک لەم دوو شێوەزارە بخوێنن، ئینجا فێرخوازان بە بەراوردکردنی هەردوو ستاندارد فێر بکرێن، تاوەکو خوێنەرانی بابانی بە ستانداردی بۆتانی، خوێنەرانی بۆتانی بەستانداردی بابانی شارەزا ببن، لە ئەنجامی ئەمەشدا ئاخێوەر و خوێنەرانی شێوەگفتوگۆکان ئاشنایەتی و تێگەیشتنیان بۆ شێوە ئاخاوتنی جیا لەخۆیان دروست دەبێت .

١- لەقۆناغەکانی سەرەتاییدا، مەبەستی سەرەکی لەم قۆناغەدا لە دوای فێربوونی نووسین و خوێندنەوەو پێدانی زانیاری، گرنگترین بابەت لە نێوان هەر دووشێوەزاردا زانینی هاوواتاو دژە واتای دەستەواژەکان بێت، ئەمەش بکرێتە مەرجەک بۆ دەرچوون

و دەرنەچوون تاوەکو قوتابیان ئاشنای وشەو ئاخاوتنی جیا لە شێوەی خۆیان ببن .

٢- لە قۆناغەکانی دواییدا (ناوەندی، ئامادەیی، زانکۆ) خوێندنی بابەتەکان بە پێی بڕینی قۆناغەکان فرەوان بکرێت، خوێنکاران لەسەر بەکارهێنان و بەراوردکردنی وشەو بنەما ڕێزمانییەکان لە نێوان هەردوو شێوەزاردا ڕابهێنرێن، مەبەستی سەرەکیش لەم قۆناغەدا زەمینەسازی بێت بۆ تێگەیشتنی ئاسان لە نێوان شێوەزارەکاندا، چونکە تێگەیشتن قۆناغی پێش فێربوونە، بۆیە دەبێتە بناغەیەک بۆ لێک تێگەیشتن دابنرێت، ئینجا سەرەتایەک بۆ نزیکبوونەوەو یەکتر خوێندنەوە لەجیاتی دوورکەوتنەوە لە یەکترو هەستکردن بەنامۆیی لەبەرامبەر یەکتردا دروست دەبێت، ئەمەش وادەکات لە تێگەیشتنی ئاخێوەران و خوێندنەوەی خوێندەوارانیدا، گرفتەکان کەمتر ببێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش بەپێویست دەزانرێت کە ئەم هەنگاوانەی خوارەوەش پەیڕەو بکرێن :

ا- وەرگێڕانی ڕستەکان لەنێوان هەردوو شێوەزاردا تا دەگاتە دەق و نووسراو و پەخشان و چیرۆک...تاد

ب- بەراوردکردنی بنەما ڕێزمانییەکان لەنێوان هەردوو شێوەزاردا بۆ شارەزاکردنی خوێندکاران لە جیاوازییە ڕێزمانییەکان .

پ- دەرخستنی پەیوەندی و جیاوازی وشەکان لە کۆن و کۆنترەوە بۆ نوێ لە نێوان هەردوو شێوەزاردا .

ت- لێکدانەوە بۆ گۆڕانی وشەکان لە نێوان شێوەزارەکاندا بکرێت تاوەکو خوێنکار شارەزای ڕێڕەوی گۆڕانەکان    بە پێی سەردەم و شێوەزارەکان بێت، ئەم بابەتەش وەک زانستی دەنگسازی و وشەسازی بایەخی پێ بدرێت .

د- قوتابی وخوێنکارانی هەمو شێوەزارەکان ناچاربکرێن بۆ خۆشارەزاکردن لە شێوەزاری تر بەهاندان و هەوڵدان و خۆماندووکردن و گەڕان بەدوای سەرچاوە زمانەوانییەکان لە فەرهەنگ و تێکەڵبوون و بایەخدان و گوێگرتن تا لە دەرئەنجامدا خوێنکارو ئاخێوەرەکی شارەزای لێ بەرهەم دەهێت، کە ئاشنای شێوەزارەکان بێت و تێگەیشتنی هەردوو شێوەزاری لەکن ئاسایی بێت .

ز- لەدوای فێرکردنی خوێندکار بەم پرۆگرامە، کۆلێژی زمان لە نێو جەرگەی هەردوو شێوەزاردا ئامادە بکرێت، واتە یەکەک لە سلێمانی بۆ(بابانی) و ئەوی دیکە لە ئامەد بۆ (بۆتانی) تا ببێتە هۆی بەرهەمهێنانی مامۆستایەکی شارەزاو ئاشنا کە بتوانێت هەردوو شێوەزار بەراوردی یەکتر بکات یان قسەی پێ بکات یان تێیان بگات،

لەهەمانکاتدا دامەزراندن و دەست بەکاربوونی مامۆستایان لە دەڤەرو ناوچەیەکی جیاواز لە شێوەزاری خۆیان بێت تاوەکو زیاتر شارەزا ببن .

لەڕاستیدا ئەو پێداویستییانەی کە لە ڕابوردودا بەپێی پێویست بۆ زمانی کوردی فەراهەم نەبووە، دەتوانرێت لە ئێستادا، لە پرۆسەی خوێندن و فێرکردندا قەرەبوو بکرێتەوە، لە ڕێگەی دانانی پرۆگرامەکانەوە ئەو کەموکوڕیانە پڕبکرێتەوە، کە لە ڕێڕەوی ستانداردبوونی زمانەکەماندا هەبووە، ئەمەش لەپلەی یەکەمدا، بەپاڵپشتی دەسەڵات دەکرێت، چونکە دەتوانێت زەمینەسازی بۆ بکات، ئینجا ئەگەر پرۆگرامەکانی خوێندن بە بەرنامەی تایبەت و خۆماڵی دابڕێژرێت، بەهەست و بەرژەوەندی زمانی نەتەوەیی ڕێک بخرێت، بێ گومان ئەم پاڵپشتییە دەبێتە مایەی سەرکەوتنی ئەو هەوڵانەی کە بۆ ستانداردکردنی زمانەکەمان دەدرێت، چونکە وادەکات هەمو پرۆسەکە لە خزمەتی زمانەکەدا بێت و ڕێڕەوی چارەسەری گرفتەکان بەئاڕاستەیەکی ڕاست هەنگاو بنێت، بەڵام ئەگەر لەدانانی پرۆگرامەکاندا، زمانی هەموو شێوەکان بەهاوتای یەکتر بزانرێن، بەدلنیایی هەر شێوەیەک ئاراستەی سەربەخۆ وەردەگرێت، بۆیە ئەگەر لەم حاڵەتەدا، دەسەڵات پالپشتی ئەم جۆرە بەرنامەو زەمینەیەش بکات، هەرگیز بەرهەمدار نابێت و سودی لێ وەرناگیرێت، بەلکو هەنگاوەکان لەڕوکەشدا وەک دروشمەک دەردەکەوێت، کە هیچ بایەخەکی بۆ زمانەکە نەبێت یان وەک پرۆژەیەکی لێ دێت کە هەرگیز توانای جێبەجێکردنی نەبێت، لەئەنجامی ئەمەشدا زمانەکە بەگشتی زەرەرمەند دەبێت و پاشەگەردانی زیاتری لێ دەردەکەوێت.

**چوارەم** : پێویستە فەرهەنگەکی گشتی بۆ زمانی کوردی دروست بکرێت، کە وشەی هەموو شێوەئاخاوتن و شێوەزارو بنزارەکانی لەخۆ بگرێت، چونکە فەرهەنگی گشتی زمانپارێزەری وشەکانە، گەنجینەی وشە کۆن و نوییەکانە، ئاوێنەی بەردەستی زمانەوانانە لە بەراوردکردنی دەستەواژەو توێژینەوەکاندا، بۆیە پێویستبوو هەر لەو ڕۆژەوەی کە سەرکردەکانی کورد بیریان لە دروستکردنی وڵات دەکردەوە، دەبوایە پاڵپشتی دروستکردنی ئەو فەرهەنگەشیان بکردابوایە، چونکە دروستکردنی ئەم فەرهەنگە بە ئەرکەکی نەتەوەیی دەزانرێت .

نەبوونی ئەم فەرهەنگە لە ئێستادا بۆ زمانی کوردی هۆکارەکی سەرەکییە، کە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانمانی زیاتر بە تایبەتمەندی شێوەزارو بەپێی شارەزایی زمانەوانەکان هێشتۆتەوە، چونکە هیچ زانایەکی زمان نییە شارەزایی لە هەموو شێوە

ئاخاوتن و شێوەزارەکاندا هەبێت، بۆیە ئەگەر ئەم فەرهەنگە هەبوایە، کارئاسانی بۆ توێژینەوە زمانەوانیەکان دەکرد، وای دەکرد زمانەوانان سەرچاوەیەکیان لەبەر دەستدا بێت کە بتوانن بەراوردی بنەما ڕێزمانییەکان و گۆڕانی وشەکان لە نێوان شێوەزارەکاندا دەربخەن، بۆیە دەبێت لە ئێستادا، بەر لەوەی زمانی ستاندارد دروست بکرێت، بیر لە دروستکردنی ئەم فەرهەنگە بکرێتەوە تاوەکو زمانەوانان لە لێکدانەوەکانیاندا بەلاڕێدا نەچن و سەرچاوەی هەموو شێوەئاخاوتنەکانیان لەبەر دەستدا بێت، بۆ دروستکردنی ئەم فەرهەنگەش پێویستمان بەداموو دەزگایەکی لێزان و دڵسۆز دەبێت کە زەمینە بۆ کۆکردنەوەی ئاخێوەرانی هەموو شێوەئاخاوتن و شێوەزارەکان بڕەخسێنێت، بەڵام دەبێت لە پشت هەموو هەوڵ و هەنگاوەکاندا دەسەڵاتەکی دووربین هەبێت، کە خەمی زمان بە ئەرکەکی نەتەوەیی بزانێت، چونکە دەسـەڵات دەتوانێت زەمینە بڕەخسێنێت و پێداویستییەکان دەستەبەر بکات لەهەمانکاتدا بەرژەوەندی زمانی نەتەوە لەسەروی بەرژەوەندی لایەن و شێوەزارەکانەوە دابنێت .

**ڕیزبەندی وشەکان لەدروستکردنی فەرهەنگی گشتی زمانی کوردیدا بەم شێوەیە بێت :**

فەرهەنگەکە لەشەش خانە دروست بکرێت، سێ خانەی یەکەم وشەی هەر سێ شێوەئاخاوتنی تێدا بنوسرێت، سێ خانەکەی دیکە، کۆنترین وشە لەشێوەزارەکانی (گۆران و لوڕ) ئینجا لەدو خانەکەی تر، نوێترین وشە لەشێوەزارەکانی بابانی و بۆتانی تێدا بنوسرێت .

وشەکانی شێوە گفتوگۆی(خوارو ڕەسەن) وشەکانی شێوە

گفتوگۆی(سەرو) وشەکانی شێوە گفتوگۆی(ناوەڕاست) وشەکانی شێوەزاری (گۆران و لوڕ) وشەکانی شێوەزاری (بابان) وشەکانی شێوەزاری (بۆتان)

**تێبینی:**

لەپاڵ ئەم خشتەیەی سەرەوەدا دەتوانین بۆ یەکەک لە زمانەکانی عارەبی یان فارسی یان تورکی یان ئینگلیزی یان فەڕەنسی ......تاد خانەیەکی تر بۆ بەراوردکردنی واتای وشەکان زیاد بکەین، چونکە بەشێوەیەکی گشتی خوێندەواری کورد بەشێوەزاری خۆی و بەیەکەک لەم زمانانە ئاشنایە.

بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە کە لە ڕابوردوودا بە هۆی نەبوونی پاڵپشتی دەسەڵات و نەگونجان و نەڕەخسانی بارودۆخ نەمان دەتوانی ئەم فەرهەنگە گشتییە بۆ زمانەکەمان دروست بکەین، بەڵام لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری(١٩٩١ز) لە کوردستانی باشوردا، ئەگەر خۆمان خەمسارد نەبوینایە، دەمانتوانی ئەم ئاواتە بهێنینە دی، چونکە هەموو هۆکارو پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانمان لەبەر دەستدا بوو تا بارودۆخ بڕەخسێنین بۆ کۆکردنەوەی زمانەوانان و فەرهەنگنووسان و شارەزایان لە ئاخێوەری هەمو شێوەزارەکان بۆ دروستکردنی ئەم فەرهەنگە، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی دروستکردنی ئەم فەرهەنگە پاڵپشتی دەسەڵاتەکی دووربین و دەزگایەکی بە ئاگای لە گرنگی زمان دەویست، کە ئەوەش نەبوو، بۆیە هەر بە دەستوری ژێردەستی، لە باشترین حاڵەتدا زیاتریش لە ڕێی خەمخۆرە تاکە کەسییەکانەوە، بەردەوام بووین لە دروستکردنی ئەو فەرهەنگانەی کە وشەی شێوەزارەک یان دوو شێوەزارو زمانەکی ستانداردی بیانییان لەخۆ دەگرت، لە ئێستاشدا دەرکەوتووە، کە خزمەتی ئەم فەرهەنگانە لە سنورەکی دیارکراودا تێپەڕ ناکات، چونکە وەک ئەرشیفی وشەی شێوەزارەک و دوو شێوەزارو بەراوردی زمانەکی بیانی لێی دەڕوانرێت نەک وەکو سەرچاوەیەکی گشتی بۆ زمانی کوردی .

نەبوونی ئەم فەرهەنگە وای کرد لە ئێستاو لە ڕابوردودا قوڵبوونەوە لەلای توێژیاری کورد و بیانی بۆ زمانی کوردی کەم ببێتەوەو هەر لەڕێی شێوەزارەکەوە لێی بکۆڵرێتەوە، چونکە زەحمەتە بۆ لێکۆڵیارو توێژەری کورد بەر لە بیانی کە شارەزایی تەواوی لە هەموو شێوەزارەکاندا هەبێت، بەڵکو لە باشترین حاڵەتدا شارەزایی لە شێوەزاری خۆی و شێوەزارەکی تردا هەبووە، بۆیە کە سەرچاوەیەکی نووسراوی وەک کەرەستەی خاوی لێکۆڵینەوەو بەراوردکردنی وشەی شێوەزارەکان لە فەرهەنگەکی گشتیدا لە بەردەستدا نەبووە، نەیتوانیوە وشەکان بەیەکتر ببەستێتەوەو بۆ بنچینەی دروستبوونیان لە کۆنەوە بۆ کۆنترو لە کۆنترەوە بۆ نوێی بگەڕێنێتەوە، ئەمەش وای کردووە هەردەم زمانی کوردی بە شێوەزارەکانی بناسرێتەوە نەک وەکو زمانەکی سەربەخۆ لێی بکۆڵرێتەوە .

دروستکردنی فەرهەنگی گشتی زمان ئاوات و داواکاری هەموو کوردەکە، بۆیە ئەو کەسەی پاڵپشتی جێبەجێکردنی بکات و هەوڵی دروستکردنی بۆ بدات، دەورو ڕۆڵی لەمێژوودا هیچی لەو سەرکردە نەتەوەییانە کەمتر نابێت کە کاریگەرییان لەسەر

دواڕۆژی نەتەوەکانیاندا دەبێت. چونکە دەبێتە خزمەتەک تا نەتەوەی کورد مابێت قەرزاری ئەو خزمەتە دەبێت .

**پێنجەم** : پێویستە بەرژەوەندی ئابوری و گوزەرانی ڕۆژانەی خەلک بە زمانی کوردییەوە گرێ بدرێت.

**شەشەم** : پێویستە هۆکارەکانی پەخش و بڵاوکردنەوە لە زمانی ڕاگەیاندنی بینراوو بیستراوو چاپەمەنییەکان لە خزمەتی ئەو زمانە ستانداردەدا بێت، دانانی بەرنامەکان لە ڕادیۆو تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤارو دۆبلاژو ژێرنووسی ئەلقەو فلیم و بەرنامەکان لە خزمەتی ئاشنایەتی نێوان هەردوو شێوەزارو زەمینەسازی بە ستانداردکردندا بێت .

**حەفتەم** : **پ**ێویستە لەجیاتی خەمخۆرە تاکە کەسییەکان، لیژنەیەکی وەرگێڕان لەڕێی دامودەزگایەکی فەرمییەوە دروست بکرێت، کە کاری وەرگێڕانی کتێب و سەرچاوە پێویستەکان بێت بۆ خوێنەرو خوێنکارانی زانکۆ لەزمانە بیانیەکانەوە بۆ سەر یەکەک لەو دوو ستانداردەی کە دروست دەکرێت تاوەکو خوێندکاری کورد ناچار نەبێت بە دوای سەرچاوەی بێگانەدا بگەڕێت، چونکە ئەگەر ناچارکرا سود لەسەرچاوە بەزمانی تر وەربگرێت، هۆگری زمانی دیکە دەبێت و ئەو بایەخەی بۆ زمانی خۆی نامێنیت، ئەمەش وادەکات لە دواڕۆژدا ئامادەیی ئەوەی تێدا نەبێت کە شێوەزارەکی زمانەکەی بەستاندارد بزانێت .

لە کۆتاییدا دەڵێین پەیڕەوکردنی ئەم نەخشەڕێگایە بۆ بە ستانداردکردنی زمانی کوردی، ئەگەر لە ڕوانگەی پۆلێنکردنی شێوە گفتوگۆکان و دابەشکردنی زارەکان و بنزارەکان بە پێی سەردەمەکان و جێبەجێکردنی لە پرۆگرامەکانی خوێندندا ڕێک بخرێت و هەمو هۆکارەکان لە خزمەت دروستکردنی ئەو زمانەدا بێت، دەبێتە هۆی نەهێشتنی نامۆیی و یەکتر نەخوێندنەوە و ڕاماڵینی ئەو گرفتانەی کە لە نێوان شێوەزارەکاندا هەیە، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر وا نەبێت، گرفتی ستانداردکردن و توێژینەوە زمانەوانییەکانمان هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە، ئەمەش دەبێتە ئاڵۆزترین ئاریشە بۆ زمانەکەمان کە هەوڵی ستانداردی بۆ دەدرێت، چونکە لەمەدا جیاوازی و نامۆیی پەرە دەستێنێت و هەردەم زەمینەسازی بۆ دوورکەوتنەوەی شێوەزارەکان لەجیاتی نزیکبوونەوە دەڕەخسێت و بەردەوام شێوەزار پەرستی بەرهەم دەهێت، بۆیە ئێمە لەو بڕوایەداین، دروستکردنی ئەم دوو ستانداردەی کە بەپێی ئەم نەخشەڕێگایە

بۆ زمانی کوردی دروست دەکرێت، لەم قۆناغەدا باشترین ڕێگەچارەیە ئەگەر پەیڕەو بکرێت، چونکە دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕۆشنبیرییەکی زمانەوانی ئاشنا لەنێوان خوێنەرانی هەرسێ شێوە گفتوگۆی زمانی کوردی، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر زمانی ئاخێوەران بەگشتی لەنێو خێزان و کاسبکار و کرێکارو فەرمانبەرو ڕۆشنبیرو نوسەرو زمانزان و زمانەوانان و هەمو تاکەکی کورددا دەبێت، کە لە دوارۆژدا ئاسانکاری بۆ دروستبوونی زمانەکی نووسینی یەکگرتوو دەکات، لە ئەنجامی ئەمەشدا، هەموو چین و توێژەکان ئامادەیی قبوڵکردنی ئەو شێوەزمانەیان دەبێت، کە لە دوارۆژدا ، ستانداردی زمانی کوردی لێ دروست دەکرێت .

# زمان و ئایین
# لای ڤیتگنشتاین

ئاری عەلی ئەمین

سەرجەمی ئەو بابەت و لایەنانەی کە لە یەک وشەدا کۆدەبنەوە، پێکیدەهێنن و ئێمەی مرۆڤ بە (زمان) ناوی دەبەین، ساناتر بڵێین هەر چییەک پێی بڵێین (زمان)، ئیتر زمانی ئاسایی، ئاماژە، هێما، جەستە، ڕەنگ و زمانی شێوە و...هتد بێت، دەچنە بەرگی یەک وشەوە کە(زمان)ە.

مرۆڤ، گەلێک ڕێگا و ڕێباز و زانستی دامەزراندووە، بۆ توێژینەوە و پەیبردن بە ڕاز و شاراوەکانی زمان، هەریەک لەم زانستانە بۆ نمونە؛

(ڕێزمان، دەنگسازی، وشەڕۆنان و تەنانەت ماناناسی) کە دەچنە خانەی(زانستەکانی زمانەوانی)یەوە، لە باشترین پێگەیشتنیاندا دەتوانن ڕوونکەرەوەی (ڕەهەندێک)ی زمان بن،  واتا زمان وەک چەند بابەتێک بەرباسە نەک وەک گشتێک. ئاشکراتر بڵێین لەم کایە و زانستانەدا خودی زمان خۆی نەبووەتە بابەتی توێژینەوە، بەڵکو جەستەیەکە و ئەندامەکانی بە جیا بەرکاری توێژینەوەن. ئەم جۆرە کارکردنەش ئەنجامێکی قووڵ نابەخشێت، مەیدانەکەی بەرگی زمان تێناپەڕێنێت. واتا ئەمە ڕەهەندی ئاسۆیی زمانە.

بەڵام بە چ ڕێگەیەک دەتوانین بەرگی زمان تێبپەڕێنین و بە ستوونی ڕووەو توێژە قووڵەکان و کرۆک بڕۆین؟ بۆ ئەمە دەبێت خودی زمان بکەین بە بابەت، تا بە (مانای مانا) بگەین. دەپرسین ئایا بوارێک هەیە خودی زمان تێیدا بووبێتە بابەت؟ بە خوێندنەوەیەکی سادەش بێت لە فەلسەفەی سەردەمدا دەگەینە وەڵامی بەڵێ و دەبینین چەندین فەیلەسوف لەم بوارەدا ژیاون! ئەویش( فەلسەفەی زمان)ە.

بۆیە لە (زمانەوانی)یەوە، لە بەرگ و ڕووکەشی زمانەوە دەگوازینەوە بۆ (فەلسەفەی زمان)، بۆ کرۆک و (مانای مانا). هەوڵدەدەین لەڕێی فەلسەفەی زمانەوە دەرەوەی زمان ببڕین و ڕووەو قوڵایی مانا چەند هەنگاوێک بنێین.

لەم ڕۆژگاری جیهانگیرییەدا، زۆرتر لە سەردەمانی پێشوو، مرۆڤ ڕووبەڕووی ژینگە و زمانی بیانی یاخود پەیوەندی و ئاخاوتن بە زمانی جۆراوجۆر دەبێتەوە. بەکاربردنی زمان لە بوارە جیاوازەکاندا تایبەتمەندیی خۆی وەرگرتووە. بۆ نمونە، (زمانی زانست) بەجۆرێک پێشکەوتووە کە کەسێکی ئاسایی هەر زوو لە زمانی گشتیی ئاخێوەران جیای دەکاتەوە.

نمونەیەکی دی کە (زانیاری تەکنەلۆژی)یە، بەتایبەت بەشی نەرمەئامێر کە لەسەر بەرنامەی (زمانی دەستکرد) بیناکراوە، خۆی دەخزێنێتە ناو بەشێکی فراوانی ژیانی مرۆڤی ئەم رۆژگارەوە. بۆیە دەبینین پرسیارگەلێک لە جاران توندتر خۆ دەردەخەن،

بەئاشکرا دەبیسترێن، بوونەتە پرس؛ زمان چییە؟ مانا چییە؟ چۆن وشەکان واتا هەڵدەگرن؟

وەک پێشتر وتمان کە زۆر بوار هەن زمان بابەتی توێژینەوەیانە، بەڵام لەم باسەدا تەنها بوارێک مەبەستمانە، ئەویش (فەلسەفەی زمان)ـە.

### سەرەتا لەبارەی فەلسەفەی زمان

یەکێک لە بزاڤە دیارەکانی فەلسەفەی هاوچەرخ، فەلسەفەی زمانە. زۆر بەرین و بڵاوگیرە، بە واتا؛ ناکرێت لە چەند بابەتی دیارکراودا سنووربەندی بکەین، بۆچی؟ چونکە مرۆڤ هەرچی دابهێنێت، لە هەر ڕوانگە و بوارێکەوە بۆ هەر بابەتێک بێتەوە، تەنانەت (بوون، خودا، خودی مرۆڤ و زمان، سەرجەمی زانستەکان و فەلسەفە)یش هەموویان لای مرۆڤ لەناو زماندان، مرۆڤ ناتوانێت لە زمان دەربچێت، بۆیە لە (فەلسەفەی زمان)دا زمان جیهانێکە تا ئەوەی بابەتێک بێت. بەکورتی دەکرێت بڵێین فەلسەفەی زمان هاوگیرییەک دەسازێنێت بۆ ئەو گوتارانەی کە جەخت دەکەنەوە لەسەر ڕۆڵی زمان وەک میانەیەک بۆ (هزرینەکانمان) و (پەیوەندیمان) بە واقیعەوە. لەم سۆنگەیەوە، یەکێک لە دامەزرێنەرانی فەلسفەی زمان (ڤیتگنشتاین)(١) دەڵێت: « سنوورەکانی زمانت سنوورەکانی جیهانی تۆیە!» لێرەوە چیتر زمان تەنها ئامرازێک نییە بەدەست مرۆڤەوە، بەڵکو زمان جیهانێکە ئێمەی لەخۆگرتووە!

لە مێژووی فەلسەفەدا هەر لە مێژەوە هەندێک لە فەیلەسوف و هزروانان ڕۆڵی زمانیان بە بابەت کردووە، بەڵام لە ڕاستییدا لە سەدەی (١٩ و ٢٠ )دا ئەم جۆرە گوتارە بۆ زمان گەشەی کرد و بڵاوبوویەوە، بۆیە زۆرجار ئەم گۆڕانکارییە بە (وەرچەرخانی زمانەوانی)(٢) ناودەبرێت. باسوخواستە تازەکان لەسەر زمان هاوکات هەڵگری ئەو باوەڕەش بوون کە شیکاریی زمان دەتوانێت لە هەمانکاتدا چارەی کێشەکان بکات و ئەوەش بخاتەڕوو کە ئایا هەر بە ڕاست ئەوەی بە (کێشە) ناودەبرێت، هەڵە تێگەیشتنێک نییە لە ئەرکدارکردنی زمان؟ ئاشکراتر بڵێین ئەوەی لە ئارادایە لەمەڕ زمان (کێشە)یە یان (کێشەئاساخۆی دەنوێنێت)؟(٣)

جیا لە بایەخدان بە ڕۆڵی زمان، زانست-یش بووە ڕکابەر و بەرەنگارێکی تری فەلسەفە. بۆنمونە ئەو دەرکەوتنە جادوگەرییەی زانست و ئەنجامگیرییە وردەکانی بوونەتە نموونەی چاولێکراو بۆ فەلسەفە، هەروەها چاوەڕوانی ئەوە دەکرا کە

فەلسەفەیش وەک زانست ئەنجام بدات بەدەستەوە. لە بارێکدا ئەمەش مەترسی بوو بۆ بەرتەسککردنەوەی توانای پێزانینی ئێمە بۆ بوون و ئالۆزییەکانی. بۆیە لە هەناوی ئەم دۆخەوە کە تازە بۆ فەلسەفە پەیدا بووبوو، بزاڤێک سەریهەڵدا کە دەکۆشا بۆ پێشکەشکردنی گوتارێکی زانستی لە فەلسەفەدا، ئەم بزاوتە بە (فەلسەفەی شیکاریی/ Analytic philosophy) ناودەبرێت. ئەمەش زیاتر وەک جوڵانەوەیەکی فراوان لێیدەڕوانرا تا ئەوەی تەنها بریتی بکرێت لە فەلسەفەی زمان.

هەمان بیرمەندان سروشبەخشی هەردوو بزاڤەکە بوون، ئەوانیش؛ (گۆتلۆب فریگە، بێرتراند راسڵ، لودویگ ڤیتگنشتاین و جۆرج ئێدوارد مۆر)(٤) بوون. ئەمانە لەگەڵ (لۆژیکییە پۆزەتیڤیست)ەکاندا لە (بازنەی ڤیەننا)(٥)دا کۆبووبوونەوە. لەبەر ئەم هۆیەش ئەم نووسەرانە هەردوو دەستەواژەی (فەلسەفەی زمان) و (فەلسەفەی شیکاریی)یان وەک هاوواتا بەکاردەهێنا. هەروەها دەوترێت ئەم فەیلەسوفانە رۆڵێکی گرنگیشیان بینیوە لە دامەزراندنی لۆژیکی مۆدێرندا. بەشێوەیەک هەندێکجار لە میانەی وتنەوەی لۆژیکدا فەلسەفەی زمان دەوترایەوە. بۆیە دەکرێت، ئاسایی و مانداریشە هەر وەک چۆن مەبەستیشمانە لەم باسەماندا لە دیدی (قوتابخانەی شیکاریی)یەوە خۆ بدەین لە باسی زمان و ئایین. لەنێو ئەو فەیلەسوفانەشدا کاریگەرترین و دیارترینیان لە فەلسەفەی زماندا کە (ڤیتگنشتاین)ە وەردەگرین.

### بابەتەکانی فەلسەفەی زمان

زمان چییە، چییەتی مانا، مانای مانا، بەکارهێنانی زمان، پەیوەندی (مەعریفەی زمان) و (زمان و ڕاستێتی)، لە بابەتە سەنتەرییەکانی فەلسەفەی زمانن.

ژیانی هزری و فەلسەفی ڤیتگنشتاین بەشێوەیەکی ئاسۆیی و یەک ئاڕاستە نەبووە، بەڵکو بە دوو قۆناغدا تێپەڕیوە کە بە ڤیتگنشتاینی یەکەم و دووەم ناسراون. واتا سەرجەمی کارەکانی بەسەر ئەو دوو قۆناغەدا دابەش دەبن. لەم نووسینەدا دەکۆشین هێندەی بکرێت بابەتەکەمان ڕوانگەی هەردوو ڤیتگشتاینەکە رەچاو بکات.

### زمان وەک جیهانی وتراوەکان

پاش سەرهەڵدانی قوتابخانەی فەلسەفەی شیکاریی و فەلسەفەی زمان، خستنە بەرباسی هەر بابەتێک کە لە (زانستە ئەزموونییەکان) یان (زانستە مرۆییەکان)دا

بێت، دەبێت گەڕانەوەی تێدا بێت بۆ بابەتی زمان، چونکە ئیتر لێرە بەدواوە زمان شتێک نەبوو بە تەنیشت شتەکانی ترەوە، بەڵکو زمان ئەو جیهانەیە کە سەرجەم وتراوەکانی مرۆڤ و خودی مرۆڤیشی لەخۆگرتووە. زانستەکانیش بێگومان بەشێکن لە وتراوەکانی مرۆڤ. بۆیە لێرەوە زمان لە (شت)ـەوە دەبێتە (جیهان). ئاشکرایە کە چەمکی جیهان ڕاستەوخۆ (سنوور) بە دوای خۆیدا دێنێت. زمانی هەر کەسێکیش جیهانی ئەو کەسەیە، واتا جیهانبینی و ڕووگەی ئەو کەسەیە. ئەگەر زمان و جیهانبینی و رووگەی هەر کەسێک وەک جیهان بناسێنین، ئەوا ڕێک یەکێک لە وتە بەناوبانگەکانی ڤیتگشتاین دێتە پێشمان؛» سنوورەکانی زمانت، سنوورەکانی جیهانی تۆیە.»(٦)

**وتراوەکان دەبنە دوو بەش:**

**بەشی یەکەم:** ئەوانەن کە دەتوانرێت بگوترێن، لە بارەیانەوە بدوێین، لە ڕووی لۆژیکی و زانستییەوە بەڵگاندن و پاساودانیان بۆ بکەین. ئەنجامی هەر نمونەیەک دەکەوێتە بەردەم بژاردەی (ڕاست) و (هەڵە)ـەوە. واتا ئەم وتراوانە راست و هەڵەیان بەسەردا دەدرێت. میتۆدی ئەم وتراوانە کارکردی کەسێتی و ئەزموونی تاک ڕەنگدار و تایبەتیان ناکات، بەڵکو هەر کەسێک لە چوارچێوەی میتۆدێکی دیارکراودا دەبێت هەمان ئەنجامی دەست بکەوێت، گەرنا هەڵەبوون مسۆگەر دەکات. بەواتایەکی تر لێرەدا دۆخی مرۆیی هیچ رۆڵێکی نییە. بۆیە دەبینین مرۆڤێک و کۆمپیوتەرێک بە هەمان پێدراو و هەمان میتۆد، هەمان ئەنجام بەدەستەوە دەدەن.

**بەشی دووەم:** ئەوانەن کە تەنها دەتوانرێت بگوترێن، بەبێ ئەوەی بچنە ژێر بەڵگاندن و پاسادانی لۆژیکی و زانستی. بابەتە مەعنەوییەکانی وەک (ئایین، خودا، ئومێد، ئازادی ..هتد) سەر بە بەم بەشەی وتراوەکانن. ئەمانە پێچەوانەی جۆری یەکەمی وتراوەکان ڕاست و هەڵەیان بەسەردا نادرێت، بەڵکو دەڵێین دەکرێت لەسەریان ئاخاوتن بکەین یان نا، (باسهەڵگر) یان (باسهەڵنەگر)ن(٧). بەواتایەکی تر ئەمانە بابەتی (وتن) یان (نەوتن)ن. لەم سۆنگەیەوە ڤیتگنشتاین دەڵێت؛» ئەو بابەتانەی ناکرێت لە بارەیانەوە بدوێین، دەبێت لە ئاستیان بێدەنگ بین.» (٨) ئەوەی دەکرێت لە بارەیەوە بدوێین بچوکترە لەو بەشەی کە ناکرێت لەبارەی بڵێین. مرۆڤ لە نەوتنەکانیدا زۆرتری هەیە تا وتنەکانی. لێرەدا بەشە گەورەکەی جیهانی زمان نەوتنە. لەم بەشەدا شتێک بەناوی زانست لە ئارادا نییە، بۆیە ناکرێت بەرگ و قاڵبێکی زانستی رووت دابکێشین بەسەر

باسی خودا یان ئاییندا، هەروەها چاوەڕوانی دەرئەنجامی زانستی بکەین، بابەتگەلێک کە نازانستیین، ناکرێت مامەڵەی زانستییان دەرهەق بکەین. کاری هەر کەسێک لە فەلسەفەی زماندا لەمەڕ ئەم بەشەی وتراوەکان تەنها روونکردنەوەیە، هەرچی نزیکتربوونەوەیە لە ژیریێتی نەک هێنانی هێڵی راست و هەڵە بەسەریاندا.

## ڤیتگنشتاین و گەمەی زمان:

وشەکان تەنها لە زەمینەی دەقدا واتایان هەیە، لە ناو گەمەیەکدا. ئەمە ڕوون دەکەینەوە؛ لەکاتی تەماشاکردنی یارییەکدا، یاری تۆپی پێ، کە ئەمە بۆهات و رامانێکە لە لایەن ڤیتگنشتاینەوە، لەم تەماشاکردنەدا؛ ئەگەر کەسێک مەعریفەی پێشین یان زانیاری پێشتری نەبێت لەبارەی تۆپی پێ، ئەوا تەماشاکردنی ئەم یارییە بۆ ئەم کەسە زۆر هەڕەمەکی و بێمانایە. بۆ ئەوەی یارییەکە مانا پەیدا بکات لای ئەم کەسە، یەکەمجار دەبێت لە یاساکانی تۆپی پێ تێبگات. بۆنمونە، دوو تیم رکابەری یەکن، هەریەکەیان لە یازدە یاریزان پێکدێن، هەریەکەیان دەکۆشێت گۆڵ لەوی تر بکات بە بردنی تۆپەکە بەرەو تۆڕی رکابەرەکەی...هتد، بۆیە هەر یەکجار کە ئەم کەسە لە یاساکان تێگەیشت، ئیتر لە زەمینەی گشتی یارییەکە تێدەگات، تێدەگات ئەوانەی بەدوای تۆپەکەدا رادەکەن شێت نین!! بەڵکو مانایەک لەو کارەیاندا هەیە.

بەهەمان ڕێوشوێن، ڤیتگنشتاین ئەنجامگیریی لە زمانیشدا کردووە. ئەگەر کەسێک تێنەگەیشت لە زەمینەی زمانێک و ڕێساکانی پێکهێنەر و هەڵگری گوتارێکی دیارکراو تێیدا، ئەوا هەر لە بنچینەوە ناشتوانێت تێبگات لە ڕاستترین بەکارهێنانی وشە لەو زمانەدا. هەروەها دەڵێت ئەگەر کەسێک لە یاساکانی یارییەک، بۆ نمونە تۆپی پێ تێگەیشت ئیتر ئەم کەسە دەکارێت هاوشێوەیی لە نێوان تۆپی پێ و یارییەکانی تریشدا بدۆزێتەوە، بەڵام ئەم یارییانە لە بنەماوە لێکدی جودان، بۆ تەواو تێگەیشتن، دەبێت کەسێک لە ڕێسا تایبەتەکانی ئەم گەمەیە تێبگات، هەروەها جیاکەرەوەکانی ئەم یارییە لە یارییەکانی تر بزانێت.

ئەوەی ڤیتگنشتاین دەیگوت ئەوەبوو کە زمان/وشە تەنها لە زەمینەیەکی دیارکراوی خۆیدا واتای هەیە. کاتێک دەهێنرێتە دەرەوە، دەخرێتە جێگەیەکی ترەوە، ئیتر پێناچێت هەمان واتای هەبێت. بۆیە هۆشیاریی دەدات لەبارەی سەپاندن و چەقین لە یەک جۆر بیرکردنەوەدا. ئەو دەڵێت ناکرێت کەسێک لە دەرەوەی یارییەک وەستابێت و حوکم

بدات بەسەر يارييەكەدا، يان بێت ڕێساكانی يارييەک بسەپێنێت بەسەر يارييەكی تردا، بۆنمونە ناكرێت بە ڕێسای یاری باسكە تۆپی پێ ئەنجام بدەیت. كەواتە دەڵێت وەرزشەوانی يارييەک ناتوانێت ڕەخنەبگرێت لە وەزشەوانی يارييەكی تر، هەتا ڕێساكانی يارييەكەی ئەو فێرنەبێت و نەچێتە ناو ئەو گەمەيەی ئەوەوە. هەمان ئەنجام بۆ زمانيش هەر وايە، بە كورتی و بێ دووبارەكردنەوی ئەوەی سەرەوە دەڵێين؛ خەڵک ناتوانن ڕەخنە بگرن لە (بەكارهێنانەكانی تری زمان لای ئەوانی دی) بەبێ تێگەيشتن لە تەواوی زەمينە و مانای مەبەست.

### زمان و ئايين لای ڤيتگنشتاين-ی يەكەم:

سەبارەت بە زمان و ئايين لای ڤيتگنشتاينی يەكەم، دەبێت لە كتێبی(تێزی لۆژيكيی فەلسەفی)كە ناسراوە بە (تراكتاتۆس)(٩) بڕوانين، كتێبەكە لەبارەی كێشەگەلێكی فەلسەفييە كە بە باوەڕی ڤيتگنشتاين بەهۆی هەڵەتێگەيشتنی ئێمەوەيە لە لۆژيكی زمان. لە پێشەكييەكەيدا بەم وتەيە كتێبەكە كورت دەكاتەوە: «ئەو بابەتانەی ناكرێت لە بارەيانەوە بدوێين، دەبێت لە ئاستيان بێدەنگ بين» تێگەيشتن لەم گوتەيە هاوكارمانە بۆ تێگەيشتن لە زمان و ئايين لای ڤيتگنشتاين. دەپرسين چ بابەتێک ناكرێت لە بارەيەوە بدوێين؟ ئايا لە بنەڕەتەوە، بابەت هەيە لەدەرەوەی باسكردن بێت؟ دەستەواژەی «ناكرێت» پێويستی بە ڕوونكردنەوە هەيە. يان دەپرسين ئەوەی لە ناو زماندايە مەگەر بابەتی باسكرن نييە؟ بە جۆرێكی تر دەپرسين دەكرێت زمان دەستەوسان بێت لە هەمبەر شتێک كە لە نێو خۆيدا هەڵيگرتووە؟

ئەگەر بە ڕوونی و سانايی وەڵامەكان بخەينە بەردەست، ئەوا دەبێت بە نمونە هێنانەوە دەستپێبكەين. لە نمونەی (چاو)دا؛ چاو دەزگای بينينی ئێمەيە، خۆی سنووری خۆيەتی، واتا چاو ئەگەر شتەكانی تر ببينێت ئەوا ئەم بينينە لە سنوورێكدا كۆتايی دێت، ئەو سنوورەيش خودی خۆيەتی، واتا چاو خۆی نابينێت، ساناتر بڵێين خودی چاو دەكەوێتە ئەوديو سنووری بينينەوە. بۆ ئەقڵيش بە هەمان شێوە، زۆر شت دەبنە بابەتی ئەقڵكاريی و دەكەونە ژێر كردەی بيركردنەوەوە و ئەقڵاندنەوە، بەڵام خودی خۆی بۆ ناكرێتە بەركار. واتا خۆی لە دەرەوەی سنووری بيركردنەوە دەبێت، خۆی لەدەرەوەی كاری خۆی دەبێت كە بيركردنەوەيە. بەڵێ بيردەكاتەوە لە ئەقڵ، بەڵام ئەوە تەنها وشەيەكە، وشەی (ئەقڵ)، نەک خودی ئەقڵ. لەم نمونانەوە دێين بۆ باسی

زمان، لای ڤیتگنشتاین زمان دەربڕی بیرکردنەوەکانمانە، بۆ هەر بیرکردنەوەیەکی ئێمە وێنەیەک هەیە، هەر بابەتێک کە وێنای هەیە لای مرۆڤ ئەوە واتای هەیە و بابەتی باسکردنە، بەڵام هەر چییەک وێنای نەبێت، ئەگەرچی بەزمانیش گوێ دەکەین، بەڵام واتای نییە، نەک بوونی نییە، سادەتر، ئەوەی نەتوانین وێنای بکەین، ناشتوانین لێتێبگەین، یان لانیکەم ناتوانین بیگوازینەوە بۆ بەرامبەر. ئیتر وێناکردن دەبێتە سنووری زمان، لێرەدا تێدەگەین لای ڤیتگنشتاین هەرچییەک لەدرەوەی وێناکردن بێت ئەوە لەدەرەوەی زمانە، لە مانا بەدەرە، نەک بوونی نییە، لەم سۆنگەیەوە مەرج نییە زمان هەموو بوون لەخۆبگرێت. بەڵکو ئەو بەشەی بوون واتای هەیە کە دەتوانین بیکەینە وێنە لە زەین و زماندا.

ئێستا هەنگاوێک نزیکتر دەبینەوە لە باسەکەمان، ئێمە مەبەستمانە بە هۆی ئەو نمونە و روونکردنەوەیەی سەرەوە، خودا لە زماندا باسبکەین؛ دەپرسین ئایا لە جیهانی زماندا، یان تەنانەت لە زەین و خەیاڵیشدا مرۆڤ دەتوانێت وێنای خودا بکات، بێگومان نەخێر، چونکە خودامان نەبینیوە، مرۆڤ تەنها لە توانایدایە وێنای ئەوە بکات کە پێشتر بینیوەیەتی. تەنانەت خودا لەکتێبە پیرۆزەکاندا وێنەیەکی بۆ خۆی قەرار نەداوە، زۆر بەڕوونی لە قورئاندا هاتووە کە نەک هەر وێنەی نییە، بەڵکو هیچ شتێکیش لە خودا ناچێت؛ (لیس کمثله شیء) (١٠). بۆیە تێدەگەین کە بابەتی (نەبوونی وێنە) و (نەبوونی واتا) نەک (نەبوون)، بۆ باسی خودا دەکرێت زۆر یارمەتیدەر بن بۆ مامەڵە لەگەڵ چەمکە مەعنەوییەکانی تریشدا. لەگەڵ واژە و بێژەی ئاییندا.

دەپرسین ئەگەر بابەتێک واتای نەبێت ئیدی مرۆڤ چۆن بتوانێت مامەڵەی لەتەکدا بکات؟ ڕاستییەکەی خۆی ئەوەی مانای نەبێت بابەتی مامەڵە لەگەڵ کردنە! چۆن؟ کاتێک ڤیتگنشتاین کە دەڵێت هەرچییەک کە نەتوانین دەربارەی بڵێین دەبێت دەربارەی بێدەنگ بین، وەک وتمان ئەوەی کە نەتوانین دەرباری بڵێین، جێیدەهێڵین بۆ ناوتن، بۆ سکووت، بە کۆتاییهاتنی کەوشەنی زمان ئیتر سکووت دەستپێدەکات، سکووت ڕێک جیهانی مامەڵەیە، زەمینەی ئەزموونکردنە. ئەو جێگەیە کە ئیتر مرۆڤ لە بەرامبەر بابەتە مەعنەوییەکاندا دەرگیر دەبێت، لێرەدایە وتن بنەی دێت و مرۆڤ دەبێت جگەلە جیهانی زمان لە جیهانێکی تردا پەیدۆزی بکات. دەبێت بێجگەلە وێناکردن شتێکی تر بکات، ئەویش مامەڵە و ئەزموونە، تێدا ژیانە. ئەمە ڤیتگنشتاین ناویدەنێت( شێوەکانی ژیان، فۆرمەکانی ژیان).

بەم شێوەیە ڤیتگنشتاین، باوەڕی وابوو کە ئێمە زمان بەکاردێنین بۆ دەربڕینی بیرکردنەوەمان، بیرکردنەوەکانیشمان وێنەی راستەقینەی لۆژیکییانەی جیهانن بەو شێوەیەی کە؛ جیهان بریتییەلە گشت حەقیقەتەکان، ئەم حەقیقەتانەش باسی چۆنێتی پەیوەستبوونی شتەکان دەکەن لە چێکردنی دۆخێکدا. راستێتی بریتییە لەو دۆخەی کە سەرجەمی شیمانەکان پێکەوە دەیسازێنن.

ڤیتگنشتاین هەر لە تراکتاکۆسدا دەڵێت: « زۆرترینی ئەو رستەو پرسیارانەی کە دەربارەی فەلسەفە نووسراون هەڵە نین، بەڵکو بێواتان.»(١١) گواستنەوەی ڤیتگنشتاین لە (هەڵەبوون و راستبوون)ـەوە بەرەو بابەتی(بێواتایی) وەرچەرخانێکی گرنگ و پڕبایەخە، جێڕەوتی تەنگی هەڵە و راست–ی گۆڕی بە جیهانێکی زۆر بەرین و کراوە، کە بەڕاستی زۆرێک لە رستە/بڕیارەوتە ئایینییەکان دەکرێت بەهۆی چەمکی (بێواتا)وە دەرویەکی زۆر گەورەتریان لێکرابێتەوە، چونکە بۆ ئەو چەمکانەی کە لە ئایین و بابەتە مەعنەوییەکاندا زۆر سەنتەریی و بەرباسن، وەک پێشتر بە نمونە وەرمان گرت، چەمکی خودا، ئێمە چۆن توانا بین بەسەر باسکردنیدا کە بەرباسە و هاوکات نەبینراو و وێنانەکراوە، لە چ رەهەندێکەوە باسی خودا بکەین؟ چونکە هەرچی بڵێین ئەو نییە. باسی خودا لای مرۆڤ لە زماندایە، کاتێک ئێمە دەڵێین زمان بریتییەلە وێنەکانی بیرکردنەوەمان، لەکاتێکدا هیچ وێنایەک بۆ خودا شک نابەین، کەواتە هەرچی بڵێین دەربارەی وێنانەکراوێک دواوین، ئەمە لەبارێکدا دەڵێین وێنانەکراو باسناکرێت، کەواتە لێرەدا هەرچی وتنێکە دەربارەی خودا نەوتنە دەربارەی خودا! چونکە هیچ دەربارەی نەوتراوە، بەڵکو (هەوڵ)ـە بۆ پەسنی خودا. لێرەوە بەوە دەگەین کە سنوورەکانی ئەوەی دەکرێت بگوترێت سنووری ئەوەیە کە دەکرێت لەبارەیەوە بدوێین. واتا سنووری زمانێکی واتادار سنووری جیهانە. دوو واژە دەبنە چەمک لای ڤیتگنشتاین ئەوانیش بریتیین لە ‹بێمانا› و ‹ناڕوون›. هیچکام لەم دوانە بە شێوەیەکی توند و تۆکمە ئاماژە نیین بۆ واقیعێکی ئەزموونی یان بەشێک بن لە رەهەندێکی تری سنوورەکانی زمان.

«پێدانی تایبەتمەندیی هەڵە لە بەکارهێنانی زماندا، بەسەر بڕیارەوتە ئایینییەکانیشەوە رەنگی داوەتـەوە».(١٢) هەروەها باوەڕی وایە کە زۆربەی چەمکە ئایینییەکان بە شێوەی لێکچواندن و خوازە بەکاربراون، بۆنمونە کە دەڵێین خودا کردگاری جیهانە، یان ئێمە هەست بە پارێزراوی دەکەین لە سایەی خوداوە. ئەوەی کە سەرەتا بە

لێکچواندن دێتە ئاراوە، ئێستا وەک بێمانایەکی پوخت نمایان دەبێت.(١٣) هەموو ئەوەی کە بە بوونی حەقیقەتە بانسروشتییەکان دەناسرێن، لە تراکتاتۆسدا بە مانای وشە بە ناڕاست دادەنرێن. ڤیتگنشتاین دان بەوەدا دەنێت کە بێمانایی بڕیارەوتە ئایینییەکان ئەو گەوهەرەن کە دەکەونە ئەودیو زمان و جیهانەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەر هەوڵێک لە پێناو نووسین و وتن دەربارەی ئایین، نەک دەربارەی تێگەیشتنمان بۆ ئایین، دژ دێتەوە لەگەڵ سنوورەکانی زماندا، جگەلە نەومێدی هیچی تر نییە. سەڕای ئەمەش ئایین ناتوانێت زانست بێت، بەپێچەوانەیشەوە. ڤیتگنشتاین دەڵێت کە سرووتە ئایینییەکان ناکرێت ڕوون بکرێنەوە، لەبەرئەوە بە ڕاست و هەڵە دانانیان کارێکی ئەنجامبەخش نییە. ئایین کاتێک ڕاست و هەڵە وەردەگرێت کە وەک زانست مامەڵەی لە گەڵدا بکەین. «هیچ ڕەمزێکی ئایینی واتایەکیان نییە، ئەوە تەنها واتاکانن کە ڕاست یان هەڵە دەبن.»(١٤) تەنانەت ئەگەر ڕوونکردنەوەیش بکرێت ئەوا هەموو ڕوونکردنەوەکان هەر گریمانەن. سرووتە ئایینییەکان تەنها دەکرێت وەک بڕیارەوتەیەک لە ژیانی مرۆڤدا باسبکرێن.

بەکورتی لای ڤیتگنشتاینی یەکەم، ئایین و خوداناسی بابەتگەلێکی نازانستی و بێمانان. بێمانا بەو واتایەی کە هی وتن نیین، بەڵکو بابەتی دەرکەوتنن، زمانی ئایینی زمانی وتن نییە، هەروەها حەقیقەتی دەرەکی نییە، بەڵکو دەکەوێتە ئەودیو سنوورەکانی زمانەوە. خودا خۆی دەرناخات لە جیهاندا. لەبەرئەوەی کە ئایین هیچ حەقیقەتێکی دەرەکی لە پشتەوە نییە، ئیتر ئایین نازانستییە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەگەرچی ئایین خۆی دەردەخات و ئاشکرا دەکات، بەڵام هەر ناکرێت دەبارەی بگوترێت. بۆیە لەم ڕووەوە دەکرێت پێگەی ڤیتگنشتاینی یەکەم لەم ڕستەیەدا کورت بکەینەوە کە ئایین نازانستی و قسەهەڵنەگرە، بەڵکو هی ئەوەیە کە دەربکەوێت، جیلوە بکات. سەرباری ئەوەش کە ئەو بێمانایی بە گەوهەری ئایین دەزانێت، هاوکات ئارەزووی وتن دەربارەی مانای ژیان دەبێت ڕێزلیگیراو بێت.

لە ئاخاوتنێکیدا ڤیتگنشتاین لە گەڵ (بازنەی ڤییەننا)دا، ساڵی ١٩٣١ دەڵێت کە تراکتاکۆس کتێبی دۆگما(عەقیدە)یە. ئەمەش بەڕاستی ئاماژەیە وەک یەکەم جووڵەی ئەو ڕووەو کاری دواتری. ئەو جگەلەوەی بەراوردی ئایین و زانستی دەکرد، هاوکات ئیشی دەکرد لەسەر سرووتە ئایینییەکان. ئەمەش زەمینەی وەبارهاتنی کتێبی(توێژینەوە فەلسەفیەکان) بوو.(١٥)

**زمان و ئایین لای ڤیتگنشتاین-ی دووەم:**

نووسینێک کە ژێدەر بێت و ئایین کرابێتە بابەت تێیدا، بریتییە لە (وانەکانی ڤیتگنشتاین دەربارەی باوەڕی ئایینی)، کە باوەڕ وایە روونتر وێک دێنەوە لەتەک فەلسەفاندنی ڤیتگنشتاینی دووەم. دوای ئەوەی کە لە وانەی یەکەمدا کۆمەڵێک پرسی ئایینی و وەڵامی شیمانەیی پێشکەش دەکات، پرسیارێک دەکات بەوەی ئێمە چۆن بزانین کە باوەڕدارێک باوەڕی بە چەندین شت هەیە، بۆنموونە بە رۆژی دوایی. ڤیتگنشتاین دەڵێت: « پرسیارکردن لێی بەس نییە، لەوانەیە بڵێت کە هیچ بەڵگەیەکم نییە. بەڵام پێدەچێت ئەوەی هەبێت کە تۆ پێیدەڵێیت باوەڕێکی نەلەرزیو. ئەم ئیمانە دەردەکەوێت، بەڵام نەک لە ڕێی بەڵگاندن و زمانێکی سادەوە، بەڵکو سەراپای ژیانی ئەو کەسە رێکدەخات.» (١٦) بەڵێ ئیمان بابەتی وتن نییە، بەڵکو دەردەکەوێت، ئەوەی باوەڕ لە مرۆڤی باوەڕداردا بەرپای دەکات ناوترێت، بەڵکو لە ژیانی کەسەکەدا دیارە، پێویست بە ئاماژە ناکات، ئیمان لەودا دەبێتە ژیان، دەبێتە فۆرمێک لە ژیان. هەمووژیانی دەبێتە ئەوەی کە پێیدەوترێت باوەڕ، یان باوەڕی ئایینی. باوەڕ رەنگدانەوەی ئەو حەقیقەتەیە کە دەبێت بە بەرچاوڕوونی لە ژیانی کەسی باوڕداردا. لەوانەیە لەپێناویدا دەست لە کۆمەڵێک شت هەڵبگرین یان تەنانەت ژیانمان بخەینە مەترسییەوە بۆی. ڤیتگنشتاین دەڵێت کە ئەم جۆرە باوەڕە بەرمەبنای بەڵگەی زانستی نییە، هەروەها ڕەتیش ناکرێتەوە بە بەڵگەی دژوازی خۆی. لەم زەمینەیەدا باوەڕی ئایینی عەقیدە و ئیمانە زیاتر لەوەی بۆچوون بێت.» ئێمە لێرەدا دەربارەی گریمانە و شیمانە و زانین نادوێین» « لە گوتاری ئایینیدا ئێمە دەربڕینەکان جیاواز بەکاردێنین وەک لەوەی لە زانستدا بەکاریان دێنین.»(١٧) ئایین نابێت لە پرسی زانستدا کورتی بکەینەوە. نەک لەبەرئەوەی نامەعقولە، بەڵکو لەبەرئەوەی مەعقولێکی روون نییە. تەنانەت ئایین بانگەشەی لەم جۆرەی بۆ خۆی نییە. ئەگەرچی بۆی هەیە ئایین و زانست هەوڵبدەن هەمان شت روون بکەنەوە، بەڵام هەریەکەیان پێوەریان بۆ مانا جیاوازە.»(١٨)

«هەندێک جووڵە پێدەچێت لە یارییەکی دیارکراودا هەڵەیەکی قبوڵنەکراوبێت، بەڵام هەمان جوڵە بۆ یارییەکی تر مەرج نییە وابێت.»(١٩) بەشێوەیەکی سەیر ڤیتگنشتاین بابەتی یاری دەگشتێنێت و دەیکاتە پاشخانی بەڵگاندنی زۆرێک لە کارەکانی لە بارەی ئایین و زمانەوە. ئەمەش لە ڤیتگنشتاینی دووەمدا و لە (توێژینەوە فەلسەفییەکان)دا دەردەکەوێت.

ڤیتگنشتاین دەڵێت ئەگەرچی خودا پیشان نەدراوە، بەڵام وشەی خودا یەکێکە لە پێدراوە هەرە سەرەتاییەکانی دەزگای فێربوون و وەرگرتنی ئێمە. بۆنمونە خودا وێنایەکی هەیە لای کەسی باوەڕدار، بەڵام کێ دەڵێت خودا بەو جۆرەیە کە لە وێناکردنەکەی ئەم کەسەدا هەیە. ڤیتگنشتاین ئارگیۆمێنت دەدا کە ئیمان بەم واتایە بانسروشتییە، بۆیە ناکرێت بۆ راستاندن بخرێتە ژێر تاقیکردنەوەوە. وێنەی خودا یان هەر وێنەیەکی دیکەی نێو کتێبە پیرۆزەکان ناکرێت بەراوردیان بکەین بە وێنەکانی ژیانی واقیعی ئەم جیهانەی خۆمان. بۆیە دەڵێین لە هەوڵدانمان لەم بوارەدا هیچ بەڵگەیەک بەردەست نییە. تەنانەت ئێمە رەوشی چۆنێتی بەکارهێنانی ئەم وێنانەش نازانین. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە تەنها دەتوانین گوزارشت لە دۆخی خۆمان بکەین لەڕێگەی ئەم وێنە نەسەلمێندراوانەوە. هەروەها ئەوەش دەڵێت کە هەبوونی جۆرە باوەڕێکی ئایینی یان جۆرە ئایینداریییەک واتا هەبوونی وێنەیەک یان وێناکردنێکی دیاریکراو. لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا دژوارە بزانین ئەم وێنانە چی دەگەیەنن و چی بەدەست دێت لێیان. «لە یەکەم ئاماژەیدا بۆ ئایین، پەرستن وەک گەمەی زمان دەخاتە روو. لە تراکتاتۆسدا گەنگەشەی مانای زمان دەکات، بەڵام لێرەدا لە(لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان)دا جەخت لە زمان دەکاتەوە وەک پرۆسە، وەک کردەییبوون. « زمان و ئەو هەموو چالاکی و تێکچڕژاوییەی ناوی، ناودەنێم گەمەی زمان(٢٠) ڤیتگنشتاین باس لە ژمارەیەکی زۆر لە گەمەکانی زمان دەکات، وەک؛ ریگەی بەکارهێنانی وشە و رستەکان، دەربڕینی نێو پەرستنەکان، نزا، جنێو، فەرمانکردن و پەسنی شتێک ...هتد. لەو پرسینەدا کە چی گەوهەری ئەم هەموو یارییەی زمانە؟ دەڵێت: ئەمانە لە زۆر ریگەی جیاوازەوە دەگەڕێنەوە سەر یەکتر، بۆیە ناویان دەنێین (پەیوەندی خزمایەتی)(٢١) ئەگەرچی دژوارە پێناسەی پەیوەندیی و لێکچوونەکانی یارییەکانی زمان بکەین، بەڵام بەڕێگەی چاودێری و لەبەریەکنان دەکرێت ئەو پەیوەندیی و لێکچوونانە بدۆزینەوە. لەئەنجامی ئەم بەراوردکاریی و تێبینییە وردانەوە، سەرەنجام خۆمان لەبەردەم تۆڕێکی ئاڵۆزی تێکرژاوی یەکتربڕی لێکچووەکاندا دەبینینەوە کە دەکرێت بە (لێکچووی خێزانی) ناوی ببەین. هەر لە بنەڕەتەوە گەمەکانی زمان بۆ خۆیان خێزانێکی خوازەیی پێکدەهێنن. وەک لە کتێبەکەیدا روونی دەکاتەوە کە هەردووکیان، زمان و یاری رێسایان هەیە، ئیتر رێساکان بنەمایی یان رێکخستەیی(٢٢) بن بابەت و تەکنیکی فێربوون و وەرگرتنن. لەبەرئەمەیە کە دەتوانین گەمەکانی زمان بە ناونیشانی پرۆسە و داب و نەریت

ناوبهێنین. ڤیتگنشاین دەڵێت» تێگەیشتنی زمانێک دەسەڵاتە بەسەر تەکنیکەکانیدا»(٢٣) وێڕای ئەمەش جەخت دەکاتەوە کە «زمان بۆخۆی چالاکییە یان بە جۆرێک فۆرمێکە لە فۆرمەکانی ژیان»(٢٤) چالاکی ئاخاوتن لە زمانێکدا بیناکراو و تێکهاڵاوە لەگەڵ فۆرمێکی دیاریکراو لە ژیان. لەم روانگەیەوە ڤیتگنشتاین بەڕاشکاوی دەڵێت کە چالاکی زمانەوانی ئێمە بەشێکە لە سروشت و کلتوور و مێژووی چڤاتیمان.

ئەم گەنگەشەیەی سەرەوە دەربارەی گەمەکانی زمان چ ئاماژەیەک دەکات بۆ مانای زمان؟ ڤیتگنشتاین لە کۆڕستێکی بەناوبانگدا ئارگیۆمێنت دەدات کە لەبەر زۆر هۆ مانا بەم جۆرە ڕووندەکرێتەوە: «مانای وشەیەک بریتییەلە بەکارهێنانی لە زماندا، مانای ناویش هەندێکجار بە ئاماژەدان بۆ هەڵگرەکەی ڕووندەکرێتەوە.»(٢٥) کاتێک کەسێک دەکۆشێت مانای وشەیەک بزانێت، بەکارهێنانەکەی لە زماندا کە نیشتمانی وشەکەیە، دەبێت بە ئامانج بگیرێت. وشەکان دەبێت لە بەکارهێنانی مێتافیزکییەوە بگێڕینەوە بۆ بەکارهێنانی ژیانی ڕۆژانە. بۆیە زۆر دەوترێت کە ئەمەیە ئەو بابەتەی کە فەلسەفەی نوێی ڤیتگنشتاین لەسەری وەستاوە،» بیرمەکەوە، بەڵکو بڕوانە.»(٢٦) مانا بە راڤە و ڕوونکردنەوە بە دیارناخرێت، بەڵکو بە چالاکی. ئەمە دەمان بات بۆ ئەو باوەڕەی کە هەڵە و ڕاستبوونی مانا بەرمەبنای هاوڕایی نییە، بەڵکو شێوەیەکی ژیانە و لێی جودا نابێتەوە. « پەیوەندیی لەڕێگەی زمانەوە تەنها ڕێکەوتێک نییە لە پێناسەدا، بەڵکو پەیکاڵ بوونیشە لە حوکمدا.»(٢٧) لێرەدا پەی بەو ڕێزمانەی زمان دەبەین کە بریتییە لە بەکارهێنانی چەمکی (دروست) بۆ وشە و دەربڕینەکانمان لە زمانی ڕۆژانەدا. خۆشبەختانە ڤیتگنشتاین «لاهوت وەک ڕێزمان»(٢٨) لە زۆر جێدا بەکار دێنێت. ئەمەش زۆر گرنگە بۆ ناسینەوەی چەمکە ئایینییەکان لە دیدی ئەوەوە.

ئێستا بەجۆرێکی تر ڕوانین هەیە بۆ دۆخی ئایین لە (توێژینەوە فەلسەفییەکان)دا. دەگەین بە جۆرە ڕوانینێک کە پێمان دەڵێت ئایین و چالاکییە زمانییەکانی وەک پەرستن، ئاواز، ئامۆژگاری و.. هتد، دەخرێنە نێو (گەمەکانی زمان)ـەوە، یان فۆرمێکن لە ژیان. ئەمە بۆ لاهوتیش ڕاستە کە قسەیە لەبارەی خودا. ئایین پەیڕەوکردنێکی تایبەت یان جۆرە بەکاربردنێکی زمانە، ئەویش بە دەستەواژە و بێژە و تایبەتمەندیی و تەکنیکی خۆیەوە. ئەگەرچی ئایین گەمەی زمانە، بەڵام دەکرێت باسبکرێت، بەراوردبکرێت بە ئەوانی دی، هەروەها ئەوەش شیمانەیەکی کراوەیە کە هەرکەسێک خوازیار بێت دەکرێت سرووتە ئایینییەکان فێرببێت و کردەوەیان پێبکات.

لە هزری ڤیتگنشتایندا واتای وشەکان دەکاتە بەکارهێنانیان لە زماندا، بۆیەش زمانی ئایینی واتای خۆی هەیە. حەقیقەت و درۆبوون هەڵناگرن، بەڵکو زمانی ئایینی وابەستە و وەستاوە لەسەر زەمینە و هاوڕابوون. ڤیتگنشتاین ئیلاهیات رێک بە ناونیشانی یەک رێزمان دەناسێنێت کە ئەم رێزمانە پێناسەی چییەتی چەمکە ئایینییەکان دەکات.

ڕووگەی ڤیتگنشتاینی دووەم لە هەمبەر ئایین دەکرێت کورت بکەینەوە لە دوو بابەتدا؛

**یەکەم**: ئایین وەک چالاکی یان پێڕەوکردن.

**دووەم**: گەمەی زمان.

ئەگەرچی ئایین بەرمەبنای بەڵگەی زانستی نییە، بەڵام گوتاری ئایینی بە پێوەری خۆیەوە بۆ مانا لە ئارادایە. ئایین، ئایینناسیی و باسی خودا لە فۆرمەکانی ژیان و گەمەکانی زمانن، باوەڕداران بەهۆی وێنە ئایینییەکان(نەسەلمێندراوەکان)ـەوە خۆیان رادەگەیەنن. ئەمەش پێمان دەڵێت کە مانای واژە ئایینییەکان لەنێو زمانی ئایینیدایە. بەم شێوەیە دەڵێین راستی و ناڕاستی لێرەدا لەسەر پێوەری (دەرەکی زانستیی) بینا نەکراون، بەڵکو رێکەوتنی میانی باوەڕداران جێگەی ئەو پێوەرە دەرەکییە زانستییە دەگرێتەوە.

هەرچەندە دەوترێت «باشترین پێشەکی بۆ فەلسەفەی ڤیتگنشتاین، ڤیتگنشتاینە»(٢٩) سەرباری هەموو بۆچوونەکانی، بەڵام لێرەدا دەکۆشین لە دوو خاڵدا باسەکە چڕ بکەینەوە:

**یەکەم**: لە خوێندنەوەیەکی بەراییدا، دەبینین هزرینە ئایینییەکانی ڤیتگنشتاین دەچنە خانەی (فیدایزم)ەوە.(٣٠) واتە کەسێکی (ئیمانگەرا)یە، ئەمەش هەمیشە دەبرێتەوەسەر پاسکاڵ، کیرکەگارد، ولیەم جەیمس، پرسیارەکەی (تێرتیلیانوس) سەرچاوەی ئەم بابەتەیە؛ « بە ڕاست ئەسینا و قودس چ کارکرد و پەیوەندییەکیان هەیە؟» ئاشکرا بپرسین پەیوەندی نێوان ئەقڵ و ئیمان چییە؟ دەڵێین کە (حەقیقەتە ئایینییەکان) تەنها بە ئیمان دادەمەزرێن نەک بە ئەقڵ، بۆیە ئەقڵ و ئیمان یان لێکجودا و سەربەخۆن یان رکابەری یەکترن. بە کورتی بڵێین حەقیقەتە ئایینییەکان (پێشئەقڵی) یان (بانئەقڵی)ین. ئیمانگەرایی ڤیتگنشتاین دەکرێت لە چەند خاڵێکد تایبەت بکرێت:

١- لۆژیکییانە ئایین دادەبڕێت لە کایە مەعریفی و زانستی و لۆژیکییەکان.

٢-گوتاری ئایینی لە بنەماوە دارای مەرجەعیەتێکی خۆسەرییە، لێناگەڕێت وێنەکانی تێکەڵی وێنەکانی ژیانی واقیعی بکەین.

٣-باوەڕە ئایینییەکان تەنها باوەڕداران لێیان تێدەگەن.

٤-ئایین ڕەخنە ناکرێت.

ئەگەرچی جێگومانە کە ئایا ڤیتگنشتاین خۆی پیەوەست بووە بەو تەرحانەی خۆیەوە یان نا، بەڵام لانیکەمی هەندێک لە هاوبیرانی پەیڕەوکاری ئەو چەند خاڵەن. هەرچۆن بێت، جیاوازی زۆر ڕوونی ڤیتگنشتاین و ئیمانگەراکانی تری وەک پاسکاڵ و کیرکەگارد، ئەوەیە کە ڤیتگنشتاین بەڵێ ئیمانگەرایە، بەڵام مەسیحییەکی بەرگریکار نییە.

**دووەم:** ڤیتگنشتاین وەک ئاییندارێکی دژەواقیعگەرا یان وەک ڕێژەگەرا لەقەڵەم دەدرێت.(٣١) لە بەرامبەر واقیعگەراکان، دژەواقیعگەراکان باوەڕیان بە کەتوارێک نییە سەربەخۆ و دابڕاو بێت لە وێناکردن و جیهانبینی ئێمە. دژەواقیعگەراکان باوەڕیان بە حەقیقەت نییە، بەو واتایەی حەقیقەت و بوون هیچ پەیوەندییان بە تێگەیشتنی ئێمەوە نییە بۆ واقیع. بۆ نمونە خودا وەک بوونی هەبوویەک لە واقیعدا بەرهەست نییە، دەکەوێتە پشت ئەزموونەوە، بۆیە مانا نابەخشێت. لەمەوە دەکرێت بڵێین کە یەکێک لە زادەکانی ئەم دژەڕیالیزمە ئیلحاد بێت. ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت وێناکردنی ئێمە بۆ واقیع وابەستەی توانا مرۆییەکانی وەک زمانە، بەڕوونی سازگارە لەگەڵ هزری ڤیتگنشتایندا لە بابەتی گەمەکانی زمان و فۆرمەکانی ژیان. ئایین بابەتی مەعریفەیەکی زانستی و بەڵگەدار نییە، بەڵکو هەوڵە بۆ ئاخاوتن دەربارەی خودا، ئەویش کە خۆی لە جیهانی واقیعدا نیشان نادات. ئاشکرا بڵێین ئەوەی کە لێرەدا شایانی گەنگەشەیە، ئەوەیە کە بپرسین ئایین چ مانایەک دەبەخشێت بە ژیانی کردەیی مرۆڤ. لەبەرئەوەی کە گوتاری ئایینی ئامێتەی زمانی ئایینییە، بە نێو یەکتریدا رژاون، هەروەها هیچ شیمانەی حەقیقەتێکی دەرەکی و دەرەوەئایینی نییە کە لەپشت ئایین یان باوەڕی ئایینییەوە وەستابێت، هاوکارمان بێت رەخنەی ئایین یان پشتگیری ئایین بکەین. ئایین بابەتی (وتن) و (ناوتن)ـە نەک هەڵەبوون و راستبوون. بۆیە ئیتر لەژێر تیشکی ئەم بۆچوونەدا ریژەگەرایی ئایینی و گومانگەرایی ئایینی باسێکیان بۆ نامێنێتەوە! ئایینێکی دیاریکراو ناکرێت سەربەخۆیانە و بابەتیانە گەردونی و سەرانسەرگیر ببێتەوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە زمانی هەر ئایینێک پێویستی بە پێڕەوکردنە، بە ئەزموون نەک بە لۆژیک و زانست. مانای (جیهانی ئایینی) تەنهاوتەنها لەناو بەکارهێنانی زمانی ئایینیدایە. داوەریکردن و حوکمدان بەسەر پێدراوە ئایینییەکاندا بابەتی ناوەوە ئایینین، واتا پشت بەستوو نیین بە بنەمای مەعریفی.

**پەراوێز و ژێدەر:**

1- Ludwig Josef Johann Wittgenstein (1889 –1951).

2- .. Slavkovsky, Reginald Adrian. And Kutas, Michal. Introduction of the Philosophy of Language.2013

3- problem or pseudo–problem لە بەرامبەر ئەم دوو زاراوەیە :

4- Friedrich Ludwig Gottlob Frege (1848 –1925).

Bertrand Arthur William Russell (1872–1970).

George Edward Moore (1873 - 1958).

٥- پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی: هەروەها بە ( ئەزمونگەرای لۆژیکی و نوێپۆزەتیڤیزم)یش ناسراوە. قوتابخانەیەکی فەلسەفییە، لە ١٩٢٠-ەکاندا لە نەمسا و ئەڵمانیا سەری هەڵداوە. کاری هەرە لەپێشی ئەم تەرزە فەلسەفییە شیکاریی لۆژیکییە بۆ مەعریفەی زانستی. لۆژیککارە پۆزەتیڤیستەکان نکوڵییان دەکرد لە راستی و پتەوی فەلسەفە و مێتافیزیکی دێرین، هەروەها رایانگەیاند کە زۆرێک لە کێشە فەلسەفییەکان لە واقیعدا بێمانان. لای ئەمان تەنها دوو سەرچاوەی مەعریفە هەیە؛ بەڵگاندنی لۆژیکی و ئەزمونگەرایی.

بازنەی ڤییەننا: گروپێک لە فەیلەسوفان بوون، کە لەدەوری (مۆرتیز شلیک) کۆبووبوونەوە. دوای ئەوەی ساڵی ١٩٢٢ دێتە ڤییەننا، ئەمانە ئەنجومونێکی فەلسەفیان سازدا بە ناوی (ئەنجومانی ئێرنیست ماخ).

6- Ludwig Wittgenstein, Tractatus Logico-Philosophicus, (5:6) Translated by D. F. Pears and B. F. McGuinness, With an introduction by Bertrand Russell, Routledge, London, 2001. P.95, (5:6).

7- Intelligibility Unintelligibility لە بەرامبەر:

8- Ludwig Wittgenstein, Tractatus Logico-Philosophicus, (5:6) Translated by D. F. Pears and B. F. McGuinness, With an introduction by Bertrand Russell, Routledge, London, 2001. P.116, (7).

٩- Tractatus Logico-Philosophicus: ئەمە ناونیشانی یەکەم کتێبی ڤیتگنشتاینە، هەروەها تا کاتێکیش لەژیاندا بووە، هەر ئەم کتێبەی چاپکراوە، دواتر ئەوانەی تری چاپکراون. تراکتاکۆس لۆژیکۆ-فیلۆسۆفیکۆس، بەمانای (تێزی لۆژیکیی فەلسەفی)، ئەم ناونیشانە لاتینییە لەلایەن (جۆرج ئیدوارد مۆر)-ەوە هەڵبژێردراوە. ئەمەش لەسەر رەوتی ناوی کتێبەکەی

(سپینۆزا)یە، بە ناونیشانی (تراکتکۆس تیۆلۆژیکۆ-پولیتیکۆس).
١٠- قورئانی پیرۆز سورەتی شورا، ئایەتی؛١١
11- Ludwig Wittgenstein, Tractatus Logico-Philosophicus, (5:6) Translated by D. F. Pears and B. F. McGuinness, With an introduction by Bertrand Russell, Routledge, London, 2001. P.49, (4:003).
12- Wittgenstein (1965), 'A lecture on ethics', The Philosophical Review 71(1), 9.
13- 'Lecture on ethics', 10.
14- Wittgenstein, Remarks on Frazer›s Golden Bough, The Brynmill Press, 3.
١٥- بە کوردی (توێژینەوە فەلسەفییەکان یان لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان)؛ دووەم کتێبی ڤیتگنشتاین-ە،دووساڵ پاش مەرگی خۆی چاپکراوە، ساڵی١٩٥٣، تێیدا ڤیتگنشتاین گەنگەشەی زۆر گرێ و گرفتی کردووە لە کایەکانی؛ واتاناسی، لۆژیک، فەلسەفەی ماتماتیک، فەلسەفەی دەروونناسی، فەلسەفەی کار و فەلسەفەی زەین. لێرەدا ڤیتگنشتاین دیدگای خۆی رادەگەیەنێت کە بناژۆی زۆرترینی کێشە فەلسەفییەکان زەمینە و راجیایی و هەڵە بەکارهێنانی چەمکەکانی زمانە. ئەو لەم کارەیدا وا ئارگیۆمێنن دەدات کە بخوازێت کارەکەی پێشووی واتا( تێزی لۆژیکی فەلسەفی) تێبپەڕێنێت.
16- Wittgenstein (1972), 'Lectures on religious belief', in Lectures & Conversations on Aes thetics, Psychology and Religious Belief , University of California Press, 5354-.
17- 'Lectures on religious belief', 57.
18- 'Lectures on religious belief', 58.
19- 'Lectures on religious belief', 59.
20- Wittgenstein (2001),Philosophical Investigations, Blackwell Publishing, S7.
21- Wittgenstein (2001),Philosophical Investigations, Blackwell Publishing, S66.
22- regulative and constitutive لەبەرامبەر هەردوو زاراوەی:
23- Wittgenstein (2001),Philosophical Investigations, Blackwell Publishing, S199.
24- Wittgenstein (2001),Philosophical Investigations, Blackwell Publishing, S23.
25- Wittgenstein (2001),Philosophical Investigations, Blackwell Publishing, S43.
26- Wittgenstein (2001),Philosophical Investigations, Blackwell Publishing, S67.
27- Wittgenstein (2001),Philosophical Investigations, Blackwell Publishing, S242.

28- Wittgenstein (2001),Philosophical Investigations, Blackwell Publishing, S374.

29- J. Hyman (1997), 'Wittgensteinianism', in P.L. Quinn & C. Taliaferro (eds.), A Companion to Philosophy of Religion, Blackwell Publishers, 150.

30- K. Nielsen (1967), 'Wittgensteinian fideism', The Journal of the Royal Institute of Philosophy XLII(161), 191209-, W.D. Hudson (1968), 'On two points against Wittgensteinian fideism', Philosophy 43, 269273-, K. Nielsen, (1969), 'Wittgensteinian fideism again: A reply to Hudson', Philosophy 44, 6365-, Hudson, Wittgensteinian Fideism and Phillips & Nielsen, Wittgensteinian Fideism?

31- R. Trigg (1997), 'Theological realism and antirealism', in Quinn & Taliaferro, Companion to Philosophy of Religion, 213222- and R. Trigg (1983), 'Religion and the threat of relativism', Religious Studies 19, 297310-.

# زمانی کوردی پرسێکی ئەمنیەتی سیاسییە

شەریف فەلاح

*شەریف فەلاح، نووسەر، وەرگێڕ و لێکۆڵەری ئەدەبی ساڵی ١٩٧٥ لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە و چالاکیی ئەدەبی و فەرهەنگیی لە ساڵی ١٩٩٦ی زایینیدا لە ئەنجومەنی ئەدەبیی مەولەوی کورد لە سنە دەستپێکردووە و بە نووسینی شیعر تێکەڵ بە دنیای ئەدەبی کوردی بووە، ماوەیەک وەک مامۆستای زمانی کوردی لە ڕێکخراو و NGO کانی شاری سنە چالاک بووە، لە ساڵی ٢٠٢٢وە بەهۆی چالاکیی سیاسی پەڕیوەی باشووری کوردستان بووە. ماوەی ١٢ ساڵ وەک پێشمەرگەی لە حدکا لە میدیاکانی ئەو حیزبە و مامۆستای زمانی کوردی خزمەتی کردووە. لە ساڵی ٢٠٠٥وە بە شێوەی جدی دەستی داوەتە وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و فەرهەنگی، هەتا ئێستا ١٧ کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، کە ١٠کێبی نووسین و ئامادەکردنی خۆیەتی و ٧ کتێبشی لە زمانی فارسییەوە کردووەتە کوردی و هاوکات کۆشیعرێک و چوار کتێبی دیکەشی ئامادەی چاپە و ماوەی نزیکەی ساڵێکە دانیشتووی وڵاتی بریتانیایە.

بە دەرفەتمان زانی کاک شەریف فەلاح ڕووبەڕووی چەند پرسیارێک بکەینەوە:

***زار و بنزارە کوردییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەکوو: لەک، لوڕ، کەلهوڕ، هەورامی و گەڕووسی ئێستا لە چ دۆخێکدان، لە کاتێکدا دەزانین دەوڵەت بە پلان و بەرنامە و ئەنجدای تایبەت لە هەوڵدایە زمانی کوردی لێک بترازێنێ و لەلایەکی دیکەش ئەو شێوەزار و بنزارانە وەکوو زمانی سەربەخۆ بناسێنێ و لەلایکی دیکەش زۆرجار دەڵێن زمانی کوردی شێوەزارێکی فارسییە، ڕای ئێوە لەمبارەوە چییە؟**

**شەریف فەلاح**: زمان چەشنی درەختێکە کە بێ لق و پۆ و پەلک و گەڵاکانی کە دەبنە هۆی جوانی و گەش مانەوەی، مانای نییە و ئیتر ناوی درەخت نییە. زمانی کوردیش ڕێک وەکوو بەژنی ئەو درەختە وایە کە بە زار و بنزارەکانییەوە زیندووە و هەموویان لە ڕیشە و پێکهاتەی درەختێکەوە سەرچاوەی دەگرن، کە پێی دەگوترێ (زمانی کوردی) کە وەکوو گرنگترین فاکتەری بەردەستی ناسنامەی نەتەوەیی کورد دێتە ئەژمار، چونکە فاکتەرەکانی دیکەی وەکوو مێژوو و خاک و بیرەوەریی هاوبەش لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە زۆریان زەوت کراون و شێوێندراون.

بەڕای من گەشە و بووژانەوەی زارەکانی هەورامی و لەکی، لوڕی، کەلهوڕی و فەیلی و گەڕووسی) نەتەنیا خەسار نین، بەڵکوو دەرفەتێکی زێڕینە بۆ خزمەتی زمانی کوردی کە ئێستا ئەو بنزارانە هاوشانی زارەکانی زمانی کوردی (سۆرانی و کرمانجی) لە گەشەدان و هەم لەلایەن ئاخێوەر و هەم لەلایەن نوخبە، نووسەران و ڕۆشنبیرانەوە بەرهەمی ئەدەبی و هونەرییان پێ دەخولقێ. دەسەڵاتی سەردەست لە ئێران بە باشی هەستی بەم گۆڕانکارییە فەرهەنگییە کردووە و دەزانێ هۆشیاری، ئاگایی و هەستی نەتەوەیی کورد لەڕێگەی زمانەوە زۆر گەشە و باڵای کردووە و وەکوو مەترسییەک بۆ سەر دەسەڵات، زمان و فەرهەنگی زاڵ و خۆسەپێنی فارسی لە ئێران لەقەڵەمی دەدات. چونکە دەسەڵات پێی وایە گەشەکردنی هەر زمان و فەرهەنگێکی غەیرە فارسی لە چوارچێوەی جوغرافیای ئێراندا، خەسار و زەبرێکە لە ئایدیای چەواشەی (یەک میللەت، یەک زمان و یەک فەرهەنگ) و لە ئەنجامدا ناسیۆنالیزمی وەهمیی ئێرانی. بۆیە دەبینین لە دوو دەیەی ڕابردوودا لە ناوچەکانی هەورامان، ئیلام، کرماشان، لوڕستان، قوروە و بیجاڕ ئەو شێوەزارانە بە شێوەیەکی فراوان و بەرچاو گەشەیان کردووە، بە سەدان کۆمەڵە شیعر بە هەردوو شێوازی کلاسیک و نوێ بەرهەم هاتووە و بڵاو کراونەتەوە. هاوکات جیاواز لە شیعر کە هێشتا توخمی زاڵی ئەدەبی ئێمەیە، بە دەیان فەرهەنگی کەلهوڕی، لەکی، هەورامی و لوڕی و فەیلی و گەڕووسی چاپ کراون. بەتایبەتی ئەم شێوەزارانە لە بواری ئەدەبیاتی زارەکی (هەموو لقەکانی)

دا پاشخانێکی گرنگی فەرهەنگی کوردین و وەکوو پێکهاتەی ژیاریی زاگرۆس دێنە ئەژمار و لەم بوارەشدا گەلێک بەرهەمی بەپێز چاپ کراون. هاوکات ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە لە بواری کورتە چیرۆک و ڕۆمان و تەنانەت ئەدەبیاتی منداڵانیشدا کاری زۆر باش لە شێوەزارەکانی هەورامی، کەلهوڕی و لەکی و گەڕووسیدا کراوە. چاپ و بڵاوبوونەوەی ئەم بەرهەمانە لە کاتێکدان جیاواز لە سانسۆر و بەربەست و گرفتی دامودەزگاکانی ئێران، نووسەران و هونەرمەندانی کورد لە ڕۆژهەڵات لەگەڵ گرفتی پشتیوانیی مادی و نەبوونی چاپخانە و وەشانگە بەرەوڕوون، بەڵام تەنیا شتێک کە هانیان دەدات بنووسن و چالاک بن، عیشق و خۆشەویستی بە زمان و فەرهەنگ وەک ئاخێزگە و کۆڵەگەی نەتەوەیە کە ئەمە شادەماری هێشتنەوەی ئەو شێوەزارانە وەک بەژنی درەختی زمانی ئێمەیە. سەرهەڵدانی ڕەوتی گەشەی شێوەزارە کوردییەکان لە ڕۆژهەڵات بووەتە هۆی ئەوەی دامودەزگا بەناو فەرهەنگی و ئەمنییەکانی دەوڵەتی ئێران وەک مەترسییەک لەقەڵەمی بدەن و لە دوو دەیەی ڕابردوودا لە ڕێگە و شێوازی ناڕەوا بۆ لێکترازانی ئەو شێوەزارانە لە یەکتر کەڵکی وەگرتووە. داتاشینی تۆمەتی کورد و زڕەکورد لە ناوچەکانی ئیلام و کرماشان، زەقکردنەوەی پرسی عەشیرەیی و هۆزگەرایی و بایەخدان بە شێوەزارێک لە هەمبەر ئەوانی دیکەدا. زەقکردنەوەی جیاوازیی ئاخاوتن و دەربڕینی نێوان شێوەزارەکان و شاردنەوەی خاڵە هاوبەشەکان، دروستکردنی کەشوهەوایەکی ترس و دڵەڕاوکێ و ڕق و قین و بوغز لە نێوان نووسەران و هونەرمەندان. دەوڵەتی ئێران لە کاتێکدا لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا بۆ یەکجاریش دانی بەوەدا نەناوە کە زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیە و زمانی نەتەوەیەکە بەناوی کورد و هەمیشە وەک لقێک لە زمانی فارسی، یان زمانی ناوچەیی (محلی) ناودێری کردووە. کەچی لە بەرانبەردا بە مەبەستی دوبەرەکێ سازکردن و لێکترازانی نەتەوەیی و لە گرێژنەدەرچوونی زمانی کوردی، هاتووە بە بنزاری لەکی کە خۆی بەشێکە لە کوردیی خوارین وەک زمانی سەربەخۆ دەناسێنێ، گرتنەبەری ئەم سیاسەتە پڕ لە پارادۆکس و چەواشەیە، جگەلە شێواندنی زمانی کوردی و ئاژاوە و زەربەدان لە پەیکەری وشیاریی نەتەوەیی، هیچ چەشنە دڵسۆزی و خزمەتێکی لە پشتەوە نییە.

یان داڕشتنی پیلانێکی چەواشەی دیکە دیکە بۆ ئاخێوەرانی هەورامی (ئێوە میللەتێکی جیاوازن، چونکە زمانتان جیاوازە) کە لە ناوەڕاستی کوردستاندان و

فەرهەنگێکی زیاتر لە شەش هەزار ساڵەی کوردییان هەیە، بووەتە سەرئێشەیەکی دیکە بۆ ڕۆشنبیرانی کورد. یان بە دەیان نموونەی دیکە لەبەردەستدان کە لە میدیاکانی حکوومەتەوە گاڵتە و سووکایەتی بە زمان، فەرهەنگ، شێوەزار و جلوبەرگی نەتەوەیی کورد کراوە. هەرچەند بەداخەوە ڕێژەیەکی کەم خەڵک فریوی ئەم پیلانگێڕییانەی دەوڵەتی ئێرانیان خواردووە و نەزانانە ناڕاستەوخۆ خزمەتی دوژمن دەکەن. بەڵام بە خۆشییەوە هۆشیاریی نەتەوەیی و هەستی فەرهەنگیی خەڵک گەیشتووەتە ئاستێک خێرا لە ئامانجی پشت ئەو پیلانانەی دەوڵەت تێ بگەن و پووچەڵی بکەنەوە. لەلایەکی دیکەشەوە هەرچەندە میدیای کوردی لاوازە و هێشتا نەگەیشتووەتە ئاستێک ببێتە میدیایەکی نەتەوەیی ئامانجدار، هەرچەند تاک و تەراش بێت، بەڵام چ میدیاکانی باشووری کوردستان و چ میدیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (تەلەفزیۆن) بە دانانی بەرنامە و پرۆگرامی هەورامی و کەلهوڕی و... خزمەتیان کردووە و بوونەتە هۆی لێک نزیککردنەوەی ئاخێوەرانی زارە کوردییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش جیاواز لە خەسار و لایەنی نیگەتیڤ، لە گەشەکردنی ئەو شێوەزارانەدا کاریگەرییان هەبووە.

***زمانی کوردی (زاری کرمانجی) لەناو کوردانی خۆراساندا ئێستا لە چ ڕەوشێکدایە، هەروەها زاری لەکی لەناو کوردانی مازندەران و بەتایبەتی ناودەشت کە نزیکەی ٢٠٠ هەزار کوردی کۆچێنراوی لێ نیشتەجێیە و بە ئایینیش یارسانن، لە چ ڕەوشێکدان؟**

**شەریف فەلاح**: ژمارە و حەشیمەتی کورد لە ئێران، نابێ تەنیا ببەسترێتەوە بە جوغرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ورمێ، سنە، ئیلام، کرماشان و لوڕستان)وە. چونکە بە درێژایی مێژوو دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران، نزیکەی ٥٠٠ ساڵە خەریکی ڕاگواستن، کۆچی زۆرەملێ و دوورخستنەوەی کورد بوون لە زێد و خاکی باو و باپیرانی، بۆیە لە سەردەمی شا عەباس، سەفەوییە، ڕەزا شا و حەمەڕەزاشادا ئەم کۆچی زۆرەملێیە لەناو کوردان بەرچاوتر بووە و جیا لەوەی کوردانی سنووری ورمێ و ناوچە سنوورییەکانیان بۆ دەڤەری خۆراسان و سنووری ئەفغانستان بە مەبەستی شەڕ و پاراستنی سنوورە دەسکردەکانی خۆیان کۆچاندووە. هاوکات بە بیانووی جیاوازیی مەزهەب و ئایین و ئایینزا لە ناوچەکانی هەورامان، داڵەهۆ، گۆران، سەرپێڵ، کرند و لەکستانەوە پێڕەوانی ئایینی یارسانیان بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوای مازندەران، قەزوێن، کوردکووی، کەلاردەشت و ناودەشت و تەنانەت لە ناوچەکانی

بووشێهر و سیوەندی شیراز و دەوروبەری نیشتەجێ کراون. هەرچەند کوردانی گۆران و یارسان و کرمانج بە جوغرافیا و خاک لە نیشتمانی خۆیان دوور بوون، هاوکات زەخت و زۆرێکی سیاسی، میللی و مەزهەبیشیان لەسەر بووە، بەڵام هیچکات زمان و فەرهەنگ و دابونەریتی خۆیان لەبیر نەکردووە و وەک خۆی پاراستوویانە. پرسی زمان و فەرهەنگ لەناو کوردانی خۆراسان کە لە ناوچەکانی دەرەگەز، قووچان، بیرجەند و دەوروبەری کە بە (کوردخانە) ناسراوە نیشتەجێ بوون، پرسێکە لە دوو دەیەی ڕابردوودا زۆر کەوتووە بەر سەرنجی توێژەرانی زمان و ئەدەب و فەرهەنگ. کوردانی خۆراسان بە شێوەزار کرمانجن، بە ئایین سوننە، هەرچەند بەشێکیان لەژێر زەختی حکوومەتی و لە ترسدا مەزهەبیان گۆڕیوە، بەڵام زمان و فەرهەنگ و جلوبەرگیان نەتەنیا نەفەوتاوە، بەڵکوو دوور بوون لە نیشتمان بووەتە تاراوگەنشینی و زیاتر لەسەر پاراستنی پێداگر بوون. مۆسیقا و گۆرانیی کوردانی خۆراسان نەتەنیا لە ئاستی کوردستان و ئێران، بەڵکوو لە ئاستی دنیاشدا بەناوبانگە و خۆی شێوازێکە کە پێی دەگوترێ کورمانجیی خۆراسانی. لەڕووی زمان و فەرهەنگەوە خاوەنی چەند ناوەند و سەنتەر و ڕێکخراوی فەرهەنگین. یەک لەو کەسانەی کە لە پاراستن و چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و نووسینەوەی مێژووی خۆراساندا پێشەنگ بووە، مامۆستا کەلیموڵا تەوەحودی (کانیماڵ)ە و بە دەیان نووسەر، شاعیر و هونەرمەندی دەنگخۆشیان هەیە و لە ساڵانی ڕابردوودا بە هاتوچۆ بۆ باشووری کوردستان و ڕێکخستنی کۆڕی ڕێزلێنان بۆ چالاکانی فەرهەنگیی خۆراسان لە باشوور و مەریوان، هەورامان، کرماشان و سنە، ئەم لێک گرێدان و نزیکییە زیاتر بووە، هاوکات بەهۆی چالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتیش لەلایەن حکوومەتی ئێران چەندین کەسیان تووسی گیران و زیندان و تەنانەت سێدارەش بوون. پرسی زمان و بووژانەوەی فەرهەنگ و پاراستنی ئایینی کوردانی یارسان لە دەوروبەری قەزوێن و ڕۆژئاوای مازندەران و کەلاردەشت ماوەی یەک دەیەیە زۆر گەشەی کردووە. بەتایبەتی پرسی فێرکاریی زمانی کوردی، بەڕێوەبردنی دابونەریتی کوردی، دابونەریتی ئایینی یاری و فێستیڤاڵ و بۆنەی فەرهەنگی ئێستا لەناویاندا زۆر گەشەی کردووە.

بابەتی کوردناسی، زمان و فەرهەنگ و ئایین و مۆسیقا و گۆرانیی کوردی لەناو کوردانەی ئەم ناوچانە بووەتە بابەتی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانکۆیی خوێندکارانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چەندین کتێب لەمبارەوە بڵاو کراوەتەوە، یەکێک

لەو نووسەر و چالاکانەی لەم بوارەدا کاری کردووە و ئێستاش بەردەوامە. خانەمە نووسەر و هونەرمەند «موژگان کاووسی»یە، کە خۆی کوردی یارسانی کرماشان و دانیشتووی کەلاردەشتە و لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە تووشی گیران، زیندان بووە. بەگشتی پرسی کوردبوون و پاراستنی زمان و فەرهەنگ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکێک لە بابەتە گرنگەکانە و بەتایبەت لەناو ئەو کوردانەی لە جوغرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوورن، دوای شۆڕشی (ژن، ژیان، ئازادی) لە ڕۆژهەڵات و ئێران ئەم پرسە قووڵتر و ڕیشەییتر بووەتەوە و خەڵکیش هۆشیارانە و پێداگرتر لە جاران دەیپارێزان و بایەخی پێ دەدەن و لەڕێگەی زمان و فەرهەنگەوە بەدوای ناسنامەی ونبوو و شێوێندراوی خۆیاندا دەگەڕن.

*** ئەگەر تێبینییەکت لەسەر ئەم تەوەرانە هەیە:**

**پیلانە فەرهەنگییەکانی ئێران بۆ لەخشتەبردنی زمانی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، پرۆژەی چالاکانی فەرهەنگی کورد بۆ پرسی خوێندنی زمانی کوردی لە خوێندنگەکان.؟**

**شەریف فەلاح:** مژاری زمانی کوردی، کە مژارێکی زۆر هەستیار و گرنگە و تەوەرەکان پێکدێن لە پیلانە فەرهەنگییەکانی دەوڵەت بۆ لەخشتەبردنی فەرهەنگی کورد و بەتایبەت زمانی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەروەها تەوەرەی دووەمیش لەسەر ئەو پرۆژەیە دەبێت کە چەند ساڵێکە چالاکیی فەرهەنگی و ئەدەبی و مامۆستایانی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێوەی سەرقاڵن و بۆ جێبەجێ کردنی چلاکی دەکەن.

من پێموایە زمان یەکێک لەکۆڵەگە سەرەکییەکانی سەلماندنی بوونی نەتەوە، زمان هەروەک لە پێناسەکەیدا کە پێناسەیەکی جیهانیی هەیە «رۆحی نەتەوە»یە، چونکە ئەگەر بێت و زمان لە پێناسەکانی دیکەی نەتەوە داببڕێت، ئەوا هیچ شتێکی بۆ گوتن نامێنێتەوە، یەکێک لە سەرەکیترین جیاوازییەکان کە هەر نەتەوەیەک لە نەتەوەیەکی تر جیا دەکاتەوە زمانە، کۆماری ئیسلامیش چاک لەوە دەزانێت کە زمانی کوردی یەکێک لە جەوهەرەکانی نەتەوەی کوردە، بۆیە هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکارییەوە لە ماوەی ٣٧ ساڵی رابردوودا یەکەم سیاسەتی خۆی بۆ لە خشتەبردن و ئاسیمیلەکردن و فەوتاندنی زمانی کوردی داڕشتووە، چونکە کۆماری ئیسلامی دەیەوێ ئایدۆلۆژیای خۆی و نەتەوەی فارس کە دەسەڵاتێکی خۆسەپێنە بەسەر نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا

لە مێشک و ئەندێشە و تێڕوانینی منداڵانی کورددا جێگیر بکات، لەم ڕێگایەشەوە هەموو جەمسەرەکانی کۆمەڵگەی ئێران و بەتایبەت ڕاگەیاندنەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە، هەمووی پاوان کردووە و خستوویەتە ئیختیاری زمانی فارسی.

دارشتنینی چەمکێک بەناوی (ملت ایران) کە لە پێناسەی کۆمەڵناسیدا هیچ واتایەکی نییە بە ناوی میللەتی ئێران، واتە تۆ دەتوانیت بڵێیت (نەتەوەی فارس، نەتەوەی کورد، نەتەوەی ئازەری، نەتەوەی تورک) ناکرێ بڵێی (نەتەوەی ئێران) ناتوانین بڵێین (نەتەوەی عێراق) ئەمە شتێکی داڕێژڕاوی بیر و ئەندێشەی سەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و تەنیا لەلای ئەوان واتای هەیە، دەنا هیچ شوێنێکی دیکە پێناسەی لەم چەشنە نییە.

*** زمان یەکێک لە ئەندامە زۆر گرنگەکانی ژیان، تێڕوانین، ڕوانگە و هەڵسوکەوتەکانی هەر مرۆڤێکە کە یەکێکە لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی تایبەتمەندیی نەتەوەیە، بە دەگمەن کەسێک هەیە، کە بڵێت لە ژیانی ڕۆژانەیەدا لە قسەکردن بە زمانی زگماکی تام و چێژ وەرناگرێ و هەست بەخۆشی و بوونی مرۆڤانەی خۆی ناکات.**

**زمان دەسمایەی فەرهەنگییە، کاتێک باسی پاراستن، پەرەپێدان و بەهێزکردنی دابونەریتی کۆمەڵگەیەک دەکرێت، ئەوە زمانە، کە ڕابردوو و ئێستای ئەو کۆمەڵگەیە بەیەکەوە گرێ دەدات.**

**کەسێک، کە تاکو تەمەنی شەش ساڵان، بە زمانی زگماکی قسەی کردووە و دواتر لە خوێندنگەدا ناچار دەکرێ بە زمانێکی دیکە قسە بکات، بە جۆرێک ئەوە هێرشێکی ناڕەوایە و دژایەتیی تەواوی هەیە لەگەڵ پرەنسیپە مرۆڤایەتییەکان، لەم سۆنگەیەوە زمان چۆن چۆنی دەخەنەڕوو وەک مافێکی سروشتی تاکەکان، هەروەها پەیوەندیی زمان و نەتەوە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**شەریف فەلاح:** ئەمە پرسیارێکی زۆر باسهەڵگرە و دەڕواتە چوارچێوە و خانەی پەروەردەوە، پەروەردە بە واتا مەدەنییەکەی، واتە لە چوارچێوەی سیستمی وڵاتێکدا کە دەبێت هەر نەتەوەیەک، هەر گەل و ئیتنیکێک لەسەر بنەمای مافی ڕەوا و سروشتیی خۆی بە زمانی خۆی بخوێنێت، کە دەبێ خوێندن بە زمانی دایکی و خوێندن بە زمانی کوردی لێک جیا بکەینەوە، خوێندن بە زمانی دایکی ئەو چوارچێوە سیستەمە پەروەردەییە کە دەبێ هەر منداڵێک بە شێوەی خۆڕسک و ئاسایی کە لەدایک دەبێت و دەگاتە قۆناغی پێڕەوکە، واتە لە قۆناغی چوونە ڕەوزە و دایەنگە (مهد کودک) ەوە دەبێ بە زمانی دایکیی خۆی هەموو قۆناغەکانی پەروەردەی پێ فێر بکرێت،

بەڵام لە چوارچێوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، چونکە دەسەڵاتێکی خۆسەپێن و خۆزاڵکەرە و دەیەوێ هەموو ئایدۆلۆژیا و سیاسەتی خۆی لە ڕێگای زمانی فارسییەوە بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا بسەپێنێ و بوونیان بسڕێتەوە.

منداڵ کاتێک هەتاکوو ٦ ساڵی لەنێو بنەماڵەدا بە زمانی دایکی و ڕەسەنی دایک و باوک و نەتەوەکەی خۆی دەدوێت و مامەڵە دەکات، بەڵام کە دەگاتە کاتی دایەنگە و قوتابخانە ڕووبەڕووی پەروەردەیەک و زمانێکی جیاوز لە زمانی دایکی دەبێتەوە و ئەوەش زەربەیەکی گەورەی ڕۆحی و فکرییە کە لە منداڵ دەدرێت، هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی چوونە قوتابخانەیەوە دەبێتە یەکێک لە مۆتەکە و پرسیارەکانی ژیانی پەروەردەی منداڵ.

بۆیە ئێمە دەبینن کاتێک منداڵی نەتەوەیەکی غەیری فارس دەڕواتە قوتابخانە، لە یەکەم ساڵدا ڕووبەڕووی دڵەڕاوکێ و شڵەژان و جۆرێک لە ترس و دوودڵیی سەرتاپاگیر دەبن، ئەوەش هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەو زەربە فکرییە کە پرسیارێکی گەورە لە مێشکیدا دروست دەبێت کە ئاخۆ ئەوە چ زمانێکە، کە من لە ماڵەوە بە زمانی دایک و باوکم قسە دەکەم و ئەو مەکۆیەی کە ناوی دەنێنە ماڵی دووەمی منداڵ چییە لەگەڵی ڕووبەڕوو دەبم، بۆیە یەکەم قۆناغی پەروەردەی منداڵ زەربەی ڕۆحی دەخوات، ئەمە بێگومان لە پەروەردە و لە شێوازی هزر و تێڕوانین و دروستبوونی کەسایەتیی تاکدا کاریگەری دادەنێت و لە داهاتوودا هۆکارەکانی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی منداڵ بێگومان لە سیستەمی پەروەردە و لە سەقەت بوونی منداڵ و بارنەهێنانی منداڵ بە زمانی دایکی خۆی کە مافێکی سەرەتایی هەموو کەسێکە، دەبێتە ئەم پەروەردە سەرەتاییە کە جیاوازە لە فەرهەنگی نەتەوەیی.

من پێم وایە زمان یەکێک لەو فاکتەرانەیە کە لە پێکهاتە دروستکردنی کەسایەتیی تاک و کەسایەتی کۆمەڵایەتی تاکیشدا کاریگەریی ئێگجار زۆری هەیە، بۆیە تۆ ئەگەر بە زمانی دایکی خۆت بخوێنی و قسە بکەیت، بە زمانی دایکی خۆت کاتێک لە لانکەدا راتدەژێنن گڕوگاڵی دایک چەندە کاریگەریی لەسەر پێشکەوتن و بارهێنان و فکرکردنەوەی کەسایەتیتدا هەیە، هێندەش لە دروستکردنی هەستی نەتەوەییدا دەوری هەیە، بۆیە کۆماری ئیسلامیی ئێران ترسێکی یەکجار زۆری هەیە لەوەی کە نەتەوەکانی غەیر لە فارس بە زمانی دایکیی خۆیان بار بهێنرێن، دەبینین لە ئێراندا ساڵانە بە هەزاران سەعات لە هەموو راگەیاندنەکانییەوە بەرنامەی پەروەردەیی بۆ

منداڵان بەرهەم دەهێنرێت بێ ئەوەی یەک سەعات و یەک خولەکی بە زمانی غەیرە فارسی و بۆ منداڵانی غەیر لە فارس بێت، ئەوە چ واتایەکی هەیە؟ ئەوە واتای ئەوەیە کە دەبێ هەموو منداڵانی نەتەوەکانی غەیر لە فارس بێن ئایدۆلۆژیای فارس ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامی فێربن و نەتەوەکانی دیکە مەحکوومن بەوەی کە دەبێ زمانی فارسی فێر بن، چونکە ئێران دەیەوێ زمانی فارسی وەکوو خوای سەر زەمینی ئێران پێناسە بکات و دەیەوێ بە زۆرەملێ بیسەپێنێ بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا، بۆیە پێموایە ئێران تاکو ئێستا بەڕای خۆی سەرکەوتوو بووە، چونکە هەموو جەمسەرەکانی کۆمەڵگەی لە ئیختیار دایە بۆ پەروەردە و بارهێنانی منداڵان.

*** لە ئێران بەپێی ماددەی ١٥ی دەستوور و یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەوەدا زمانی فارسی وەک زمانی فەرمیی وڵات دەستنیشان کراوە، بەڵام کەڵک وەرگرتن لە زمانی دایکی چ وەک گوتنەوە لە خوێندنگەکان و چ وەک بەکارهێنان لە گۆڤار و بڵاوکراوەکان بۆ نەتەوە غەیرە فارسەکان بە حیساب رێگە پێدراوە، ئێوە دۆخی فەرهەنگی و بەتایبەتی زمانی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینن؟ ئایا کۆماری ئیسلامی کاتێک لە یاسادا باسی کردووە، بۆچی بەکردەوە جێبەجێی ناکات؟**

**شەریف فەلاح:** لە پەیوەندی لەگەڵ ماددەی (١٥) یاسای بنەڕەتی واتە ( دەستووری ) ئێران کە دەڵێت هاوکات لەگەڵ زمانی فارسی کە زمانی فەرمی و دەستکرد و دروستکراو داسەپاوی ئێرانە بەسەر نەتەوەکانی تردا ، دەڵێت (اقوام) ی دیکەی ئێرانی مافی خۆیانە کە فەرهەنگ و زمانیان پەرەپێ بدەن، لێرەدا ئاماژە بەوە نەکراوە کە نەتەوەکانی دیکە مافی ئەوەیان هەیە چەشنی زمانی فارسی لە هەموو ئاستەکاندا بخوێنن، یان تەنیا دەتوانن بۆ فێربوون و لەبیرنەچوونەوەی زمانی خۆیان رێنووس و ریزمان و وردە فەرهەنگێک کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەو پێناسەیەی کە خۆی بۆ فەرهەنگ هەیەتی فێر بن.

من پێم وایە هێنانی ئەو ماددەیە لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا هەمووی بۆ چەواشەکاری و رێگومکێ و سەرداپۆشینی کێشە سەرەکییەکانی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێرانە، هەروەها بۆ لەبیربردنەوەی کێشە سەرەکییە سیاسی و نەتەوەییەکانی ئێرانە و بۆ مێژوو سازییە کە ئەگەر بۆ ئەوە نەبوایە دەبوا لە ساڵەکانی یەکەمی هاتنە سەرکاریدا ئەم ماددەیەی یاسای بنەڕەتیدا جێبەجێ کردبایە، من پێم وایە لە بنەڕەتدا دەسەڵاتی ئێران باوەڕی بە شتێک بە ناوی نەتەوەکان و زمانی نەتەوەکان نییە،

پێیان دەڵێ (اقوام) بە زمانەکەشیان دەڵێ زمانە ناوچەییەکان (زبانهای محلی) واتە شێوەزارە ناوچییەکان، ئەوە گەورەترین سووکایەتییە بە نەتەوەکانی دیکەی ئێران.

هەرچەند کۆماری ئیسلامی بە هەموو شێوەیەک لە هەموو ڕێکارێکی دوژمنکاران بۆ لە خشتەبردن و ئاسیمیلەکردنی فەرهەنگی نەتەوایەتی نەتەوەی کورد درێغیی نەکردووە، بەڵام زمانی کوردی خاوەنی گەلێک تایبەتمەندیی ڕێزمانی – ڕێنووس، واتە خاوەن و هەڵگری پاشخانێکی فیکرییە، کە لە ئەندێشەی تاک بە تاکی کورددا بەشێوەیەکی زارەکی ماوەتەوە و جێگیر بووە، ئێمە دەبێ مەدیونی پاشخانێکی دەوڵەمەدنی فەرهەنگی ئەدەبی زارەکی بین کە بەداخەوە هەندێک لە ڕۆشنبیرانی ئێمە ئەمڕۆ تووشی لە خۆنامۆبوون هاتوون، واتە تووشی بە جیهانی بوونێکی سەرلێشێواوی بوون پێیان وایە رابردوو و پاشخانی ئێمە پاشخانێکی دواکەوتوانەیە، هەڵبەت ئەمە بیرۆکەیەکی تەسکی هەندێ کەسە کە تویژاڵی فکرێکی زۆر مەترسیدارە، دەڵین ئەوانەی کە لە ئەندێشەی ئەدەبی زارەکیدا دەژین کەسانێکی دواکەوتوو و رەشۆکی و چەمکێکی ناجێگەوتووی «دێهاتی و زڕە کورد»ن، بەڵام ئەمە لە روانگەی منەوە لە روانگەی کوردەوە هەڵگری واتایەکی زۆر هێمابەخشە، واتایەکی نەتەوەییە، چونکە کورد ئەگەر فەرهەنگی کورد ئێستا بە دەوڵەمەندی ماوەتەوە، بەهۆی تایبەتەندیی ئەدەبی زارەکییە، هەمووی مەدیونی ئەو بەیت و باو و ئەو گۆرانییە لیریک و فۆلکلۆریانەیە، هەمووی هەڵگری زاتی پاشخانی مێژوویی زمانی کوردیە کە پێشینیانمان بۆمانییان بەجێ هێشتووە، بۆیە ئەو پیلانانەی کە کۆماری ئیسلامی بۆ زمانی کوردیی داڕشتووە و نەیهێشتووە لە قوتابخانەکان بخوێندرێن، بەڵام لە ئەندێشەی تاکی کورددا زمانی کوردی هەر هەبووە و هیچ دەوڵەتێک و هیچ حکومەتێکی دیکتاتۆر نەیتوانیوە زمانی کوردی کە شادەمار و ڕۆحی نەتەوەی کوردە لە کورد دابڕێ، بۆیەش ئێستا ماوەتەوە، ئەوەش بەرهەمی رەنج و تێکۆشانی نووسەر و شاعیر و ئەدیبانی پێش ئێمەیە، ئەوانەی لەسەر بنەمای دڵسۆزیی خۆیان و بێ پشتیوانی ناوخۆیی و دەرەکی و تەنیا بە هەست بەرپرسیارێتیکردن زمانی کوردیان تاکوو ئێستا بۆ ئێمە هێشتۆتەوە.

*** لێرەدا بە پێویستی دەزانین کە پێناسەیەکی کورتی ئاسیمیلاسیۆن بکەن؟**

**شەریف فەلاح**: ئاسیمیلاسیۆن، واتە سڕینەوە و داماڵینی نەتەوەیەک لە کولتووری ڕەسەنی خۆی لەسەر دەستی پیلانێکی فەرهەنگیی نەتەوەی باڵادەست، یان حکومەتێکی

دیکتاتۆر، واتە داماڵینی نەتەوەیەک لە هەموو ناسنامە نەتەوایەتییەکانی، لە هەموو ئەو چەمک و توخمە نەتەوایەتی، یان فەرهەنگییانەی کە لەناو زمان و پاشخانی ئەو نەتەوەیەدا هەیە، ئەمە پێی دەڵێن ئاسیمیلاسیۆن واتە داماڵینی فەرهەنگی، واتە نەتەوەی ژێردەست ئەو نەتەوانەی کە لەڕووی کیان و دەسەڵاتی سیاسییەوە لە پەراوێزن، بەڵام خاوەنی پاشخانێکی فەهەنگی و مێژوویین لەسەر دەستی نەتەوەیەکی باڵادەست دەتوێنتەوە و لە ئەنجامی سیاسەتێکی سەربازی و دیکتاتۆری دەچەوسێنەوە و لە شوناسی نەتەوایەتی خۆیان نامۆ دەبن و دوور دەخرێنەوە.

*** وەک دەزانین حەسەن رۆحانی سەرکۆماری پێشووی ئێران، لەمیانەی هەڵبژاردنی سەرکۆماردا یەکێک لەو بانگەشانەی کە باسیان دەکرد، بریتی بوو لە پێدانی هەندێ زیاتر لە مافە نەتەوەییەکان، لەوانەش بایەخدان بە زمانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان، لە کاتێکدا چەند ساڵێک تێپەڕیوە و تەنانەت لە چەند مانگی رابردوودا لە سەردانێکیدا بۆ پارێزگای ورمێ، دیسان جەختی لەوە کردۆتەوە، ئەوە لە کاتێک دایە بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی ورمێ دەڵێ تا ئێستاش هیچ بڕیار، بەخشنامە، یان ڕاسپاردەیەک لەبارەی خوێندن بە زمانی زگماکی لەو پارێزگایە بەوان نەدراوە و هیچ گۆڕانێک لەو بارەوە نەبیندراوە. پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەم دووفاقییە لە گوتاری بەرپرسانی ئێران لەو بارەیەوە چۆن دەبینن؟ سەبارەت بەو هەوڵانەش کە دەگوترێ بۆ قۆناغی ناوەندی وانەی کوردی ئامادە کراوە و ڕێژەیەک خوێندکاری پارێزگای سنە بەشدار بوونە، ئەگەر سەرنجی ئەو هەوڵانەت دابێت پلانێکی ستراتیژیی ئەرێنی بەدی دەکەن، یاخود هەر سیاسەتێکی چەواشەی لە پشتەوەیە؟ پێتان وایە ئەمانەش هەر دەچێتە چوارچێوەی سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنی شۆڤێنیزمی دەسەڵاتدارەوە.»**

**شەریف فەلاح:** سەبارەت بەو پرسیارە کە باس لە گوتاری دەوڵەت دەکات لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بەتایبەت لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کابینەی حەسەن رۆحانی و مژاری خوێندن بە زمانی و کوردی و زمانی نەتەوەکانی ئێران، من پێموایە ئەوە سیاسەتێکی چەواشە و هەڵخەڵەتێنەرانە و دەستە و داوێن بوونە بە نەتەوەکانی دیکەیە، واتە جەوهەری گوتاری دەوڵەت بۆ دەستەوداوێن بوونی نەتەوەکانی دیکە، بەتایبەت نەتەوەی کورد، سیاسەتکردنە بە فەرهەنگ و زمانی کوردی، نەک نیەتێکی خێر کە لە جەوهەر سیاسەتی دەوڵەت بێت بۆ بەجێگەیاندن و خزمەتێک بە زمانی کوردی و نەتەوەکانی دیکەی ئێران، ئەم پرسە هەر لەگەڵ هاتنە سەرکاری رۆحانیدا نەبووە، بەڵکوو هەر ناوەڕاستی دەیەی حەفتای هەتاوی (٩٠ی زایینی) و دوای هاتنە سەرکاری رەوتی بەناو ریفۆرمخواز، پرسێکی گەرمی ناوەندی هەڵبژاردەنەکانی پەرلەمانی ئێران بووە و تا ئێستا بە فەرمی هیچی لێ شین نەبووە.

بەڵێ ڕاست وایە، منیش پێم وایە هەر دەچێتە چوارچێوەی سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن و توانەوەی زمان و فەرهەنگی کوردییەوە، واتە داماڵین و لە خشتەبردن و دابڕینی شوناسی نەتەوەیی کوردییە لە فەرهەنگی بەناو دەوڵەمەند و ڕەسەنی خۆی، چونکە لە بنەڕەتدا دەوڵەت باوەڕی بە شتێک بە ناوی نەتەوە نییە تا باوەڕی بە زمانەکەی هەبێت، ئەمە دوو فاقیەتێکە ئەمە پارادۆکسێکە لە سیاسەتی دەوڵەتدا لە حاڵێکدا بە نەتەوەکان دەڵێی (اقوام) لەلایەکی دیکەوە دەڵێی زمانی کوردی، ئەگەر لە بنەڕەتدا «قەومە» چۆن چۆنی خاوەنی زمانە، لە حاڵێکدا خۆی باوەڕی بە شتێک بە ناوی غەیری نەتەوەی فارس نییە. بۆیە من پێم وایە ئەو سیاسەتەی هەموو کاتێک لە هەڵبژاردنەکاندا گیراوەتە کە بەڵێ ئێمە دەمانەوێ پرسی زمانی کوردی یەکلایی بکەینەوە و دەمانەوێ لە چوارچێوەی سیستەمی پەروەردە و لە زانکۆکاندا بخوێندرێت، ئەمە سیاسەتێکە کە تەنیا دەچێتە خانەی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەوە، دەنا لە جەوهەر و نیەتی خۆیدا شتێکی کردەیی و سیاسەتێکی بنەڕەتی و دۆستانەی ئەوتۆی لەپشتەوە نییە.

هەر هێنانە بەرباسی ئەو بابەتە لە ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی بەملاوە کە دەیانگوت بەڵێ دوو تێرمی ئیختیاری زمانی کوردی لە زانکۆی ئازادی ئیسلامیی سنە دەخوێندرێت، بە باوەڕی من گەورەترین سووکایەتییە بە زمانی کوردی، بۆ؟ لەبەر ئەوەی ئەگەر زمانێک زمان بێت، دەبێ لە چوارچێوەی دەستوور و بەپێی هەموو پێوەرەکانی پەروەردەی سەردەمیانە لە هەموو قۆناغەکان و لە هەموو وانەیەکی دەرسیدا بخوێندرێت، چۆن ئەگەر زمانێک زمانە منداڵێک واتە ٥ ساڵی قۆناغی بنەڕەتی و ٣ ساڵی ناوەندی و ٤ ساڵی دواناوەندی دەخوێنێت کە دەکاتە ١٢ ساڵ، لەم دوازدە ساڵەدا هیچ چەشنە فێربوون و ئاشناییەکی لەگەڵ زمانی خۆیدا نەبێت، کەچی ببێت لە ئاستی زانکۆدا وانەی زمانی کوردی بۆ دابنێیت، ئەمە هەڵگری چ عەقڵیەت و لەخۆگری چ پێوەرێکی پەروەردەییە ؟

لە کام نموونە سیستەمی پەروەردەی دنیادا ئێوە نموونەی لەو چەشنەتان پێ شک دێت؟ ئەگەر سووکایەتی نییە بە نەتەوەی کورد، من پێم وایە نەدەبوو چالاکانی فەرهەنگیی کورد ئەو شتە باوەڕ پێبکەن و باوەڕ بە نییەتی چەواشەی دەوڵەت بێنن.

هەر ئەوکاتەی کە ئەو مژارە لە زانکۆی ئازادی سنە هێنرایە بەرباس، من خۆم یەکێک لە مامۆستایانی زمانی کوردی بووم ساڵی ١٣٧٩ی هەتاوی لە ئەنجومەنی

ئەدەبی مەولەوی کورد لە شاری سنە، ئێمە ٥٣ کچ و کوڕی ڕاهێنەری زمانی کوردی بووین کە لەژێر چاودێری و سەرپەرستیی مامۆستا (شەریف حوسێن پەناهی) خاوەنی کتێبی (ملوانکەی شین) لە دەرەوەی سیستەمی پەروەردەی دەوڵەت هەر تەنیا لە چوارچێوەی کار و چالاکیی ئەنجومەنی ئەدەبیی مەولەوی کورددا دوو هەزار و پێنجسەد ٢٥٠٠ شاگردمان هەبوو، من پێم وایە یەکێک لە باشترین ئەزموونە نافەرمییەکانی فێرکاریی زمانی کوردی بوو، بەڵام لە بەرامبەردا سیستەمەکەی دەوڵەت کە لە زانکۆی ئازادی بوو ٣ مانگ دەوامی نەهێنا و و فەشەلی هێنا، ئەوە چ واتایەک دەگەیەنێ؟ دەوڵەت بەو هەموو بانگەشە و خەرجیی و ئیماکاناتەوە ٣ مانگ دەوامی نەهێنا ، بەڵام دوای ٢٠ ساڵ و ئیستاش ڕەوتی نافەرمیی فێرکاری زمانی کوردی کە بە شێوەیەکی خۆڕسک و لەسەر دەستی چالاکانی فەرهەنگی لە هەموو پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە و بە چڕوپڕتر بەردەوامە و خەریکە ئامانجەکانی خۆی دەپێکێ، ئەم پڕۆژەیەش کە ئیستا پێشکەشی سیستەمی پەروەدەی دەوڵەت کراوە بەرهەمی دەستی چالاکانی فەرهەنگییە کە بە شێوەیەکی خۆرسک بەرهەمیان هێناوە کە پێم وایە ئەوە دەگاتە ئامانج نەک پڕۆژە و سیاسەتەکانی دەوڵەت.

***کێشەی کورد، خوێندنی زمانی کوردییە یان خوێندن بە زمانی زگماکی؟ پێتان وا نییە حکوومەت دەیهەوێ کێشەی ئێمە لەبارەی زمانەوە لە خوێندن بە زمانی دایکی بە خوێندنی زمانی کوردی دابەزێنێت و بەستەسکی بکاتەوە؟ ئەگەر وەک ئێوەش باستان کرد لە ئاستی یاسای بنەڕەتیدا ئەو مافە سەرەکییە پێشێل کراوە، ئێوە چۆنی پێناسە دەکەن؟**

**شەریف فەلاح** : بەڵێ وایە منیش لەو باوەڕەدام جیاوازیی خوێندن بە زمانی دایکی واتە مافە، بەڵام خوێندن بە زمانی کوردی ڕووکەشیانە و بەرتەسک کردنی مافی ڕەوای زمانی و فەرهەنگییە، ئەمە ئەو پێناسەیە هەڵدەگرێ کە حکومەت خۆی بە ئێمە دەڵێ (اقوام) هەروەها بە زمانەکەشمان دەڵێت (زبانهای محلی)، ئەو دەیەوێ بڵێ، ئێوە خاوەنی مافی ڕەوانی فەرهەنگی و زمانی نین و من خێرتان پێ دەکەم و ئێوە خاوەنی ئەو مافە نین و ئەوە سەخاوەت و دەست ئاوەڵایی دەوڵەت و سیاسەتە بەربڵاوەکانییەتی کە بە شێوەی خێر و خێرات بە نەتەوەکانی دیکەی دەکات، دەیهەوێ ئەو سیاسەت و ئایدۆلۆژیایە جێ بخات کە ئێوە بۆ ئەوەی وردە فەرهەنگەکەتان لەناو نەچێ و نەتوێتەوە، ئێمە لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیای خۆماندا ئەم خێرەتان

پێ دەکەین، کە ناوەی دەنێتە (خوێندن بە زمانی کوردی) ئەو واتایە دەگەیەنێت کە خوێندن بە زمانی کوردی تەنیا رێنووس و رێزمانەکەی بە زمانی کوردییە، دەنا ناوەرۆک و ئایدۆلۆژیاکەی هەمان ئایدۆلۆژیا و ناوەرۆکی مێژوو و پاشخانی حکومەت و نەتەوەی باڵادەستی فارسە کە ٢٥٠٠ ساڵە نەتەوەکانی دیکەی ئێران دەچەوسێننەوە، دەنا خوێندن بە زمانی دایکی مافی سروشتی هەموو نەتەوەیەکە، کە دەبێ ئەو پێناسەیە لە ئەقڵیەتی بەڕێوەبەرانی حکومەندا جێگیر بکرێت و دەبێ چالاکانی کورد و رۆشنبیران و مامۆستایانی زمانی کوردی کە ئێستا خاوەندارێتیی فەرهەنگی کوردی دەکەن و دەیانەوێ بناخەی زمانی کوردی و زمانی دایکی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا دابڕێژن، دەبێ ئەم پێناسەیە بە حکومەنی بسەپێنن کە ئێمە خاوەنی مافی بنەڕەتیی خۆمانین، واتە دەبێت زمانی دایکی بخوێنین، نەک خوێندن بە زمانی کوردی کە ڕووکەشیانە بێت و تەنیا بە شێوازێکی وەکوو سەردەمی حکوومەتی (سەدام حوسێن) کە بە ڕواڵەت لە کتێبێکدا زمانی کوردی دەخوێندرا و بە ناو مافی فەرهەنگی درابوو، بەڵام تەنیا رێنووس و رێزمانەکەی کوردی بوو، چونکە ناواخنەکەی هەمووی پێاهەڵدان بە نەتەوەی عەرەب و سەدام حوسێن و حیزبی بەعس و ئایدۆلۆژیا و مێژووی عەرەبی بووە. من پێم وایە نیەت و پرۆژەی حکومەت لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بۆ زمانی کوردی بەدەر نییە لەو نیەتەی کە خۆی دەیەوێ، بەڵام لە نییەتی چالاکانی کورد لەو پرۆژەیەدا هیچ گومانێک نییە کە نیەتێکی خێرە و دڵسۆزانەیە و هەنگاوەکانیان جوانە، لەو باوەڕەدام ئەگەر هەوڵەکانی چالاکوانی فەرهەنگی و زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵات لە دەرەوەی پرۆژەی دەوڵەت بێت، ئامانجەکانی خۆی دەپێکێت.

*** سیاسەتی شۆڤێنیزمی دەوڵەت لە سەردەمی ڕەزا شادا بە سەرکوتی خوێناویی نەتەوە و شوناسە جیاوازەکانی تر دەستی پێکرد، بە هاتنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش درێژە درا بو ڕێبازە خوێناوییە، بەڵام هەرچی پیلانی ڕەش و سیاسەتی زەبر و زەنگە نەیانتوانی زمانی کوردی بسڕنەوە، بۆچی دەبێت لە ئێراندا زمانی فارسی کە وەک بەشێک لە زاراوەی عەرەبی ناوی دەبەن، گرنگی و بەهای پێ بدرێت و زمانی کوردی بەو هەمووە دوڵەمەندییەوە پەراوێز بخرێت و هەوڵی لەناو چوونی بدرێ، ترسە گەورەکەی ئەوان لە چییە؟**

**شەریف فەلاح** : ئەوە پرسێکی مێژووییە و پەیوەندیی بەوەوە نییە کە زمانی کوردی دەوڵەمەندە، یا زمانی فارسی لاوازە، بەڵکوو پەیوەندیی بە دەسەڵاتی

سیاسی و کیانەوە هەیە، پەیوەندی بە دەوڵەت - نەتەوەوە هەیە، هەرچەند فارس خاوەنی دەڵەت بووە و خاوەنی حکوومەت چوارچێوەی دەسەڵاتداری هەیە، بەڵام من پێم وا نییە کە خاوەنی تایبەتمەندیی نەتەوەیی بێت بەو پێوەرانەی کە نەتەوەکانی دیکە هەیانە، بەڵام زۆرن ئەو نەتەوانەی کە لە دنیا خاوەنی حکوومەتن و زمانی گەل و نەتەوەی دیکەیان کردووەتەوە زمانی فەرمیی وڵات، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەوڵەت و چوارچێوەی دەسەڵات و حکومەت چەندە کاریگەریی لە دروستکردنی زماندا هەیە، ئێستا ئەگەر بێت ئەو زمانە تەنیا زارێک، یان بنزارێکیش بێت، ئیستا زمانی فارسی خۆ لەڕووی سینتاکس و فۆرمۆلۆژی و ئاستەکانی زمانناسییەوە خاوەنی هەموو ئەو تایبەتمەندییانە نییە، هەم لە ڕێنووس هەمیش لە ڕێزماندا گەلێک کێشەی هەیە گەلێک کەموکورتی هەیە و بەڵگە زۆرن و ساڵانێکی زۆرە لەبەر ئاشکرا نەبوونی ئەم کێشانە ناوێرن کۆنگرەیەکی زانستی بۆ هەڵسەنگاندنی زمانی فارسی بگرن، بەڵام لە بەرامبەردا زمانی کوردی کەمتر ئەو کێشانەی هەیە.

هەر وەک باسم کرد ئەوە پەیوەندی بە دەسەڵاتداری و حکوومەتەوە هەیە، بۆیە زمانێک، یان شێوەزارێک پەرە دەسێنێت، کە کیانێکی سیاسی و حکومەتێک بە هەموو تایبەتمەندییەکانییەوە لە پشتی بێت و پەرەی پێ بدات، چونکە حکوومەت هەموو ئیمکاناتێکی دەسەڵات دەخاتە ئیختیاری نەتەوەکەی و زمانیش خۆڕسکە و خاوەنی گەلێک تایبەتمەندییە و ڕۆژانە کاری پێ دەکرێت، نەخوازەڵا زمانێکیش کە زمانی دەسەڵات بوو، ئەوا دەبێتە زمانی فەرمی و زمانی ڕۆشنبیری و زمانی داهێنان و خاوەنی ئەو تایبەتمەندییە کە گەشە دەکات و وشەی تازە وەردەگرێت و تایبەتمەندیی تازە وەردەگریت، زمانی فارسیش بەدەر نەبووە لەمانە و لە زمانەکانی کوردی و عەرەبییش زۆر شتی وەرگرتووە و ڕۆشنبیرانی فارسی زۆر زیرەک بوونە زۆر بەتوانا بوونە لە بە موڵکی کردنی ئەو دەستەواژە و وشانە و کردوویانەتە موڵکی زمانی فارسی، توانیویانە گەشەی پێ بدەن و بەداخەوە زۆر بە خراپیان بەکار هێناوە، نەک بۆ خزمەت بە نەتەوەکانی دیکە و تەنانەت بۆ خۆشیان، بەڵکو بۆ چەوساندنەوەی نەتەوەکانی دیکە بەکاریان هێناوە، بێگومان ئەوە تایبەتمەندیی زمانی کوردییە کە لە بەرامبەر ئەم هەموو هێژمۆنەی نەتەوەی فارسی باڵادەست و حکومەتە دیکتاتۆرە یەک لە دوای یەکەکاندا کە ویستویانە بیتوێننەوە و لەناوی ببەن و لە خشتەی بەرن،

بەڵام هێشتا ماوەتەوە، ئەمە سیحرێکە، ئەمە ڕازێکە، خاوەنی گەلێک تایبەتمەندییە کە نەتەوەی باڵادەست (فارس) و حکوومەتیش لێی تێگەیشتووە و لێی دەزانێ بۆیە ڕێگا نادات بە فەرمی بخوێندرێت.

*** پێتان وایە کاریگەریی خوێندنی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لەسەر گەشەی بیری نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی کوردی چۆن دەبێت؟**

**شەریف فەلاح:** هەروەک گوتمان بێگومان خوێندن بە زمانی کوردی کاریگەریی یەکجار زۆری لەسەر دروستکردنی کەسایەتیی تاک هەیە و تاکیش وەک یەکێک لە کەسانی ناو کۆمەڵگە بێگومان کاریگەریی لە فۆرمگرتن و گەشەی هەستی نەتەوەییدا هەیە، بۆیە زمانی کوردی دەتوانێت ئەگەر بە شێوەیەکی فەرمی بخوێندرێت و هەموو منداڵانی کورد پێی بار بهێندرێن، بێگومان لە هەست و ناسنامەی نەتەوەیی و دروستبوونی ناسیۆنالیزمی کوردیدا کاریگەریی یەکجار فراوانی دەبێت، یەکێک لە کێشە گەورەکانی ئێمەی کورد کە ئەمڕۆ هەمانە، لەخۆ نامۆبوونە، واتە خولانەوە لەناو بازنەی ناسنامەدا، یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانمان بەداخەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەمەیە، کە ئێمە لەگەڵ پاشخانی هزری کوردیدا نامۆین و خۆمان نەناسیوە، تۆ سەیری ئەو خۆنەناسینە بکەن ئەم باوەڕ بە خۆنەبوونە بکەن لەناو هزری تاکی کوردیدا بەتایبەت لە پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام لە ساڵانی رابردوودا جێگەی گرتووە و خەڵکی ئەو دەڤەرەی لە ناسنامەی نەتەوایەتی دوور خستووەتەوە.

زیندوو بوونەوەی ئەم پرسە کە زمان دەیرووژێنێ، چونکە لە دەروازەی زمانەوە شوناس بۆ مرۆڤ دروست دەبێت، ماوەی دوو دەیەیە پرسی زمان و گەشەی فەرهەنگی لەو دوو پارێزگایە گرنگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەریکە پەرە دەسێنێت و فۆرم و ئارستەی خۆی دەگرێت.

بۆ سەلماندنی ئەوەش نمونە زۆرن، هەروەک گوتمان یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی مانەوەی زمان و فەرهەنگی کوردی تا ئێستا سەرەڕای ئەو هەموو پیلانانەی حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکان بۆ لەناو بردنی دایانڕشتووە، لەسەر دەستی چالاکوانانی فەرهەنگی و ڕۆشنبیران و ئەدیبان و دڵسۆزانی کورد بووە، چ بەشێوەی (نویسیاری) چ بەشێوەی (زارەکی) ئێستاش بەشێکی زۆر لە هاووڵاتیانی کورد هەر لەژێر کاریگەریی گوتاری زارەکی دان، ئێوە چاو لێ بکەن لە دوو دەیەی

ڕابردوودا شیعری کوردیی بە زارەکانی (لەکی، فەیلی، کەلهوڕی و لوڕی) شانبەشانی شیعری سۆرانی، لە دوو پارێزگای ئیلام و کرماشان پەرەدەسێنێت و خەریکە ڕەوتێک بەناوی ئەدەبی کەلهوڕی، فەیلی و لەکی و.. دروست بووە وە بەسەدان کتێبی شیعری و چیرۆک، ڕۆمان و ئەدەبی منداڵان و لێکۆڵینەوەی فەرهەنگی و گۆڤار بەو زارانە چاپ و بڵاوکراونەتەوە، بێگومان ئەوەش کاریگەریی یەکجار زۆری هەبووە لەسەر هەستی نەتەوایەتی لەم دوو پارێزگایەدا و جۆرێک لە گەڕانەوە و هۆشیاریی نەتەوەیی و زمانی دروست کردووە.

بەپێی ئامارێک کە لەبەردەست دایە لە دوو ساڵی ١٣٩١و١٣٩٢ ڕێژەی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب بە زارە جیاجیاکان لە پارێزگاکانی (کرماشان و ئیلام) کە ئەو هەمووە لە جەمسەری بزووتنەوەی فەرهەنگی و سیاسی دابڕاون دوو بەرامبەر بووە بە بەروردی ڕێژەی واتە چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی بە شێوەزارەی سۆرانی لە دوو پارێزگای سنە و ورمێ، ئەمە جێگای خۆشحاڵییە، ئەمە ئەو پەیامە دەگەیەنێت کە ئاگایی نەتەوەیی، هەستی نەتەوەیی، گەشەی ناسیۆنالیزم لە ڕێگەی زمانەوە لەو دوو پارێزگایەدا لە گەشە دایە، ئەمە دەبێ حزبە سیاسییەکان، ئەو لایەنانەی کە خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن ئەمە بقۆزنەوە، ئەمە پەیامێکی گرنگە کە ئەو دوو پارێزگایە خەریکە شوناسی خۆیان کە ونیان کردبوو لەناو دەیدۆزنەوە، واتە لە خولانەوەی ئەو بازنە بێ شوناسییەدا هاتونەدەر و خەریکن فۆڕم و پێکهاتەیەکی نەتەوەیی کوردی دەگرن، بێگومان هەموو ئەوانە لە ڕێگای زمانەوەیە لە ڕێگای پەروەردەیەکی نا فەرمی لە دەرەوەی سیستمی دەوڵەتەوەیە و ئەو هەموو سیاسەتە (ئاسیمیلاسیۆن) و دژایەتییەی دەوڵەت لەو دوو پارێزگایە بە هەموو شێوازێک جێگیری کردووە دەیەوێ لە بازنەی بزووتنەوەی سیاسی و فەرهەنگیی کورد دایانببڕێت، دیار نەیتوانیوە و نەگەیشتۆتە مەبەست و دەوڵەت لەم پەیامە گەیشتووە، بەڵام هێشتا بزووتنەوە و چەقی بزووتنەوەی کورد لەم پەیامە نەگەیشتووە، ئێمە دەبی خوێندنەوەیەکی دیکەمان بۆ ئەم پەیامە هەبێت، ئەمە پەیامی ڕاسان و پەیامی ڕابوون و زیندووبوونەوەی نەتەوەی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێستا کورد لە بواری فەرهەنگی و لە بواری زمانییدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەردەم قۆناغێکی هۆشیاریی نەتەوەیی دایە، دەبێ پێناسایەکی نوێی بۆ بکرێت، دەبێ چالاکانی فەرهەنگی ئەوانەی کە دەسەڵاتیان بەدەستە و لەناو داوو دەزگاکانی کۆماری ئیسلامی دان لەو ئامرازانە

کەڵک وەرگرن بۆ بەستنەوەی ناسنامەی فەرهەنگی کوردی لەو دوو پارێزگایە بۆ هێنانەوەی بۆ چەقی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان.

*** زمانێک کە لە پێوەندییە کارگێری و فەرمییەکاندا حزووری نەبێت، تا چ ڕادەیەک دەتوانێ زیندوو بمێنێ؟ سەرەڕای نەبوونی لە ناوەندەکانی پەروەردە و زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمی و ڕۆشنبیرییەکان بەگشتی، ئایا هەڕەشەی کوشتنی زمانی کوردی لە ئێراندا هێشتا ماوە؟**

**شەریف فەلاح:** لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا زمانێک کە لە برۆکراسی و پەیوەندییە ئیداری و سیاسییەکاندا نەبێت، هەڕەشە لەسەر زیندەوو مانەوەی هەیە؟ بێگومان هەیە، بەڵام زیاتر هەڕەشەکە لەسەر ئەو نەتەوانەیە کە لاوازن و لەڕووی بەرهەمهێنانی ئەدەبی و هزرییەوە ناچاکا بن، ئەم پرسە بە نیسبەت زمانی کوردییەوە تاقی کراوەتەوە و چەندین جۆر چەواشەکاری و چەندین جۆر سیاسەت و پیلان بۆ لەخشتەبردنی داڕێژراوە، بە نووسراو، بە کوشتن و بڕین و لەناوبردنی نووسەران، بە ڕاوەدونان، بە سڕینەوەی ناوە کوردییەکان و لابردنی ناوە مێژووییەکان، بەڵام زمانی کوردی هەر وەک خۆی ماوەتەوە ، خۆ زمانی کوردی لە ماوەی ٢٥٠٠ ساڵی رابردوودا لە هیچ دام و دەزگایەکی ئیداریی ئێراندا حزووری نەبووە و لە ٣٧ ساڵی کۆماری ئیسلامیشدا نەبووە، ئایا سڕاوەتەوە؟ بێگومان نا، ئەمە پەیوەندیی بە پێگە و قورسایی زمانی کوردییەوە هەیە کە خاوەن ڕیشە و پاشخانی مێژوویی و زارەکییە.

*** لەبارەی دەستەواژەی زمانی ستاندارد و واتاکەی و جیاوازیی لەگەڵ زمانی پێوەر و یەکگرتوو ڕاتان چییە و زمانی پێوەر – هاوبەش چۆن دروست دەبێت و لە چ ئاستگەلێکدا بەکار دەهێنرێت؟**

**شەریف فەلاح:** (زمانی ستانداردی کوردی)، من ئەم چەمکە کە لەباتی زمانی پێوەر- هاوبەش بەکار دەهێنرێت، بەهەڵە دەزانم، چونکە زمانی کوردی خۆی لە خۆیدا زمانێکی ستانداردە، ستاندارد واتە خاوەنی هەموو پێوەر و پێناسە زمانناسییەکانە، واتە لەڕووی مۆرفۆرمۆلۆژی، سینتاکس و هەموو ئاستەکانی زمانەوە فۆرم و قەرارەی داڕێژراوی هەیە، خاوەنی ڕێنووس و ڕێزمانی تایبەت بە خۆیەتی، کەواتە ئەمە پێی دەڵێن ستاندارد، من پێم وایە زمانی کوردی خاوەنی زمانی پێوەر_هاوبەش نییە، واتە هەتا ئێستا لەلایەن ناوەندیکی فەرمی و یاساییەوە یەکێک لە زارەکانی نەکراوەتە زمانی پێوەر و هاوبەش و خاوەنی سیاسەت و دیپلۆماسیی زمانی نین،

تایبەتەمەندییەکانی زمانی پێوەر و هاوبەش کە لە ناو دەوڵەت نەتەوەکاندا هەیە لەم ئاستانەدا بەکار دەهێنرێن، زمانێک کاتێک دەبێتە زمانی پێوەر و فەرمی لە ٣ ئاستدا لەناو دەسەڵات و سیستمی حکوومەتداریدا کاری پێدەکرێت:

**یەکەم**: دەسەڵاتی برۆکراسیی ئیداری، واتە ئەو زمانە لە نامە و نووسینە فەرمییە ئیدارییەکاندا دەبێت بە یەک زمان و شێوەزار بێت کە لە یاسای بنەڕەتی و ناوەندێکی فەرمی زمانناسیدا بڕیاری لسەر درابێت.

**دووەم**: راگەیاندن، مەبەست لە بەکارهێنانی زمانی پێوەر لە ڕاگەیاندن بڵاوکردنەوەی زمانی سیاسی، فەرمی و بڵاوکراوەکانەوە ڕوو بە دونیای دەرەوە، دەنا لە زۆر وڵات جیا لە زمانی فەرمی و پێوەر، شێوەزار و تەنانەت بن زاراوەکانیش بە فراوانی بەکار دەهێنرێن.

**سێیەم**: سیستمی پەروەردە، لە سیستەمی پەروەردەدا دەبێت تێبینیمان بۆی هەبێت، چونکە لەو وڵاتەی کە زمانێک دەبێتە زمانی فەرمی و پێوەر لەوانەیە دەیان زار و بنزاری دیکەش هەبن، دەبێ تێبینیمان بۆ ئەوانەش هەبێت و لە سیستەمی پەروەردەدا بۆ هەرکام لەو شێوەزارانە بە شێوازی رێنووس و ریزمانیان هەبێت و لەبیر نەکرێن، واتە ئەوانەش شێوەزاری ئاخاوتنی خۆیان لە بیرنەکەن، بۆیەش بەمە دەڵێن زمانی پێوەر، واتە لە ئاستەکانی (برۆکراسیی ئیداری، ڕاگەیاندن، سیستمی پەروەردە) کە بە تایبەت لە سیستەمی پەروەردەدا دەبێ یەک زمان بێت و رەچاو بکرێت، سەرەڕای هەموو ئەم تێبینیانە هەڵبژاردن و دیارکردنی یەکێک لە زارەکان وەک زمانی پێوەر و هاوبەش، کاری هیچ لایەنێکی سیاسی و دەسەڵاتدار نییە و کاری زانستیی ناوەندێکی ئەکادیمییە کە هەموو پسپۆران و زمانناسان تێیدا بەشدار بن و بە لە بەرچاوگرتنی هەموو تایبەتمەندییە زمانی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان، بڕیارێک دەدرێت کە بەرەنجامی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی لێ نەکەوێتەوە، چونکە زمان پرسێکی ژیاریی زۆر هەستیارە و ئەگەر خراپ بەکار بهێنرێت، پێچەوانەی کاریگەریی ئەرێنی، دەبێتە هۆی لێکترازانی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی.

**⁕ماوەیەک پێش هاوکات لەگەڵ بەربڵاو بوونی پرسی خوێندن بە زمانی دایکی لە ئاستی ئێراندا، عەلی یونسی راوێژکاری حەسەن روحانی بۆ کاروباری کەمایەتییە نەتەوەییەکان رایگەیاندووە کە «پرسی زمانی دایکی»، خواستێکی گشتیی خەڵکی کوردستان و ئازەربایجان و بەلووچستان نییە و تەنیا داواکارییەکی**

**بەرتەسکی رۆشنبیرانەیە و لەڕاستیدا وتەکانی هاوتەریبە لەگەڵ هەڵوێستەکەی فەرهەنگستانی زمانی فارسی لە دژی خوێندن بە زمانی دایکی. هاوکات لە وتارێکی ماڵپەڕی ئیسنادا، بابەتێک بڵاوکراوتەوە کە تێیدا هاتووە کە «ئێمە بە هیچ شێوەیەک لە ئێران، غەیرە فارسمان نییە و هەموو فارسن و فارسیش بە واتای ئێرانییە». قسە و لێدوانەکانی یونسی، بەڕای ئێوە هەڵقولاوی چین؟**

**گریمان هەموو نەتەوەکانی ئێران بتوانن بە زمانی دایکیی خۆیان لە قوتابخانەدا بخوێنن و بنووسن، ئەمە چ خاڵێکی ئەرێنیی هەیە و ترسی دەوڵەتی ئێران لە چییە کە ئەم ئیجازەیە نادات؟**

**شەریف فەلاح:** سەرەتا من پێم خۆشە لە پەیوەندی لەگەڵ کەسێک وەکوو راوێژکاری سەرکۆماری ئیسلامی ئێران حەسەن رۆحانی کە (عەلی یوونسی)یە ئەگەر چاو لە کارنامەی ئەو کەسە بکەین، دەبێ بزانین کێیە و لەبەرچی ئەو کەسە بەو کارنامە و ڕابردووەوە لەو پۆستە دانراوە، عەلی یوونسی سیمایەکی ئەمنی، هەواڵگری و سەربازیی ناو دەزگاکانی حکومەتە، بۆچی ئەو کەسە بۆ پرسە نەتەوەییەکان دادەنرێت ؟ کە پێی دەڵێن پرسی کەمایەتی نەتەوەیی و (اقوام ایرانی)، ئەوە خۆی لەخۆیدا واتە تێڕوانینی جەوهەری حکومەتە کە بریتییە لە ترس و وەهمێک لە بەرانبەر نەتەوەکانی دیکەی ئێران، هەر دانانی ئەو کەسە خۆی واتە حکومەت هیچ نییەتێکی خێری نییە و هیچ پرسێکی سیاسی و فەرهەنگی نەتەوەکانی ناو ئێران چارەسەر بکات، چ بگات بە پرسی زمانی دایکییان، ئەوەش کە ئایا زمانی دایکی لە ئێراندا لەناو نەتەوەکانی، کورد، عەرەب، بەلووچ، تورکەمەن و ئازەری و... دا بخوێندرێت چ قازانجێکی دەبێ، من پێم وایە بەو جۆرەی کە خودی نەتەوەکان دەیانەوێ قازانجی دەبێ بۆیان، بەڵام ئەو پرۆژەیەی کە حکومەت هەیەتی، نەتەنەیا هیچ قازانجێکی نابێت، بەڵکوو زیاتر دەتوێنەوە و پەراوێز دەخرێن.

لێرەدا گەرەکمە ئاماژە بە خاڵێک بکەم ئەو پڕوپاگەندانەی کە حکومەت و بەتایبەت سیستەمی پەروەردەی لەڕێگای سەرکۆمار و وەزیری پەروەردەوە بانگەشەیان بۆ دەکات، ئەم وەزیرە لە دوایین سەفەریدا بۆ پارێزگای سنە، ئەگەر چاوتان لە ڕووماڵی راگەیاندنەکان کردبێ ئاماژەیەکی زۆر گرنگی تێدایە کە ئەگەر هەر کەسێکی وردبین ئەو هەواڵانە بخوێنێتەوە لە ماڵپەڕەکانی (ئیرنا، ئیسنا و میهر) و هەردوو ماڵپەڕەی (تەسنیم و فارسنیوز)ی سەر بە سوپای پاسداران بڵاو کراونەوەتەوە، ڕێک پێچەوانەی هەموو بانگەشەکانی کۆماری ئیسلامییە، لەوێدا دەڵێ ئێمە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ناوچانەی کە خاوەنی گرفتی دوو زمانن، واتە بێجگە لە

زمانی فارسی زمانێکی دیکەیان هەیە، واتە زمانی ئاخاوتنیان جیایە لە زمانی فارسی، ئەڵێ ئێمە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە کە منداڵان کاتێک دەڕۆنە قوتابخانە و گرفتی دووزمانیان بۆ دروست دەبێت، بوودجەیەکی زیاتریان بۆ تەرخان دەکەین بۆچی؟ ئایا ئەو ئەو بودجەیە بۆچی تەرخان دەکات؟ ئەو دێ لێرەدا شی دەکاتەوە، دەڵێ بۆ ئەوەی گرفتی خوێندنیان لە قوتابخانە بۆ چارەسەر بکرێت، واتە بەرلەوەی بڕۆنە قوتابخانە لە «دایەنگە و ڕەوزەکان» (زمانی شیرینی فارسیی ئێرانیان فێر دەکەین!) واتە دووجار چەوسانەوە، ئەوەش واتە دوورخستنەوەیان بەتەواوی لە کولتوور و فەرهەنگی خۆیان، کە لەڕاستیدا نەتەنیا بە ئاراستەی چارەسەریی کێشەکانە، بەڵکوو قووڵتر کردنەوەی قەیرانەکان و تواندنەوەی زمان و فەرهەنگی نەتەوەکانە لە قاوخی فەرهەنگی بالادەستی دەسەڵاتدا.

*** ئەگەر بمانەوێ لەڕووی کاتەوە لێکی بدەینەوە، بەڕای ئێوە بۆچێ ئێستا دەوڵەت دیسان باسی زمانی کوردی هێناوەتەوە بەرباس؟ واتە گرنگی ئەو پرسە لەڕووی کاتەوە لە چی دایە؟**

**شەریف فەلاح** : ئەم پرسە لەمێژە لەلایەن دەوڵەتەوە وەکوو دروشم و پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بانگەشەی بۆ دەکرێت و دەست و پیوەندییەکانی کە هەمان بەناو ڕیفۆرمخوازانی کوردن لەبەر بەرژەوەندیی تاکەکەسی نانی پێوە دەخۆن و لەڕاستیدا ئاو دەکەنە جۆگەی دوژمن، بەڵام لە ناوەرۆکدا هیچ هەنگاوێکی ئەرێنی بۆ نەهاوێژراوە هەموو کاتێک هەر لە ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوییەوە ئەم پرسەی هێناوەتە بەرباس وەکوو لە پێشتردا باسم کرد، لەو کاتانەی کۆماری ئیسلامی زەخت و گوشارێکی ناوخۆیی و دەرەکی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئێستا چ گوشارەکە فەرهەنگی بێت، یان سیاسی و کۆمەڵایەتی، دیسان دێت بۆ خۆ ئابدەیتکردن و بۆ ڕەوایی بەخشین بە دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکان دێت ئەم مژارانە دەوروژێنێت، و بەتایبەت ئەمەی ئێستا زمانی کوردی ورووژاندوە و بەناو داوای کردووە با چالاکانانی کورد پڕۆژەیەک پێشکەشی وەزارەتی پەروەردە بکەن بۆچی لەناو نەتەوەکانی تردا باسی ناکات، ئامانج و پلانی تایبەتی هەیە، بەڕای من بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە:

هۆکاری یەکەم: بۆ ئەو گوشار و زەختە زۆرەیەوە کە لەلایەن چالاکانی فەرهەنگی کوردەوە بە هەموو توێژەکانەوە، چالاکی فەرهەنگی هەر تەنیا مەبەستم ئەوە نییە کە ئەو کەسانەن کە دیارن و هەوڵ دەدەن لەڕێگای نافەرمییەوە زمانی کوردی لە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێش بخەن، بەڵکوو چالاکانی فەرهەنگی، سەرلەبەری ئەو چالاکانە دەگرێتەوە کە لە بوارەکانی هونەری وەک «شێوەکاری، شانۆ، سینەما، شیعر، ڕۆمان، چیرۆک و هەڵسووڕاوانی کۆمەڵایەتی و مەدەنی.. و لە هەموو ڕەهەندەکاندا چالاکی دەکەن، دەگرێتەوە.

هێژمۆنیی ئەمانە و بەتایبەت ڕێژەی بەرهەم و چاپی ئەدەبیاتی نویسیاری لە دوو دەیەی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕێژەیەکی یەکجار بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمە ترسی لەلای کۆماری ئیسلامی دروست کردووە، فەرهەنگستانی زمانی فارسی وەدەنگ هاتووە، لەڕێگەی ئاگادارکردنەوەی ناوەندە بەناو فەرهەنگییەکان و ئاسایشی بالای نەتەوەیی دەڵێ ئەمە هێڵی سوورە کە نەتەوە کورد دەیبەزێنێ، چونکە لەڕێگای پەرە و گەشەی زمانییەوە دەگاتە شوناسی نەتەوەیی، دەگا بە فۆرمێک کە شعوور و هۆشیاریی نەتەوەیی و خەریکە باڵا دەکات و ئاراستەی جیاواز و قەوارەی خۆی دەبینێتەوە کە جیایە لە ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامی و جیایە لە ئاراستەی ناوەندگەرێتیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی.

بەڕای من هۆکارێکی دیکەی ئەوەی ئێستا زۆر بە چڕوپڕی و بەپەلە خەریکە باسی دەکات، یەکەم ئەوەیە ئێستا لە بەرەبەری هەڵبژاردنی خولی نوێی سەرکۆماری دان و دەیانەوێ هەندێ پڕوپاگەندەی پێوە بکەن و سەرقاڵکردنی جەماوەرە و بۆ گەرمکردنی بازاڕی هەڵبژاردن بۆ دوورخستنەوەی خەڵکە لە بابەتە سەرەکییەکان، لە هەموو گرنگتر شکاندنی ئەو تینیوایەتییەی نەتەوەی کوردە لە زمانی خۆیان و دەیەوێ بە جۆرێک وابنوێنێ کە زمانی کوردی ئەو زمانە جدییە نییە کە خەڵک دەیانەوێ دەیەوێ وابنوێنێ کە ویستی خوێندن بە زمانی دایکی تەنیا ویستێکی ڕۆشنبیرانەیە کە لەلایەن کۆمەڵێک خەڵکی کەمینەوە داوای دەکرێت و ویست و جەماوەر و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی و کوردستان نییە.

لە هەموو گرنگتر ئامانجی ئێران بۆ هێنانەبەرباسی ئەم پرسە لە دۆخی ئێستادا ئەوەیە، دەیهەوێ دیسان هەروەک چۆن لە ساڵانی سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و شۆڕشی گەلانی ئێراندا کاتێک لەگەڵ نوێنەرانی پارتە سیاسییەکان و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورددا دادەنیشت، یەکەم پرسیار کە دەیان کرد ئەوە بوو کە پرۆژەکەتان چییە و با بزانین داوای چی دەکەن؟ ، چیتان ئەوێ با خێرێکتان پێ بکەین، لێرەشدا دیسان پرسیاری ئاوایان لە چالاکوانانی کورد کردووە، فەرموون

ئێوە پرۆژە بدەن بزانین پرۆژەکەتان چییە، بزانین زمانی کوردی ئەو توانانەی هەیە؟ هەرچەند پڕۆژە فەرهەنگی و زمانییەکەی چالاکانی کورد لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و بارهێنانەوە پەسەند دەکرێت، بەڵام کاتێک پرۆژەکە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، کە لەلایەن ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەییەوە پەسەند بکرێت، بۆچی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی؟ دیسان هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕوانگە ئەمنیەتی و سیاسییەی کۆماری ئیسلامی کە بۆ کورد هەیەتی، زمانی کوردی لەلای کۆماری ئیسلامی پرسێکی فەرهەنگی و زمانی و کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکوو، پرسێکی ئەمنیەتی سیاسیە واتە هێڵی سوورە، دیسان دەچێتەوە لای جەنابی(عەلی یونسی) کە پێشتر وەزیری ئیتلاعات بووە، دیسان دەچێتەوە بەردەم بەرپرسی ئاسایشی نەتەوەیی وڵات کە پاسدار (موحسێن ڕەزایی)یە.

هۆکار و ئامانجی دیکە بەڕای من کۆماری ئیسلامی دەیەوێ بیپێکێ، کە لەمێژە تۆوی دووبەرەکێی لە نیوان ئاخێوەرانی زاراوە جیاجیاکانی زمانی کوردیدا چاندووە و دەیهەوێ جیاوازییەکان زەق بکاتەوە و بە گژ یەکیاندا بدات، چونکە زمان کردەیەکی زۆر هەستیار و زۆر ناسکە، کردەیەکی کۆمەڵایەتییە، ئەگەر ئەم چەمکە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ژیارییە جوان بەکار بێت، ئەوا دەبێتە هۆکاری هاوپەیوەندی نەتەوەیی، هاوپەیوەندیی نەتەوەیی بەو واتایەی کە ئەگەر زمان هەموو زارەکانی خۆی بگرێتەوە و هەموو ئاخێوەرانی لەبەر بگرێت و هەموو وەک یەک و مافی یەکسانیان پێ بدەرێت، ئەوا دەبێتە هۆکاری هاوپەیوەندیی نەتەوەیی و هەست و هۆشیاریی و ناسنامە و ڕەگ و ڕیشەی نەتەوەیی بەبێ جیاوازی دانان گەشە دەکات.

لە بەرانبەریشدا ئەگەر خراپ بەکار بێت، دەبێتە هۆکاری لێکترازان، چونکە پرسێکی مەوداسازیشە، پرسێکی مەوداساز بەو واتایەی زمان ئەگەر خراپ بەکار هێنرا و شێوەزارێکت وەلانا و شێوەزارێکت بەسەر ئەوانی تردا زاڵ کرد، لەڕووی پەروەردەیی و ئاخاوتن و راگەیاندنەوە ئەوانی دیکە پەرچەکردارییان دەبێ، دەوڵەت ئەم تووەی وەشاندووە و باش لەوە تێگەیوە کە چ پیلانێک وەڕێ بخات، بۆیە هاتووە لەڕێگەی هەستی ئایینییەوە لە ناوچەکانی کرماشان و ئیلام و هەورامان و کرمانجی سەروو واتە ورمێ ئەم تووەی وەشاندووە، دەیهەوێ بە ئاخێوەرانی تر بسەلمێنێ کە زاری سۆرانی خەریکە ئێوە قووت دەدات و ئێوە خاوەنی زمانێکی جیاوازن، کە وتی ئێوە خاوەنی زمانێکی جیاوازن، واتە نەتەوەیەکی جیاوازن و بە چڕی کار لەسەر

ئەمە دەکات و دەیهەوێ پرسی ناوچەگەرایی و زاراوەگەری زەق بکاتەوە.

دەوڵەت بە ورووژاندنی ئەم باسە دەیەوێ بە هەڵگرانی ئەم پرۆژەیە بسەلمێنێ و بڵێت ئێوە هێشتا خۆتان ساغ نەکردووەتەوە کە کام شێوەزاری زمانی کوردی و کام لقی شێوەزارەکانی زمانی کوردی دەرسی پێ بخویندرێ، دەیەوێ هەستی ئایینی لە کرماشان و ئیلام و هەستی ناوچەیی و هەستی شێوەزاریان بورووژێنێ و پەرچەکردارێک بخاتەڕێ کە ڕووبەڕووی شێوەزاری سۆرانی ببنەوە، کە لێرەدا کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی دروست دەبێت، لێکترازانێکی گەورەیی نەتەوەیی لەنێو کورددا دروس دەبێت، ئەگەر چالاکانی فەرهەنگی کورد وریا نەبن و ئاگاداری ئەم پیلانەی دەوڵەت نەبن، نەتەنیا هەوڵەکانیان بە ئاکام ناگات، بەڵکوو هەوڵە چەواشەکارییەکانی دەوڵەت زیاتر شەق دەخاتە نێو کۆمەڵگەی کوردی و لێکترازانی نەتەوەیی و زمانی دروست دەبێ کە بە ئاسانی چارەسەر نابێت.

هەروەک ئێمە دەزانین لێکترازان و شپرزییەکی زمانی لە باشووری کوردستان هەیە، ئەگەر چالاکانی فەرهەنگی کورد کە هەڵگری ئەم پرۆژەیەن ئەگەر لە مۆدێلی باشوری کوردستان کەڵک وەرگرن بۆ ئەوەی کە دیسان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو مۆدێلی دوو زارییە دووبارە بکەنەوە، مەترسیەکی زۆر دێتە گۆڕێ و دەبێ زۆر بە وریایی و زۆر بە هەستیاری ڕووبەڕووی ئەم پرسە ببنەوە.

*** ئایا پێتان وانییە کە دەوڵەت دەیەوێ زمانی کوردی مۆدیرییەت بکات؟ واتە بۆ ئەوە تێدەکۆشێت ئایدۆلۆژیای خۆی لەڕێگەی زمانی کوردییەوە بخاتە ناخی منداڵانی کوردەوە؟**

**شەریف فەلاح:** پێشتریش هەندێک ئاماژەمان بەم پرسە کرد، بەڵێ وایە دەوڵەت دەیەوێ پرسی فێربوون لەڕێگەی زمانی کوردی، لە پرسی پەروەردە بە زمانی زگماکی جیا بکاتەوە، دەیەوێ بڵێ تەنیا پرسێکی ڕووکەشانەیە و پرسێکە دەیهەوێ ڕێنووس و ڕێزمانیان بە شێوەزاری خۆیان بێت، دەنا ناوەرۆکیان ناوێ، ناوەرۆکی ئەوان هەمان ئایدۆلۆژیای ئێمەیە، بەڵێ ئەوان دەیانەوێ مودیریەتی پرسی زمانی کوردی بکەن، بەڵام ئەم مودیریەتە چەواشەکارییە مودیریەتێکی کوشتنە، مودیریەتێکی لەخشتەبردنە، مودیریەتێکە کە ئێمە ئەزموونمان کردووە، خۆی ئەزمونی کردووە ٣٧ ساڵە کۆماری ئیسلامی لە دامودەزگا و ڕاگەیاندنەکانی خۆیەوە هەر لە ڕادیۆی کرماشانەوە بگرە تا دەنگ و ڕەنگی سنە، مەهاباد، ڕادیۆی کوردیی تاران و بەشی

کوردیی ڕایەڵەی سەحەر و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە ئاسمانییەکان لە سنە، کرماشان و ئیلام و ورمێ و.. ئەمانە شێوەزارەکانی زمانی کوردی بەکار هێناوە بۆ رووماڵی هەواڵەکانی خۆی و باسکردنی هەندێ پرس و چالاکی ڕۆژانەی خۆی لە پارێزگاکانی کوردستانیان هێناوەتە بەرباس، بۆیە نەیویستووە هیچ کاتێک زمانی کوردی بە شێوەیەکی جیددی نیشان بدات.

ئێوە چاو لە ئەو بەرهەمانە بکەن کە کۆماری ئیسلامی لە دەنگ و ڕەنگەکانی خۆیەوە بە زمانی کوردی و شێوەزارە جیاوازەکانەوە بەرهەمی دەهێنێت، هەر لە کەناڵی ئیلامەوە بگرە، کە پار ئێمە بینیمان چ شانۆیەکی سووکایەتی بە کورد دروست کرد کە کورد بە چۆلەکەیەک نیشان دەدات کە بێ ئەقڵە وای دەنوێنێ کە کەسێکی گەمژەیە و خاوەنی هزر نییە، ئەمانە هەڵگری گوتاری ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامین، هەروەها ئەو شانۆیانەی کە لە دەنگ و ڕەنگی سنەوە بڵاو دەبنەوە بە شێوەزارەکانی زمانی کوردی بۆ شانۆیەکی جیدی نین؟ بۆ نایەوێی شانۆیەکی لەڕووی تایبەتمەندییەکانی شانۆییەوە بە شێوەزارێکی کوردی بە ڕێکوپێکی پیشان بدات، هەمیشە ئەو شانۆیانە دەخاتەڕوو کە تیتاڵی و گاڵتەجاڕین، بۆیە دەیەوێ وای بنوێنی کە زمانی کوردی زمانێکی جیدی نییە و تەنیا بۆ گاڵتەکردن و رابواردنی خەڵکی و سەرگەرمیی خەڵک بەکاردێ، ئەمە سووکایەتیە، ئەگەر بچیتە قووڵایی نیەتی دەوڵەتەوە ئەوا دەبینین لە سووکایەتی زیاتر هیچ شتێکیتر زیاتر پێی نییە بۆ زمانی کوردی.

*** هەر وەک دەزانین جوگرافیای ئێران چەند نەتەوەی جیاواز و زمانی جۆراوجۆری تێدایە، بەڵام زمانی فارسی وەکوو زمانی فەرمیی وڵات دیار کراوە،**

**پێوەرەکان و هۆکارەکانی ئەو هەڵبژاردنە چییە؟ هەروەها ناوەندگەرێتیی دەسەڵات و سیستەمی بەڕێوەبەریی وەزارەتی پەروەردە لە ئێران چۆن چۆنییە، ئایا کاریگەریی لەسەر دۆخی زمانی نەتەوەکانی دیکە دەبێت؟**

**شەریف فەلاح:** وایە جوغرافیای ئێران جوغرافیایەیکی فرە نەتەوەیە، دەوڵەت بۆیە ئێستا ئەم پرسەی تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێناوەتە بەرباس بۆچی لە بەلووچستان، بۆچی لە ئەهواز، بۆچی لە پارێزگاکانی دیکەی تورکنشین واتە ئازەری زمان کە زیاتر لە ٤ پارێزگا دەگرێتەوە ئەم پرسەی نەهێناوەتە بەرباس، من لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشووتردا کە بۆچی کۆماری ئیسلامی لەڕووی کاتەوە ئەم پرسەی هێناوەتە بەرباس، لەبیرم چوو ئاماژە بە پرسێکی زۆر گرنگ بکەم، کۆماری

ئیسلامی لەڕووی سیاسیەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زەختێکی یەکجار گەورەی لەسەرە، لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی کردووە بە راسانەوەیەکی نوێ، دەستی داوەتە دیسان خۆ خوێندنەوەیەکی نوێ لە پرسی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وە لەسەر دەستی حیزبی دێموکرات و حزبەکانی دیکە دەیانەوێ پاش ٢٠ ساڵ لە راگرتنی خەباتی چەکداری و پاش ٢٠ ساڵ لە غیاب بوون لەناو چەقی بزووتنەویە کورددا ئێستا دیسان بڕۆنەوە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک یەک بگرنەوە و دیسان گرێدانەوەی خەباتی شار و شاخ هەموو جەمسەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەک بگرێتەوە، کۆماری ئیسلامی بۆ پەرچەکرداری ئەم ڕاسانە دەیەوێ وابنوێنێ پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا پرسێکی وردە فەرهەنگە، بۆیە دەیەوێ خەڵک بەوە سەرگەرم بکات بڵێ بەڵێ کورد مافیان دراوە و هیچ کێشەیەکی سیاسیان نییە و بە زمانی خۆیان دەخوێنن و گۆرانی دەڵێن و هەڵدەپەڕن و زۆر شتی دیکە..هەموو کات کۆماری ئیسلامی بۆ پرسی عەشیرەگەری و بۆ پرسی ناوچەگەریەتی بۆ پرسی وردە فەرهەنگگەلێک کە هیچ گرفتێکی ئەمنیەتی بۆی نییە هێندە خەرج دەکات بەپانەوە خۆی و هەموو دامودەزگاکانی دەخاتە ئیختیاری، ئێوە چاو لە رووماڵی هەواڵەکانی ئەو بەشانە بکەن کە بە کوردی بڵاو دەبنەوە، یا فێستیڤاڵی گۆرەوی بازییە، یا فێستیڤاڵی قەمچانە، یا فێستیڤاڵی یارییە ناوچەییەکان، من ناڵێم ئەمانە گرنگ نین بۆ کورد، بەڵام لە ئەولەویەتدا نین، ئێمە زمانمان لە ئەولەویەتی هەموو شتێک دایە، چونکە ئاگایی و هۆشیاریی نەتەوەیی لە رێگای زمانەوە دروست دەبێت، وەک چۆن دەڵێن زمان رۆحی نەتەوەیە، ئەگەر رۆح لەبەری نەتەوە نەمێنێت، ئیدی نەتەوە مانای نییە، بۆیە ئێمە بەرلە هەموو شتێک دەبێ زمانمان زیندوو بکەینەوە، بەرلە هەموو شتێک دەبێ شعوری نەتەوەییمان لەرێگای پەروەردەیی زمانییەوە باڵا بکات و گەشە بکات هەتا بگات بە هۆشیارییەکی نەتەوەیی تا نەتەوەی باڵادەست نەتوانێت بمانچەوسێنێتەوە، بە چەشنێک تاک لە خۆنامۆبوونە شوناسییە ڕازگاری بێت و بە زمان و ئەندێشەی زگکماکی بیر بکاتەوە.

*** ئایا زمانی کوردی توانیویەتی لە ئاستی ئەو هەڕەشە ستراتیژیکە دوور مەودایەی کە لە چوارچێوەی پیلانی ئاسیمیلەی نەتەوەی باڵادەستدا لەسەریەتی بەرگری بکات و بە جۆرێک رزگاری بێت لە فەوتان؟ ، ئایا لەو لایەنەوە هەوڵی ئەدیب و نووسەران لەلایەک و لەلایەکی ترەوە لایەنە سیاسییەکان چۆن دەبینن؟ لەو**

**پەیوەندییەدا پرۆژەی چالاکوانانی فەرهەنگی کورد بۆ پرسی خوێندنی زمانی کوردی لە خوێندنگەکان لە چ ئاستێکدا دەبینن؟ پرۆژەکانی چالاکوانانی فەرهەنگیی کورد لە ڕۆژهەڵات تا ئێستا چی بووە و چەند قۆناغی بڕیوە؟ ئەرکی چینی نووسەران و شاعیران ڕۆژهەڵات لەم نێوەدا چییە؟**

**شەریف فەلاح**: هەموو ئەو بانگەشانەی بۆ خزمەت بە ئایدۆلۆژیا و بەتایبەت زمانی باڵادەست و کولتووری فارسییە، هەروەک وتم دانانی کەسێکی ئەمنیەتی - سیاسی بۆ پرسی کەمایەتییە نەتەوەییەکان واتاکەی ڕوونە، واتە پرسی نەتەوەکان لە ئێران پرسێکی ئەمنی - سیاسییە و سەربازییە لەلای ئەوان هێڵی سوورە، بۆیە کەسێکیان داناوە کە پێشتر وەزیری ئیتلاعات بووە، ئەمە واتاکەی روونە، بۆیە دەیانەوێ لەرێگای بەکارهێنانی زمانی کوردییەوە خزمەت بە زمانی فارسی بکەن، زمانی فارسیش لە خزمەت ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامی دایە، هەموو پرسێک لە چوارچێوەی ئێراندا لە خزمەت پاراستنی سیستەمی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیە دایە لەمە بەدەر هیچ کەسێکی بۆی گرنگ نییە، تەنانەت ئەوان کەسە نزیکەکانی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی لەلایان گرنگ نەبوو، چونکە بەرژەوەندیی ویلایەت فەقیە دەکەوتە مەترسییەوە.

ئایا زمانی کوردی توانیویەتی لە ژێر سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن خۆی رزگار بکات؟ من پێم وایە تا حەدێکی زۆر بەڵێ، چونکە تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی هەروەک پێشتر باسمان کرد تایبەتمەندیگەلێکی ژیاری و فەرهەنگی و لەڕێگای ئەدەبیاتی زارەکییەوە لە زەین و نەستی کورددا جێگەیان گرتووە، بەڵام کۆماری ئیسلامی لە هەوڵە چەواشەرییەکانی خۆی هەر بەردەوام بووە و لە هیچ پیلانێک درێغیی نەکردووە.

لەو پیلانانەی کە دەوڵەت بۆ سڕینەوەی ناسنامەی ئێمە دایناوە، ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی جەوهەر و ڕەوایی خۆی لە نەبوونی بەرامبەرەکەیدا دەبینێتەوە، واتە سیستەمی دەسەڵات ئەگەر لە بەرامبەری خۆیدا هێژموونییەکی فەرهەنگی و سیاسی و زمانی ببینێت خۆی لە مەترسیدا دەبینێتەوە، بۆیە هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی بیسڕێتەوە، کۆماری ئیسلامی نەهاتووە لە هەر ماڵێک یەک دانە مەئموور دابنێت و بە زەبری شمشێر بیهەوێت زمانی خۆت بەکار بێنێت، ئەو ئیزنی بە من و تۆ داوە زۆر ڕاحەت قسە و ئاخاوتنی ئاسایی رۆژانەی خۆمان دەکەین لەناو کۆڵان، لەناو ماڵان و بازاڕدا ئازدین لەوە، بەڵام هاتووە لەڕێگای ئایدۆلۆژیای راگەیاندنەوە لە ریگای سیستەمی پەروەردەوە فکری من و تۆی بە لاڕێدا بردووە

ئەندێشە و تێڕوانینی من وتۆی بەلاڕێدا بردووە، من و تۆ بە کوردی قسە دەکەین، بەڵام ئەندێشە و بیرکردنەوەمان فارسییە، من و تۆ بە فارسی لێمان دەدەن، بەڵام بە کوردی دەگیرین، کاتی خۆی (ئیبراهیم یوونسی) نووسەری کوردی فارسی نووس دەیوت «مندالانی کورد لە قوتابخانەکانی ئێران بە فارسی لێیان دەدرێت و بە کوردی دەگرین)، ئەمە تراژیدیایەکی زۆر گەورەیە، هەڵگری واتایەکی زۆر قووڵە بۆ؟ چونکە ئێمە تەنانەت بیرکردنەوەمان فارسییە، قسەی ئاخاوتنی رۆژانەمان کوردییەکی تژی لە فارسییە، واتە چۆن دەڵیم فارسییە؟ کوردیە بەڵام شێوازی رێزمانی و دەڕبڕینی و داڕشتنی فارسییە و واتایەکی فارسی و غەیر لە فەرهەنگی من و تۆی تێدایە، ئێمە دەبێ ئەمە نەهێڵین، چۆن دەکرێ ئەمە نەهێڵین؟ تەنیا لەرێگای زمانەوە دەکرێت و دەگەینە ئامانجی خۆمان.

چالاکوانان و رۆشنبیرانی کورد کە ئیستا ئەم پرۆژەیان پێشکەش بە وەزارەتی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی کردووە، تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ ئێستا ئەمە هەر لە دەیەکانی شەستی هەتاوییەوە چالاکانی فەرهەنگی کورد کە بینیان کۆماری ئیسلامی خەریکی سڕینەوەی زمانی کوردی و لەخشتەبردنی فەرهەگی کوردە، بە شێوازێکی خۆڕسک و لە دەرەوەی سیستەمی پەروەردەی ئێران دەستیان کردووە بە چالاکی فەرهەنگی و هەر لە دانانی ئەنجومەنە ئەدەبییەکانەوە لە سالانی ١٣٦٨ەوە بگرە هەتا چالاکییەکانی دیکە، یان دروستبوونی (ناوەندی سەلاحەدینی ئەیووبی) و گۆڤاری سروە لە ورمێ کە مامۆستا هێمن ئەدیب و شاعیری ناسراوی کورد داینا، هەرچەند کۆماری ئیسلامی ئامانجی دیکەی لێ هەبووە و لە کاتی خۆیشی لەلایەن ئەحزابی کوردییەوە بە خراپ لێکدانەوەی بۆ کرا و بە جۆرێک وتیان لە خزمەتی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی دایە، هەرچەند نیەتی کۆماری ئیسلامی ئەوە بوو کە سەرپۆش لەسەر مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی کورد دابنێت، بەڵام زیرەکیی مامۆستا هێمن و ئەو کەسانەی لەگەڵیدا ئیشیان دەکرد (سرووە )بووە دەستپێکی قۆناغێکی گرنگ لە ڕاسانەوە و بووژانەوەی زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

لەڕاستیدا پرۆسەی گۆڤاری (سروە)، دەتوانین وەکوو یەکەم بنەماکانی چەکەرەکردنی زمان، یەکەم بنەماکانی داڕشتنەوەی فەرهەنگی کوردی و دانانی بەردی بناغەی ڕۆژنامەگەریی ئەدەبیی کوردی پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەقەڵەم بدەین. ئەو کارە گرنگەی کە گۆڤاری سرووە

و ئەو پێشمەرگە فەرهەنگییانەی کە لە پشتی بوون و بەڕیوەیان دەبرد، هەموو پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی کردە بلّقی سەرئاو، تەواوی ناوەرۆکی گۆڤاری سرووە بێجگەلە سەروتارەکەی، هەموو لە خزمەتی فەرهەنگ و زمان و ئەدەبی کوردی دایە، ئەگەر رۆژێک بێت و مێژووی ئەدەبیاتی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و هەموو پارچەکانی کوردستان بنوسرێتەوە، بەبێ ناوهێنان و بەبێ ئاماژەکردن بە مێژووی پرشنگداری گۆڤاری سرووە، هیچ واتایەکی نییە.

ئەو قوتابخانەیەی کە سرووە دایمەزراند، پاشان بوو بە هەوێنی دروستبوونی ئەنجومەنە ئەدەبیەکان لە هەموو شار و شارۆچەکەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئێمە پیمان وایە ئەنجومەنە ئەدەبیەکان لەلایەن ئیرشادی کۆماری ئیسلامییەوە بەڕێوە دەچوو، نەخێر تەنیا بە رواڵەت سالآنە مانگانە پەنجا هەزار تمەنیان بە ئەنجومەنە ئەدەبییەکان دەدا کە ئیستاش خەرجی مانگانەی منداڵێک ناکات، ئەو ئەنجومەنانە بە بەرنامەی هەفتانەی خۆیان و بە رێکخستنی کلاسی نافەرمی زمانی کوردی، قوتابخانەی بووژاندنەوەی زمانی کوردیان لە رۆژهەڵات دامەزراند، دەیان و سەدان چالاکی فەرهەنگی و ئەدیب پێگەیشتن کە هەموویان قوتابی و شاگردی ئەنجومەنەکانن و ئیستا لە کەڵە نووسەرانی کوردن و هاوکات چالاکی سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتی لەناو جەرگەی ئەنجومەنە ئەدەبییەکانەوە سەریان هەڵداوە.

بۆیە من پیم وایە ئەو ڕەوتە خۆڕسکە ئاساییەی کەلە دەرەوەی سیستەمی کۆماری ئیسلامی بۆ خزمەت بە زمانی کوردی دروست بووە، بەرهەمی ٣٧ ساڵ خزمەتی هەموو چالاکانی فەرهەنگییە، نەک خزمەت و هەوڵی چەند کەسێک کە تەنیا بە ڕەجی سەرشان و بە شانازی ئەوانی بزانین، دیارە هەوڵ و ماندبوونی هەموو کەسێک جیگای پێزانین و رێزە، بەڵام ئەم پرۆسەیە زەحتێکی ٣٧ ساڵەیە کە لەسەر کۆماری ئیسلامی هەبووە کە ئیستا خەریکە دەگاتە بەرهەم، ئەو کەسانەی ئەم پرۆژەکەیان دارشتووە و من دەیانناسم و لە دڵسۆزییان لە توانایی و لە نیەتی خێریان هیچ شک و گومانێک نییە، لە بەرامبەردا نییەتی کۆماری ئیسلامی شەقکردنی زمانی کوردییە، من پێم وایە ئەوان سەرەنجام ئەم پرۆژەیە دەڕواتە لای ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی و لەوێدا بە ناقازی و بە بەرتەسک کردنەوەی پەسەند دەکرێت و زۆر خاڵی گرنگی لێ لادەبرێت و ناوەرۆکەکەی دەبێتە ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامی، و بەشێکی زۆر بەرتەسکی دەبێتە مێژووی ئەدەبی کوردی کە ئەویش لە ژیاننامەی شاعیرەکان زیاتر تیناپەڕێت.

ئەوانەی کە من دەیڵێم ئەوە تێگەیشتن و تێڕوانینی منە و نابێ بە شێوازێکی موتڵەق چاوی لێ بکرێ، ڕەنگە من کە ١٥ ساڵە لەو کۆمەڵگایە دوورم و نازانم، یا خوێندنەوەی من خراپە بۆ کۆماری ئیسلامی، یان ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، بۆیە من هیوادارم بەهەڵەدا چووبێتم، هیوادارم نییەتی کۆماری ئیسلامی خێر بێت، بەڵام ئەوەی من تا ئێستا بینیومە و تێگەیشتبێتم تێڕاوانین و ئایدیای سەرانی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت زمانی و فەرهەنگی کوردی هێڵی سوورە، نییەتی تەنیا شەقکردنی کۆمەڵگای کوردییە و لێکترازانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییە، بۆچی ئێستا لە پێنج پارێزگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا لە پارێزگای سنە پرسی زمانی کوردی هێناوەتە بەرباس، ئەمە ناوەڕۆکی ئامانجە سەرەکییەکەی ئێرانە کە من دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم.

هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە فکرێکی لەناو جوغرافیای سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێخستووە، کە دەڵێ (ئوستانی کوردستان)، مەبەستی ئەوەیە کە چوار پارێزگاکەی تر (کرماشان، ئیلام، ورمێ و لوڕستان) واتە چوار پارێزگای گەورەی کوردستان پێیان بڵێی (مناطق کردنشین) واتە ناوچەگەلێکن کە کورد تێیدا نیشتەجێبوونە و لە بنەڕەتدا خاک و موڵکی کورد نین، لە ڕوانگەی ئێرانەوە تەنیا ئەو شوێنەی کە هەمووی کوردە تەنیا پارێزگای( کوردستان)ە کە ئێمە پێی دەڵێین (سنە)، هێنانە بەرباسی ئەو باسە تەنیا لەو پارێزگایە جەوهەر نییەتی کۆماری ئیسلامیە و دەیهەوێ تۆوی دووبەرەکی لە نیوان ناوچەکانی دیکە و پارێزگای سنەدا دروست بکات، واتە کێشەی جیاوازی و شیوەزارە ناوچەییەکان، هەروەها پرسی جیاوازی دینی بورووژێنێ، دەیهەوێ لێرەوە بگات بەو مەبەستەی خۆی کە هەمان بە ئەنجام نەگەیشتنی پرسی زمانی کوردیە، لەسەرووی هەموویەوە دەیهەوێ بیروڕای گشتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەلاڕێدا بەرێت، دووریان بخاتەوە لە جەمسەری کێشە سیاسی و نەتەوەییەکان کە کە ئامانجی سەرەکیی کوردە، کە ئێمە نەتەوەیەکی جیاوازین لە نەتەوەی فارس.

***کەواتە ئەو هەوڵانە دەتوانن ئەڵتەرناتیڤێکی گونجاو بن لەبەردەم هەڕەشەی سیاسەتی شۆڤینیزمانەی حکوومەتی ئێران؟**

**شەریف فەلاح:** بێگومان وایە هەوڵێکی گونجاو دەبن، چونکە کۆماری ئیسلامی

هەروەک لە جەوهەریدا دیارە هەتا زەختی لەسەر نەبێت، تاکوو هەست بەوە نەکات لەلایەن نەتەوەیەکی دیکەوە هەڕەشەیەک رووبەڕووی ئەمنیەت و ئاسایشی نەتەوەیی نەبێتەوە، دەست ناداتە چالاکی و پەرچەکردار، بێگومان پەرچەکردارەکانی کۆماری ئیسلامییش بە نیەتی چارەسەر و ڕیشەکیش کردنی کێشە و ئاستەنگەکان نین، بەڵکوو پەرچەکردارەکەی ئەو پەرچەکردارێکی هەڕەشە ئامێزە و دەیەوێ بە شێوازێکی نەرم ئامێری و چەواشەکاران و سیاسیانە و بەهەمان توانایی زمانی و فەرهەنگی نەتەوەکانی دیکە لەناو فەرهەنگی زاڵدا بتوێنێتەوە، کۆماری ئیسلامی دەیەوێ لە ڕێگای ورووژاندنی هەستی زمانی و نەتەوەیی کوردەوە هەوڵەکانی چالاکانی فەرهەنگی کورد دابمرکێنێتەوە، بڕوانن دانانی بەشی کوردیی هەوڵدەریی (میهر)، دانانی بەشی کوردیی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی لە تاران و لە ڕایەڵگەی سەحەر سایتێکیان هەیە کە هەمووی کوردیە، بەڵام زۆر بەدەگمەن دەبینی ناوەرۆکی هەواڵ و چالاکی و بابەتەکانیان پەیوەندیی بە کوردی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەبێت، سەرلەبەری ئایدۆلۆژیای حکوومەت و چالاکیی رۆتینی ڕۆژانەی کۆماری ئیسلامییە، ئەو دەیەوێ بڵێ بەڵێ زمانی کوردی لە ئێران ئازادە و بەکار دەهێنرێت، بەڵام زمانی کوردی چۆن بەکار دێت و لە بەرژەوەندیی ئایدۆلۆژیای کێ دایە، ئایا زمانی کوردی نەکراوەتەوە ئامراز؟ بێگومان کراوەتە ئامراز، ئێران دەیهەوێ وابنوێنێ هەستی من و تۆ کە هەستێکی تینوویە لە فەرهەنگ و زمانی خۆمان وشکی بکات، ئەو دەیهەوێ ئەو هەست و تینوێتی و کانیاوە کە لەمێژە خەریکە بتەقێتەوە کە کانیاوی تینوێتیی زمانی کوردییە، سەرچاوەکەی وشک بکات و نەهێڵێت کانیاوەکە بگاتە ئاقار و بیابانی ویشکەڕۆی تینووی جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەیهەوێ بیکاتە زنە، زنەش ناگاتە بیابان، بێگومان وشک دەبێت، ئامانجی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە و ئامانجی چەند ساڵی رابردووی هەر ئەوە بووە.

کۆماری ئیسلامی لە زمانی کوردی دەترسێ لە گەشەکردنی دەترسێ، چونکە وشیاریی نەتەوەیی گەشە دەکات، تاکی کورد شوناسی خۆی لەناو زماندا دەبینیتەوە، کە شوناسی خۆیشی بینییەوە، ئیدی لەناو بازنەی بێ شوناسیدا رزگاری دەبێت، ئەگەر ڕزگاریشی بووە، بێگومان نا بە کۆماری ئیسلامی دەڵێ، بۆیە هەیمشە هەوڵەکانی چەواشەکارانە، پیلانگێڕانە بووە، کاتێک دێت لە زانکۆی ئازادیی ئیسلامی سنە دوو واحیدی ئیختیاری دانا و پاش سێ مانگ فەشەلی هێنا، ئەمە سووکایەتییە ئەگەر زمان زمانە بۆ دەبێ بڵێی ئیختیاری بێت؟، ئەگەر مافە، ئەگەر زمانە، زمانە

دەبێ لە قۆناغەکانی سەرەتایی خوێندنەوە بخوێندرێت، بە شێوازکی فەرمی، نەک لە ئاستی باڵای زانکۆدا، قوتابی ١٦ ساڵ دەخوێنێت، لەگەڵ زمانی فەرەنسی، ئینگلیزی و فارسی.. ئاشنا دەبێت، بێجگەلە زمانەکەی خۆی نەبێ، ئەمە سووکایەتییەکی گەورەیە، نابێ کورد ئەمە قبووڵ بکات، دەبێ وەک ماف داوای بکات، وەکوو مافی سەرەتایی و سروشتی داوای بکات نەک وەکوو خێر و خێرات.

*** ئەرکی ڕۆشنبیران، زمانزانان و بەگشتی حیزبە کوردییەکان چییە؟ دەبێت چی بکەین ئەوەی لە خوێندنگەی ئێراندا بە منداڵەکانمان دەگوترێ و چۆن لە مێشکیاندا دەریبێنینەوە و دیسان شتی تریان پێ بڵێینەوە و تێیان بگەیەنین؟ بەگشتی ئەو هەنگاوە نزیک مەوداو و دوورمەودایانەی کە پێویستە لەو بارەوە بنرێن چین؟**

**بێگومان خوێندنی زمانی دایکی لە قوتابخانە یەکێک لە ڕێکارە کاریگەرەکانە، بەڵام ئێستا کە سیستەمی سیاسیی ئێران ئەو دەرفەتەی نەداوە، لە چ ڕێگا و ڕێکارێکەوە دەتوانین زمانی کوردی بپارێزین؟**

**شەریف فەلاح:** ئەوەی کە ئەرکی ڕۆشنبیران و پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردسستان چییە، پێم وایە دوو شتی لێک جیاوازن، یەکەم ئەرکی ڕۆشنبیرانی کورد ئەوەیە لە دەرەوەی پارتە سیاسییەکانە لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەحزابی سیاسییە، چونکە ئەمە خاوەنی باکگراوەندێکی مێژووییە، لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بە هەموو مێژووی کورددا بگەڕێت هیچ میرنیشنێک هیچ دەسەڵاتێکی ناوچەیی، هیچ حکوومەتێکی کوردی کۆماری کوردستان لێ بەدەر، کە ئەو هەڵگری گوتارێکی فەرهەنگی بوو چونکە دامەزرێنەرانی کەسانی فەرهەنگی و زمانەوان و ئەدیب و نووسەر و فەرهەنگی و هەڵگری ئایدیا و خوێندنەوەیەکی فەرهەنگی بوون، هیچ دەسەڵاتێکی ناوچەیی و هیچ میرنیشینێک هەڵگری گوتارێکی فەرهەنگی و زمانی نەبووە، هەموویان لە پەرچەکرداری زوڵم و زۆرەوە دروست بوون و ویستوویانە کیانی سیاسی دروست بکەن، بەڵام خاوەنی گوتاری فەرهەنگی نەبوون، بۆیە ئێستاش ئەحزابی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیارە لە بەرنامە و پێڕەویاندا خاوەنی بەرنامەی فەرهەنگی هەن، بەڵام بەو شێوازە کە دەبێ کاری فەرهەنگیان لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەکردووە، ئەمەش خۆی هۆکاری زۆرە بەهۆی دووربوونیانە لە خودی جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئاخۆ ئەرکی سەرەکیی ئەحزابی کوردی چییە؟ لێرەدا دەبێ ڕۆشنگەری بکەن، ئەحزابی کوردی دەبێ لە ڕێگای ڕاگەیاندنەکانیانەوە هەموو ئەو سیاسەتە

دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی کە بۆ ئاسیمیلەکردنی زمان و فەرهەنگی ئەدەبی کودی لە ڕێگای ئایدۆلۆژیای خۆیەوە لەناو سیستەمی پەروەردەدا لە مێشکی منداڵانی کورددا دەچەسپێنێ، بسڕنەوە و لەقاوی بدەن، لەڕێگای جۆراوجۆرە ناوەرۆکی ئامجی پشتی پەردەی سیاسەتەکانی بۆ خەڵک ڕوون بکەنەوە، رۆشنگەری بۆ کورد بکەن و بەتایبەت رۆشنبیرانی کورد لە ناوخۆ دەبێ بە درێژەدان بە رەوتی فێرکاری لە دەرەوەی سیستەمی کۆماری ئیسلامی هەروەک تاکوو ئێستا ٣٧ ساڵە ئەنجامیان داوە، من پێم وایە ئەو رەوت و پرۆسە ئاساییەی خۆیان بپێون زۆر بەنرخ و زۆر کاریگەرتر دەبن، هەروەک تاکوو ئێستا کاریگەر بوون، هیچ ئیمکانیات و پێویستییەک و هیچ ناوەندێکی فەرهەنگی کۆماری ئیسلامی خزمەت بە چالاکانی کورد ناکات.

*__تێبینی__: بەشێک لەم وتووێژە لە لایەن ژووری ڕۆژەڤ لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تێلێگرام سازدراوە، کاک شەریف فەلاح دوای داڕشتنەوەی بۆ گۆڤارەکەمانی نارد، ئێمەش وەک گۆڤاری زمان و زار دوای پێداچوونەوەو داڕشتنەوە و ئیزافەکردنی چەند پرسیارێکیتر بڕیاری بڵاوکردنەوەمان دا.

# تێبینی لەسەر
# شێوەزاری گۆران یان هەورامی

■ موحەمەد ڕەشیدی ئەمینی

لەمێژە وشەی گۆران بۆتە داڵغەی ژیان و مەشغەڵەی بیر و هۆشم، لە هەرشوێنی چاوم بەو وشەیە دەکەوت بە خۆم دەگوت: ئەگەر هەورامییەکان گۆران بن، ئەی عەشیرەتی گۆرانی سەر بە ناوچەی کرماشان کێن؟

ئەگەر ئەو دووانەش یەک تیرەن بۆچی لە باری زارەوە یان دیالێکتەکانی زمانی کوردییەوە بە دوو شێوەی جیاواز دەدوێن، کە هەتا هەندێکیان لە یەکتر تێناگەن .

لە هیچ نووسراو و سەرچاوەیەکیشدا بە جوانی ڕوون نەکراوەتەوە کە گۆرانەکان کێن و سەر بە کام تیرەی سەرەکی میللەتی کوردن. ئایا هەورامییەکان بەشێک لە گۆرانن یان نا؟

لە لایەکی دیکەشەوە زۆربەی ئەو نووسەرانەی کە ئاماژەیان بە وشەی گۆران کردووە، بێ سێ و دوو دەستیان ناوەتە سەر مێژووی شەرەفخانی بەدلیسی کە میللەتی کوردی بەم شێوەیە کردووە بە چوار بەشەوە (کرمانج، لوڕ، کەڵهوڕ و گۆران).

کاتێ باسی دابەشکردنی شێوەزارەکان دێتە ئاراوە، دەبێ دابەشکەر بە جوانی و شارەزایی لەسەر تەواوی شێوەزارەکان و جیاوازییەکانیان هەبێ .

بە ڕواڵەتێکی زانستییانە بۆم ڕوون نەبۆتەوە، ئایا لە کاتی نووسینی شەرەفنامەدا گۆرانەکانی ئەمڕۆی ناوچەی کرماشان، هەورامی بوون و بە شێوەزاری هەورامی دواون یان نا؟ جێگای دڕدۆنگی و گومانیشە کە وا بووبێ، لە بەر ئەوەی هەورامییەکان بۆ هەرشوێنێ چووبن یان ڕاگوێزرابنەتەوە هیچ کاتێ شێوەزارەکەی خۆیانیان لە بیر نەبردۆتەوە. وێنەیشی هۆزەکانی کەنوڵەیی، شەبەکەکانی موسڵ، عەبدولمەلەکییەکانی باکووری ئێران، چەند گوند لە ناوچەی بێجار، زەنگەنەیەکانی سەر بە قەزای کەرکوک و... ئەگەر هەموو ئەوانەیش بە هەورامی نەزانین ئەوا شێوەی دیالۆگیان لەیەکەوە زۆر نزیکە.

پێش ئەوەی کەسێ تاوانبار بکەین، یان دەستی ڕەتکردنەوە بەو بۆچوونانەوە بنێین، با بزانین ئەوەی ئەمڕۆ بە ناوی عەشیرەت یان هۆزی گۆران دەناسرێن، کێن و سەر بە کام تیرەی سەرەکی میللەتی کوردن؟

مامۆستا مەردۆخ لە مێژووی کورد و کوردستاندا دەڵێت: عەشیرەتی گۆران نزیک بە شەشهەزار ماڵبات یان بنەماڵەیە و لە خۆرئاوای کرماشاندا ئەژین، کە دەبنە **شەشهۆز:** قەڵخانی، بیبیانی، نیریژی، گەهوارەیی، کانیزەنجیری و ڕێزەهۆیی.

شوێنی ژینگەی ئەم هۆزانەش لە نێوان کرماشان، کرند، شاباد، سەلاسوباواجانیدایە. ئەم عەشیرەتە هەر لە کۆنەوە بە دیالۆگی (ئەڕائەڕا) کە سەر بە شێوەزاری کەڵهوڕ و لەکیی دەدوێن، لە کاتی دابەشکردنیشدا دەچنە ئەو خانەیەوە.

هەتا هەندێ لە لێکۆڵەران و نووسەرانی ناوخۆ و دەرەوەش، لە پاڵ ئەوەیدا گۆران و هەورامییەکان بە یەک دەزانن، نەیانتوانیوە لەو ڕاستییەی خۆیان لادەن، کە ژینگەی عەشیرەتی گۆران لە کوێدایە و سەر بە کام تیرەی سەرەکین لە ڕووی دابەشکردنی شێوەزارەکانی کوردیدا .

**ڕولنیسون دەڵێت**: لە نزیکی مایەشتدا کوردانێ دەژین کە سەر بە عەشیرەتی گۆرانن. (کتێبی کوردانی گۆران لاپەڕەی ٨٩) هەر ئەو سەرچاوەیە لە زمانی ڕۆییووە دەڵێت: زۆربەی هۆزەکانیتری باشووری کوردستان بە شێوەی گشتی پێیان دەوترێ لەک .

مامۆستا موحەمەد عەلی سولتانی لە کتێبی ئەیلات و هۆزەکانی کرماشاندا دەڵێت: کاکڵەی بناغەی گۆران لایەنگری ئایینی (ئەهلی هەق)ن کە بە شێوەزاری کەڵهوڕی کە تایبەتی ناوچەی گۆرانە دەدوێن.

مینورسکی لە وتاری لێکدانەوەی خۆرهەڵاتی دووردا دەڵێت: هۆزیان تیرەی زەنگەنە بێ سێ و دوو هۆزێکی کورد و زۆربەیان پەیڕەوی مەزهەبی عەلیۆڵاهین.

مامۆستا تەوفیق وەهبی دەڵێت: دانیشتوانی باریکەی ڕەبات تا خانەقین تێکەڵاوییێکن لە گۆران و کەڵهوڕ. (کتێبی کوردانی گۆران).

ئا. ئارلۆف لە جەستارها، یان بە شوێنا گەڕان و لێکدانەوەی سەرزەوینی خۆرهەڵاتدا دەڵێت: هۆزی گۆرانەکان بریتین لە کەڵخانی، تفنگی، بیبیانی، نرجەکانی و قادرمیروەیسی.

**عەلی ڕەزمئارا**: لە کتێبی جوگرافیای ئێران بەرگی پێنجەمدا دەڵێت: گۆران یەکێ لە بەشەکانی سەر بە شارستانی شابادە کە شوێنی جوگرافیایی بەم شێوەیە، لە باکوورەوە تا گەورەدێی سەنجاوی و ناوچەی وەڵەدبەگی و باواجانی، لە خۆرهەڵاتەوە دووبارە بەشی لە سنجاوی و باوەندپووری و شاباد، لە باشوور و خۆرئاواوە، بە ناوەندی کرند و پشت تەنگی ئەژدەها دیاری کردوە.

لەم بۆچوونانەدا زۆر شتمان بۆ دەردەکەوێ. یەکەم: ئەوەیە کە جوگرافیای ژینگەی عەشیرەتی گۆران لەکویدایە. دووهەم: بە یەک زانینی عەشیرەتی گۆران و هەورامی. سێیەم: بە یەک زانینی شێوەزاری کەڵهوڕ و گۆران، کە وا دەزانم تەواوی

ئەو تێکەڵکردنانە بەو شێوەیە دەبێ لە ڕووی بەستی ئاگادارییەوە سەیران بکرێت.

ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە بە ناوی هەورامی و گۆران دەیانناسین لە دابەشکردنی زاراوەکاندا دەبێ بچنە دوو خانەی جیاوازەوە. لە بەر ئەوەی ئەو عەشیرەتەی ئەمڕۆ ئێمە بە ناوی گۆران دەناسرێن، ژینگەی جوگرافییان دیارکراو. چەند هۆزێکن و لە ناوچەکانی گەهوارە و کۆزەراند دەژین و شێوەی دیالۆگ و قسەکردنیشیان (ئەڕائەڕا)یە، کە دەچێتەوە سەر بەشی کەڵهوڕی نە هەورامی .

ئەگەر چی ئەکرێ لە ڕوانگەیتریشەوە سەیری ئەو ڕووداوە بکەین و ئەوانیش سەر بە شێوەزاری هەورامی بزانین، بەڵام ئەوەی دەچێتەوە بۆ دەورانێکی زۆر کۆن و بناغەی جیابوونەوەی زمانی کوردی و فارسی. هەرچەندە دوایی ئاماژە بە هەندێ لەو بەڵگە و بۆچوونانەش دەکەین. ئەو زاراوەش (ئەڕائەڕا) لە ڕابردوودا نووسراوە، یان تێکستی وای نەبووە کە بتوانی بەشی باشووری کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی خۆی بگرێت. تەواوی ئەو نووسەرانەی کە باسی دەسەڵاتی شێوەزاری گۆرانەکانیان لە باشووری کوردستان کردووە، ئەو تێکست و نووسراوانەیان خستونەتە بەر دەست کە بە شێوەزاری هەورامی نووسراون. هەڵبەتە هیچ تاوانێ نادرێتە پاڵ ئەو نووسەرانە، بەو هۆیەوە ئەوان هەموویان بە گۆران داناون، بۆ وێنە: ئۆسکارمان، لە بەرهەمی گۆراندا دەڵێت: شێوەزاری گۆران زمانێکی سەربەخۆیە و پێکهاتووە لە شێوەزارەکانی هەورامی، کەنووڵەیی، باجەلانی، ڕێژاوی، بیوەنجی و گاوارەیی. ئەگەر چی ئۆسکارمانیش لێرەدا وەک هەندێ نووسەر کە شێوەزاری گۆران یان هەورامیان بە زمان داناوە، کە ئەوەش خۆی لە خۆیدا جێی باس و لێکۆڵینەوەیە. پاشان ئاماژەیەکی کورتیش بەو دەکەین، لە پاڵ ئەوەشدا زۆری لە هۆزەکانی باشووری کوردستانی سەر بە شێوەزاری گۆران داناوە.

لە کتێبی کوردانی گۆران لە زمانی ڕۆژهەڵاتناسی فەرانسییەوە دەگێڕێتەوە: لە کاتی خۆیدا «هیووئار، نووسخەیەکی خەتی بە زمانی گۆرانی لە گەنجینەی ئەیاسوفی دەست ئەکەوێ بە ناوی مەنزوومە یان داستانی مەنیژە و بیژەن» کە دەڵێ: بە شێوەزاری گۆرانی نووسراوە. هەتا مامۆستا موکریش کە ئەو مەنزوومەیە بە چاپ گەیاندووە لە پێشەکییەکەیدا ئاماژە بە شێوەزاری گۆران دەکات. دیارە ئەو مەنزوومەیەش بە شێوەزاری هەورامی نووسراوە و من بەش بە حاڵی خۆم ئەو نووسخەیشم لایە .

هەمان سەرچاوە لە زمانی (ابن‌الفلاح) کوڕی فەلاحەوە دەیگێڕێتەوە کە: لە ناوچەی شارەزور تا هەمەدان کە سەراسەری بەشەکانی باشووری کوردستانی ئەمڕۆی ئێرانە بە تایبەت ناوەندی کرماشان و ئەردەڵان، ژینگەی عەشیرەتی گۆرانە.

مینورسکی لە وتاری سنەدا دەڵێت: شێوەزاری هەورامانی لە شێوەزارەکانی ناوەندی ئێران نزیکە. پاشان پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ و دەڵێت: لە شێوەزاری هاوسێکانیدا بە تایبەت گۆرانەوە زۆر نزیکە.

لە کتێبی کوردانی گۆران لە لاپەڕەی ٧٢ لە زمانی ئاکۆیۆفەوە دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: پەیوەندی گۆران و ئەردەڵانییەکان و بەشەکانیتری باشووری کوردستان وەک: جوانڕۆ، مەریوان، هەورامان، کەڵهوڕ، ئەیوان، کەنووڵە و سنجاوی بە شێوەی گشتی دەچنەوە سەر کۆنترین تیرە، کە ئەویش گۆرانە.

مامۆستا موحەمەد عەلی سوڵتانی لە کتێبی ئەیلات و هۆزەکانی کرماشاندا دەڵێت: شێوەزاری گۆران (هەورامی) کە دەفتەری یارسانەکانی پێ نووسراوە بە شێوەزاری عەشیرەتی گۆران دەناسرێت. ئەوانەی کە ئاگاداری و شارەزاییان لەسەر ئایینی یارسانی و دەفتەر و نووسراوەکانیان هەیە، بەوەی دەزانن کە زۆربەی ئەو دەفتەرانە بە شێوەزاری هەورامی نووسراون کە لێرەدا مامۆستا سوڵتانیش گۆرانی بە (هەورامی) داناوە . من لەوەی هەورامییەکان گۆران بن یان نا پێ داناگرم، بەوەش دەزانم کە هەمووی ئەو تیرە و هۆزانە سەر بە میللەتی کوردن و هیچ کەسێ ناتوانێ لێکیان جیاکاتەوە .

هەرچەندە لێرەدا باسی دابەشکردنی شێوەزارەکانی زمانی کوردییە، هەتا ئەگەر ئەو دابەشکردنەی شەرەفخانیش دروست بێ. چۆن جافەکان و دانیشتوانی مەریوان کە سەر بە کرمانجی ناوەڕاست یان سۆرانن و گۆرانەکان کە سەر بە شێوەزاری کەڵهوڕن و هەورامییەکان کە سەر بە شێوەزاری ماچۆن هەموویان کردوون بە چوار بەش، یانی: کرمانج، لوڕ، کەڵهوڕ، گۆران، کە بەم شێوەیە بەشێکی هەرە زۆری کورد کە بریتییە لە ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا و باکوور، کردوونی بە یەک شێوە زمان، کە چی بەشی باشوری کردوە بە سی زمان! ئەگەر چی من بەشبەحاڵی خۆم باوەڕم بە زمان بوونی ئەوانە بە شێوەی جیاواز نییە، کەچی ئەویش خۆی بۆچوونێکە و ئێمەش هەر وەک خۆی دەینووسینەوە .

بۆ ئەوەی جوانتر ڕوونی کەینەوە ئەو هۆزانەی کە بە شێوەزاری کەڵهوڕی و هەورامی ئەدوێن بە شێوەی جیاواز دەیان نووسین تا ڕوون بێتەوە کە ئەو هۆزانە

له كاتى دابەشكردنى زارەكاندا بە كام تیرەی سەرەكی كورد نزیک و دەچنە كام خانەوە .

شێوەزاری كەڵهوڕی: كە بە شێوەزاری (ئەڕا ئەڕا) دەناسرێت بریتین لە: كەڵهوڕ، لەک، گۆران، سنجاوی و فەیلی .

**شێوەزاری هەورامی**: كە بە شێوەزاری ماچۆ دەناسرێت بریتین لە هەورامی تەخت، لەهۆن، ژاوەرۆ، كەنوولەیی و باجەلانی و كاكەیی، هەتا دەكرێ شەبەک و زازاكانیش بەشێ لە شێوەزاری هەورامی بزانین.

لێرەدا دەبێ بگەڕێین بە شوێنی هۆكاری تێكەڵاوی ئەو دوو عەشیرەتە. لە بەرچی زۆربەی نووسەران و لێكۆڵەران بە یەكیان زانیون.

**یەكەم**: ئەوانەی لەسەر ڕەوتی زاراوە و زمانە كۆنەكانی پێش هاتنی ئیسلام لە باشووری كوردستان كاریان كردوە باوەڕیان لە سەر ئەوەیە كە زۆربەی ئەو ناوانە سەر بە شێوەزاری گۆرانە، كە ئەویش پاش ماوەی زمانی ئاوێستایی و پاشان پەهلەوی بووە، كە هەر لەم وتارەدا ئاماژە بەچەند بابەتی دیكە لەم بوارەش ئەكەین .

**دووهەم**: ئەو بەڕێزانەی كە شارەزای ئەم بوارەن باوەڕیان بەوە هەیە كە زۆربەی هۆزەكانی عەشیرەتی ئەمڕۆی گۆران سەر بە ئایینی یارسانین كە مامۆستا سوڵتانیش بە جوانی ئاماژەی بەوە كردووە. ئەو ئایینە، جیا لە ئایینی ئیسلامە و بەشێكە لە ئایینی كۆنی كوردان.

ئەو نووسەرانەیش بەتایبەت نووسەران و لێكۆڵەرانی دەرەوە كاتی ڕێگایان كەوتۆتە ئەم ناوچەیە، لەوێدا ڕاماون كە چۆن ئەم عەشیرەتە لە نێو قوڕنەی موسڵمانان هەروا لەسەر بیر و باوەڕی كۆنی خۆیان ماونەتەوە و موسڵمان نەبوون .

لەم ڕوانگەیەوە دەستیان داوەتە لێكۆڵینەوەی ئەم بابەتە، بەوەی دەزانین كە زۆربەیان لەسەر ئەم باوەڕە یەک دەگرنەوە، كە ئەمانە سەر بە عەشیرەتی گۆرانن .

پاش ئەوەی گەڕاون بە شوێن نووسراو، یان تێكستێ لەسەر ئەو بیر و باوەڕە، هەروا لە پێشدا ئاماژەمان بەوەش كرد، زۆربەی تێكست و نووسراوەكان لە نێو دەفتەری یارسانییەكاندا بە ناوانی دەفتەرە گەورە، دەفتەری پەردیوەر، دەفتەری سەرەنجام، دەفتەری شندروی، دەفتەری باباناوس، دەفتەری شاخۆشین و..... بە شێوەزاری هەورامی نووسراون، پاشان لەبەر بەستی ئاگاداری لەو دوو شێوەزارییە و بوونی سوڵتان سەهاک لە ناوچەی هەوراماندا كە زیندووكەرەوەی ئایینی یاری بوو

لە دەستکەوتی لێکۆڵینەوەی مەیدانیدا، کاتی دابەشکردنی ناوچەکانی کوردستان بە گوێرەی زارەکان، ناوی گۆرانیان بۆ ئەم بەشە داناوە. ئەڵبەت ئەمە تەنها بۆچوونێکە ئەوەش وەک ئەوەیە بڵێین، زمانی قورئان کە عەرەبییە و بۆ ماوەیەکی درێژخایەن زۆربەی میللەتی کورد بەو زمانە یانی عەرەبی خوێندنەوەیان دەسپێکردووە و شیعر و نووسراوەی زۆریشی لە شوێن بە جێماوە بڵێن زمانی کوردییە. ئەگەرچی ئەو شێوەزاریە و ئەم زمانە کەچی لە ڕووی ئایینیەوە ئەو بۆچوونە لە یەک نزیکە، کە ئەوەش لە خۆیدا هەرمانێکی نەشود و دوور لە باوەڕە .

بەس لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ و دەکرێ کە وا بڵێین، کە یەکێ لەو هۆکارانەی تێکەڵاوی ئەو دوو عەشیرەتە کە زۆربەی نووسەران و لێکۆڵەرانی ناوخۆ و دەرەوە بە یەکیان زانیون، نووسراوەی دەفتەرەکانی یارسانی بووە، کە بە شێوەزاری هەورامی نووسراون و بە گۆرانیان لە قەڵەم دراون. ئەمەش هەڵەیەکی گەورە بووە بە درێژایی مێژوودا بە تایبەت لە سەدەی ١٨ بەلاوە، هەردەم لە لایەن زۆربەی نووسەرانی ناوخۆ و دەرەوە بێ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە دووپات کراوەتەوە . هەروا کە وتمان لە چۆنیەتی دابەشکردنی زارەکانی زمانی کوردی شێوەزاری هەورامی بە ماچۆماچۆ و شێوەزاری عەشیرەتی ئەمڕۆی گۆران بە ئەڕا ئەڕا دەناسرێن کە لە باری فۆنەتیک و دیالۆگەوە جیاوازی شێوەزاریان تێدا بەدی ئەکرێ و دەچنە دووخانەی جیاوازەوە .

جێگای خۆیەتی ئەوەش بڵێین؛ زۆرێ لەوانەی بە شێوەزاری کەڵهوڕی و کرمانجی ناوەڕاست یان سۆرانی دواون توانیویانە ئاسان بە شێوەزاری هەورامی بخوێنن و بنووسن. ئەمەش خۆی لە خۆیدا بۆ ئەو دوو هۆکارەی دەگەڕێتەوە، یەکەم: شێوەزاری هەورامی زمانی ئایینی بەشێکی زۆر لە هۆزەکانی گۆران و لەک بووە. دووهەم: بۆ ماوەیەکی درێژخایەن زمانی ئەدەبی بەشێکی گەورەی کوردستانی ئەم دیو و ئەو دیو واتا ئەردەڵانی و بابانییەکان بووە .

لێرەدا دووبارە ئەو پرسیارە خۆی دەنوێنێ، کە ئایا هەورامییەکان لەو عەشیرەتەی کە ئەمڕۆ بە ناوی گۆران دەژمێردرێن بوون، یان گۆرانەکان لە بناغەدا هەورامی بوون؟ هەموویان بە گۆران لە قەڵەم دراون، بە پێوەری هەندێ بەڵگە و بۆچوونی بەراوردکاری هەورامییەکان بە درێژایی مێژوو خاوەنی شارستانیەت و یەک جێنشینبوون، زارەکەشیان یەکێ لە نزیکترین پاشماوەی زمانی ئارياييەکان یان ئایرین واچەکان بوو کە دووایش ئاماژە بەو بەڵگە و سەرچاوانەش دەکەین .

**واسیلی نیکتین:** بەرپرسی سەفارەتی ڕووس لە ئێران، لە کتێبی کورد و کوردستان لاپەڕەی ٤٧٥دا دەڵێت: زەنجیرە نووسراوەیەکی ئەدەبی لە ئایینی عەلیوڵاهیدا بە کوردی گۆرانی هەیە بە ناوی «سەرئەنجام» هەروا لە لاپەڕەی ٤٧٦دا دەڵێت: عەشایری کورد وابەستە بە ئایینی عەلیوڵاهی «ئەهلی هەق» عەشیرەتی جیابووی کەڵهوڕەکانن، کە بریتین لە سەنجاوی و ناوەرۆکی هۆزی گۆران. بێژگای ئەوانەی لە دەوروبەری پەردیوەردا دەژین. یەکێ لەو شتانەی کە ئاغەی نیکتین لێرەدا بۆ ئێمەی دەردەخات ئەوەیە، ڕاستە لەباری ئایینییەوە لەگەڵ هۆزەکانی پەردیوەری هەورامان‌دا یەکێکن کەچی لە باری دابەشکردنی، کەچی لە ڕوانگەی شێوەزار و عەشیرەتییەوە لەیەک جیان. یارسانییەکانی نزیکی پەردیوە هاوار و دەرەتویە و ئەو ناوانەیە کە ئەوانیش لە ڕووی شێوەزارەوە سەر بە سۆرانین. یەکێکیتر لەو خاڵانەی لە بەرچاوی نەگرتووە هەندێ لە هۆزەکانی عەشیرەتی لەک لە نزیکی سەحنە(سێهانە) دا کە ئەوانیش سەر بە ئایینی یارسانین، یان بە واتەی ئەوان عەلیولاهین، دەفتەری سەرئەنجامیش بۆ هەموان ڕوونە بە شێوەزاری هەورامی نووسراوە نە کەڵهوڕی و گۆرانی ئەمڕۆ.

**مامۆستا خەزنەدار لە مێژووی ئەدەبی کوردی لاپەڕەی ١٨٧دا لەم بارەیەوە دەڵێت:** شێوەزاری گۆران بۆ کۆمەڵێک هۆز و عەشیرەت بەکاردەهێنرێت، لە شاخەکانی لای باکووری ڕێگای بەغداد کرماشانەوە لەسەر ڕووباری سیروان و ناوچەی هەورامانی لەهۆن و هەورامانی تەخت دەژین.

دیارە مامۆستا خەزنەداریش هەر ئەوەمان بۆ دووپات دەکاتەوە، کە هەورامی و کەڵهوڕ و گۆران و سەنجاوی و وەڵەدبەگی و جاف و لەک هەموویان گۆرانن. بەو بۆنەیەوە ئەو ناوەندەی ئەو باسی کردووە تەواوی ئەو هۆز و عەشیرەتانەی تێدایە.

ئەگەر ئاوا بێ، دەبێ زمانی کوردی بە گشتی بکرێت بە سێ شێوەزاری سەرەکی: کرمانجی، گۆران، لوڕ، هەتا ئەگەر واش بێت دەبێ جافەکان و وەڵەدبەگییەکان لەوانە جیا بکەینەوە. ئەگەرچی هەندێ لە نووسەران وای دادەنێن کە کرماشان لە کرماجان وەرگیرابێ، کە ئەوەش خۆی لە خۆیدا باسێکی جیاوازە و لێرەدا شوێن ئەوەمان نییە. بەس بە بڕوای من هیچ بیرمەندێکی عەلمانی ناتوانێ لە کاتی دابەشکردنی شێوەزارەکانی زمانی کوردی تەواوی ئەوانەی لەو ناوچانەدا ژیاون و ئەژین بە یەک شێوەزاریان بزانێت دەست نیشانیان بکات.

هەروەها لە پێشدا وتمان ئێمە دەستی ڕەتکردنەوە بەو بۆچوونانەوە نانێین کە هەورامی گۆران نییە، بەڵام کام گۆران؟! ئەگەر مەبەست ئەو چەند هۆزە بێت کە ئەمڕۆ لە ناوچەکانی گەهوارە و کرند و کۆزەراندا دەژین، ئەوا بێگومان دەڵێین کە هەورامی سەر بەو عەشیرەتە نییە، بەڵام ئەگەر مەبەست لە شێوەزاری گۆران بە واتای موسڵمانەکان پاشماوەی ئەو زمانە کۆنەی ئێرانییەکان بە ناوی گاوران یان گەبرانن، ئەوا دەتوانین بڵێین ڕاستە، بۆ ئەوەی باش ڕوونیکەینەوە یان  با لە ڕوانگەیترەوە سەیری ئەم ڕووداوە بکەین. واتا هەورامییەکانیش بە گۆران بزانین، ئەوەش تەنها لەم ڕوانگەوە دەکرێت کە باوەڕمان بەوەش بێت.

پاش هاتنی ئاینی ئیسلام بۆ ناوچەکانی کوردستان بەتایبەت هەورامان، هەندێ لەسەر ئەو باوەڕەی خۆیان ماونەتەوە تا ماوەیەک پاش ئیسلامیش پارێزگارییان لێوە کرد، کە ئەو باوەڕەش بریتی بووە لە ئاینی زەردەشتی و زروانی و یارسانی .

لەبەر نزیکایەتی شێوەزاری هەورامی لە زمانی ئەوێستایی و پەهلەوی، موسڵمانەکان بە هەورامییەکانیان وتووە زمانی ئەمانە سەر بە زمانی گاور یان گەور یان کافرەکانن، کە هەموویان مانای نائیسلام دەگەیەنێت. بە تێپەڕبوونی کات گاور بووە بە گەور و گەوریش بووە بە گۆران، کە مامۆستا هەورامانی لە وتاری گۆرانەکاندا بۆچوونێکی وای لە ڕوانگەی زمانناسییەوە هەیە، کە دەڵێت: وشەی گەور بەرەو گۆر ڕۆیشت و کویەکەیشی بوو بە گۆران. دیارە هەورامییەکان تا سەردەمی سوڵتان سەهاک یان سوڵتان ئیسحاق زۆر پابەندی ئاینی ئیسلام نەبوون، بۆیە لە سەردەمی سوڵتاندا پەردیوەر یەکێ لە گەورەترین شارەکانی ئەو سەردەمەی هەورامان دەبێتە مەکۆی زیندووکردنەوەی ئاینی یاری. پاشان کە هەورامییەکان بە بیر و باوەڕێکی ڕاستەقینە ئاینی ئیسلامیان پەسەند کردوە و بوونەتە پاڵپشت بۆ ئەو ئاینە، پاشان ئاینی یاری وردەوردە لە ناوچەی هەورامانا بەرەو ناوچەکانی گەهوارە و کرند ڕاگوێز دەکرێتەوە کە جیا لە گوندەکانی هاوار و دەرەتووی هیچ لایەنگریەکیان لە هەوراماندا نامێنێت .

جا ئەگەر هاتوو لەم ڕوانگەیەوە وشەی گۆران هاتبێتە ئاراوە، دەکرێت بڵێین لە پێشدا گۆران بە هەورامییەکان وتراوە و پاشان ئەو عەشیرەتەی کە ئەمڕۆ پێ دەوترێ گۆران ئەو ناوەیان پێبڕاوە.

هەڵبەتە بۆچوونێک کە لەسەر ناوی گۆران هەیە، لەبەر ئەوەی سەرچاوەکەی بە زمانی ئەڵمانییە و وەرنەگەڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی یان فارسی کەمتر کەڵکی لێ وەرگیراوە و کەوتۆتە بەر لێکۆڵینەوە. ئەویش بۆچوون و نووسراوەی نووسەرێکی پێش زایینە بە ناوی ئیسترابۆن لە کتێبی شێوەزارەکانی گۆراندا بە نووسینی کارل هدنگ نووسەری ئەڵمانی دەڵێت: شێوەزارەکانی بەشی گۆران بریتین لە کەنووڵەیی، هەورامان و باجەلانی، پاشان لەسەر وشەی گۆران دەڕوات و بە لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانە بەو قەناعەتەی دەگات کە گۆرانەکان یەکێ لە کۆنترین عەشیرەتەکانی ناوچەی کوردستان بوون. بۆ ئەوەی بۆچوونەکەشی جێی باوەڕ بێت دوو وێنەمان بۆ دەخاتە بەرچاو، یەکەم دەڵێت: لە سەرەتای پێکهاتنی دەسەڵاتی ئەردەڵانییەکان هێزێکی گەورەی گۆرانیان پێکهێناوە بە ناوی کڵاوسپییەکان. ئەوەش بەو بۆنەیەوە بوو کە ئەو هێزە لە جۆری کڵاوی ئاسنی سپی کەڵکیان وەردەگرت، هەر ئەو تایبەتمەندییە لە هێزی کوردەکان و فارسەکان کە ئەوانیش لە جۆرە کڵاوێکی سوور و ڕەش کەڵکیان وەردەگرت جیا دەکرانەوە. وێنەی کڵاوەکانیش هەر لەو سەرچاوەیەدا هەیە.

**دووەم**: بۆ دێرین بوونی ناوی گۆران، ئاماژە بە نووسراوەکەی ئیسترابۆن دەکا و دەڵێت: لە کتێبی جوگرافیای ئیسترابۆن بەرگی شەشەم دێڕی ٥٣١ ئاماژە بە شارێ دەکا بە ناوی ساراپارای لە زمانی ئیسترابۆنەوە دەڵێت: شاری ساراپارای لە باشووری ئەرمەنستان لە نزیکی ماد و گۆران دایە.

ئیسترابۆن کە ٦٠ساڵ پێش زاین هاتۆتە دونیا و ئەو جوگرافیای لە ١٧ بەرگدا نووسیوە، بەم شێوەیە لە پاڵ ئەمەدا ئاماژەی بە ناوی گۆران کردووە. پاشان کارل هدنگ لەسەر ئەوە دەڕوا و دەڵێت: گۆرانەکان بە درێژایی مێژوودا یەکجێنشین و لە بەرزاییەکانی زاگرۆسدا ژیاون و وەک تیرەکانیتری کورد نەبوون کە کۆچەربن .

ئەم تایبەتمەندییەی گۆران تەنها لە هەورامییەکانی ئەمڕۆدا بەدی کراوە. بەم هۆیەوە ئەگەر ئەو بۆچوونە ڕاست بێ ئەبێ هەر لە کۆنەوە بە هەورامییەکان وترابێ گۆران، کە دێرین بوونی ئەم عەشیرەتە چ لە بابەتی زمانەوە و چ لە بابەتی نەژادییەوە ئاشکرایە، بۆ وێنە: هەروەک لە پێشدا وتمان زاراوەی هەورامی پاشماوەی زمانی ئەوێستایی و پەهلەوییە، بۆ ئەوەی باوەڕمان بەم بۆچوونەش هەبێ ئاماژە بە هەندێ بەڵگەی مێژوویی و ئەو تێکست و نووسراوانەی لەم بابەتە دەکەین.

یەکەمین بەڵگە بۆ ئەم بۆچوونە یەکێک لە قەواڵە کۆنەکانی هەورامانە، کە مامۆستا موعین لە پێشەکی فەرهەنگی موعین لاپەڕەی ٣١دا دەڵێت: کتێبەکانی پەهلەوی کە زیاتریان لەسەری ئاساری زەردەشتی نووسراون و شێوەی نووسینیان هەر ئەوەیە وەک دینکرت، بندهش، داتستان، دینیک، ماتیکان، کارنامەی ئەرتەخشیر بابەکان، درخت ئاسوریک و... کە کۆنترین وێنەی ئەم نووسراوانە بەڵگە یان قەواڵەیەکە لە هەورامانی کوردستان دۆزراوەتەوە کە ئێستا بۆمان دەرکەوتووە بە زمانی(پارتی) پەهلەوییە. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە زمانی پەهلەوی پێش زایین لە ناوچەی هەورامانا خاوەنی دەسەڵات بووە نووسراوەی لەسەر بە جێماوە. مامۆستا جەماڵ نەبەز لە وتاری لێکۆڵینەوەی زمانی کوردیدا دەڵێت: بە بیروباوەڕی من ئەوێستا یەک سەرچاوەی کوردییە، کە ئەویش پاش لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەیەکی زانستی زمانناسی دەگا بەو قەناعەتەی.

یان مامۆستا حەمدوللای مستەوفی لە مێژووی گوزیدەدا، کاتی هاتنی موسڵمانەکان بۆ ناوچەی قەزوین دێڕە شیعرێکی ئەو سەردەمەمان بۆ دەنووسێت، کە بێگومان بە زمانی پەهلەوی یان فەهلەویاتە کە هیچ بیرمەندێ لە هەورامی کۆن جیای ناکاتەوە. ئەوەش شیعرەکەیە:

**نە موسڵمان بیم نە گزیەت مەدەیم          بشی ئەو مەکە شی کاما برەیم**

ئەو کاتە موسڵمانەکان پێشنیار دەکەن بۆ دانیشتوانی قەڵای قەزوین یان موسڵمان بن یان جزیە بدەن، ئەوانیش بەو دێڕە شیعرە جوابیان دەدەنەوە کە ئێمە نە موسڵمان دەبین نە جزیەش دەدەن، ئێوە بڕۆنەوە بۆ مەککە و ئێمەش لە جێی خۆمان دەبین .

لە کتێبی کورد و کوردستانی مامۆستا بۆرەکەیی لاپەڕەی ١٧٧ لەم بارەیەوە ئاوا دەڵێت: ابن خوردادبە، یان کوڕی خوردادبە و چەند جوگرافیازانێکی کۆن سەرزەوینی پەهلەوی زوانەکانیان بە «بیلادوالبهلوبین» ناو بردووە، یانی ئەو شارانەی کە پەهلەوی زمانن، کە ئەم ناوە تا چەند سەدە پاش هاتنی ئیسلام وردە وردە لە سەرچاوە عەرەبیەکاندا بووە بە «الجیبال» پاشان بە ناوی هەورامان ناوبانگی دەرکردووە. ئەگەرچی ئەم بۆچوونە جێی سەرنج و لێکۆڵینەوەی زیاترە لەبەر ئەوەی هەورامان پێش ئەوەش بە ناوی ئورمەن یان ئورامین ناوی لێبراوە .

مامۆستا حیرەتی سەجادی لە کتێبی «پارسیگویان کرد» لە زمانی ئەحمەدی کەسرەویەوە دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: تەواوی هۆزەکان لە خۆرئاوای ئێران هەر لە

سنووری ئاسیای بچووک تا خاکی فارس و کرمان کە تێیدا ژیاون، لە سەرەتای هاتنی ئیسلام، جگە لە ناوی کورد هیچیتریان نەبووە. هەروەها بە پێوەری ناوچەکان زوانەکەشیان پەهلەوی ئەشکانی یان ساسانی بووە.

مامۆستا ئەردەشێری کەشاوەرز لە وتاری شێوەزاری گۆران یان هەورامی لە زمانی موحەممەدی مورتەزایی لە ڕەسالەی زمانی کورد و شێوەزارەکانی دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: باستانیترین یان کۆنترین شێوەزاری کوردی شێوەزاری هەورامییە کە لە ناوچەکانی هەورامانی لەهۆن و تەختدا ڕەواجی هەیە.

ئەوەش بڵێم مامۆستا کەشاوەرز لە سەرتاسەری ئەو وتارەیدا شێوەزاری هەورامی و گۆرانی بەکاربردووە. ئیدی نازانم لەبەرچی، ئایا ئەوانەی بە دوو شێوەزاری جیاواز داناون کە «واو»ی (ڕەبتی)یان پەیوەندی بۆ بەکارهێناوە؟ یان ویستوویەتی ئەوانە بکا بە یەک، ئەگەر یەک بن ئیدی «واو»ی ڕەبتی ناوی، دەبوایا (هەورامی، گۆران)ی بنووسی بایا.

وێنەیەکیتر بۆ ئەم بۆچوونە، شیعری ئاتران یان هورمزگانە، کە ئەویش لە سەرەتای هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان بەتایبەت ناوچەی هەورامان کە بە شێوەی هەورامی کۆن نووسراوە و لەبەر ئەوەی هەموو کەس ئاگاداری لەو شیعرە هەیە و زۆریش دووبارە بۆتەوە، ئیدی من لێرەدا بە پێویستی نازانم دووبارە بینووسمەوە، ئەگەرچی هەندێ کەس دوودڵن لەسەر هەبوونێکی مێژوویی ئەو شیعرە، ئەوە ئیدی بە مێژوونووسان و لێکوڵەران دەسپێرین.

ئەو بەڵگە و بۆچوونانە بە ڕاشکاوی ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە شێوەزاری هەورامی ئەمڕۆ پاشماوەی ئەوێستایی و پەهلەوییە کە وێنەیتری زیندووی دەتوانین لە نێو ئەوێستادا، واژە و دێڕی هەورامی زۆری تێدا بدۆزینەوە کە ئەمڕۆش ئێمەی هەورامانی هەروەک خۆیان بە هاسانی بیانخوێنینەوە .

دیارە پاش هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئەو زمانە بەرتەسک بۆتەوە و لە بەرهەندێ هۆکاری جوگرافیایی و تایبەتمەندی هەورامان لەو ناوچەیەدا زیاتر لەو شوێنانە پارێزگاری لێوەکراوە. هەڵبەت هەر ئەم زمانە واتا پەهلەوی لە ناوچەکانی وەک شەبەکەکانی موسڵ زازاکانی کوردستانی باکوور و هەروەها چەند گوندێک لە نزیکی ساوە و ڕوودباری ئێراندا بە شێوەیەکی زۆر کەم پارێزگاری لێوەکراوە .

هۆکاری ئەوەش لە هەورامان زیاتر لە شوێنەکانیتری کوردستان و ئێران

پارێزگاری لێوەکراوە، ئەمانە بوون. یەکەم: بافتی سروشتی و جوگرافیایی هەورامان کە لە زۆربەی هێرشی داگیرکەران پارێزراوە، لەبەر ئەوەی شوێنێکی ئابووری و بە دەسەڵات نەبووە، کەمتر کەوتۆتە بەر هێرشی داگیرکەران.

دووهەم: هەورامییەکان بە درێژایی مێژوو یەکجێنشین یان باشتر بڵێم خاوەنی کلتوور و شارستانییەت و نیشتەجێ بوون، وەک تیرەکانیتری میللەتی کورد نەبوون لەبەر کۆچەری و هاتوچۆ و تێکەڵاویان لەگەڵ هۆزەکانیتردا زیاتر خۆیان لە دەستبدەن.

**سێیەم**: هەورامان بە بۆنەی یەکجێنشینی و جوگرافیایی مەڵبەندی بووە بۆ پەنابەران و هەرکەس لە هەرشوێنێکەوە کەوتبێتە بەر گوشار، بە تایبەت لایەنگرانی ئایینی کۆنی ئێرانی. هەمیشە بەرەو هەورامان هەڵهاتون و لەوێدا مانەتەوە کە بنەماڵەکانی هەورامانی تەخت وێنەیەکن بۆ ئەم بۆچوونە.

بەم هۆیانەوە هەورامان لە هەموو شوێنێکی دیکە زیاتر توانیویەتی پارێزگاری لە بەشێک لەو زمانە کۆنەی ئایرین واچەکان بکات. بۆیە ئەگەر ئەمڕۆ باوەڕمان بەوە هەبێ کە شێوەزاری هەورامی یەکێ لە کۆنترین شێوەزارەکانی زمانی ئاریائییەکان یان ئایرین واچەکان بووە بێ جێ نییە .

بۆ نزیکایەتی شێوەزاری هەورامی کە بە شێوەزاری ماچۆ دەناسرێت لەگەڵ ئایرین واچەکاندا، مامۆستا هەورامانی لە کتێبی فەرهەنگی ئایرین واچەکاندا، باسی ئەوە دەکا و بە شێوەیەکی زمانەوانی لێکی داوەتەوە. لە بەشێکی ئەو لێکدانەوەیەدا ئاوا دەڵێت: ئەم فەریزەیە (واچە واچ)ە، بە واتایەکی دی، کە مەبەست بە دەستەوەدانی ناوی شێوازێکە کە ڕەگی، یاخود قەدی واچەی زۆری تێدایە ئەویش شێوەزاری «ماچۆ» یە. هەر ئەم شێوەزارە بە درێژایی مێژوو هەروەک کە وتمان بە پێوەری ئەو بەڵگە و بۆچوونانە نزیکایەتی زۆری لەگەڵ زمانی ئەوێستایی و پەهلەویدا هەیە. لە زۆر شوێندا بە پەهلەوی و فەهلەویات و ئورامین و ئەهورایی و هەورامی و هەورامانی ناوی لێنراوە. جا ئەگەر هاتوو ئەم شێوەزارەمان لەگەڵ شێوەزاری ئەو عەشیرەتەی کە ئەمڕۆ بە ناوی گۆران دەناسرێن بە یەکی بزانین، وا دەزانم شتێکی دروست نەبێ و دوور لە باوەڕە، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەتریشەوە هەر ئەم نزیکایەتییەی شێوەزاری هەورامی لەگەڵ زمانی کۆنی ئارییاییەکان بۆتە هۆی سەرلێشێواوی زۆربەی نووسەران و لێکۆڵەران و ئەوەی دووپات بکەنەوە کە شێوەزاری هەورامی یان گۆران کوردی نییە و سەر بە زمانی فارسییە، یان زمانێکی سەربەخۆیە. ئیدی

ئەوەی لێک نادەنەوە کە زمانی فارسی ئەمڕۆ سەر بە کام زمانی کۆن بووە، یان هەتا ئەوەی کە ئەمڕۆ ئێمە بە ناوی زمانی کوردی پێی دەنووسین سەرەتا سەر بە کام زمانی کۆنی ئەم وڵاتە بووە، ئایا ئەوانیش ناچنەوە سەر زمانی ئارياييەکان؟

یان ڕاستە شێوەزاری ئەمڕۆی هەورامی کەرەسەی پێویستی زمانێکی لەباری فۆنەتیک و دەستووری تێدا بەدی دەکرێت، ئەوەش ئەوەمان پێ‌ناگەیەنێ کە ئەمە لە زمانی کوردی جیایە و زمانێکی سەربەخۆیە، ئەوەش خۆی لە خۆیدا دەوڵەمەندی زمانی کوردی ڕادەگەیەنێ کە هەتا شێوەزارەکانیشی تا ڕادەی زمان توانایان تێدا بەدی دەکرێت، نە ئەوەی هەر وترا زمانی هەورامی چ وێژەر و چ خوێنەر وابزانن کە ئەمە زمانێکی جیا لە کوردییە. دە باشە ئەگەر هەوراميیەکان کورد نەبن ئیدی کێ کوردە؟

لە کۆتاییدا ئەو بۆچوونەی کە لێرە دەرمبڕیوە بۆ ئەوەی نەبووە کە هۆزێ یان عەشیرەتێ بە کەم دەست و یەکێکیتر بە باڵادەست بزانین، هەروەک لە پێشدا وتم مەبەست ڕوون کردنەوەیەکی مێژووییە و دەبێ بەوەش بزانین کە هەموان کوردین و خاوەنی یەک زمان و یەک نەتەوەین.

لە ڕوانگەیەتریشەوە ناتوانین بەلای ئەوەشدا بێلایەن بین کە یەکێ لەو عەشیرەتانەی وا توانیویەتی بە شێوەیەکی زۆر جوان پارێزگاری بەشێکی زۆر لە زمان و فەرهەنگی نەتەوەیی کوردی بکات عەشیرەتی گۆران و هۆزەکانیتری سەر بە ئایینی یارسانی بوون، کە هەر لە کۆنەوە بە شێوەی شیعر و هۆنراوە و پەخشانی ئاینی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی، هەنگاوێکی وایان بۆ مانەوە و پارێزگاری بەشێکی زمانی کوردی هەڵگرتووە، کە جێگای دەست و پەنجەیان هەتا دونیا دونیایە دیارە و جێگای ڕێز و سوپاسیشن .

**سەرچاوەکان:**

-کورد و کوردستان- مامۆستا مەردوخ (جەلدی ١و٢ ناوەندی بڵاوکەرەوەی غەریقی سنە ساڵی ١٣٥١ هەتاوی)

-کورد و کوردستان-مامۆستا بۆرەکەیی، ناوەندی بڵاوکەرەوی ئاتیە ساڵ ١٣٧٨ هەتاوی

-کورد و کوردستان-واسیلی نیکتین (وەرگێڕانی موحەمەدی قازی ناوەند بڵاوکەرەوەی کانون

-فەرهەنگی ناوەندی ئاساری موحەمەدی قازی ساڵی ١٣٧٥ هەتاوی

-کوردانی گۆران-ک.ب. ئاکۆیۆف، وەرگێڕانی سیروس ئیـزەدی، ناوەندی بڵاوکەرەوەی هیرمەند چاپی یەکەم ١٣٧٦ هەتاوی

-وتـارەی سنە و گۆران- مینورسکی گۆڤاری چیستان و کوردانی گۆران وەرگێڕانی سیروسی ئیزەدی

-مێژووی هەورامان-مامۆستا هەورامانی، ناوەندی بڵاوکەرەوەی بەڵخ چاپی یەکەم ١٣٨٠

-بەرهەمی گۆران-ئوسکارمان وەرگرتوە لە کتێبی کوردانی گۆران د- ب- ئاکۆیوف، وەرگێڕانی سیروسی ئیزەدی چاپی یەکەم ساڵی ١٣٧٦ هەتاوی

-فەرهەنگی ئیرین واچ مامۆستا هەورامانی، ئەمیندارییەتی ڕۆشنبیری لاوانی کوردستان ساڵی١٩٨٦

-فەرهەنگی موعین- د.موحەمەدموعین جەلدی یەکەم، ناوەندی بڵاوکەرەوەی نامن چاپی یەکەم ساڵی ١٣٨٥ هەتاوی

-مێژووی گوزیدە-حەمدوڵلای مستەوفی، ناوەندی بڵاوکەرەوەی ئەمیر کەبیری تاران ساڵی ١٣٣٩ هەتاوی

-مێژووی ئەدەبی کوردی-مامۆستا خەزنەدار، جەلدی ٤ چاپخانەی(المؤسسة العراقية للدعاية ...ساڵی ١٩٨٤

-مێژووی شەرەفنامە-شەرەفخان بدلیسی، ناوەندی بڵاوکەرەوەی ئەساتیرتاران چاپی یەکەم ساڵی ١٣٧٧ هەتاوی

-ئیلات و تەوایف کرماشاهان مامۆستا حەمەعەلی سوڵتانی، (بەرگی ١و٢ ناوەندی بڵاوکەرەوەی موەفەق چاپی یەکەم ساڵی ١٣٧٢ تاران

-لێکدانەوەی سەرزەوینی خۆرهەڵات ئا. ئارلف ، (ورگێراو لە کتێبی کوردانی گۆران وەرگێڕانی سیروسی ئیزەدی.

-فەرهەنگ جوگرافیای ئێران جەلدی ٥ ڕەزم ئارا چاپخانەی ئەرتەش ساڵی ١٣٣١ هەتاوی
-وتاری شێوەزاری هەورامی یا گۆران مامۆستا کەشاوەرز، گۆڤاری ژمارەی ٣ اورامانیی ئێران
-وتاری زمانی کوردی جەمال نەبەز وەرگرتوو لە وتاری کەشاوەرز گۆڤاری اورامان
-پارسیگویانی کورد مامۆستا حەیرەتی سەجادی ناوەندی بڵاوکەرەوی ئیحسان چاپی یەکەم چاپخانەی پەیام ساڵی١٣٧٥ هەتاوی.
-شێوەزارەکانی زمانی گۆران کارل هدنگ بە زمانی ئاڵمانی کە خوشکە پەروین ئەوچەند لاپەڕەی بۆ وەرگێڕاوم، جێگای خۆیەتی سوپاس و پیێزانینی خۆم ئاراستەی خوشکی بەڕێزم پەروین خانمی مەحەممەد وەیسی بکەم بۆ ئەو یارمەتییە بە کەڵکەی لە وەرگێڕانی ئەو چەند دێڕەی لە کتێبی کارل هدنگی لە ئەڵمانیاییەوە بۆ سەر زمانی کوردی، کە ئێمەش لە هەندێ بابەت لەم وتارەدا کەڵکمان وەرگرت .

# مافی خوێندن
# بە زمانی دایك

ئازاد وەڵەدبەگی*

ئەگەر لەگەڵ کەسێک بە زمانێک قسە بکەیت کە لێی تێدەگات، ئەوا قسەکە دەچێتە ناو مێشکییەوە، بەڵام ئەگەر لەگەڵ کەسێک بە زمانی دایکیی قسە بکەیت، ئەوا قسەکە دەچێتە ناو دڵییەوە.

**(نێلسون ماندێلا)**

## پێشەکی

لەسەر گۆی زەوی پتر لە حەوت ملیار کەس دەژین کە بە پتر لە ٦٥٠٠ زمان لەگەڵ یەکتر قسە دەکەن. بەڵام دۆخەکە بۆ هەموو زمانەکان وەک یەک نییە، بەشێکی زۆر لە دانیشتووانی گۆی زەوی لە هەلی یەکسان بۆ فێربوون و خوێندنی زمانی دایک بێبەشن. هەر بۆیە، بە مەبەستی گرنگیدان بە خوێندن بە زمانی دایک و پاراستنی هەموو زمانەکان، ڕێکخراوی یۆنسکۆی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ٢١ی شوباتی هەموو ساڵێکی وەک ڕۆژی زمانی دایک دیارکردووە. یۆنسکۆ، ئەم بابەتەی لە چوارچێوەی پلانی گەشەپێدانی بەردەوامی کارکردن هەتا ساڵی ٢٠٣٠ دەست نیشان کردووە و هەوڵدەدات بۆ ڕێزگرتنی بەکارهێنانی زمانی دایک لە پرۆسەی خوێندن و فێرکردن و پاراستن و بەهێزکردنی فرەزمانی. فرەزمانی سەرچاوەی هێز و هەلە بۆ مرۆڤایەتی، کە تێیدا فرەفەرهەنگیی ڕەنگدەداتەوە و هانی ئاڵوگۆڕی بیروڕا و بۆچوون و وێناکان دەدات. بە لەناوچوونی بەشێک لە زمانەکان، جیهان لە ڕووی گەنجینەی ڕۆشنبیرییەوە هەژارتر دەبێت.

زمانناسان هوشداریی ئەوەیان داوە کە ئەگەری لەناوچوونی ٤٠٪ زمانەکان لە جیهاندا هەیە، هەر بۆیە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی یۆنسکۆ هەستان بە داڕشتنی گەڵاڵەیەک بۆ پاراستنی زمانەکان لە جیهاندا، کە ناونانی ٢١ شوبات وەک ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک( International Mother Language Day) بە یەکێک لەو هەوڵانە دادەنرێت. ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان باس لەوە دەکات، کە لە ١٩ دەوڵەتی جیهان کە لە ڕووی پێشکەوتنی تەکنیکی لە ڕیزی هەرە پێشەوەن خویندن و توێژینەوەیان بە زمانی دایکە. هەروا لە توێژینەوەیەکی تردا ئەوە دەرکەوتووە کە لە ٥٠٠ باشترینی زانکۆکانی جیهان، کە لە ٣٥ دەوڵەتدا هەڵکەوتوون هەر هەموویان بە زمانی دایک دەخوێنن. بەدەر لەمەیش، هەندێک لەو توێژینەوانەی کە ئەنجامدراون

ئەوە دەردەخەن، کە خوێندن بە زمانێکی تر جگە لە زمانی دایک لە قۆناغی سەرەتایی، ئەنجامی نەرێنی هەیە لەسەر گەشەی زمانیی و سۆزداریی و پێبەندیی ئەو منداڵانە بە زمان و کەلتووری خۆیان. لەم وتارەدا باس لە گرنگیی زمانی دایک و ڕەنگدانەوەی ئەم مافە دەکەین لە بەڵگەنامە و دیکۆمێنتە نێودەڵەتییەکاندا.

**بایەخی خوێندن بە زمانی دایک**

خوێندن بە زمانی دایک مافێکی سروشتی و سەرەتایی هەر مرۆڤیکە. زمان بەدەر لەوەی کە ئامرازی دروستکردنی پەیوەندییە لە نێوان مرۆڤەکاندا، لە هەمان کاتدا بە یەکێک لە بنەماکانی شوناسی نەتەوەیی دادەنرێت. مرۆڤ لە هەر شوێنێکی گۆی زەوی بێت وەک یەکێک لە بنەماکانی مافی هاووڵاتی بوون، مافی هەیە بە زمانی دایک بخوێنێت. هەر بۆیە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە جیهان و لە سەروویانەوە ڕێکخراوی یۆنسکۆ بە خستنەڕووی چەندین ڕێککەوتن و ڕاگەیاندراو خوازیاری پاراستن و پەرەپێدانی زمانی دایکن لە جیهاندا، ناونانی ٢١ شوباتیش وەک ڕۆژی جیهانی زمانی دایک بە یەکێک لەو هەوڵ و هەنگاوانە دادەنرێت. مافی قسەکردن و خوێندن بە زمانی دایک، مافێکی سروشتی و مرۆییە کە لە جیهانی ئەمڕۆدا وەک مافێکی سیاسی و کۆمەلایەتی دانپێدانراوە و بەپێی مانیفستی یۆنسکۆ، دەوڵەتانی جیهان لەسەریانە کە ئەم میراتە بە نرخە ڕۆشنبیرییە بپارێزن.لە لایەکی ترەوە، دەروونناسانی بواری منداڵان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە منداڵان سەرەتا بە زمانی دایک هەست و نەستی خۆیان دەردەبرن، بە زمانی دایک یەکەمجار خۆیان و دەوروبەریان دەناسن. ڕەوتی فێربوونی زمانی دایک هەر لە سەرەتای لە دایکبوونەوە دەست پێدەکات و لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیە فاکتەرەکانی شوناسی تاک فۆرمی خۆیان وەردەگرن، ئەو توانایە بە منداڵ دەبەخشن کە لە ناو کۆمەڵگەی خۆیدا ڕۆڵ بگێڕێت. سنوورداربوونی ئەم پرۆسە سروشتییە، توانایی منداڵ بۆ خوێندن و فێربوون لەبار دەبات و بۆ دروستکردنی پەیوەندیی سروشتی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر تووشی گرفتی دەکات. هەر بۆیە هەر هەوڵێک بە ئاراستەی سنووردارکردن یا ڕێگەگرتن لە بەکارهێنانی زمانی دایک، بە واتای هەوڵدان بۆ لە ناوبردنی ڕۆشنبیری و هزری ئەو نەتەوەیە دێت.

بە گوێرەی ئەو توێژینەوە بەربڵاوانەی کە لە سێ دەیەی ڕابردوو لەسەر منداڵانی دوو زمانە ئەنجام دراون، خوێندن بە زمانی دایک ڕۆڵێکی گرنگ لە پێشکەوتنی زانستیی

زمانی دووەم  دەگیرێت. ئەو منداڵانەی کە زمانی یەکەم، واتا زمانی دایک دەپارێزن و چەمک و زانیارییەکان بەو زمانە فێر دەبن، ئەگەری سەرکەوتن و لێهاتووییان لە زمانی دووەم زیاتر دەبێت. بۆ نموونە، لە مالیزیا کە بە یەکێک لە وڵاتانی پێشکەوتووی ئابووریی و پیشەسازیی دادەنرێت، سەرەتا زمانی ئینگلیزیی وەک زمانی خوێندن لە بواری ماتماتیک و زانستەکان بە کار دەهات، ئەمەیش بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرا لە ڕەوتی پیشەسازیی و ئابووریی مالیزیادا، بەڵام پاش شەش ساڵ لەم تاقیکردنەوەیە دەوڵەتی مالیزیا بڕیاری وەستاندنی ئەم پرۆژەیەی دا و گەڕایەوە بۆ خوێندن بە زمانی مالاوی، چونکە بەپێی ئەو توێژینەوانەی کە لە پتر لە ١٠٠٠٠ قوتابخانە ئەنجامیان دابوو بۆیان دەرکەوت، کە پرۆژەی خوێندن بە زمانی ئینگلیزیی سەرکەوتوو نەبووە و تا ئاستێکی بەربڵاو بووەتە هۆی دابەزینی ئاستی قوتابیان. زمانی دایک، ئەو زمانەیە کە تاک شوناسی خۆی لێوەردەگرێت و ڕۆڵێکی گرنگ لە پەیوەندییە کەسییەکانی دەگێڕێت و تاک بەو زمانە بیر دەکاتەوە و خەیاڵ دەکات، یەکەمین چەمک و واتاکان بەم زمانە لە زەینیدا فۆرم وەردەگرن. خوێندن بە زمانی دایک دەبێتە هۆی متمانە بەخۆبوون، لە خۆ نامۆنەبوون، ئاسانکاریی بۆ پرۆسەی فێربوون، فراوانبوونی توانای داهێنان و زیاتربوونی تامەزرۆیی بۆ خوێندن لە منداڵدا.

### چەمکی مافی خوێندن بە زمانی دایک

مافی خوێندن بە زمانی دایک، بریتییە لە مافی تاکەکان بۆ فێربوونی زمانی دایک و هەروا مافی کەمینەکان بۆ فێربوونی زمانی خۆیان بە مەبەستی پاراستن و گەشەکردن و گەرەنتیی کردنی گواستنەوەی بۆ نەوەکانی داهاتوو، بە هەر دوو شێوەی فێرکردن و خوێندن بە زمانی دایک هەروەک زمانێکی ستانداردی فێرکاریی یا وەک یەکێک لە بابەتەکانی خوێندن.

دەوڵەت-وڵاتانی ئەمڕۆ چ بە هۆی شێوازی مێژوویی دروستبوونیان و چی بە هۆی شەپۆلی بەربڵاوی کۆچ و پەنابەرێتیی لە سەدەکانی بیست و بیست و یەکدا خاوەن پێکهاتەی دانیشتووانی یەکسان و هاوجۆر نین. هەربۆیە فرەیی و چەندێتیی ڕەگەزیی، ئەتنیکی، فەرهەنگیی و ئایینیی بە تایبەتمەندیی دیاری دەوڵەت-وڵاتان دادەنرێت. ئەم فرەییە لە بواری زمانیی خاوەن ڕەهەندێکی زۆر بەربڵاوترە. لە جیهانی ئەمڕۆ ٦٠٠٠ زمانی زیندوو هەیە، لە کاتێکدا لەسەر گۆی زەوی تەنیا ٢٠٠ یەکەی سیاسی لە

چوارچێوەی دەوڵەت-وڵات هەیە، کە هیچ کامیان لە ڕووی زمانییەوە یەکدەست و هاوجۆر نین. (یۆهان ئامووس کۆمنیۆس) کە بە باوکی پەروەردە و فێرکردنی نوێ لە جیهان دەناسرێت، لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٧ کۆمەڵێک ڕێسای بۆ پەروەردە و فێرکردن داناوە کە جیهان تاکوو ئێستا پەیڕەویی لێدەکات. ناوبراو هەمیشە جەختی لەسەر پێویستیی کەڵکوەرگرتن لە زمانی دایک دەکردەوە، لەو باوەڕەدا بوو کە هەتا تەمەنی ١٢ ساڵان پەروەردە و فێرکردن دەبێت تەنیا بە زمانی دایک بێت، پاش ئەم تەمەنە دەکرێ خویندن بە زمانەکانی تر بخرێتە بەرنامەی کارەوە. ڕەگوڕیشەی مێژوویی سەرهەڵدانی ئەم ڕۆژە بۆ وڵاتی بەنگلادیش دەگەڕێتەوە. لە ڕێکەوتی ٢١/ شوبات/١٩٥٢ قوتابیانی زانکۆکانی شاری داکای پایتەختی بەنگلادیش کە ئەوکات بە پاکستانی ڕۆژهەڵات دەناسرا و بەشێک بوو لە وڵاتی پاکستانی ئەمڕۆ، وەک ناڕەزایی بەرامبەر بە خوێندن بە زمانی دایک دەستیان دایە خۆپیشاندان کە لە لایەن پۆلیسەوە سەرکوتکرا. خۆپیشاندەران خوازیاری ئەوە بوون کە زمانی بەنگاڵی وەک زمانی دووەمی پاکستان لە پاڵ زمانی ئۆردوو دانی پێدابنرێت. خەباتی بەنگلادیشییەکان سەرەنجام گەیشتە ئاکام و پاش حەوت ساڵ سەربەخۆییان بە دەستهێنا و هەموو ساڵێک لەم ڕۆژەدا ڕێوڕەسمێکیان ئەنجامدەدا. لە ١٧/نوڤەمبەری/ ١٩٩٩ دەوڵەتی بەنگلادیش بە فەرمیی پێشنیاری بە یۆنسکۆ کرد، کە ڕۆژی ٢١ شوبات وەک ڕۆژی جیهانی زمانی دایک دانی پێدابنرێت. ئەوە بوو کە ئەم پێشنیارە لە سییەمین دانیشتنی ئەو ڕێکخراوە پەسندکرا و لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە ئەم ڕۆژە هەموو ساڵێک یادی دەکرێتەوە.

### زمانی دایک لە دیکۆمێنتە نێودەوڵەتییەکان

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گرنگیی و پێویستیی خوێندن بە زمانی دایکی وەک مافێکی سەرەکی مرۆڤ پەسند کردووە، بە جۆرێک کە لە چەندین ڕێککەوتننامە و ڕاگەیاندراوی نێودەوڵەتی وێڕای دانان بە مافی تاکەکان بۆ خوێندن بە زمانی دایک، پابەندیی ئەرێنیی و نەرێنیی دەوڵەتەکان لە دانان بەم مافە جەختی لەسەر کراوەتەوە. مەبەست لە پابەندیی ئەرێنیی، ئەو پابەندییانەیە کە دەوڵەتان بەپێی ڕێککەوتن و ڕاگەیاندراوەکان لەسەریانە دەستەبەری بکەن وەک ئاسانکاریی و دابینکردنی هەلومەرج و پێداویستییەکان و پاراستنی پێویست، هەتا تاکەکان بتوانن مومارەسەی ئەم مافەیان بکەن. هەروا مەبەست لە پابەندییە نەرێنییەکان، ئەو بەڵێنەیە کە ڕێگە

لە دەوڵەتان دەگرێت کە دەستدرێژیی بکەنە سەر ئەم مافە. لە خوارەوە ئاماژە بەو ڕێککەوتن و دیکۆمێنتانە دەکەین کە باس لە مافی خوێندن بە زمانی دایک دەکەن:

١) ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی مافە شارستانی و سیاسییەکانی ساڵی ١٩٦٦ لە بەندی ٢٧ خۆیدا دەڵێت: لەو وڵاتانەی کە کەمینەی ڕەگەزیی، ئایینیی یا زمانییان هەیە نابێ تاکەکانی سەر بەو کەمینانە لە مافی پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە و کەڵکوەرگرتن لە کەلتوور و ئەنجامدانی ڕێوڕەسمە ئایینییەکان و بەکارهێنانی زمانی خۆیان بێبەش بکرێن.

٢) ڕێککەوتننامەی مافی منداڵ ساڵی ١٩٨٩ لە چەندین بەندی خۆی و لەوانە بەندی ٣٠ دەڵێت: لەو وڵاتانەی کە کەمینەی خۆجێی، ئایینی یا زمانییان هەیە یا ئەو کەسانەی کە ڕەگوڕیشەی خۆجێیان هەیە، منداڵانی سەر بەو کەمینانە یا خۆجێیانە نابێ لە مافی کەڵکوەرگرتن لە کەلتوور، ئایین یا زمانی خۆیان لەگەڵ ئەندامانی دیکەی گرووپەکانیان بێبەش بکرێن.

٣) ڕاگەیاندراوی مافی تاکەکانی سەر بە کەمینە ئەتنی، نەتەوەیی، ئایینی و زمانی ساڵی ١٩٩٢ لە بڕگەکانی ٣ و ٤ بەندی ٤ دەڵێت:

بڕگەی ٣: دەوڵەتانی ئەندام بەپێی دەرفەت دەبێت کرداری پێویست ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی تاکەکانی سەر بەو کەمینانە هەلومەرجی لەباریان بۆ بڕەخسێت بۆ فێربوونی زمانی دایک و یا وەرگرتنی یاسا و ڕێساکان بە زمانی دایکیی خۆیان.

بڕگەی ٤: دەوڵەتانی ئەندام دەبێت ئامادەکاریی پێویست ئەنجام بدەن بۆ خوێندن بە زمانی دایک و هاندان بۆ وەدەستهێنانی زانیاریی مێژوویی، نەریتەکان، زمان و ئەو ڕۆشنبیرییەی کە لە ناو ئەو سنوورانەدا هەیە کە ئەو کەمینانە تیایدا دەژین.

٤) ڕاگەیاندراوی جیهانی مافی زمانیی ساڵی ١٩٩٦ کە ئەم ڕاگەیاندراوە لە ٥٢ بەند پێکهاتووە و تێیدا هەموو وردەکارییەکانی پەیوەست بە پاراستنی زمانی کەمینەکان و ئەرکی دەوڵەتانی لەمبارەیەوە دیاریکردووە.

٥) چارتی زمانی دایکیی یۆنسکۆ: ئەم چارتە لە لایەن ڕێکخراوی یۆنسکۆوە ئامادە و پەسند کراوە و بەپێی بەندەکانی ئەم چارتە هەموو قوتابیانی قوتابخانەکان دەبێ خوێندنی فەرمیی خۆیان بە زمانی دایک ئەنجام بدەن و، هەروا هەموو دەوڵەتان لەسەریانە کە هەموو سەرچاوەکان و کەرەستە و ئامرازە پێویستەکان بەرهەم بهێنن و دابەشی بکەن و، بۆ خویندنی زمانی دایک دەبێ بەپێی پێویست مامۆستا ئامادە و پەروەردە بکات. هەروا ئەم چارتە خوێندن بە زمانی دایک بە ئامرازێک دەزانێت بۆ یەکسانیی کۆمەڵایەتی.

٦) ڕێککەوتننامەی دژ بە جیاکاریی لە پەروەردە و فێرکردن پەسندکراوی یۆنسکۆ لە ساڵی ١٩٦٧.

٧) ڕاگەیاندراوی نەهێشتنی هەر جۆرە نایەکسانیی و جیاکاریی لەسەر بنەمای ئایین کە لە ساڵی ١٩٨١ لە لایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسندکراوە و، تێیدا باس لەوە دەکات کە نابێ هیچ جیاکارییەک بەرامبەر بە کەمینە و ئەتنیکەکان ئەنجام بدرێت و مافی کەڵکوەرگرتن لە ئایین و زمانی خۆیانیان هەیە.

٨) لە ١٦/ئایار/٢٠٠٧ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیاری ژمارە ٢٦٦/٦١/A/RES دەوڵەتانی ئەندام هاندەدات بۆ پاراستنی هەموو ئەو زمانانەی کە گەلانی جیهان بە کاری دەهێنن. هەروا بەپێی ئەم بڕیارە کۆمەڵەی گشتی ساڵی ٢٠٠٨ی بە ساڵی نێودەوڵەتی زمانەکان دەست نیشان کرد بۆ بەهێزکردنی لێکگەیشتنی نێودەوڵەتی لە بواری فرەزمانیی و فرەکەلتووریی.

بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت، کە دیکۆمێنتە نیودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ بەدەر لە ڕەگەز، زمان، ئایین و هتد، مافی خوێندن بە زمانی دایک بە مافێکی سەرەتایی و سەلمێنراوی هەر هاووڵاتییەک دەزانن و، لەم ڕووەوە پشت بە بنەمای یەکسانی و ڕەتکردنەوەی جیاکاریی دەبەستن. جگە لەو دیکۆمێنتە نێودەوڵەتیانەیش، کۆمەڵێک دیکۆمێنتی هەرێمیش هەیە کە باس لە مافی کەمینە زمانیی، ئایینیی و ڕەگەزییەکان دەکات وەک چارتی ئەورووپیی زمانە هەرێمییەکان و کەمینەکان و ڕاسپاردەی لاهای سەبارەت بە مافی خوێندنی کەمینە نەتەوەییەکان و هتد.

**ئەنجام**

زمانی دایک ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە فۆرم وەرگرتنی شوناسی تاکەکاندا، سروشتییە لە ڕێگەی خوێندن و فێرکردنەوە مرۆڤ بەسەر ئەو زمانەدا زاڵ دەبێت. خوێندن و فێرکردن بە زمانێک جگە لە زمانی دایک دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی خوێندن، گەشەنەکردنی توانای داهێنان و نیگەرانی کۆمەڵایەتی. لە ڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە خوێندن بە زمانی دایک لە کۆمەڵگە فرەزمانەکاندا دەبێتە هۆی یەکگرتوویی زمانیی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەگەڵ زمانەکانی تر، هەر بۆیە بێبەشکردنی بەشێک لە هاووڵاتیانی کۆمەڵگە لەم مافە دەتوانێ دەرەنجامی زۆر ترسناکی بە دواوە بێت، کەلێنی ناو دانیشتووانی وڵات زیاتر بکات و بە تێپەڕبوونی کات زیانی گەورەی بە دواوە دەبێت.

لە ڕووی یاساییشەوە، مافی خوێندن بە زمانی دایک یەکێکە لە مافە سەرەتایی و سەرەکییەکانی مرۆڤ کە پێویستە لە دەستوور و یاسای ناوخۆیی ئەو وڵاتانەی کە فرەزمانن بە فەرمی بناسرێت، هەر وەک چۆن لە دیکۆمێنتە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ باسی لێکراوە و جەختی لەسەر کراوەتەوە. هەر لە سۆنگەی ئەم گرنگی پێدانەیە، کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وێڕای داننانی ڕۆژی ٢١ شوبات وەک ڕۆژی جیهانی زمانی دایک، چەندین دیکۆمێنتی نێودەوڵەتیشی لەم بارەیەوە دەرکردووە و جەختی لەسەر خوێندن بە زمانی دایک کردۆتەوە.

**سەرچاوەکان**

١) ارکان شریفی، بررسی حق بر آموزش به زبان مادری در نظام حقوقی ایران در پرتو اسناد حقوق بشری، پایان نامه کارشناسی ارشد حقوق عمومی، دانشکده حقوق دانشگاه بهشتی، تهران، تابستان ١٣٨٥.

٢) شهین اله مرادی و دکتر سیف اله سیف اللهی، مطالعه و بررسی تاثیر آموزش به زبان مادری بر افزایش انگیزه تحصیلی دانش آموزان (مطالعه موردی: دانش آموزان مقطع متوسطه ناحیه یک شهر سنندج ١٣٩١-٩٢)، مجله مطالعات جامعه شناسی، سال چهارم، شماره شانزدهم، پائیز ١٣٩١. ٣) بهرام جوادی، جایگاه زبان مادری در حقوق بین‌الملل، لەسەر ئەم ماڵپەڕە دەبینرێت:

.aspx.http://www.navidazerbaijan.ir/Fa/News٢١٠٢

٤) سعید مرادی، حقوق اقلیت ها و قومیت ها در معاهدات بین المللی، لەسەر ئەم ماڵپەڕە دەبینرێت:

./٩٠٣٧-١/hranews/٢٠١١/https://www.hra-news.org

٥) اليونيسكو يوصي بالتعليم المتعدد اللغات القائم على اللغة الأم، لەسەر ئەم ماڵپەڕە دەبینرێت:

./٥٨٠٠٠١/https://aawsat.com/home/article

٦) ابراهیم رمضانی، چادر سیاه سیستم آموزشی ایران بر سر ملیت های غیر فارس، لەسەر ئەم ماڵپەڕە دەبینرێت: ١١٨٤=http://tebaren.org/fa/?p

٧) عمر عريم، اليوم الدولي للغة الام .. تعزيز لوحدة الشعوب والتفاهم الدولي، لەسەر ئەم ماڵپەڕە دەبینرێت:

.http://alzawraapaper.com

* ماستەر لە یاسای گشتی.

# زمانی یاسایی
# لە فەرهەنگی یاساییدا

عەلی حەمەد عوسمان*
هاژە چیچۆ محەمەد ئەمین*

وەرگرتن و لێکدانەوە و تێگەیشتن لە دەقە دەستووری و قانوونی و شەرعییەکاندا، دوور لە لێڵی و فرەواتایی و لێکدانەوەی جۆراوجۆر، بە شێوەیەکی ورد و ڕوون و پسپۆڕیانە، پێویستی بە فەرهەنگێکی قانوونی دانپیانراو و بڕیار لەسەردراو هەیە، کە زاراوە یەکخراوە یاساییەکانی بەتەواوی لە خۆگرتبێت. بوونی فەرهەنگێک لەم جۆرە، کە بە شێوەیەکی پێڕەوبەندانە و بە زاراوەی ئەکادیمی و زمانێکی یاسایی، نەک هەر دەبێتە ڕابەری دەستی دادوەر، دادنووس، داواکاری گشتی، پارێزەر، مامۆستا و خوێندکاری یاسا لە زانکۆکان، بەڵکو دەبێتە خوانی هەموو ئەو کەسانەی ئارەزووی وەرگرتنی ڕۆشنبیریی یاساییان هەیە. هەبوونی ئەم جۆرە ڕۆشنبیرییەش پێویستییەکی کۆمەڵگای کوردییە.

توێژینەوەکە بە ناونیشانی؛ زمانی یاسایی لە فەرهەنگی یاساییدا. کە وەسفی شیکارییە و ئەو شێوازە زمانە ڕووندەکاتەوە، کە پێویستە لە فەرهەنگی یاسایی بەکاربێت.

لەم توێژینەوەیەدا کە دوو بەشە، هەر بەشێک توێژەرێک ئامادەی کردووە و جەخت لەسەر دوو خاڵ دەکرێتەوە و دەیەوێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە؛ لە بەشی یەکەمدا، دەبێ فەرهەنگی پسپۆڕیی یاسایی چۆن بێت؟ تا ئێستا بە زمانی کوردی ئەم جۆرە هەیە؟ چۆنە؟ پێویستە چی لەخۆ بگرێت؟

باس لە ئەزموونێکی جیهانی و نموونەی ئەم چەشنە فەرهەنگە پسپۆڕییە دەکرێت. لە بەشی دووەمدا، ئایا زمانی کوردی لەباریدایە لە بوار و پسپۆڕییەکی وەک یاسا، وەک زمانێکی تەکنیکی و زانستی بەکاربێت؟ تا چ ڕادەیەک ئەم شێوە دووانە لە باریدایە زاراوەی تایبەت بەخۆی هەبێت و لە پسپۆڕییەکانی دیکە جیابکرێتەوە و خاوەن فەرهەنگی پسپۆڕی تایبەت بەخۆی بێت؟ توێژینەوەکە کۆتایی بە ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان دێت.

**وشەکلیلییەکان:** (فەرهەنگی پسپۆڕی، فەرهەنگی یاسایی، یاسای نووسراو و شیکردنەوەی زمانی یاسایی).

پلان؛ زمانی یاسایی لە فەرهەنگی یاساییدا

**پێشەکی**

١ـ فەرهەنگی پسپۆڕیی یاسایی

•پاشخانێکی مێژوویی
•فەرهەنگی پسپۆڕی یاسایی بە زمانی کوردی ناوەڕاست
•فەرهەنگسازی و فەرهەنگی پسپۆڕی
•فەرهەنگی پسپۆڕی یاسایی
•نموونەی هەرەباوی فەرهەنگی یاسایی .
٢ـ زمانی نووسینی یاسایی
•زمانی یاسایی (بنەماو تایبەتمەندی)
•تایبەتمەندییەکانی زمانی یاسایی
•تایبەتمەندییەکانی دەقی نووسراوی یاسایی (نووسینی یاسایی)
•زاراوە تەکنیکییەکان
ئەنجام
سەرچاوەکان

**پێشەکی**

زمانی یاسایی لە فەرهەنگی یاساییدا، ناونیشانی ئەو بابەتەیە کە توێژینەوەی لەبارەوە ئەنجام دەدرێت. فەرهەنگسازی و یاساناسی ئەو دوو بابەتە گرینگەن، کە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، پێویستی زۆری پێیان هەیە. ئەم دوو بوارە لەڕێگای زمانەوە بە باشتر ڕێک دەخرێن و لە ڕێگای یەک توێژینەوەدا بایەخی پێکەوەیی هەردووکیان زیاتر دەخرێتەڕوو.

وەک پێویستییەکی هەنووکەیی، دانانی فەرهەنگێکی پسپۆڕیی یاسایی، وا دەخوازێت سەرەتا بنەماکانی دانانی ئەم فەرهەنگە لە ڕووی فەرهەنگسازییەوە ڕوون بکرێتەوە و چۆنیەتی چەسپاندنی بنەما سەرەکییەکانی فەرهەنگسازی بە تایبەت هەڵبژاردنی زاراوە یاساییەکان و سیستەمی ڕیزکردنییان لە فەرهەنگەکەدا، هاوکات جەخت کردنەوە لەسەر زمانی سەرەوشەکان و ڕونکردنەوەی دەروازە فەرهەنگییەکانی بە زمانێکی یاسایی و ڕەوان.

ڕێبازی توێژینەوەکە وا دەخوازێت وەسفی شیکاری بێت. کەرەستەکانیشی زیاتر ئەو بەرهەمانەن کە بە زمانی کوردی بڵاوکراونەتەوە و زمانەکەشی زاری کوردیی ناوەڕاستە، کە وەک زمانێکی فەرمی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، لە دامودەزگاکانی

حکومەتی هەرێم و عێراق کاری پێ دەکرێت و ڕیشەی فەرمیبوونی نزیکەی سەدەیەکە. بۆ چڕوپڕکردنی توێژینەوەکە، سوود لە سەرچاوەی بیانی وەرگیراوە.

توێژینەوەکە بۆ دوو بەش دابەشکراوە؛ فەرهەنگی پسپۆڕی یاسایی و زمانی نووسینی یاسایی. کە هەربەشێک توێژەرێک ئامادەی کردووە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدرێتەوە؛ زاراوە و نووسینی یاسایی لە زمانی کوردی ناوەڕاست کەی سەریهەڵداوە؟

لە زمانی کوردیدا فەرهەنگ هەیە بۆ ئەم زاراوە یاساییانە؟ فەرهەنگی پسپۆڕیی یاسایی پێویستە چۆن بێت؟ نموونەی ئەم چەشنە فەرهەنگە پسپۆڕییە لە زمانەکانی تری جیهانی چۆن مامەڵەی لەگەڵدا کراوە؟ ئایا زمانی کوردی لە باریدایە لە بوار و پسپۆڕییەکی وەک یاسا، وەک زمانێکی تەکنیکی و زانستی بەکاربێت؟ تا چ ڕادەیەک ئەم شێوە دووانە لە باریدایە زاراوەی تایبەت بە خۆی هەبێت و لە پسپۆڕییەکانی دیکە جیابکرێتەوە و خاوەن فەرهەنگی پسپۆڕی تایبەت بەخۆی بێت؟ توێژینەوەکە کۆتایی بە ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پێشنیازەکان دێت.

### ١ـ فەرهەنگی پسپۆڕی یاسایی

لە بەشی پسپۆڕی یاساییدا، سەرەتا پاشخانێکی مێژوویی بۆ نووسینی بابەتی یاسایی و زاراوە یاساییەکان و فەرهەنگە یاساییەکان بە زمانی کوردی دەخەینەڕوو.

### • پاشخانێکی مێژوویی

گەڕانەوە بۆ سەرەتای تۆمارکردنی بابەتی یاسایی بە زمانی کوردیی ناوەڕاست لە زمانی کوردیدا، بۆ نیوەی کۆتایی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە. نوری تاڵەبانی بابەتێکی (گرینگی یاسایی بۆ ئەو سەردەم،) لە ژمارە (٥)ی گۆڤاری هیوا، لە ساڵی یەکەمی تشرینی دووەمی ١٩٥٧، لە لاپەڕە ٣٩-٤٢ ، بە ناونیشانی؛ هەڵگرتنی یاسای (دەعوای عشائری) بڵاوکردەوە. لە ناوەرۆکی بابەتەکەدا، نووسەر باسی یەکخستنی یاساکانی عێراق دەکات، کە ناکرێت، لە وڵاتێکدا و لە یەک کاتدا، دوو یاسای جیاواز بە یەکەوە بۆ یەک بابەت دەکاربخرێن. واتە کەسێک لە گوندێک تاوانێک ئەنجام بدات، هەمان تاوانیش لە شار ئەنجام بدرێت، بەڵام لەژێر پەردەی عورفی عەشائیری، سزاکەیان جیاواز بێت. ئەم بابەتە لە زمانی کوردیدا هەنگاوی یەکەمە بۆ یەکخستنی یاساکان و زاراوە یاساییەکان.

سەعدی بەرزنجیش لە لاپەڕە (٥-٢٧)ی ژمارە سێی ساڵی ١٩٨٢گۆڤاری ئابووریزان، کە پاشکۆی (الاقتصاد) بوو، بابەتێکی بە ناونیشانی (کورتەباسێک لە بابەت پێناسین و بەشەکانی یاساوە) بڵاوکردەوە. وەک سەرەتایەک و بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵێک زاراوەی یاسایی بە زمانی کوردی خستەڕوو، کە زۆربەی زاراوەکان چەسپان و تا ئێستاش بەکاردەهێنرێن. هەمان نووسەر، لە لاپەڕە (٨٠-٨٣)ی گۆڤاری کاروانی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ١٩٨٤ بابەتێکی تری بڵاوکردەوە بە ناونیشانی (عورف). لەم باسەدا نووسەر پێگەی عورف وەک چەمکێکی یاسایی دەخاتە بەر توێژینەوە. دوابەدوای ئەم بابەتانە، نووسەر کتێبێکی سەربەخۆ، بە ناونیشانی؛ (تیۆریی گشتیی یاسا) بڵاودەکاتەوە. ئەم کتێبە لە لایەن ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان وەک ژمارە یەکی زنجیرەی زانیاریی یاسایی وەسف کراوە و لە کتێبەکەدا، بابەتی یاسایی بە زاراوەی یاسایی خراونەتەڕوو، کە ئەمە دووەم کتێبی یاساییە.تا پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١، یەکەم کتێبی یاسایی بە زمانی کوردی، بە ناونیشانی؛ (یاسا لەنێوان کۆن و تازەدا)، لە لایەن بەشیر حوسێن سەعدی، لە ساڵی ١٩٨٨ لە چاپخانەی (الحوادث)ی بەغدا چاپکراوە. ئامانج لە نووسینی کتێبەکە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی یاساییە وەک نووسەر لە پێشەکییەکەی ئاماژەی بۆدەکات. ئەم کتێبە لە سێ بەش پێکهاتووە. لەبەشی یەکەمدا؛ مێژووی یاسادانان و چەند یاسایەکی دێرین باس دەکات و لەبەشی دووەمدا؛ چۆنیەتی دانانی یاسا لای دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکان لە سەردەمە جیاوازەکان و لە بەشی سێیەمیش؛ ڕژێمی یاسایی لە عێراق، لەکۆن و ئێستادا دەخاتە بەرباس. (بشير حسين سعدى ١٩٨٨).

دوای ڕاپەڕین و کردنەوەی بەشی یاسا لەچەند زانکۆیەکی هەرێمی کوردستاندا، سەرچاوەی جۆراوجۆر لە کتێب و فەرهەنگ و توێژینەوەی ئەکادیمی و وەرگێڕان لەسەر بابەتی یاسا و یاسایی بڵاوکراونەتەوە. بابەتی یاساش توشی گرفتی فرەزاراوەیی بووە و ئەمەش کەلێنێکی زۆرە کەوتۆتە ناوی، هەنگاوی یەکەمی چارەسەرکردنی گرفتەکە، یەکخستنی زاراوەکانە لە فەرهەنگێکی پسپۆڕی یاساییدا.

- **فەرهەنگی پسپۆڕی یاسایی بە زمانی کوردی ناوەڕاست**

ئەوەی پەیوەستە بە فەرهەنگسازی، یەکەمین فەرهەنگی یاسایی بە زمانی کوردیی ناوەڕاست، فەرهەنگەکەی نوری تاڵەبانییە، بەناونیشانی (فەرهەنگی قانوونی)، کە بە

چوار زمانی؛ کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی و فەڕەنسی لە ساڵی ٢٠٠٤ بڵاوکراوەتەوە. ئەحمەد هەردی پێشەکییەکی کورتی بۆ نووسیوە. چاپی دووەمی فەرهەنگەکە، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی سارایە، لە ساڵی ٢٠٠٩، کە وەک چاپێکی چاککراو ئاماژەی بۆ کراوە. لە پێشەکییەکەیدا فەرهەنگنووس ئاماژە بەوە دەکات کە فەرهەنگەکەی بە هاندانی مامۆستا تۆفیق وەهبی نووسیوە. زۆر لە زاراوەکان خۆی دایڕشتوون و سوودیشی لە زاراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد وەرگرتووە. ئەم فەرهەنگە تا ئێستاش لەلایەن بەکاربەرانی وەک سەرچاوەیەکی یاسایی سوودی لێ بینراوە، هەرچەندە چەندان زاراوەی یاسایی سەردەمیانەی پێویست هەن لە فەرهەنگەکەدا نین و لەکاتی بەکارهێناندا، بەکارهێنەرەکەی نائومێد دەکات. بۆنموونە گەر بەکارهێنەرێک بیەوێت بەدوای دەستەواژەی (قڕکردنی بەکۆمەڵ)دا بگەڕێت، کە بە زمانی عەرەبی (الابادة الجماعية) و بە ئینگلیزیش (Genocide)ـە، لەدادگا نێودەوڵەتییەکان و یاسا ناوخۆییەکانیش لە لیستی تاوانە هەرە گەورەکانە و گەلی کورد پێویستی بەشارەزابوون هەیە بەم چەمکەیە بەڵام زاراوەکە، نە لەم فەرهەنگە هەیە و نە لەو فەرهەنگەی دواتر باسی دەکەین. ئەبدەیتیش نەکراوەتەوە.

سەلام ناوخۆش لە ساڵی ٢٠١٣ فەرهەنگێکی کوردی – ئینگلیزی بە ناونیشانی؛ (فەرهەنگی ئۆکسفۆرد) بڵاوکردەوە، کە چەندان زاراوەی یاسایی بەسوودی لەخۆ گرتووە. لە ڕاستیدا فەرهەنگنووس، لە بەرگەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە، کە فەرهەنگەکەی فەرهەنگێکی گشتی یاساییە. لەبەر ئەم وەسفە ناتوانرێت ئەم فەرهەنگە بە فەرهەنگێکی پسپۆڕی دابنرێت و لە ناوەرۆکیشدا، دەبینرێت چەندان زاراوە بۆ چەمکێک داندراوە، زاراوەسازیش ئەمە پەسند ناکات.

**•فەرهەنگسازی و فەرهەنگی پسپۆڕی**

فەرهەنگسازی وەک زانستێکی سەردەم، لەناو کورداندا، لە قۆناغی سەرەتایی دایە. دروستە زیاتر لە سێ سەدەیە کورد فەرهەنگنووسی هەبووە، بەڵام بە پێوەری ئەمڕۆ بەرهەمی ئەم جۆرە فەرهەنگنووسییە وشەدانە نەک فەرهەنگ. واتە فەرهەنگسازی تەنیا فەرهەنگنووسی یان فەرهەنگدانان نییە بەڵکو، «پڕۆسەیەکی مەعریفی، زانستی، هونەری و پیشەیی فرەبنەمایە، لە فەرهەنگی ئاوەزییەوە دەستپێدەکات بۆ فەرهەنگی تۆمارکراو و بە ڕێڕەوی پێچەوانەدا دەگەڕێتەوە». (عەلی حەمەد ٢٠٢١: ١١). ئەم

تێڕوانینە نوێیە بۆ فەرهەنگ، فەرهەنگی کردۆتە سەرچاوەیەکی بە بەها و سەرەکی بۆ زمان.

فەرهەنگ کە بەرهەمی پرۆسەی فەرهەنگسازییە، لەسەر بنەمای جۆراوجۆر، پۆلینی هەمەجۆری بۆ کراوە. یەکێک لەم بنەمایانە، بنەمای گشتی و تایبەتییە. دیارە فەرهەنگی گشتی بە پێی قەبارەکەی، بە دوای کۆکردنەوە و تۆمارکردنی تەواوی وشە و زاراوەکانی ئەو زمانەدا دەگەڕێت کە پێی دەنووسرێت، بە چالاک و ناچالاکەوە. هەرچی فەرهەنگی تایبەتییە، تەنیا وشە تایبەتییەکانی بابەتێک هەڵدەبژێرێ و تۆماری دەکات و لە دەروازەی زانیاری وشە و زاراوەکاندا زانیاری تەواو سەبارەت بە لێماکە ڕوون دەکاتەوە. فەرهەنگی تایبەتیش بۆ فەرهەنگی بابەتی و پسپۆڕی دابەش دەبێت .

لە فەرهەنگی بابەتی ئەو فەرهەنگانەن کە هەرچی وشەیەک پەیوەست بێت بە ناونیشانی بابەتەکە لە فەرهەنگەکەدا تۆماردەکرێت و زانیاریی سەرەوشەکانی وەک فەرهەنگی گشتی تێدا دەخرێنەڕوو. فەرهەنگی پسپۆڕیش بە تایبەتمەندییەکانی خۆی، لە فەرهەنگی گشتی کە وەک فەرهەنگی دایکە و فەرهەنگی بابەتی کە وەک دەستەخوشکییەتی جیادەکرێتەوە.

فەرهەنگی پسپۆڕی وەک فەرهەنگی تایبەتی هەموو ئەو زاراوانەی تێدا تۆماردەکرێن، کە تایبەتن بە زانستێک لە زانستەکان. جا زانستی سروشتی بێت یان مرۆیی. تایبەتمەندی ئەم فەرهەنگە ئەوەیە کە هاوواتایی تێدا نییە و هەر زاراوەیەک بەرامبەر بە چەمکێکە. هەبوونی هاوواتا لە زاراوەکاندا گرفتی زانستی دروست دەکات. فەرهەنگی یاسایی بۆ بابەتی یاسا یەکێکە لەو فەرهەنگە پسپۆڕییانە و ئەم فەرهەنگە پێویستە بە هەموو زمانێک هەبێت، بەڵام خەڵکی هەرێمی کوردستان زیاتر لە هەموو کەس پێویستی بە فەرهەنگێکی لەم جۆرە هەیە.

**•فەرهەنگی پسپۆڕی یاسایی**

میزۆپۆتامیا، کە بە کانگای یاسا نووسراوەکانی ئوڕنمو، لبت عەشتار و حامورابی ناسراوە، هاوکات شوێنی دانانی یەکەم فەرهەنگی نووسراویشە بە پێی بەڵگەنامەکانی بەردەست. لە نێو ئەو فەرهەنگانەشدا وشەی یاسایی تۆمارکراوە. وەک :»لە فەرهەنگی زمانی ئەکەدی دیارە، واتەی سەرەکی بۆ وشەی (نسخاتم)، واتە ئەو کونجییەی باجی لەسەرە«. (بشير حسين سعدى ١٩٨٨: ٢٩)

هەبوونی فەرهەنگێکی یاسایی گشتگیر بە زمانی کوردی، یەکێکە لە پێویستییە هەنووکەییەکان، بۆ حوکمڕانی کردنێکی پێڕەوبەندانە و سیستەماتیکی لە هەرێمی کوردستاندا، (ئەگەر بە ڕاستی بمانەوێت یاسا سەروەربێت). چونکە زمانی فەرهەنگنووسی لە یاسادا پێویستی بە دەربڕینی یاسایی نووسراو هەیە و جیاوازە لە ئاخاوتنی شوێنکار، کە لێرەدا مەبەست شێوازی گفتوگۆکردنە لە کاتی بەڕێوەچوونی دانیشتنی دادگادا. هەڵبەت دادوەر لە دەرکردنی بڕیارەکانی، زیاتر پشت بەو زمانە نووسراوە فەرهەنگییە دەبەستێت، کە خۆی لە زاراوە یاساییەکاندا دەدۆزێتەوە، بەڵام هونەری دەربڕین و شێوازی قسەکردنی دادوەر، چ لەکاتی لێکۆڵینەوە و چ لە کاتی دادگاییکردندا، کاریگەری خۆی هەیە بۆسەر پرۆسەی دادگاییکردنەکە و زووتر گەیشتنە ئەنجام.

سەرەوشەکانی فەرهەنگی یاسایی، پەیوەستن بە دەقە یاساییەکان، دەقی یاساییش، وەکو هاژە چیچۆ دەڵێت: «زمانەوانیانە دادەڕێژرێت، بۆیە دەبێت زمانەوانیانەش لێک بدرێتەوە. چونکە دەقەیاسای داڕێژراو، بەردەوام بە کردەی زمانی ورد و ئاڵۆز چنراوە و یاسا داڕێژەریش ویستوویەتی بەم هۆیەوە، بە وردی و سنووردارکراوی مەبەستە یاساییەکانی بگەیەنێت.» (هاژە چیچۆ ٢٠١٥: ١٨) ئەگەر لە فەرهەنگی یاساییشدا تێبینی ئەم وردییە نەکرێت، گرفتی یاسایی لێ دەکەوێتەوە. بۆنموونە؛ ڕوداوێک ڕووی داوە، زیان بە کەسانێک یان دەزگایەک کەوتووە، کەسانێک هۆکاری ڕووداوەکەن، دوو زاراوەی (بێسەروبەر) و (کەمتەرخەم) دەدرێتە پاڵ تۆمەتباران. ئەگەر لە فەرهەنگدا بە شێوەیەکی وردی زمانی دەروازە زانیارییەکانی ئەم دوو سەرەوشەیە ڕوون نەکرێنەوە، وەکو هاوواتا دێنە بەرچاو، لە فەرهەنگی پسپۆڕیش هاوواتایی پەسند نییە، کەواتە ناکرێت حوکمی هەردوو حاڵەتەکە یەک حوکم بێت.

فەرهەنگسازی بەگشتی و فەرهەنگنووسی بە تایبەتی پرۆسەی فرەبنەمان، پێویستیان بە کاری پێکەوەیی هەیە. نووسینی فەرهەنگێکی پسپۆڕی وەک فەرهەنگی یاسایی، بەتەنیا لە ڕێگای وەرگێڕانەوە ناتوانێت بەکارهێنەرانی ڕازی بکات، ئەگەر یاساناسێک، فەرهەنگناسێک و زمانەوانێک پێداچوونەوەی بۆ نەکەن. کەواتە پێویستە چەند لێژنەیەک لەم پسپۆڕیانە بەهاوبەشی کاربکەن بۆ بۆ بەرهەمهێنانی فەرهەنگێکی یاسایی و کەم کەلێن.

**•نموونەی هەرەباوی فەرهەنگی یاسایی**

فەرهەنگی یاسایی تەنیا ئەو زاراوە یاساییانە لەخۆ ناگرێت کە تەنیا لەناو دەستوور و یاسا و ڕێنمایی یاسایی ناو هۆڵی دادگا بەکاردەهێنرێن، بەڵکو زاراوەی چەندەها بواری تر لەخۆ دەگرێت وەک؛ دارایی و بانکەکان، نەوت، بازرگانی، دیبلۆماسییەت، فرۆکەوانیی مەدەنی، پزیشکی دادوەری، فیقهی ئیسلامی...هتد. وەک دەبینرێت، فەرهەنگە یاساییەکانی ئینگلیزی وەک؛ (وۆرتۆن، سویت، بڕاون، ستراود، ئێرل جۆیت) ، هەروەها فەرهەنگە ئەمریکییەکان، (ئەندرسن، بۆوڤیر، بوریل و بلاک) و هی تریش، چەندان زاراوەی ئیسلامییان تێدایە، وەک؛ تەڵاق، حەق، قازی، حەد، ناشیزە...زۆری تریش، کە سەرەوشەکان بەپێی شەریعەتی ئیسلامی لێکدراونەتەوە. (الفاروقی ٢٠٠٨: V)

فەرهەنگی یاسایی بلاک ، وەک نموونەیەکی هەرەباو هەڵدەبژێرین و بۆ بەرچاوڕوونی، لەڕووی چۆنییەتی هەڵبژاردنی سەرەوشەکانی و دەروازەی زانیارییەکانی. ئەم فەرهەنگە لە لایەن هێنری کامپبێل بلاک ، لە کۆمپانیای بڵاوکەرەوەی ڕۆژئاوا، لە ساڵی ١٨٩١ز لە ئەمریکا بڵاوکراوەتەوە و بۆ ساڵی ٢٠١٩ گەیشتووە بە چاپی یازدەهەمی . بۆ یەکەمین جار بە شێوەی ئۆنلاین لە ساڵی ١٩٩٠ خراوەتە بەردەست و تا ئێستاش پرسەردانترین فەرهەنگی یاساییە. ئەمەش زیاتر لە پاش ئەوەی بریان گارنەر(Chief Bryan A. Garner) ڕابەری فەرهەنگی یاسایی، لە ساڵی ١٩٩٩ بوو بە سەرنووسەری، فەرهەنگەکە گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینیووە.

فەرهەنگی یاسایی بلاک چاپی ١١، فەرهەنگێکی گشتگیر، زانستی، پسپۆڕی و باوەڕپێکراو، ورد و ڕوونە. ئاسانیشە بۆ بەکارهێنان. زیاتر لە (٥٥٠٠٠) زاراوە و دەستەواژەی یاسایی تێدایە، کە هەندێکیان لەگەڵ دیاردە نوێیەکانی سەردەم و کێشە ئەلەکترۆنییەکان و ماف و ئازادییە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ، پەیدابوون و لە سەرچاوە یاساییەکان تۆمارکراون. ئەو هۆکارەی وایکردووە، فەرهەنگەکە باشتر بناسرێت، پرۆسە فەرهەنگسازییەکەیەتی بەگشتی و فەرهەنگنووسییەکەی بەتایبەتی. (legal.thomsonreuters.com). هەبوونی دەنگنووسی لە فەرهەنگەکەدا، چارەسەری چەندین کێشە دەکات؛ لێڵی واتایی، گۆکردن لە دیالێکتە جۆرەکاندا و دەربڕینی قەردەوشەکان کە لە زمانی تر وەرگیراون. ڕونکردنەوەی هێما و کورتکراوە و ئەکرۆنیمەکان پێڕەوکردنی بنەمای ئابووریانەیە لە فەرهەنگدا. هەبوونی بابەتی تری

پێویست لە پێشەکی و پاشکۆی فەرهەنگەکەدا وەک؛ دەستووری وڵات، دادگا باڵایەکان و تایبەتمەندێتییان، کۆدی بەرپرسیارێتی پرۆفیشناڵانە و یاسا و شەریعەتی ڕەوشتی دادگەری، کە بێجگە لە بەڕیوەبردنی ڕێکارە یاساییەکان لەناو دادگادا، ڕۆشنبیریی گشتی یاساییش بە تاکەکانی ناو کۆمەڵگە دەبەخشێت.

لەکاتی کارکردندا، بۆئەوەی بەرهەمەکە وەک فەرهەنگێکی ئەکادیمی تەماشا بکرێت، سەرنووسەرەکەی فەرهەنگی بلاک، هەر سەرەوشەیەکی بیەوێت بیخاتە فەرهەنگەکە، خۆیی و دەروازە فەرهەنگییەکەی پیشانی چەندان کەسی ئەکادیمی و پسپۆڕی زمانی و یاسایی داوە، تاکو لە وردیی زانیارییەکەی و دەربڕینەکان دڵنیابن. تێبینی و ڕێنماییەکانی ئەوانیشی زانستیانە لە بێژینگ داون، ئەوجا سەرەوشەکەی بە تەواوی زانیارییەوە لەگەڵ کۆی دەروازە فەرهەنگییەکە، بە پێی ڕێنماییە فەرهەنگنووسییەکان، لە فەرهەنگەکەدا تۆمارکردووە. نزیکەی هەزار سەرچاوەی یاسایی ئاماژە پێکراوە، کە بۆ فەرهەنگەکە بەکارهاتوون، بەکارهێنەرە ئەلیکترۆنیەکەی لە ڕێگای ئاماژە یەکتربڕەکانەوە بە زانیارییەکانی دەگات. لە پرۆسەی فەرهەنگنووسی یاساییدا، پێش ئەم بەرهەمە، کاری لەم شێوەیە ئەنجام نەدراوە. لەم ڕۆژگارەشدا، ڕۆژ بە ڕۆژ دیاردەی تاوانکاری نوێ و شێوازی ئەنجامدانی تاوان لەگەڵ ڕێکارە یاساییەکانی بەرامبەریان لە زیادبوون دان و چەمکە یاساییەکان زاراوەی یاسایی نوێیان پێویستە و شوێنی ڕاستەقینەی پاراستنی ئەم زاراوانەش تەنیا فەرهەنگی پسپۆڕیی یاساییە. (collegelearners.com)

فەرهەنگی یاسایی بلاک، نموونەیەکی باشە بۆ بەکارهێنانی وەکو بنەمایەک بۆ ئامادەکردنی فەرهەنگی پسپۆڕی یاسایی بە زمانی کوردی. بۆ ئەوەی تەواوی بەکارهێنەرانی سوودی لێ وەربگرن، پێویستە سەرەڕای ئامادەکردنی فەرهەنگێکی گشتگیری یاسایی، هاوکات چەند فەرهەنگێکی تریش ئامادەبکرێن تایبەت بن بە خوێندکارانی یاسا، کاروباری دادگاکان، ڕۆشنبیری یاسایی، فەرهەنگی یاسایی فرەزمانی...هتد. دیارە هەریەک لەم فەرهەنگانەش بنەمای کارکردنی جیاوازە لەڕووی هەڵبژاردنی سەرەوشەکانیان و خستنەڕووی زانیارییەکانی ناو پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی فەرهەنگەکان.

ئەوەی تا ئێستا لە زمانی کوردیدا پەیڕەو دەکرێت سەبارەت بە فەرهەنگی یاسایی، وەرگێڕانی فەرهەنگێکە لە زمانێکی ترەوە، کە ڕێگایەکی ناچاری و کەلێندارە

لە فەرهەنگنووسیدا. بۆ ئەوەی پرۆسەی فەرهەنگسنووسی یاسایی بەرهەمدار و ئەکادیمیانە بێت، پێویستە کۆمەڵێک یاساناس، فەرهەنگناس و زمانناس بە کۆمەڵ کاربکەن و بەشداربن لە دانانی فەرهەنگە یاساییە جۆراوجۆرەکان و دەزگایەکی نیشتمانیش سەرپەرشتی پرۆسەکە بکات. فەرهەنگەکان چ کاغەزی بن چ ئەلیکترۆنی زمانی یاسایی نووسراویان بۆ بەکار دێت. کەواتە سەرەڕای زانستی یاسا، وردی و ڕوونی و داڕشتن و دەربڕینی زمانیی یاسایی نووسراویش لە فەرهەنگدا یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی فەرهەنگنووسی یاسایی. وەک لە لە بەشی دووەمدا، شرۆڤەی زمانی کوردی دەکەین وەک زمانێک لە پسپۆڕییەتی یاسادا.

**٢- زمانی نووسینی یاسایی**

پرسیاری سەرەکی ئەم بەشە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە ئایا زمانی کوردی لەباریدایە، لە بوار و پسپۆڕییەکی وەک یاسا، وەک زمانێکی تەکنیکی و زانستی بەکاربێت؟ ئەی تا چ ڕادەیەک ئەم شێوە دوانەییە لەباریدایە زاراوەی تایبەت بەخۆی هەبێت و پێی لە پسپۆڕییەکانی دیکە جیا بکرێتەوە؟

•**زمانی یاسایی(بنەما و تایبەتمەندی)**:

•بنەمای لێکۆڵینەوەی زمانی یاسایی زیاتر شیکردنەوەیەکی ڕەخنەییانەیە بۆ کۆپەیوەندی نێوان یاسا و زمان. بە شێوەیەکی گشتی تا سەردەمی هاتنەکایەی چەمکی(زمانی یاسایی)، خودی(یاسا و زمان) وەک دوو دیاردەی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، بەڵام بە دوای ناساندنی چەمکی(زمانی یاسایی)دا، ئەم بیرە گۆڕانی بەسەردا هات و هەردوو دیاردەکە لە بۆتەی ڕێبازێکی لێکۆڵینەوەی نێوانگیردا وەک دوو دیاردەی پەیوەست بە یەکتر شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت. لە سەر ئەم بنەمایە(Peter Goodrich:١٩٨٤) پێیوایە، کە:(( زمانی یاسا«Legal Language» چەپکە نیشانەیەکی دەرپەڕیوی لایەنی کۆمەڵایەتی و مێژوویانەی سەرەتاکانی دروستبونی مرۆڤەکانن و هاندەرن بۆ داڕشتنی دەقی یاسایی وەک ئامرازێکی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و پۆلکردنی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان)) . بۆچوونی ئەم لێکۆڵەرە ئەو ڕاستییە دەچەسپێنێت، کە دەقی یاسایی وەک هەر دەقێکی تری گوتراو یان نووسراو، دەقێکی زمانییە، بۆیە شێوازی قسەکردن و نوسینی یاساییانەش وەک هەر شێوازێکی

ئاخاوتن و نووسینی تایبەتی زانست و پیشەییەکی تایبەتی، شێوازێکی قسەکردن و نووسینێکی تایبەتییە واتە زمانی یاسایی شێوازێکی دەربڕینی تایبەتیی زانستێکی تایبەتیی وەک یاسایە. ئەم ڕاستییەش لەو بنەمایەوە هاتووە، کە هەم تیۆری یاسایی و هەم پڕاکتیزەکردنی یاسایی هەمیشە و بە شێوەیەکی زۆر بەهێز پشت دەبەستێت بە ئامڕازی شیکردنەوە ڕەوانبێژی و زمانەوانییەکان. ئەمەش لە بەرئەوەی کارپێکەرانی یاسا هەمیشە ویستوویانە لەم دەقە تەواو تەکنیکییە واتە(دەقی یاسایی، کە چنراوێکی نیشانە زمانەوانی و ڕەوانبێژییەکانە) تێبگەن. بۆیە بەردەوام پێویستییان بە سەرجەم توانست و توانا زمانەوانی و درکپێکردنە زمانەوانییەکانە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم ئاڵۆزییانەی ئەم دەقە تەکنیکییە و سانا تێگەیشتن لێی. بەمشێوەیە ئەم بۆچوونە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، کە دەقی یاسایی زمانەوانییانە دادەڕێژرێت، بۆیە دەبێت زمانەوانییانەش لێکبدرێتەوە، چونکە دەقە یاساییە داڕێژراوەکان بەردەوام بە کردەی زمانی ورد و ئاڵۆز چنراوە و یاسا داڕێژەریش ویستوویەتی بە هۆیەوە بە وردی و سنوردارکراوی مەبەستە یاساییەکانی بگەیەنێت. ئەمەش لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی ئاڵۆزییەکی بێ کۆتایی دەقەکە و زیاتر وەک دەقێکی زۆر تەکنیکی ڕەوانبێژییانە دەردەبڕدرێت. ئەگەرچی ئەم بۆچوونە بۆتە هۆی ئاڵۆزبوونی دەقی یاسایی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بۆچوونە بنەمایەک بووە بۆ خستنەڕووی ئەوەی، کە دەبێت داڕشتنی دەقی یاسایی بە زمانی یاسایی سروشتی(پێڕەو) بە یاسا ببەخشێت، هەربۆیە(Peter Goodric ١٩٨٤ ) لە بۆچوونەکەیدا بـەردەوام دەبێت و دەڵێت: بەردەوام هەوڵدەدرێت بۆچوونێکی ئەرێنییانە لە سەر یاسا بخرێتەڕوو بەوەی، کە یاسا لە کرۆکدا وەک(پێڕەو) پێناسە بکرێت، پێڕەوێک بۆ واتا جیهانییەکان یان نرخە یاساییە تایبەتەکان. بەمەش زمانی یاسا دەبێت بە زمانێکی تەکنیکی، بەڵام ئەم لایەنە تەکنیکییە نابێتە بنەمای هەڵە لە زمانی یاسادا، بە مەرجێک دروست بخوێندرێتەوە و تێبگەین)) . کەواتە چەندە داڕشتنی یاسا بە داڕشتەیەکی زمانەوانی دروست گرنگە، دوو هێندەش شیکردنەوەی داڕشتەکە و تێگەیشتن لەو داڕشتەیە گرنگە، تا ڕاستەوانە یاساکە دابڕێژرێت و بشخوێندرێتەوە. لە ڕاستیدا گرنگترین لایەنی هاوبەش لە نێوان هەردوو و دیاردەی(زمان و یاسا)دا بریتییە لە چوونیەکی پاشخانی هەردوو دیاردەکە، چونکە هەر وەک چۆن زمان زیاتر وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەناسرێت و سەرجەم نیشانە مێژویی و کۆمەڵایەتی و کلتوری و ئایینی و ئابوری

و ڕامیاری و...هتد لە ناوەخنیدا هەڵگرتوە بە شێوەی کۆدی زمانی لە ئاوەزیدا هەڵگیراوە و لە ئاخاوتنەکانی و تێگەیشتنەکانیدا بەردەوام ئامادەییان هەیە، بە هەمان شێوەش کارکەرانی بواری یاسا لە هەرسێ دەسەڵاتی(یاسادانان و یاساجێبەجێکردن و دادوەریدا) کاتێک پرۆژەی یاسا پێشنیاز دەکەن یان یاسا دادەڕێژن یان جێبەجێی دەکەن، ئەوا لەم کارەیاندا بەردەوام هەروەک دیاردەی زمان نیشانە (مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کلتوریی و ئاینی و ئابوری و ڕامیاری...هتد )ەکانی ئەو کۆمەڵگا و وڵاتە ئامادەیی هەیە و هەر لەم بنەڕەتەوە یاسا ئەنجامی وردبوونەوەیە لەو کێشانەی لەم نیشانانە دەکەوێتەوە. هەربۆیە سەرجەم یاساکان بەم چەپکە نیشانانە داگیراونەتەوە. بەمەش یاسا وەک دەقێکی زمانی تایبەتی دەبنە زمانێکی تاریک و ناڕونی سەخت و دژوار، چونکە لە لایەک خودی یاساکە بەم نیشانانە داگیراونەتەوە و لە لایەکی تریشەوە بە ئامرازی زمان(کە لە خۆیدا دروستبووی کۆی ئەو نیشانانەیە) داڕێژراوە. کەواتە ئەگەر زمان جارێک ئاڵۆز بێت و پێویستی بە شیکردنەوە بێت، ئەوا یاسا دوو جار ناڕوونە و پێویستی بە شیکردنەوەیەکی زمانەوانی و یاساییانە هەیە، تاوەکو بتوانرێت دروست بخوێندرێنەوە و لێیان تێبگەین. ئەوەی زیاتر بۆتە هۆی دژواربوونی دەقە یاساییەکان زیاتر بریتییە لە شیکردنەوەی هەڵەکان، کە بۆ لایەنی زمانی دەقەکان دەکرێت، چونکە خەڵکی ناپسپۆڕ لەمبارەدا زۆرجار بە شێوەیەکی ناچارییانەی خۆڕسکی قسە لە سەر یاسا دەکەن بە پێی درکپێکردنی خۆیان بۆ یاساکە و زمانی داڕشتنی یاساکە بە بێ گوێدانە خودی سیستەمە زمانی و یاساییەکەی دەقە یاساییەکە، کە دواتر سەرجەم ئەو قسانە دەبنە گوتەیەکی وشک هەڵهاتوو لە بارەی یاسا و زمانی یاساوە و لە بڕی ئاسانکاری دەقە یاساییەکە زیاتر لێڵی و ناڕوونی بە دەقەکە دەبەخشن. لێرەوە دەتوانرێت ئەوە هەڵبهێنجێندرێت، کە زمانی یاسا/ زمانی یاسایی وەک هەموو بەکارهێنانێکی زمانی تر زیاتر جێبەجێکردنێکی کۆمەڵایەتییانەی کلتورییانە و خودی دەقەکانیشی هەڵگری نیشانەکانی ئەمجۆرە جێبەجێکردنانەن. بەمەش زمانی یاسا هەوڵدانە بۆ دەست بە سەرداگرتنی ڕەهەندە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی لایەنی واتایی زمانی یاسایی و جێبەجێکردنە دەقییەکانیان لە ڕێگەی ئامرازەکانی شیکردنەوەی زمانەوانییەوە.

•لەم تێگیشتنەوە دەکرێت بگوترێت، کە زانستی یاسا هەر لە بەراییەکانی خوڵقاندنییەوە زۆر بە وردی سودی لە فەلسەفەی زمانەوانی وەرگرتوە، بە تایبەتی

لە ڕوانگەی هەوڵدان بۆ دیارکردنی واتایەکی وردی ئەو پرسیارە گشتییانەی لە یاساکاندا بوونیان هەیە. ئەمە جگە لە گرنگیدانێکی بێ شومار بە زاراوە یاساییەکان، بەڵام هێشتا لەگەڵ ئەم گرنگی پێدانە کلاسیکییەشدا تا سەردەمی هاتنەکایەی (زانستی زمانی کارەکی) و گەشەکردنی بواری زانستی(بەکارهێنانی زمان بۆ مەبەستی تایبەتی/ بۆ مەبەستی یاسای بۆ نموونە «واتە زمانی یاسایی») لە ناو ئەم لقە زمانەوانییەدا، زانستی یاسا نەیتوانیوە ورد و زانستییانە کەڵک لە شیکردنەوە زمانەوانییەکان وەربگرێت، چونکە ڕاستە لە زۆربەی بابەتە یاساییەکاندا پەیتا پەیتا ئاماژە دراوە بە ئاڵۆزییەکانی(لێکدانەوە و ناڕوونی و لێڵی فرەواتایی) داتای دەقە یاساییەکان و شێواندنی واتا یاساییەکان، بەڵام زۆر بە دەگمەن پێش سەردەمی(زمانی یاسایی) توانراوە لە ڕوانگەیەکی زمانەوانییانەوە شیکردنەوە بۆ ئەم ئاڵۆزییانە بکرێت لە ڕێگەی یەکلایکردنەوەی خودی گرفتی دەقە یاساییەکان، کە زیاتر زمانەوانی بوون وەک لە یاسایی. بەم شێوەیە گرنگیدانی زانستی زمان بە بەها بەکارهێنانییەکانی یەکە زمانییەکان لە ناو کۆمەڵ و گروپە ئاخاوتنییە جیاوازەکاندا لە خۆیدا لاکردنەوەش بووە لە کرۆکی ئەم کێشەیەی زانستی یاسا، چونکە زمانەوانی وەک ئەرکێکی ڕەسەنی خۆی بە دوای ئەو واتا زمانیانەشدا گەڕاوە لە ناو سەرجەم شێوازە قسەکردنە جیاوازەکانی گروپە ئاخاوتنییەکاندا بە شێوازی قسەکردنی گروپی ئاخاوتنی یاساییشەوە. هەر بۆیە دەکرێت بگوترێت سەرهەڵدانی کۆزمانەوانی وەک لقێکی سەربەخۆی زانستی زمان و گرنگیدانی بەم لایەنە زمان لە خۆیدا بنەمای یەکەم بووە بۆ داڕشتنی پەیوەندی نێوان(زمان و یاسا) وەک دوو دیاردەی پەیوەندیدار، کە هەردوو زانستی(زمان و یاسا) خۆیانی پێوە خەریک دەکەن و ئەنجامەکەشی هاتنەکایەی(زمانی یاسایی) بووە. ئەوەی زیاتر یارمەتی سەرهەڵدانی ئەم پەیوەندییەیدا وەک زانستێک بۆچوونە یاساییە باوەکانی ناو توێژەرانی یاسا بووە و لە پێش هەمووشیانەوە بۆچوونەکانی(H.L.A. Hart)، چونکە ئەم پێیوا بووە، کە سیستەمی یاسایی بریتییە لە سیستەمێکی لۆژیکی داخراو، کە لە کۆدە لەخۆوە و نالەخۆوەکان پێکهاتووە و خودی سیستەمەکەش لە سەر هەردوو بنەمای(چۆنیەتی داڕشتنی یاساکان) و(بابەتێتی یاساکان) داڕێژراوە . کەواتە ئەم بۆچوونە ڕاستەوخۆ ئەوە دەخاتە بەردەست، ئەگەر بمانەوێت لە سیستەماتیکی سیستەمی یاسا تێبگەین، ئەوا ڕاستەوخۆ پێویستمان بە شیکردنەوەی خودی دەقە یاساییەکە هەیە، هەربۆیە لە بنەڕەتدا لێکدانەوەی کۆدە لەخۆوەیی و

نالەخۆوەییەکانی دەقێکی یاسایی شیکردنەوەی دەق دەرەخسێنێت. بەمەش ئەو سیستەمە لۆژیکییە داخراوە شیدەکرێتەوە و سانایانە(چۆنیەتی دارشتنی یاساکان) و ڕەنگدانەوەی(بابەتێتی بوون)یان لێکدەدرێتەوە و هەڵدەسەنگێنرێت.

**•تایبەتمەندییەکانی زمانی یاسایی:**

•زمانی یاسایی وەک شێوەیەکی دووانـی تایبەتی، کە لە بوارێکی تایبەتیدا بەکاردێت و لە خۆیدا دوو چەشنی سەرەکی هەیە، کە ئەوانیش(ئاخاوتنی یاسایی) و(نوسراوی یاسایی)ن. ئەم دوو چەشنەی زمانی یاسایش وێڕای ڕەنگدانەوەی سەرجەم تایبەتییەکانی زمانی یاسایی تێیاندا، بە هەمان شێوە هەرچەشنێکیان چەند تایبەتمەندییەکی وردتری هەیە، کە تایبەتە بە خودی چەشنەکە و بەکارهێنانەکەشی دیاریدەکات. هەربۆیە لێردا بە پێویست دەزانرێت ئەو تایبەتمەندییانە بخرێنەڕوو:

**•تایبەتمەندییەکانی دەقی نوسراوی یاسایی(نوسینی یاسایی):**

•زمانی ئاخاوتنی هەر نەتەوەیەک بە گشتی و زمانی نوسراوی نەتەوەکە بە شێوەیەکی تایبەتی ڕەنگدانەوەی مێژوی نەتەوەکەیە. لەمبارەیەوە مێژوو و کلتوری هەر نەتەوەیەک خۆی لە زمانەکەیدا مەڵاسداوە و بەردەوام لە ئاخاوتن و نوسین ئەو زمانە ئامادەگی هەیە. بێگومان لەم ئەرکەدا(زمانی نوسراو) زۆر زیاتر لە(زمانی گوتراو) ئەم ڕەنگدانەوەی تێدا دەبینرێتەوە، چوونکە هـەروەک دەزانرێت نوسین هەوڵی مرۆڤە بۆ پاراستنی گوتەکانی. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەیری زمانی نوسراوی دەقە یاساییەکانی زمانێکی وەک زمانی ئینگلیزی بکرێت، ئەوا زۆر بە ئاشکرا زمانە یاساییەکە سەرجەمی قۆناغە جیاوازەکانی ڕابردووی ئەو نەتەوەیە لە خۆیدا هەڵگرتوە و بەردەوام مێژوی نەتەوەکە و بیر و بۆچوون و چۆنیەتیی ژیانیان و چییەتی ڕێزدانیان بۆ یاسا لە پنت بە پنتی دەقە یاساییەکاندا بوونی هەیە . لەم تێگەیشتنەوە ئەگەر لە زمانی نوسراوی دەقە یاساییەکانی زمانی کوردی وردببینەوە، زۆر بە زەحمەت دەتوانرێت هەمان ڕاستی سەرەوەی تێدا بدۆزرێتەوە. ئەمەش بە هۆی ئەوەوە نا، کە کورد خاوەنی مێژوو نییە یاخود زمانەکەی توانای لەخۆدا هەڵگرتنی مێژوی نەتەوەکەی نییە، بەڵکو هۆکارەکەی زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەزمونی کورد لە نوسین و داڕشتنی یاسادا زۆر لاوازە. ئەوەشی کە هەیە زیاتر وەرگێڕانی دەقی یاسا

عەرەبییەکانە یان  دارشتنەوەی دەقی یاساکانە بە زمانی کوردی. بەمشێوەیە کەم ئەزموونی کورد لەم بوارەدا، بۆتە هۆی ئەوەی زمانی یاسایی تایبەت بە خۆی نەبێت. بەمەش کە زمانە یاساییەکەی نەبوو یان لە سەرەتای دامەزراندنیدا بوو، ئەوا سانایانە ڕەنگدانەوەی لایەنی مێژوویی و کلتووریی کوردەواریشی تێدا نابینرێتەوە. بەڵام دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی کورد لە بەهاری(١٩٩١)دا، ئەم بارە وەرچەرخانێکی گەورەی بە سەردا هات، چوونکە هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی(١٩٩٢)دا و، دامەزارندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تەواوی ئەم بارەی زمانی کوردیی گۆڕی و، چەندین دەقی یاسایی و پڕۆژەی یاسایی یان وەرگێڕدران یان بە زمانی کوردی دارێژرانەوە و زۆرینەی یاساکان بە زمانی کوردی هەموار کرانەوە. لەم بارەشدا زمانی کوردی ئەو ئەرکەی کەوتە ئەستۆ، کە پێش چەندین سەدە بە سەر زمانێکی وەک زمانی ئینگلیزیدا درابوو. ئەرکەکەی زمانی کوردی لە دوای پڕۆسەی ئازادکردنی عێراق و، دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ لە ساڵی(٢٠٠٣) بە دواوە چڕتر بوون، چوونکە لە دوای ئەو مێژووەوە بە فەرمی زمانی کوردی لە دەستووری وڵاتدا بە زمانی فەرمی دووەمی دەوڵەت دانی پێدانرا و بە دوایدا دارشتنەوەی یاساکان بە زمانی کوردی بووە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر. لەم بوارەدا زمانی کوردی وەک هەر زمانێکی تری ئاسایی ئەم دوو نیایە تایبەتمەندییەکانی خۆی لە گشت ئاستەکانیدا لە دەقە یاساییەکاندا ڕەنگ پێدایەوە. بەمەش زمانی کوردی وێڕای بەکارهێنانی وەک زمانێکی نەتەوەیی، بووە زمانێکی پیشەیی و ئەکادیمیش و، لە بوارێکی تایبەتی وەک بواری یاسادا بەکارهات و بەکاردێت. هەربۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا زۆر بە وردی کار دەکرێت لە سەر شیکردنەوە و خستنەڕووی وشە فەرهەنگیەکانی  زمانی نوسراوی یاسایی لە ناو زمانی کوردیدا. بۆ ئەم مەبەستەش لەم وەچەپارەدا بە شێوەیەکی گشتی تایبەتمەندییە گشتییە پێشبینیکراوەکانی زمانی نوسراوی یاسایی دەخرێنەڕوو. گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانەش، کە پێویستە لە زمانی نوسراوی یاساییدا بوونیان هەبێت زیاتر بریتین لە چوار تایبەتمەندی، کە لە شیکردنەوەیاندا پەییڕەوی بۆچوونەکانی(Vijay K. Bhatia) دەکرێت، تایبەتمەندییەکانیش زیاتر بریتین لە:

**١-ڕوونی** «Clarity»: زمانی نووسراوی دەقە یاساییەکان دەبێت ڕوون بن و لە دارشتنی یاساکاندا هیچ ناڕوونییەک لە خۆدا هەڵنەگرن. خۆ ئەگەر هەر ئامڕازێکی

ناڕوونیشی تێدا بێت، ئەوا دەبێت بوونی بۆ مەبەستێکی دیاریکراوی یاسایی بێت. ئەم تایبەتمەندییەش زیاتر بەدی دێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی (زاراوە ڕونکارییەکان و فرێزە پێشناوییە ئاسایی و درێژ و ئاڵۆز و ڕونکارییەکان).

**٢-وردێتی**«Precision»: پێویستە زمانی داڕشتنی دەقە یاساییەکان ورد بن لە گەیاندنی واتای یاسایدا. ئەم مەبەستەش بە دەست دێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەربڕاوە ناوییەکان و دەربڕاوە بەناوکراوەکانەوە.

**٣-نالێڵی**«Unambiguity»: لێڵی یەکێکە لە دیاردە ڕێزمانی و واتاییە هەرە دیارەکانی هەر زمانێک، کە بە هۆیەوە وشە لێڵەکان و دروستەی سینتاکسی جیاواز بەرهەمدێت. لە بەرانبەردا زمانی نوسراوی یاسایی نابێت ئەم لایەنە لە خۆی بگرێت. بە مەبەستی دوورکەوتنەوەش لەم دیاردە زمانییە، زمانی نوسراوی یاسایی پەنا دەباتە بەر، بەکارهێنانی یاسای سینتاکسی جیاواز بۆ ڕەواندنەوەی لێلییەکان و دوو رکەوتنەوە لە لێڵی و نزیکبوونەوە لە نالێڵی.

**٤-گشتێتی**«All-Inclusivenes»: زمانی نووسراوی دەقە یاساییەکان پێویستە تەواو و پڕاوپڕی ئەو مەودا دیاریکراوە یاساییە بێت، کە دەقە یاساییەکە دەیەوێت بیگەیەنێت. بە شێوەیەک دەبێت زمانی نوسراوی دەقە یاساییەکان هەم(توانای تێگەیشتن) لێی هەبێت و هەم(توانای لێکدانەوە)شی هەبێت.

•ئەگەرچی زمانی نووسراوی دەقی یاسایی لە هەر زمانێکدا نموونەییانە دەبێت ئەم چوار تایبەتمەندییەی تێدا بێت، بەڵام ئەم تایبەتامەندییانە بەدینایەن بە بێ ڕەنگدانەوەی نیشانەی(فەرهەنگی و وشەیی و سینتاکسی و دەقی واتایی) خودی زمانەکە لە ناو داڕشتەی زمانی نوسراوی یاساییدا، کە تێیدا لێکۆڵەر هەوڵدەدات بە شێوەیەکی کارەکی کار لە سەر (نیشانەی فەرهەنگی) دەقی یاسایەکی تایبەت بکات.

•**زاراوە تەکنیکیەکان** «Technical Term»:

بنەڕەتی یەکەمی داڕشتەی زمانی یاسایی لەڕووی فەرهەنگیەوە بونی زاراوەی زانستی و پسپۆڕی تایبەت بەخۆیەتی، لەم ڕوانگەیەشەوە زمانی نوسراوی زمانی یاسایی لە زمانی کوردیدا لەم تایبەمەندیە بێبەش نییە، (هەروەک بۆ دەقی یاسایی سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستان / ژمارە ٦/ ساڵی ٢٠٠٢ خاوەنی ئەم تایبەتمەندیەیە، هەروەک لەخشتەی ژمارە(١) دا دەخرێتەڕوو و شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت:

**خشتەی ژمارە** (١)

دارشتنی مۆرفۆلۆژییەکەی پۆلی وشە خواستراو و رەسەن مادده/برگە زاراوەی تەکنیکی

ناوێکی سادەیە ناو وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە  یاسا ١

ناوێکی دارێژراو

ڕەگی بەند+پاشگری دارشتن

بناغە+پاشگری دارشتن

ناو وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە  بڕیار ٢

ناوێکی سادەیە ناو خواستراوی عەرەبی  حوکم ٣

ناوێکی سادەیە ناو وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە  بڕگە ٤

ناوێکی سادەیە ناو وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە  مادده ٥

ناوێکی سادەیە ناو وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە  مەرج ٦

ناوێکی سادەیە ناو وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە  تاوان ٧

ناوێکی لێکدراوە

ناو +ناو ناو وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە  داواکار ٨

ناوێکی لێکدراوە

ناو+ناو ناو وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە  بەڵگەنامە ٩

ناوێکی دارێژراوە

ناوی سادە+ پاشگری دارشتن/-گا/ ناو وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە  دادگا ١٠

ناوێکی سادەیە ناو خواستراوی عەرەبی  تەمیز ١١

ناوێکی سادەیە ناو وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە  مۆڵەت ١٢

ناوێکی سادەیە ناو وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە  قەدەغە ١٣

ناوێکی سادەیە ناو وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە  ماف ١٤

ئاوەڵناوێکی لێکدراوە

ناو+ ناو ئاوەڵناو وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە  قەدەغەکراو ١٥

ناوێکی لێکدراوە

ناو+ناو ناو وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە  سەرپێچی ١٦

## ئەنجام

•لە پرۆسەی فەرهەنگسازیدا، فەرهەنگی پسپۆڕی یاسایی شوێنی تایبەتی خۆی هەیە و زاراوەی یاسایی تێدا تۆماردەکرێت. زاراوە یاساییەکانیش بە زمانی کوردی، لە بڵاوکراوە و فەرهەنگە کوردییەکاندا بڵاوکراونەتەوە بەڵام فەرهەنگەکان بە پێی بنەما سەرەکییەکانی فەرهەنگنووسی هاوچەرخ ڕێک نەخراون، بۆیە کەلێندارن.

•ئەزموونی فەرهەنگنووسی یاسایی جیهانی ئەوە دەسەلمێنێت، کە لەکاتی دانانی فەرهەنگی لەم بابەتە و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بنەمایانە، پێڕەوکردنی ئەم زمانە لە دادگاکاندا، دەستەبەری ڕێکخستنی کۆمەڵگاکەیە، لەسەر بنەمای دادگەری و سەروەری یاسا.

•زمانی یاسایی لە زمانی کوردیدا، خاوەنی نیشانەی زمانی فەرهەنگییانەی خۆیەتی، بەمەش ئەم شێوە دووانەییە خاوەنی داڕشتەیەکی زمانی تایبەت بەخۆیەتی و دەتوانرێت پێی لە پسپۆڕییەکانی دیکە جیا بکرێتەوە و دەکرێت زاراوەکانی ئەم بوارە تایبەتە زانستیانە لە فەرهەنگی پسپۆڕی تۆماربکرێن.

## سەرچاوەکان

•بشير حسين سعدى (١٩٨٨). یاسا لەنێوان کۆن و تازەدا، الحوادث، بەغدا.

•سەلام ناوخۆش (٢٠١٣). فەرهەنگی ئۆکسفۆرد (گشتی و یاسایی)، مكتبه محوی، هەولێر.

•سەعدی بەرزنجی (١٩٨٩). تیۆری گشتی یاسا، ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان.؟.

•عەلی حەمەد عثمان (٢٠٢١). ئاستەکانی زمان لە فەرهەنگی کوردیدا، کاروان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سۆران. (ماستەرنامە، زانکۆی سۆران، ٢٠١٦)

•کاروان عومەر قادر (٢٠١٢). فۆڕمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی بینایی، چاپ١، سلێمانی.

•نوری تاڵەبانی (٢٠٠٩). فەرهەنگی قانوونی، کتێبخانەی سارا، ؟.

•هاژە چیچۆ محمدامین (٢٠١٥). داڕشتەی زمانی یاسایی لە زمانی کوردیدا، ماستەرنامە، فاکەڵتی ئادابی زانکۆی سۆران)

•الفاروقی، حارس سلیمان (٢٠٠٨) المعجم القانونی، مكتبه لبنان ناشرون، بيروت.

•Black's Law Dictionary 11th ed. (West Group.2019), Bryan Garner,editor, ISBN 9789-2975-5392-1-
•Coulthard,M. And Jahnson,A.(2010), The Routledge Hand Book Of Forensic Limguitics, 1st,Routledge, USA And Canada.
•Gibbons, J. And Turell, M.,T.(2008) Dimensions, Of Forensic Lingustics, Jon Binjamins Compamy, Amsterdam.
•Goodrich, P (1984), Legal Discourse Studies In Linguistics, Rhetoric And Legal Analysis, University Of Edinburgh
•https://collegelearners.com/ebooks/blacks-law-dictionary-pdf/ Kimberly Blevins, The Black's Law Dictionary 11th Edition February 24, 2021 at 9:19 pm. May 4, 2021.
•https://legal.thomsonreuters.com/en/products/law-books/blacks-law-dictionary. ? . May 4,2021.
•Mcmenamin, R., G. (2002), Forensic linguistics/ advances in forensic stylistics, Congress Cataloging, USA.

## پێشنیاز

•هەبوونی فەرهەنگێکی هاوچەرخ بە زمانی کوردی لە پسپۆڕی یاسادا، پێویستییەکی هەنووکەیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە بە گەل و حکومەتەوە.

•ئەم جۆرە فەرهەنگە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کاری تاکەکەس نییە، بەڵکو پێویستی بە دەزگایەکی فەرهەنگسازی سەربەخۆ هەیە، یان پڕوسەکە بە هەماهەنگی چەند زانکۆیەک ئەنجام دەدرێت لەگەڵ دامودەزگای دادوەریی هەرێم، کە پسپۆڕانی فەرهەنگسازی و زمانی و یاسایی تێدا بەشداربن. لە حاڵەتی دووەمدا، فەرهەنگەکە فەرمیبوونێکی دەبێت و دەکرێت لە دادگاکاندا پشت بە ڕوونکردنەوەی چەمک و زاراوەکانی ببەسترێت.

* عەلی حەمەد عوسمان
خوێندکاری دکتۆرا لە زانکۆی سۆران
پسپۆری زمان و فەرهەنگسازی

* هاژە چیچۆ محمدامین
خوێندکاری دکتۆرا لە زانکۆی سۆران-
پسپۆڕی زمانی یاسایی

# زمان و بیرکردنەوە
# لە ڕوانگەی سایکۆلۆژییەوە

وەرگێڕان و ئامادەکردنی/
ئاری سوبحی کۆیی

چەمکی زمان و بیرکردنەوە دوو ڕەگەزی زۆر گرنگن، کە ئێمە لە گیانلەبەران جیادەکاتەوە، چونکە دەمانخاتە چوارچێوەیەکی بەرچاوی پێشڕەوی و شارستانێتی و ڕەنگدانەوەی فەرهەنگی میللەتێکیشن، بەڵام سەرەڕای ئەو پرسیارانەی سەبارەت بەم دوو چەمکە دەکرێن کە کامیان پێش ئەمی دیکەیان هاتووەتە پێش؟

لەم ڕێگایەوە دەبێ بە چەند ئاڕاستەیێکی جودادا بڕۆین لەوانە: مێژووی هاتنەدی زمان چییە؟ داهێنانی زمان چۆن شارستانێتی مرۆڤایێتی گۆڕی؟ هاتنەدی هەرکامێکیان پێش ئەوی دی گرنگ نییە، گرنگ ئاوێتە بوونیانە دواتر.

مرۆڤی کۆن کەڵکیان لە ئاماژە جەستەییەکان وەردەگرت تا مەبەستەکانیان لە بەیەکتری بگەیێنن. دوای دۆزینەوەی ئاگر پەیامەکانیان لەڕێگای دووکەڵەوە دەنارد، نەختێ دواتر فێربوون کەڵک لە دار و بەردیش وەربگرن لەسەر ڕووەکانیان وێنەیان دەکێشا، کە دروستکردنی ئەوجۆرە فیگۆرانە وای دەکرد هەست و ئیحساسیان بگەیێننە یەکتر.

ورده ورده بەتێپەڕبوونی ساڵان، فێربوون بۆ هەر شتێ شێوە و نموونەیێکی تایبەتی پێبدەن و مەبەست و ئامانجەکانیان هەم لەنێوانی خۆیان هەم هۆز و خێڵەکان بگەیێنن. ئەم شێوازی وێنەکردن و هەڵکۆڵینە هێواش هێواش پەرەی سەند تا کار گەیشتە دۆزینەوەی پیتەکان لەوێوەش وشەکان و ڕستەکان. بە تێپەڕینی ڕۆژگار ڕستە سادەکانیش گۆڕانە سەر شێوەی ڕستەی  ئاڵۆز، تاوای لێهات هەر گرووپ و نەتەوەییک پیت و وشەی تایبەت بە خۆی داهێنا و ڕەسمکرد ئیدی بەمجۆرە گرووپ و میللەتە جیاوازەکان لە یەک جودابوونەوە. کەوابوو زمان شێوازی تێڕامان و بیرکردنەوەمان دیاردەکات کە دەربارەی چی بیردەکەینەوە و ڕادەمێنین.

زۆرێک لە کۆمەڵناسان و زمانناسان بڕوایان وایە پێشڕەوی ژیاری بەشەریەت هۆکارەکەی گرووپە جیاوازە زمانییەکان بووە، ئەگەر مرۆڤەکان ڕێگایێکیان بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ یەک نەدۆزیبایەوە هیچ وەخت نەیاندەتوانی ئەزموون و تاقیکردنەوە و بیرۆکەکانیان بۆ یەکتری بگوازنەوە و یەکتر لە مەترسیی و هاتنی گیانەوەرە دڕندەکان و دوژمنان ئاگادارکەنەوە، هەر ئەمەش هۆکاربوو تا مرۆڤ بتوانێ بیروڕاکانیان بگۆڕنەوە و مەبەستەکان بگەیێننە یەکتری.

لێرەوە ئەو پرسیارە قووت دەبێتەوە زمان و دانە زمانییەکان چین؟ زانستێکە هەڵپەیەتی وەڵامی بابەتە ورد و درشتە زمانییەکان بداتەوە، یا تێدەکۆشێت تا بتوانێت

پرسیاری (زمان چییە؟ کار و بونیادەکانی زمان چۆنە؟ ڕێگای پەیوەندی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر بە چی شێوەیێ دەبێت؟ جیاوازی زمانی مرۆڤ لەگەڵ گیانەوەران لەچیدایە؟

ئاستی باڵای زمانی بەشەر چۆنە؟ ئەمانە و جۆرەها پرسیاری دی کە هەروەختێ مرۆڤ توانی وەڵامی ئەمانە بداتەوە ئەوکات دەتوانێ دەست بە پرۆسەی مامەڵەکانی لەگەڵ یەکدا بکات و لەو شوێنەی ئێستای پێشڕەوی بکات و سنووری قەڵەمڕەوی توانا زەینی و کردەییەکانی فراوان بکات.

ئێستا ئەگەر بپرسین کامیان پێش کامیان لەدایک بوون دەبێ پێشوەختە پرسیارێکی دی لەخۆمان بکەین ئەمیش ئەوەیە ئەگەر زمان نەبووایە پێشتر ئایا دەمانتوانی بیربکەینەوە؟ وەڵامەکەی برێک قورسە چونکە زۆرێک باوەڕیان وایە توانای بیرکردنەوە دوای قسەکردن فێربوون، گەر زمان نەبوایە شتێکیش بەناوی بیرکردنەوە بوونی نەدەبوو لەبەرئەوەی لەسەروەختی بیرکردنەوە ئێمە بەجۆرێ لە حاڵەتی قسەکردن لەگەڵ خۆماندایین، بۆیە گەر وشە نەبێت چۆن دەتوانین قسە لەگەڵ خۆمان بکەین؟! هەندێکی دی دەڵێن هێزی بیرکردنەوەمان پەیوەندی بەزمانمانەوە نییە. مرۆڤە سەرەتاییەکان پێش داهێنانی زمان هێزی بیرکردنەوەیان هەبووە، گەر فیکر بوونی نەبێت هیچ شتێ کۆمەکمان ناکات تا ڕووبەڕووی مەترسییەکانمان ببینەوە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ناتوانرێ بگوترێ کام لەم بیرکردنەوانە ڕاستن، بۆیە هەرکام لەم بۆچوونانە هەم ڕاستن هەمیش هەڵە، بەڵام ئەوەی شایەتی دەدا شتێکە پێش لەدایکبوونی زمان هێزی بیرکردنەوە هەبووە، بۆیە بڕیاردان لەسەریان سەختە چونکە گرووپێکی دی هەیە وادەزانن هەر کەسێک بۆ بیرکردنەوە و قسەکردن لەگەڵ خۆی زمانێکی تایبەتی خۆی هەیە زمانێ بۆ ئێمە شیاوی ناسین و دەستلێدان نییە.

زمان نوێنەری بیرکردنەوەیە، ڕێگایەکە دەتوانین پەیام و بیرۆکەکانمان بۆ ئەوانی دی بگوازینەوە. زمانمان دەرخەری کەسێتیی و ئاکار و توانا شاراوەکانمانە، هەر نەتەوەیێ زمانێکی تایبەت بەخۆی هەیە کە ڕێک لە کولتوورەکەی وەرگیراوە. چۆنییێتیی بیرکردنەوە و شێوەی چارەسەرکردنی بابەتەکانیشمان بەهەمان کولتوور کاریگەرە هەربەوجۆرەی جۆرەها زمانی جودا لەدنیادا بوونی هەیە.

ئێستا دێینەوە سەر هەمان پرسیار زمان و بیرکردنەوە چ پەیوەندیەکیان پێکەوە هەیە؟ ئەفلاتوون پێیوابوو وەختی بیرکردنەوە ڕۆحی بنیادەم خۆی دەدوێنێت. واتسون

لەپێشەنگەکانی قوتابخانەی ڕەفتارگەرایی بوو لە دەروونناسی لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا هەمان مەبەستی بەزمانێکی دی ڕوونکردەوە. بڕوای وابوو بیرکردنەوە شتێک نییە جگە لە قسەکردن کە بەشێوەی جووڵەی هێواش لە وەتەرە دەنگییەکانەوە بەرجەستەدەبێت. لێکۆڵەران سەبارەت بە چۆنییێتیی بیرکردنەوە بەنزیکەیی بەهەمان ئەنجام گەیشتوون کە لەبارەی چۆنییێتیی ئاگاییەوە دەستیانکەوتووە. پێشتر وا وێنادەکرا هۆش توانایێکی زەینییە و هەندێک زۆرتر و هەندێکیش کەمتر تێیدا بەشدارن، بەڵام ئەمڕۆ پەیان بەوە بردووە ئاگایی کۆمەڵە پێکهاتەیێکە کە شێوەی دابەشکردن یا پەرشوبڵاوییەکەی لە تاکەکاندا جیاوازە. مەبەست لەم قسەیە ئەوەیە (بەئاگایی و بێئاگایی و کەم ئاگایی) بەجۆرێکی ڕەها هێندە جێی بڕوانییە. بەزمانێکی زانستی دی پێویستە بگوترێت (بەئاگایی یان بێئاگایی یان کەم ئاگایی) لە چ ڕوانگەیێکەوە؟ ئەم دیدە تازەیە سەبارەت بە ئاگایی ناوەڕۆک و پێکهاتەی ئەزموونەکانی ئاگایی لەبنەوە گۆڕیوە.

بیرکردنەوە چالاکییەکی زەینییە و لە چەند پێکهاتەیێ دروستبووە، هەرجارە و وابیردەکەینەوە یەکێک لەو پێکهاتانە یان تێکەڵەیێ لێیانەوە بەکاردەهێنین، کەیەکێک لەوانەی هەمووان لەسەری کۆکن چارەسەرکردنی گرفتەکانە. زۆرێک لە لێکۆڵەران بیرکردنەوە تەنیا بە چارەسەری گرفتەکان دەزانن و پێکهاتەکانی دیکەی بیرکردنەوە بەچارەسەری گرفتی شاراوە دەزانن.

گرووپێک لە لێکۆڵەران جووڵەی زمان بە تەنیا مەرجی بیرکردنەوە نازانن و بە مەرجی پێویستیشی لەقەڵەم نادەن یەکێک لە بەڵگەکانیشیان هەر ئەم چارەسەری گرفتەیە. ئەوان دەڵێن ئەگەر ماهییەتی بیرکردنەوە جۆرێک لە چارەسەری گرفتەکان بێ ئەوا زۆریێ لە گیانەوەرانی دیکەش کە هیچ زمانێکیان نییە(بەواتای ئینسانی بوونیان دێت) و بیردەکەنەوە، چونکە گرفتەکان چارەدەکەن.

بەڵگەیێک لەسەر کەڕ و لاڵەکان هەیە ئەوە دەردەخات چەمکەکان دەتوانن لەغیابی زمانیش فۆرمێ دروست بکەن. دەزانین کەسانێ بە زگماک کەڕبن لاڵیش دەبن چونکە زمانی دەوروبەریان نابیستن و هیچ فۆرمێکی زمانیش ناتوانن پێکبێنن. لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین کەڕ و لاڵەکان هەتا ئەگەر بۆ قوتابخانە تایبەتییەکانیش نەچووبن و زمانە ئاماژە ستانداردەکەشیان فێرنەبووبن هەر خاوەنی چەمکە زەینییەکانن بە کۆمەکی کۆمەڵێک ئاماژە کە جار هەیە تەنیا بۆ نزیکەکانی دەوروبەریان کە تێیاندەگەن

دەردەخەن. بەگوزارەییێکی دی دەڵێن کەڕولاڵەکان لەگەڵ ئەوەی بێزمانیشن بەڵام هەر دەتوانن بیربکەنەوە.

ئەو کەسانەی بڕوایان بە (بیرکردنەوەی بەبێ زمان) هەیە جار هەیە ئەم قسەیەی ئەنیشتاین دەڵێنەوە، کە گوتویێتی لەبیرکردنەوە زانستییەکانی خۆی سوودی لە وشەکان نەبینیوە، یان بە دەربڕینێکی دی واتە زمان لەبیرکردنەوە ئاڵۆزەکانی وی هیچ بایەخێکی نەبووە. ئەوەی جێی سەرنجە زۆرێک لە زانا و بیرمەندانی دیکەش ئەم بۆچوونەی ئەنیشتاینیان لەبارەی بیرکردنەوەیان پشتڕاستکردووەتەوە.

چۆمسکی لە دامەزرێنەرانی زانستیی زماناسییە باوەڕی وایە میکانیزمی فێربوونی زمان شتێکی بۆماوەییە و پێشتر لە مێشکی منداڵی ساوادا هەیە، چونکە گەر وانەبووایە منداڵ نەیدەتوانی سیستەمی ئاڵۆزی زمان بەم خێرایی و ئاسانییە و لە زەمەنێکی وەها کەمدا فێرببێت. چۆمسکی بۆ پشتڕاست کردنەوەی قسەکانی خۆی باسی ئەو منداڵانە دەکات کە لە قسەکردن زۆر دوادەکەون بەهۆی ئەوەی ناتوانن شتەکان بناسنەوە، لە فێربوونی زماندا بە بەراورد لەگەڵ تەمەنیان تووشی کێشە و گرفت نابن. ئەم بانگەشەیەی چۆمسکیش لەلایەن زانایانی دەمارەوە پشتڕاست کراوەتەوە تایبەت لای یەکێکی وەکو ئانتۆنیۆ داماسیۆ. لەلایەک (هومبلت) باسی لێکچوون و یەکبوونی زمانەکانی کرد و بە پلەی یەکەم ئامرازی بیرکردنەوە و خۆڕاگری لە قەڵەمدا، هێزی لە دایکبوونی زمانی لە هێزی لەدایکبووی بیرکردنەوەی جیانەکراوە ناوبرد، کە یەکسانە بە بۆچوونە دیکارتی و عەقڵگەراکان. لەلاییێکی دیکەوە ڕایگەیاندووە هەموو زمانێک جیهانێکی بیرکردنەوە و جیهانبینییەکی تایبەت بەخۆی دابین دەکات، کە لەگەڵ پێگەی ڕۆمانتیکەکان هاوتەریبە. بۆیە (هومبلت) جەختی لە گشتگیری زمان و تایبەتمەندی ئەندامانی هەر زمانێک کردەوە. قسەکانی سەرەوە بە ڕوونی قسەکەی چۆمسکی پشتڕاست دەکاتەوە کە دەیگوت (هومبلت) کارەکتەرێکە لەو شوێنەیە کە بیری عەقڵانییەکان و ڕۆمانتیکەکان لێی لەدایک دەبێت.

بۆ ئەوەی لە دوو ئامادەگیی یان دوو بەهرەی تایبەتی مرۆڤ تێبگەین کە دەتوانرێ وەک بناغەی شارستانییەت و کولتوور هەژمار بکرێت، واتە دوو ئامادەگیی بیرکردنەوە و زمان کە دوو دیوی یەک دراویان هەیە و گەشەکردن و پەرەسەندنیشیان بە نزیکەیی وابەستەییان هەیە، بەڵام ئەم وابەستەییە بەو مانایە نییە ئەندێشەی مرۆڤ بە پێویستی دەزانێت نێوەندگیری ماناکانی زمان بکات.

زۆربەی زانایان بەتایبەت بیرکاران بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بە پێوەرەکانی خۆیان بیردەکەنەوە نەک بە وشە، هەروەها هەندێ کەس پێیانوایە بێ وشە دەتوانن بیر بکەنەوە تەنانەت ئەگەر نەتوانن باسی چۆنییەتی کارکردنی ئەو پرۆسەیە بکەن. ئالبێرت ئەنیشتاین دەڵێت: لە بیرکردنەوەکانمدا ڕاستەوخۆ مامەڵەم لەگەڵ وێناکردن یان وێنە زەینییەکانمدا کردووە نەوەک وشەکان.

لەهەر حاڵەتێکدا دڵنیایە لەوەی گەشەکردن و پەرەسەندنی زمان لەسەر بنەمای گەشە و پەرەسەندنی مەعریفی ئامادەگیی بیرکردنەوەوە دامـەزراوە. هەندێک لە دەروونناس و فەیلەسووفان پێیانوایە بیرکردنەوە پەیوەستە بە زمانەوە، زمان سنووری ئەو شتانە دیاردەکات کە دەتوانین بیری لێبکەینەوە. بە بڕوای ویتگنشتاین سنووری زمانی من بە مانای سنووری دنیای منە.

بە گشتی ئەم تیۆریانەی خوارەوە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان بیرکردنەوەو زمان پێشنیاز دەکرێن:

١.زمـان هزر دیاردەکات بە بڕوای (وروف). لەم گریمانەیەدا دوو لایەن هەیە یەکێکیان ئەوەیە زمان تاکە ئامرازی لێکدانەوە و دەربڕین نییە، بەڵکو لەوە زیاتر بیروبۆچوون و تێڕوانینەکانمان دیاردەکات. کاتێ منداڵێک فێری زمانێک دەبێت لە هەمانکاتدا جیهانی دەوروبەریشی دەدۆزێتەوە.

٢.قسەکردن بنەمای بیرکردنەوەیە. (واتسۆن) دامەزرێنەری ڕەفتارگەرایی لەساڵی ١٩٢٤دا ڕایگەیاندووە بیرکردنەوە شتێکی جیاواز لە قسەکردن نییە لەگەڵ خود، ئەمەش لە قسەکردن بەدەنگی بەرز لەگەڵ خۆتدا سەرچاوە دەگرێت. (بلومفیلد)ی زمانناس و (ڕایل)ی فەیلەسوف بۆچوونێکی هاوشێوەیان سەبارەت بە سرووشت و سەرچاوەی بیرکردنەوەوە دەربڕیوە. بە گوێرەی بلومفیلد بیرکردنەوە وەک سیستەمێک لە جووڵەی ڕاستەقینەی قسەکردن گریمانە دەکرا کە بۆ قۆناغێکی نەبینراو کورت کرایەوە. ڕایل بیرکردنەوەی ئاسایی بەجۆرە مۆنۆلۆگێکی دەروونی بۆ قسەکردن لەگەڵ خۆت دەزانی. (ئسکینر)ی دەروونناسیش جەختی لەسەر ئەو خاڵە دەکردەوە کە ((بیرکردنەوە پرۆسەییەکی مەڕمووز نییە بەرپرسیارێتی ڕەفتاری لە ئەستۆگرتبێت بەڵکو خودی ڕەفتارە)).

ئارگیومێنتەکان دژی ئەم بۆچوونە:

**١.لەقسەکردندا تێگەیشتن پێش بەرهەم هێنان دێت.**

ئەو ڕاستییەی کە منداڵان دەتوانن بە خوێندنەوەی دەقەکان لە قسەکردن تێبگەن بێ ئەوەی بتوانن قسەبکەن یان پێشکەوتنێکی کەمیان لەم بوارەدا بەدەست هێنابێت ئەوە نیشاندەدات کە چەمک و ئایدیاکانیان بەکورتی لە مێشکیاندا فۆرمەلەکردووە، لەبەرئەوەی منداڵ خاوەنی بیرکردنەوەیە، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی قسەکردنیان. دەتوانین بڵێین هێنانەکایەی قسەکردن بنەمای بیرکردنەوە نییە.

**٢.تێگەیشتن لە قسەکردن لەو کەسانەی کێشەی قسەکردنیان هەیە.**

ئەوانەی بە لاڵی لەدایکبوون، بەڵام لەڕووی دەروونییەوە ئاساییین هەرچەندە ناتوانن قسەبکەن، بەڵام دەتوانن فێری تێگەیشتن لێی ببن، بۆ نموونە کتێبی ژێرچاوی سەعاتی کریستۆفەر نۆلان ١٩٨٧کە لە سەرەتای لە دایکبوونەوە کۆنترۆڵی بەسەر جەستەیدا نەبووە تەنانەت قووتدانی پاروویش زەحمەت بووە بۆی، چونکە نەیتوانیوە خۆی بگرێت بە کورسی گەڕۆکەوە بەستراوەتەوە، سەرەڕای ئەوەش بەو کۆنترۆڵە کەمەی بەسەر ماسولکەکانیدا هەیبوو توانیویەتی بەو نیشاندەرەی بەسەر سەرییەوە چەسپکرابوو نووسینەکانی تایپ بکات، هەرچەندە نۆلان هەرگیز توانای قسەکردنی نەبووە، بەڵام توانیویەتی تەنیا بیربکاتەوە بیرکردنەوەکانیشی بە بەراورد لەگەڵ زۆرینەی قسەکەران لە ئاستێکی زۆر باڵادا بووە.

**٣.ئەگەری بیرکردنەوە لە کاتی ئیفلیجبوون بە هۆی بەکارهێنانی دەرمانەوە.**

لەساڵی ١٩٤٧ (ئیسمیت براون، توماس و گودمن) بە دوای ئەوەوە بوون ئەگەر جەستەی کەسێک بە شێوەیێکی تەواو ئیفلیج بێت چی بەسەر بیرکردنەوەکانیدا دێت؟ هەر بۆیە (ئیسمیت)دەرزییەکی لەخۆیدا کە دەبووە هۆی ئیفلیجبوونی هەموو ماسوولکەکانی جەستە بە شێوەیێ تەنانەت بۆ هەناسە هەڵکێشانیش پێویستی بە ئۆکسجینی دەستکرد بووە.

دوای نەمانی کاریگەری دەرمانەکە (ئیسمیت) ئەوەی دەرخست کە توانیوییێتی بیربکاتەوە و گرفت و کێشەکانیش چارەسەر بکات. بەمشێوەیە دەرکەوت بیرکردنەوە ناتوانرێت بە جووڵەی جەستە یان ئەندامەکانی قسەکردنەوە ببەسترێتەوە.

**٤.قسە لەبارەی شتێکەوە و بیرکردنەوە لەبارەی شتێکی دی.**

بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دوو پرۆسەی جیاواز بە ناوەڕۆکێکی جیاوازەوە واتە

قسەکردن و بیرکردنەوە لەیەک کاتدا ڕوودەدەن، ئەگەر بیرکردنەوە تەنیا قۆرمێکی قسەکردنی ناوەوە بووایە بەرابەرییێکی وەها ڕووی نەدەدا، بۆیە لەسەر بنەمای فێرکارییەکانی ڕەفتارگەرایانە ئەندامەکانی قسەکردنمان دەرگیری چالاکی دەبنەوە و بوارێک بۆ بیرکردنەوە نامێنێتەوە. ئاشکرایە تیۆرێکی وەها هەڵەبووە و لەگەڵ واقیعیەتدا یەک ناگرێتەوە. قسە تەنیا ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەمانە و ئێمەش لە وەختی قسەکردنماندا لەگەڵ خۆمان بیرکردنەوەکانمان دەخەینە چوارچێوەیێکی دەنگییەوە، واتە قسە و واژەکان پاش ئەوەی دەبن بە فۆرمێک لە بیرکردنەوە ئینجا دەردەکەون.

### زمان وەک بنەماییێک بۆ بیرکردنەوە:

ئەم بۆچوونە وەک ئەوەی (هومبلت)ە کە لەسەر بنەمای بۆچوونەکانی ویلهیلم هومبلیتی ئەڵمانی دامـەزراوە١٨٣٦، زمان لە سروشتی خۆیدا ڕۆحی نەتەوەیی و چارەنووسی قسەکەرانی نیشان دەدات، بەگشتی وەک گریمانەی ساپیرو ۆرف کە بەڕێژەگەرایی زمان ناسراوە. ساپیر زمان وەک فەرمانڕەواییێکی خۆسەپێن وەسف دەکات نەک تەنیا ئەزموون هەڵدەگێڕێتەوە، بەڵکو ئەوەش دیاردەکات کە وێناکردنە زەینی و وردەکارییەکانی جیهانیش بەسەر شانی ئێمەدا دەدا.

منداڵانی کەڕ کە زمانیان نییە و دەشتوانن بیربکەنەوە. زۆر منداڵی کەڕ هەیە زۆرجار پاش تەمەنی سێ یان چوارساڵییەوە بە بەشداری کردن لە پۆلە تایبەتەکان دەست بە فێربوونی زمان دەکەن، کاتێک منداڵە کەڕە گەنجەکان ببینی خەریکی یاریی کردنن هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان ئەوان و منداڵێکی ئاسایی کە کەڕ نەبێت هەست پێناکەی، چونکە ئەم منداڵانەش هەڵگری سیفاتی ئاژەڵی نین هەروەک ئەوانن و لە کاروبارەکانی ڕۆژانەیاندا لەسەر بنەماییێکی دروست و لۆجیکی هەڵسوکەوت دەکەن، ئەگەر وای دانێین زمان بنەمای بیرکردنەوەیە ئەوە دەبێت بەوە ڕازیبین کە ئەم منداڵانە بیرناکەنەوە یا ئەوەتا سیفەت ئاژەڵن یانیش مرۆڤی ئاسنینن.

بە بڕوای وۆرف زانینی زمان کاریگەری لەسەر تێڕوانینمان بۆ واقیع هەیە، قسەکەرانی زمانە جیاوازەکان لەڕێگەی بەڵگەی فیزیکی هاوشێوەوە وێنەی هاوشێوەی گەردوون بە دەست دەهێنن تا ئەو ڕادەیەی کۆنتێکستی زمانەوانی وەک یەکیان هەیە و دەتوانرێت پێشبینی ئەوە بکرێت ئەو کەسانەی دوو زمانی تەواو لەیەکتر جودا دەزانن ڕوانگەی جودا و پێچەوانەشیان دەبێت.

زمانە نوێیەکان کە لە بەیەکگەیشتنی زمانە کۆنەکانەوە لە دایک دەبن و خاوەنی تەواوی لایەنە زمانییە سروشتییەکانن و پێیاندەوترێت (creole) بەزمانی ئینگلیزی، ئەگەر گریمانەکەی ساپیر بە هەند وەربگرین پێویست بە هێنانەکایەی ئەم کریۆلانە ناکات هۆیەکەشی ئەو ناکۆکییە زاتییانەی مێشکن کە پێیانوایە زمانە سەرەتاییەکانیشیان لەخۆیان گرتووە. زمانەکان تەنیا بەشێوەیێ دەتوانن بۆ کریۆلەکان بگۆڕێن، کە هەریەک لە زمانە بەشداربووەکان بەرهەم و بیرکردنەوە لێکچووەکانیان وەک یەک وێنە کێشابێت، ئەم واقیعیەتەش شاهێدی ئەوەیە مرۆڤەکان لەهەر کوێیەکدابن لە تێگەیشتن و بنەمای بیرکردنەوەیان یەکسانن.

زمان و بیرکردنەوە پێکەوە پەیوەستن و گەشەکردنی زمان وابەستە بە گەشەکردنی بیرکردنەوە، کە ئەمە بۆچوونی (ژان پیاژە)یە ئەو لەسەر ئەو بڕوایەیە فێربوونی زمان وەختێ بەردەستە، کە هەر تەنیا گەشە و پێگەیشتن و ناسین بەس نییە، ئەو باوەڕی وایە زمان پەیوەستە بە بیرکردنەوەوە، بەڵام بیرکردنەوە پەیوەست نییە بەزمانەوە یان بەگشتی نەچووەتە ژێر کاریگەرێتییەکەیەوە.

لەدیدی چۆمسکییەوە زمان لە بیرکردنەوە سەربەخۆترە و مەیل و ئاڕاستەکانی بەکارهێنانی زمان بەسروشتی دەزانێت. هەرکات منداڵێک ڕووبەڕووی زمانێک بووەوە ئەم ئاڕاستانەی وی چالاک دەبن.

ئەفلاتوون باوەڕی وابوو لەوەختی بیرکردنەوە ڕۆحی مرۆڤ لەگەڵە خۆی قسەدەکات. (واتسۆن) لە پێشەنگەکانی قوتابخانەی ڕەفتارگەراییە لە دەروونناسی ئەم گوزارەیەی بە شێوازێکی دی ڕوونکردووەتەوە و پێیوایە بیرکردنەوە جگە لە قسەکردن شتێکی دی نییە، بەڵام دەروونناسی زمان لەسەر بنەمای شتە بینراوەکانەوە دەتوانێت داوەری بکات و ئەم تیۆرییانە بە زێدەڕۆیی دەزانێت و وەڵامی ئەم پرسیارانە وەها بە پارێزەوە دەداتەوە: زمان تەنیا مەرجی کاریگەر لە چالاکییە باڵا زەینییەکان نییە وەک بیرکردنەوە، بەڵام ڕەنگە گرنگترین هۆکاربێت. بیرکردنەوە بەبێ کەڵک وەرگرتن لەزمان ئاساییە، بەڵام ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە فرە سەرەتاییە و هێزی ئەبستراکتی تێیدا زۆر لاوازە تا ئەو جێیەی کە نەتوانێت لەسەر بیرکردنەوە جێبەجێ بکرێ، لێ بەهەرحاڵ چالاکییە مێشکییەکان لەجۆری بیرکردنەوە بەبێ زمانیش هەر پێکدێت.

هەندێک لەو بەڵگانەی دەروونناسان نیشانی دەدەن تا بیسەلمێنن زمان تەنیا مەرجی بیرکردنەوە نییە:

١.لەڕاستیدا بنەمای بەدەستهێنان، پەروەردە و کار و چالاکییە باڵا زەینییەکان وەک بیرکردنەوە کە باڵەخانەی دەماری مرۆڤە، ئەگەر مرۆڤ خاوەنی باڵەخانەیێکی دەماری نەبێت نەک تەنیا ناتوانێت ئەم چالاکییە باڵا زەینیانە لەخۆیدا پەروەردە بکات، بەڵکو خودی زمانیش فێرنابێت، کە بەشێوەی جووڵەی هێواش لە ئەندامە دەنگییەکاندا دەرکەوتووە. یەکێک لە دەروونناسان دەستی بۆ ئەزموونێکی سەرنجڕاکێش بردووە، ئەو ڕۆژەی کە منداڵەکەی هاتەدنیاوە بێچووی شامپانزییەکیشی لە باخچەی ئاژەڵان هێنایەوە ماڵێ و هەردووکیانی تا ئەو جێیەی شیاو و گونجاوبوو گەورەکرد. بێچووە شامپانزییەکە زۆرشتی فێربوو، بەڵام هەر کە سەرە گەیشتە سەر فێربوونی زمان تیاما و نەیزانی چیبکات! ئەگەر منداڵی مرۆڤ زمان فێردەبێت تەنیا لەبەرئەوە نییە لە کۆمەڵگا هاتووەتە دنیاو لە یەکەمین ڕۆژەوە چواردەوری قسەی لەگەڵدا دەکەن، ئەڵبەتە ئەمەش هۆکارێکی زۆر گرنگە، بەڵام لە بنەچەدا ئەم فێربوونە بەم هۆیەوەیە کە سروشت یان تەلاری بۆماوەیی ئەم منداڵە لەڕێی ئەوەی بۆی ماوەتەوە بەمیرات لەبارەی فێربوونەوە دەستگاییێکی وەها ئاڵۆزی ئامادەکردووە. ٢.کۆمەڵێک نەخۆشی بینیوە کە بەهۆی بەرکەوتنێ یان گرفتێکەوە هێزی قسەکردنی لەدەستداوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانێت بیربکاتەوە. بۆنموونە هەندێکیان تووشی سەرلێشێوان بوون بەجۆرێک وەختێ هەندێ شتیان پیشانداون ناوەکانیان لە بیرچووەتەوە و نەیانتوانیوە وەسفێکی سادە و ئاسانیشیان بۆبکەن. ٤.زمان و بیرکردنەوە سەرەتا لەیەک جودانە پاشان دۆستایێتی پەیدادەکەن و خۆیان بەیەکەوە دەگونجێنن ئەمەش بۆچوونی (ویگوتسکی)بیرمەندە و پێیوایە زمان و ئەندێشە ڕەگیان جودایە، بەڵام لەنێوان ساڵانی ٢ و ٧ وردە وردە پەیوەندی بەیەکەوە دەکەن. منداڵ وەختێ بەهێواشی فێرە زمان دەبێت ئەوە وەک کۆمەکێکی ئارگیومێنتیش بەکاری دێنێت. (ویگوتسکی) ش وەک(پیاژە) جەخت لەسەر قسەلەگەڵ خۆکردن لای منداڵ دەکاتەوە کە ئاڕاستە و بەرنامەی چالاکییەکانی دیار دەکات. کاتێ منداڵ دەگاتە حەوت ساڵی زمانی بە شێوەیێکی سیمبۆلی لێدێ و فۆرمێکی کۆمەڵایێتی پەیدادەکات.

دەتوانرێ بەرهەمی بیرکردنەوەی ئاژەڵانیش ببینرێتن بەڵام ناتوانن ڕشتەی بیرۆکەکانیان لە قاڵبی وشە و چەمکی واژەیی دەرببڕن. تواناکانی مرۆڤ بۆ بەکارهێنانی زمان لە تێفکرین پەیوەست و گرنگە بەتواناکانی بۆ پێکهێنانی وێنە زەینییەکان لە چارەسەری بابەتەکاندا، ڕێگەش دەدات مەسەلەکان زۆر چاوەڕوان نەکراوانە چارەسەر بکات.

ویگوتسکی باوەڕی وایە هۆش و زمان خاوەن ڕەگ و ڕیشەی بۆ ماوەیی جیاوازبوونە و لەسەر هێڵە جیاوازەکانەوە گەشەیان کردووە. لە پێگەیشتنی جۆری خزمایەتییەکی جێگیر لەبەینی گەشەی ئەم دووە بوونی نییە.

ئەو پێشنیازی کرد کە بەدوای یەکداهاتن و ئاوێتەیی نێوان بیرکردنەوە و زمان بە گشتی خاوەن چوار قۆناغ دەبێت: قۆناغی یەکەم: قۆناغێکی سەرەتاییە کە زمان هێشتا پێش عەقڵانییەت بووە و هۆش بەبێ کۆمەکی بەکارهێنانی زمانەوە کاردەکات.

**قۆناغی دووەم**: قۆناغی ئاگاییە بە کاراکردن، واتە منداڵ لە لۆجیکی چالاکیەکانی بۆ چارەسەری بابەتەکان لەئاستێکی هەستی – جووڵەیی ورد دەبێتەوە. دەستنیشانکراوی زمان لەم قۆناغەدا دەرکەوتنی وێنە و پێکهاتە دەستووریەکانە کە هێشتا لە کردارە لۆژیکییە چاوەڕوان کراوەکانیان جیاوازە.

**قۆناغی سێیەم**: منداڵ دەست دەکات بە کۆکردنەوەی ئامرازە سیمبۆلییەکانی دەرەوە بۆ ئەوەی چارەسەری بابەتە دەروونییەکانی پێبکات وەک ((ژماردن بە ئەنگوستەکانی خۆی)).

سەرەنجام قۆناغی چوارەمە دەستنیشانکردنی ئەو پرۆسە ناوەکییانەیە. کارەکان بە یارمەتیی هێما دەرەکییەکانەوە ((بۆ ناوەوە دەڕۆن)) منداڵ ئێستا دەتوانێ بابەتەکان لە مێشکی خۆیدا بێ هیچ هاوکارییەکی واقیعی چارە بکات و زمانە ناوەکییەکەشی بۆ زمانێکی ناوەکی بێدەنگ بگۆڕێت کە بۆ نەخشەدانانی فیکری و کارە زمانییەکانی پێویستن. گەورەترین دەستکەوتی مرۆڤ پەروەردەکردنی خەیاڵی ئاڵۆز و گەیاندنیەتی بەوانی دی. بیرکردنەوە چوارچێوەیێکی گەورەتری لە چاو چالاکییە مێشکییەکانی دیکە دەوێت، هەرکات هەوڵدەین بابەتێک بەتەک وانەیێکی ئامادەکراوەوە چارەسەر بکەین وادەزانین وەختێ چاوەڕێین تا پۆل دەست پێبکات و لەوکاتەدا نوقمی خەونەکانی خۆمانین، یان ئەو وەختەی دەمانەوێت بازاڕی بکەین بەرنامەی بۆ دادەنێین لە ڕۆژە پشووەکانمان، نامە دەنووسین یان نیگەرانی ئەو گرفتانەین کە لە پەیوەندییەکانماندا دروستبووە، دیسانەوە بیردەکەینەوە، لە هەموو ئەم حاڵەتانە دەتوانرێ بیر ((زمانی مێشک)) ڤاکسینکرێت ئەمەش لەو خۆڕاگریەوە سەرچاوە دەگرێت کە زیاتر لەزمانێک هەیە.

شالاوێک ڕستە هەیە کە لەڕووکەشدا (( تەنیا لە مێشکی خۆماندا دەیبیستین)) کە پێیدەڵێن گوزارە، یان دەرخستنی مەسەلەیێک یان هەبوونی سەرنج.

شێوەییێکی دیکەی بیر ئەوەیە هەڵگری وێناکردنێکە بەتایبەت لەجۆری خەیاڵی بینراو کە ڕەنگە لە مێشکی خۆماندا ببینین و ئەمەش پێیدەڵێن بیرکردنەوەی وێنەدار.

سەرەنجام سێیەمین شێوەی بیر جووڵەییێکە کە تەواوی ((جووڵە مێشکیەکان)) لە خۆی دەگرێت. لێکۆڵینەوە لە گەشەناسی منداڵاندا ئەمەی چڕ کردووەتەوە، بەڵام لەو توێژینەوانەی کە تایبەت بە گەورەکانە جەختی لەسەر دوو شێوەی دیکەی بیر کردووەتەوە بەتایبەت بیرکردنەوەی پێشنیارکراو.

پەیوەندی نێوان زمان و بیرکردنەوە زۆر ئاڵۆزە و تووشی گەلێک دەردی سەریمان دەکات ساڵانێکە توێژەران خەریکی لێکۆڵینەوەی وردن لەبواری زمان و مەعریفە. ڕەفتارگەرایان بڕوایان وایە ناتوانرێت بە میتۆدی زانستی لێی بکۆڵرێتەوە، ئەم دید و بۆچوونە بەتوندی لەگەڵ تیۆرەکانی (پیاژە)دا دەگونجێت کە گەشەکردن بە شتێکی ناوەکی لەبوونی مرۆڤدا دەزانن. بەپێچەوانەوە توێژەرانی دی پشت بە کاریگەری زمان لەسەر گەشەی مەعریفی دەبەستن بۆنموونە (برونەر و ئێلڤەر و گرینفێلد)١٩٦٦ ئاماژە بەسەرچاوە تایبەتەکانی گەشەسەندنی فیکری دەکەن، کە لەژێر کۆنترۆڵی عەقڵدان وەک ئەو فەرهەنگانەی چەمک دروستی دەکەن، گفتوگۆکانی نێوان منداڵ و دایک و باوک یان منداڵ و مامۆستاییێک کە بۆ ڕاهێنان و ڕێنمایی و لایەنەکانی دی بەکاردەهێنرێن. لێکۆڵینەوەکانی دەیەی ڕابردوو ئاماژە بەو ڕاستییە دەکەن کە زمان و گەشەکردنی مەعریفی وەک بەشێکی دانەبڕاو وایە بەهەردوو ئاڕاستە وابەستەیی هەیە و پێکەوە گرێدراون و بەستراونەتەوە.

یەکێک لەبەرگریکارانی تیۆری کاریگەری زمان بیرمەند بنیامین ڤاراگە کە لەگەڵ ئیدوارد ساپیر تیۆری بەناوبانگی ساپیر- ڤۆرفیان بە واتاییێکی دی تیۆری چەسپاندنی زمانیان پێشنیازکرد، کە دەڵێت هەر زمانێک جیهانبینییەکی دیارکراو لەسەر زمانزانەکەی دیاری بکات لەحاڵەتی فێربوونی زمانی منداڵاندا، کە بیرکردنەوە چۆن کاریگەری لەسەر زمان هەیە و زمانی بیرکردنەوە چۆن کاریگەری لەسەر دەبێت، هەروەها دەبێت ئەوە دیاری بکات زمانزانان چۆن دەتوانن بەباشترین شێوە کارلێکی نێوان زمان و بیرکردنەوە ڕوونبکەنەوە. جارێکی دی لە پرسی چۆنییێتی بیرکردنەوەی کێشەکەو ڕۆڵی زمان دەکۆڵینەوە لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا وەلامێکی تەواومان لەبەردەستدانییە، بەڵام دەزانین زمان جۆرێکە لە ژیان کە لە سیستەمی بوونماندایە لەهەمانکاتیشدا کارلێک لەگەڵ هەست و بیرکردنەوەکاندا دەکات.

# ڕێکارێن وشەئافراندن:

## (وشەدۆزینەوە، وشەبژارتن، وشەڕونان و وشەوەرگرتن)

## _Principles and methods of Word

ئەیوب گازرانی

لە پەرەسەندنا زماندا، دەزگەی وشە - یان کۆوشە* (کە بە یەک ژ سێ پاژێ دەزگەی گشتی زمان دەژمێردرێ) دوو پاژێ دی، دەزگەی دەنگ و ڕێزمانن) لەبەر کراوەبوونی، لە چاو بەش و پاژەکانی دی، زۆرتر و زووتر، گۆڕانی بەسەردا دێت و زگ و زای زۆر بەرچاوە. کۆوشە (دەزگەی وشەکان)ی زمانی کوردی هەر لەم چەند دەیەی ڕابردوودا گەلێ گۆڕاوە و دەیان و بگرە هەزاران وشەی نوێی تێخزاوە و بەرهەمی هێناوە.

دواتر باسی سازکرد* (Mechanism)ی وشەئافراندن و چوار ڕێکاری سەرەکی ئافراندنی وشە (وشەدۆزینەوە، وشەبژارتن، وشەرونان و وشەوەرگرتن) دەکەین.

بەڵام با جارێ هێندێ ڕێسا و بنەمای گشتی و هەمووانی دەسنیشان بکەین ک لە ڕەوتی وشەئافراندن و گەشەی «کۆوشە»ی زماندا دەور و نەخشی کارا وگرنگیان هەیە. دیاری و دەسنیشان کردنا بنەماکانی وشەنانەوە، ئاسانکاری و ڕێخۆش کردنە بۆ خێراتر کردنا ئەرکی دژواری «هەمبەر» (Equivalent) نانەوە. ئەم بنەماگەلە پێشتر لە کۆبوونەوەی «لێژنەی وشەنانەوە و وەرگێڕان»دا وەک پێشنیار باسم کردوون کە بریتین لە:

**١- بنەمای یەکەم:** « ژوورەزار»، ڕەچاوکردنا زمانی ستاندارد کە لەبەر ڕوانگەی ڕامیاری و ئەدەبی زاڵ بەسەر زمانناسیی کوردیدا، لە میژە پێی ئێژن «زمانی یەکگرتوو» یان «زمانی پێڤەر*»

تێبینی: دیارە، «یەکگرتوو» کردن تەنیا یەک ژ چەند کارکرد و تایبەتمەندێتی ژوورەزاری ستاندارد. « زمانی پێڤەر» یش، تەنیا یەک ژ چەشنەیل زمان: - زمانی فرمانگە، زمانی ڕاگەیاندن، زمانی زانست یان بە کورتی «زمانست» ، ...

ئەم بنەما، خۆبواردنە لە ناوچەویستی و دەکارهێنانی زار و بنزارێن ڕەمەکی(Slang) لە زمانی فەرمی و ڕاگەیاندندا. ( نەک لە زاری کەسایەتیی چیرۆک و شانۆ یان زمانی تیز و تیتاڵێدا)

(شێوە و شێوازی ڕۆنانی وشە، زۆر لە شێوەی سازکردنا ماکێکی نوێ دەچی لە زانستی کیمیادا)

**٢- بنەمای دووەم:** دەکارهێنانا وشەی بێ پێچ و پەنا و گشتداگر، باو و هەمووانی ک زمانوەران زوو لێی تێ بگەن.

**٣- بنەمای سێیەم:** دەکارهێنانا وشەی ناسیار و ئاشنا و خۆپەرگرتن لە وشەی لامۆ و نامۆ و فرەواتا.

**٤- ڕەسەنایەتی.** خۆبواردن لە وشەی ساختە و ناڕەسەن، کە مل بە یاسا و ڕێسای وشەسازی و سازکردی «کۆوشە» نەدا. بە ڕاوەژی، لە ڕەوتی پێکەوەنووسان و لێک ئالان و هاونشینی دەگەڵ «گر» و پاژەکانی دیکەدا هاوبەشیی کارا و خێرای هەبێ.

**٥- فرەئالی بوون.** سەرنجدان بەوەی کە وشە هەڵگری گەلێ بایەخ و لایەنی واتایی (سۆزاوی، ڕامیاری و نەریتی و ...)یە و لە ناو بگیرکردنا وشەدا، هەموو ئالی و لایەنێکی دەبەرچاو بگیردرێ.

**٦- بزۆکی زمان.** دەبێ هەموو هەوڵ و کرد و کارێک لە خزمەت بزۆکی زۆرتری زماندا بێ، نەخوازە زگ و زای هەرچی زیاتری دەزگەی وشە -.

**٧- گشتبینی.** هەڤبەر*دیتنەوە بۆ تەنیا تاکەوشەیەک، شێوازێکی ناکارایە و دەبێ سەرنج بدەینە فرەپیوندی واتایی وشەکان و هەڤبەر دیتنەوە بۆ هێشوویەک وشەی هەڤپەیوەند.

**٨- وشەجوانی.** پەسەند و توانستی زمانی. دەشێ سەرنجی پێویست بدرێتە پەسەند و «توانست»ی زمانی زمانوەری کورد، تا وشەی بژاردە، زووتر وەربگیردرێ و ببێتە وشەیەکی هەمووانی و پەسەند.

**٩- هاوێژ و مۆسیقا.** داڕشتی وشە، دەبێ دەگەڵ داڕشتنی دەنگی و مۆسیقایی زماندا بگونجێ. بە پێی یاسا و ڕێسای دەنگناسی و فۆنێمی زمان چێ بکرێ و هاوێژی خۆش بێت و دەگەڵ ئەوەشدا کەمبڕگە.

**١٠- وشەداڕشتن.** لە بەرچاوگرتنی ڕێسای دەنگسازی و وشەسازی و ڕێزمانی، بە بەهرە وەرگرتن لە سێ سازکردی ئاماژەپێکراو

ئ - بە پێکەوەنووسان و هەڤبەندی

ا - بە زێدەکردنی گر - پێش و نێو و پاش -

ب - کورتکردنەوە و تیکەڵکردن (ئامێژەن)

**١١- لە هەڤبەردیتنەوەدا،** بە پێی پەندی «تا ماڵ بیەوێت بە مزگەوت حەرامە»، وەک بازنەیەک چاو لەمەیدانی وشەنانەوە بکەین، لە ناوەندەوە بۆ پەراوێز بچین، لە بنزارەکانەوە بۆ زارەکان، ئەوجا بۆ چوار زاری سەرەکی (باکوور، ناڤین و ...). ئەگەر

هەڤبەر نەدیترایەوە جا پەنا بۆ زمانێن خزم - یان زمانەیل کون و کەونار - ئەوجا بیانی بەرین.

**١٢- زانستوشە***. دانانی هەمبەرێک نە زیاتر هەروەها خۆبواردن لە فرەهەڤبەر*ی لە وشەنانەوەی زانستیدا (جارێ وایە ناکرێ خۆ لە فرەواتایی ببوێرین، بە تایبەتی لە لقەکانی زانستدا)

**١٣- وشەوەرگرتن.** ئەو وشانەی کە نەتەوەیی و نێونەتەوەیین وەردەگێڕدرێن، هەڵبەت بە پێی ڕێسا دەنگییەکانی زمان.

ئەمانەی سەرەوە بنەما و پێوانەی (سێ ئالی و لایەنی زانستی و هونەری و پیشەیی) بەرهەم هێنان وشەنانەوەن .

ئەم بنەما و ڕێساگەلە، وەک چوارچێوەی بیرۆکی*ی کرد و کاری وشەناوە لە «لیژنەی وشەنانەوە و وەرگێڕان» (١٣٧٤)لە تاراندا پەسەند کرا.

**تێبینی**: بۆ کورتکردنەوەی بابەت، ئەو نموونانەی بۆ ڕوونڤەکردنا ئەم بنەمایانە هێنابووم، لام بردن.

هۆکاری هێنانەوەی ئەم وێنەیە ئەوەیە کە وەبەرهێنانی وشە زۆر لە سازکردنا ماکێکی نوێ دەچێ لە زانستی کیمیادا.

«ڕێسا و ڕێکاری ئافراندنا وشە »

« rêsaûrrêkarî afrandina wişe»

(وشەدۆزینەوە، وشەبژارتن، وشەڕۆنان، وشەوەرگرتن)

(اصول و روش های واژەآفرینی)

**بەشی یەکەم:**

لە پەرەسەندنی زماندا، دەزگەی وشە -یان کۆوشە -(کە بە یەکی لە سێ پاژی دەزگەی گشتی زمان دەژمیردرێ - دوو پاژی دی، دەزگەی دەنگ وڕێزمانن -) لە سۆنگەی کراوە بوونی، لە چاوبەش و پاژەکانی دی، زۆرتر وزووتر، گۆڕانی بە سەردا دێ و زگ وزای زۆر بەرچاوە، کۆوشە (دەزگەی وشەکان)ی زمانی کوردی هەر لەم چەند دەیەی رابردوودا گەلێ گۆڕدراوە و دەیان و بگرە هەزاران نوێ-وشەی بەرهەم

هێناوە )دواتر باسی سازکرد(مکانیسم)ی وشە ئافراندن وچوار ڕێکاری سەرەکی ئافراندنی وشە (وشەدۆزینەوە، وشە ڕۆنان، وشەبژارتن، وشەوەرگرتن)دەکەین .

بەڵام با جارێ هێندێ ڕێسا و بنەمای گشتی و هەمووانی، دەسنیشان بکەین کە لە ڕەوتی وشەئافراندن وگەشەی»کۆ وشە»ی زمان دا، دەورونەخشی کارا و گرینگیان هەیە. دیاری و دەسنیشان کردنی بنەماکانی وشەنانەوە، ئاسانکاری و ڕێ خۆشکردنە بۆ خێراتر کردنی ئەرکی دژواری» هەڤبەر « ( معادل )نانەوە .ئەم بنەماگەلە پێشتر لە کۆبوونەوەی «لێژنەی وشهنانەوە و وەرگیران «ی....دا ،وەک پێشنیار لە ژێر ناوی» اصول و مبانی واژە گزینی «باسم کردوون ، بریتین لە :

١.بنەمای یەکەم :» ژوورەزار»، رەچاو کردنی زمانی پێڤەر- فارس دەڵێن « معیار « کە لەبەر ڕوانگەی رامیاری وئەدەبی زال بە سەر زمانناسی کوردیدا، لەمێژە، پێی ئێژن»زمانی یەکگرتوو « یان «زمانی ئەدەبی»

**تێبینی:** دیارە، «یەکگرتوو» کردن تەنیا یەکێک لە چەند کارکرد و تایبەتمەندی ژوورەزاری پێڤەروستاندارده .» زمانی ئەدەبی»یش، تەنیا یەکی لە چەشنە کانی زمانە: - زمانی فرمانگە، زمانی راگەیاندن، زمانی زانست یان بە کورتی «زمانست» ، ... )ئەم بنەما، خۆبواردنە لە ناوچەویستی و دەکارهێنانی زاروبنزاری ڕەمە کی(عامیانە) د زمانی فەرمی و راگەیاندندا.

(نە لەزاری کەسایەتی چیرۆک و شانۆیان زمانی تیز وتیتالێدا)

**« ڕێساوڕێکاری ئافراندنی وشە »**

**(وشەدۆزینەوە، وشەبژارتن، وشەڕۆنان، وشەوەرگرتن)**

**(اصول وروش های تولید واژە)**

**بەشی دووەم**

( ئەونموونانەی بۆروونڤەکردنی ئەم بنەماگەلە هینابووم، لام بردن)

**٢.بنەمای دوویەم :**

دەکارهێنانی وشەی بێ پێچ وپەنا وگشت داگر، باو و هەمووانی، کە زمانوەران زوو لێ تێبگەن .

**٣.بنەمای سێیەم :**

دەکارهێنانی وشەی ناسیار و ئاشنا و خۆپەڕگرتن لە وشەی لامۆ و نامۆ و فرەواتا .

**٤.ڕەسەنایەتی** .خۆبواردن لە وشەی ساختە و ناڕەسەن. کە مل بە یاسا و ڕێسای وشەسازی وسازکرد (مکانیسم )ی»کۆوشە «نەدا. بەراوە ژی، لە ڕەوتی پێکەوەنووسان ولێک ئالان و هاونشینی دەگەل «گر» وپاژە کانی دی دا هەڤبەشی کارا وخێرای هەبێ .

**٥. فرەئالی بوون .**

سەرەنجدان بەوەی کە وشە هەڵگری گەلێک بایەخ و لایەنی واتایی ( سۆزاوی، رامیاری و نەریتی و...) یە و لە ناوبگیرکردنی وشەدا ، هە موو ئالی و لایەنیکی دەبەرچاو بگیردرێ.

**٦.بزۆکی زمان .**

دەبێ هەموو هەوڵ و کرد و کارێک، لە خزمەت بزۆکی زۆرتری زمان – نەخوازە زگ وزای هەرچی زیاتری دەزگەی وشە (کۆوشە)دا بێ .

**٧.گشت بینی .**

هەڤبەردیتنەوە بۆ تەنیا تاکەوشەیەک، شێوازێکی ناکارایە و دەبێ سەرەنج بدەینە فرەپیوندی واتایی وشەکان و هەڤبەر دیتنەوە بۆ هێشوویەک وشەی هاوپێوند .

**٨. وشەجوانی .**

پەسەند وتوانستی زمانی .دەشی سەرەنجی پێویست بدەیتە پەسەند و»توانست»ی زمانی زمانوەری کورد. تا وشەی بژاردە، زووتر وەربگیردرێ و ببێتە وشەیکی هەمووانی وپەسەند.

بڕوانە بۆ >بەشی ٣

(شێوە وشێوازی ڕۆنانی وشە، زۆر لە شێوەی سازکردنی ماکێکی نوێ دەچێ ل زانستی کیمیادا).

## ڕێساورێکاری ئافراندنی وشە.بەشی سێیەم
## ( وشەدۆزینەوە،وشەبژارتن،وشەڕۆنان و،وشەوەرگرتن)

(اصول و روش های واژەآفرینی )

(وەبەرهینانی وشە، زۆرلە سازکردنی ماکێکی نوێ دەچێ، ل زانستی کیمیادا)

بۆکورت ڤەکردنی بابەت، ئەونموونانەی بۆ روون ڤەکردنی ئەم بنەمایانە هینابووم، لام بردن،...با ئەوەش بلێم کە ئەوەی لەم سێ بەشەدا باس کرا، هەر تایبەتە بە زمانی گشتی و هەمووانی.

وشەئافراندن بۆزمانی زانست (زمانست) باسیکی سەربەخۆی پێی دەوێ. لەزمانستدا لایەنی «فەننی و تەکنیکی «لەچاو لایەنی» هونەری» وشەنانەوە، زۆر زەق و بەرچاوترە)

٩.هاویژوموسیقا. داڕشتنی وشە، دەبێ دەگەڵ داڕشتنی دەنگی و مۆسیقایی زماندا بگونجێ و بخونجێ. بە پێی یاسا و ڕێسای دەنگ ناسی و فۆنێمی زمان چێ بکرێ و هاوێژی خۆش بێ ولەسەر زاربخونجێ .کەمبرگەبێ .

١٠.وشەدارشتن. لەبەرچاو گرتنی ریسای دەنگسازی و وشەسازی و ریزمانی، بە بەهرەوەرگرتن لە سێ سازکرد( مکانیسم )ی

ئەلف: بە پێکەوەنووسان وهەڤبەندی

ب :بە زێدەکردنی گر- پیش وپاش ونێو -

پ :کورت ڤەکردن و تێکەڵ کردن( ئامێژەن )

١١.ل هەمبەردیتنەوەدا، بە پێی پەندی»تا ماڵ وەستاوێ مزگەوت حەرامە « وەک بازنەیەک چاو لە مەیدانی وشەنانەوە بکەین، لە ناوەندەوە بۆ پەراوێزبچین، لە بنزارەکانەوە بۆ زارەیل ئەوجا بۆ چوارزارێن سەرکی (باکوور،نافین، پاڵەیی .زازا- گۆران .و...) .ئەگەر هەمبەر نەدیترایەوە، جا پەنا بۆ زمانێن خزم - بان زمانی کۆن و کەڤنار- ئەوجا بیانی بەرین

١٢.زانست- وشە. دانانی هەمبەرێک نە زیاتر –و خۆبواردن لە فرەهەمبەری لە وشەنانەوەی زانستیدا. جارنا، ناکرێ خۆ لە فرەواتایی بیوێرین، خاسما لە لقەکانی زانستدا)

١٣.وشـەوەرگـرتـن. ئەوپەیڤ و وشـانـەی کە واوەنـەتـەوەیـی و نێونەتەوەیین وەردهگیردرێن هەلبەت، بە پێی رێسا دەنگییەکانی زمان .

ئەمانەی سەرەوە بنەما وپێوانەی( سێ ئالی ولایەنی زانستی و هونەری و پیشەیی) وشەنانەوەن .

ئەم بنەما ورێساگەلە، وەکی چوارچێوەی بیرۆکی (ئێوریکی) کردوکاری وشەناوە لە «لێژنەی وشەنانەوە و وەرگیران- گروه واژه سازی و ترجمه -» لە تاراندا.مینا، بناخەی کارو چالاکی لێژنە. پەسەند کرا.

# بنچینەی ناوی «تاق وەسان»

سەروەر پێنجوێنی

(تاق وەسان)، جێگەیەکی شوێنەوارییە دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری سەدەی (چوارەمی زایینی)، کۆمەڵێک نەخشی بەردین و بەردنووسی سەردەمی ساسانیی تێدایە، و دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی شاری کرماشان، بە دووریی ٥ کم لە چەقی شارەکەوە. ئەم کۆمەڵە شوێنەوارییە بە نموونەی هونەری ساسانی دادەنرێت، و گرنگیی مێژوویی و هونەریی کەم وێنەی هەیە. نەخشە بەردینەکان دیمەنگەلێکی مێژوویی وەکوو هاتنە سەر تەختی هەندێک لە پاشا ساسانیەکان دەنوێنێت، وەکوو (ئەردەشێری دووەم) (٣٧٩-٣٨٣ ز.)، و (شاپووری سێیەم) (٣٨٣-٣٨٨ ز.)، سەرباری چەند دیمەنێکی بەزمی ڕاوکردن و ژەننی ئامێری مۆسیقایی وەکوو چەنگ. بەردنووسەکانیش چەند نووسراوێکن بە زمانی پەهلەویی ساسانی نووسراون.

لەم وتارەدا لەسەر ناوی ئەم جێگەیە دەڕۆین، و بنچینە و ڕیشەناسیی ناوەکەی، کە هەتا ئێستەش ڕوون نەبووە، و بیروڕای جۆراوجۆری لەسەر خراوەتە ڕوو. هەوڵ دەدەین بگەینە ئەنجامێکی پەسەندکراوی زانستی.

**ناوە فارسییەکە و ڕیشەناسییە باوەکە**

ئەم جێگەیە ناوەکەی بە شێوە فارسییە باوەکەی لە جیهاندا ڕۆشتووە، مەبەستم «طاق بستان»، کە دەخوێنرێتەوە «تاقی بۆستان»، هەر بۆیە لە نووسراوە ئەورۆپاییەکانیشدا لەسەر ئەو بنچینە فارسییەوە زیاتر بە شێوەی Taq-e Bostan دادەنرێتەوە. بە هۆی ئەوەوە؛ زیاتر بیروڕایەکی باو و بڵاو بەر چاو دەکەوێت بۆ ناوەکە کە «تاقی بوستان» یاخود «تاقی بۆستان» بە بنەڕەتی ناوەکە دەزانێت، بە بەڵگەی ئەوەی فارسییەکەی «طاق بستان»ە و ئەمەش بە شێوەی «طاق بوستان» لە نووسراوەکاندا هاتووە. کە ئەم شێوە فارسییە ڕوونە دەقاودەق بە واتای ‹کەوانەی بێستان› یان ‹کەوانەی باخ›ە، یانی ئەو تاق یاخود کەوانە گەورەیەی کە کراوە بۆ باخێکی گەورە، کە دەڵێن کاتی خۆی سەیرانگای پاشا ساسانییەکان بووە.

ئەوە لە کاتێکدا سەرچاوەکان و سەرەداو و تۆمارکراوە کۆنەکان هیچیان پشتگیریی بنچینەبوونی «تاقی بوستان» یان «بۆستان» و شێوەی فارسیی باوی ناوەکە ناکەن. بەڵام گەلێک سەرچاوەی بەردەست، بەتایبەتی لە پێگەکانی ئینتەرنێتدا، لەسەر ئەو ناو

و ڕاڤە ڕیشەییە دەڕۆن، کە وا دیارە متمانەیان بە شێوەی فارسیی ناوەکە هەیە و بەدواداچوونی پێویست ناکەن و بیر لە ئەگەرەکانی تر ناکەنەوە.

**ناوە کوردییەکە و ڕیشەناسییە کوردییە باوەکە**

ناوە کوردییە باشوورییە خۆماڵییەکە «تاق وەسان»ـە، کە ئەمە لە کوردیی ناوەندیدا لەسەر زاران بووەتە «تاقەوسان»، و لە شێوەی جافیدا دەبێتە «تاقۆسان».

ناوە باشوورییەکە «تاق وەسان» دیارە بەپێی تایبەتمەندیی ڕێزمانیی کوردیی باشووری داڕێژراوە، و لێرەوە دیارە دەستەواژەیەکی ئیزافییە، یانی «تاقی وەسان»، و بەم پێیە «وەسان» ناوە بنەڕەتییەکە کە تاقەکە دراوەتە پاڵی.

لەگەڵ ئەوەشدا لێکدانەوە کوردییە باوەکە بۆ ناوە باشوورییەکە ئەوەیە گوایە لە بنەڕەتدا «تاق وە سان»ـە، بە واتای ‹تاق و بەرد›، یان «وە» بە واتای ‹لە›یە، کە ئەمەش گوایە یانی ‹تاق (ی دروستکراو) لە بەرد›. لە ڕاستیدا لێکدانەوەی «وەسان» بە «وە سان» و «وە» لێرەدا هەمان «بە» بێت، و کۆی ناوەکە واتای ‹تاق بە بەرد› یانی ‹دروستکراو لە بەرد› بگەیەنێت؛ لە ڕیشەناسییەکی میللی دەچێت کە شێوەی خۆماڵیی ناوەکە پێشنیاری کردووە. ئەگەرنا وا دەردەکەوێت «وەسان» پێکەوە یەک وشە بێت. و نابێت چاوەڕێ بین ئەم ناوە «وەسان» هیچ گۆڕانێکی دەنگیی بەسەردا نەهاتبێت، هیچ نەبێت دەزانین کە دەنگێکی «ت» لە ناوەکەدا لەناو دەنگی «س»دا ون بووە، یانی سەرەتا «وەستان» بووە و پاشان بووەتە «وەسسان» و ئینجا «وەسان»، وەکوو چۆن «یارسان»یش لە بنەڕەتدا «یارستان»ـە، و هەتا «کوردستان»یش لە باشووریدا دەبێتە «کوردسان»، و ئەمە گۆڕانێکی دەنگیی زۆر باوە لە کوردیی باشووریدا (دەشێت لە ناوچەی تریش «ت» ـ بەتایبەتی دوای «س» ـ بڕوات، وەکوو لە شێوە باشوورییەکانی کوردیی ناوەندی، وەکوو جافی و شارەزووری. بۆیە دەگونجێت ناوی تریش هەبێت بەو شێوەیە دەنگی «ت»ی تێدا ڕۆشتبێت).

بۆیە ئەم ڕیشەناسییە باوەش جێی پەسەندکردن نییە.

ناوی جێگەکە لای جیۆگرافەرە کۆنەکان

بە بەدواداچوونی زیاتر دەردەکەوێت کە ناوەکە لە کۆندا بە جۆرێکی تر بووە، و گەلێک شێوەی وەرگرتووە و بە گەلێک شێوە نووسراوە:

سەرەتا لای (ئیبن ئەل-فەقیه)ی هەمەدانی (سەدەی ١٠ ز.)، لە کتێبی «مختصر کتاب البلدان»ی خۆیدا، ناوەکە بە شێوەی «وستان» هاتووە، کە بە «وەستان» یان «ڤەستان» دەخوێنرێتەوە، هەرچەند ئەم بۆ خۆی زۆرجار هەر بە ناوی «شبدیز» و «تخت شبدیز» ناوی دەهێنێت(١). (ئیبن ڕەستە)یش هەر بە «شبدیز» ناوی هێناوە(٢). بەڵام ئیبن ئەل-فەقیه هۆنراوەیەکی عەرەبی لەسەر زمانی (أحمد بن محمد) ناوێک دەهێنێت کە سەرەتاکەی دەڵێت: «بوستان طاق لیس في الأرض مثله * وفیه تصاویر من الصخر محکم»(٣)، کە لە نیوە دێڕی یەکەمدا «»بوستان طاق» یانی ‹لە وەستان تاقێک هەیە›. دیارە ئەو شاعیرە وایزانیوە یان زانیویەتی «وەستان» ناوی شوێنەکەیە (کە وتراوە «تاقی وەستان») بۆیە دەڵێت «تاقێک لە وەستان».

دواتر لە نووسراوی جیۆگرافیاگەر (ئیبن بەهرام)ی دیمەشقییشدا ناوەکە بە شێوەی «طاق وسطان» هاتووە(٤)، کە ئەمیش دیارە «تاقی وەستان» بخوێنرێتەوە ڕاستترە.

(حەمدوڵڵای موستەوفی)یش ناوەکەی بە شێوەی «طاق بسطام» هێناوە(٥)، کە دیارە بە «بەستام» دەخوێنرێتەوە.

و هەندێک سەرچاوەی تریش بە شێوەی «طاق بهستون» و «طاق بیستون» ناوەکەی دەهێنن، بەپێی ئەمەیان شوێنەوارەکە بە ناوی کێوی (بێستوون)ـەوە ناونراوە، هەرچەند ئەوەندە نزیکیش نین، یان تێکەڵکردنە لەگەڵ شوێنەواری نەخشی بێستوون. لە سەرچاوەی تریشدا بە شێوەی «تخت بستان» دێت، کە «طاق» یان «تاق»ی کردووە بە «تەخت». هەندێک سەرچاوەی تر وا پێشنیار دەکەن ناوەکە «وەسان» پێشتر «بەستان» بووبێت و ئەمەش سووکەڵەبووی «باستان» بێت و ئەمیش لە بنەڕەتدا «باغستان» بووبێت، یانی ناوەکە سەرەتا «تاقی باغستان» بووە (لە واتای ناوە فارسییەکە «طاق بوستان» دەچێت). کە ئەمە ئەگەری هەیە تێگەیشتنێکی هەڵەیش بێت لە بنچینەی ناوی «بێستوون» کە بە شێوەی «بغستان» و «فغستان»یش هاتووە بە نیازی واتای ‹ماڵی خواوەند›ەوە. بۆیە ئەمەش ئەگەرێکی ترە کە ناوەکە شێوەیەکی تری باوی «بێستوون» بێت وەکوو «بەغستان».

موصطەفا نەعیمە مێژوونووسێکی عوسمانی بووە لە حەلەب (سەدەی ١٧)؛ ئەمیش ناوەکەی بە «طاق دستان» هێناوە(٦)، کە ئەم «دەستان»ـە بە هەمان ناوی (دەستان) ی باوکی (ڕۆستەم) دەزانرێت. ئەم جۆرە ناونانە ئەفسانەییە چاوەڕوانکراوە، بەڵام لە

ڕووی دەنگییەوە دوورە دەنگی «د» بەو شێوەیە لە وشەکەدا بە تەواوی ون ببێت یان ببێتە «ب».

ڕیشەناسیی پەسەندکراو، پێویست بوو ئەو شێوە تۆمارکراوە کۆنانە بهێنینەوە بۆ ئەوەی بگەینە باشترین ئەنجام. لەژێر ڕۆشنایی ئەوانەدا؛ بۆیە پێم وایە ئەوەی لای ئیبن ئەل-فەقیه و ئیبن بەهرام هاتووە و ئـەوەی حەمدوڵڵای موستەوفی هێناویەتی؛ پشتگیریی ئەوە دەکەن کە ناوەکە هەمان ناوی «بەستام» بێت و بووبێتە «بەستان»، و لە فارسیدا بە هەڵە گۆڕابێت بۆ «بوستان». ئیتر شێوە تۆمارکراو یان پێشنیارکراوەکانی تر («طاق بیستون» و «طاق باغستان» و «طاق دستان») هەڵەن.

ئەوە ڕاستە و چاوەڕوانکراوە هەر تۆمارکراوێکی سەدەکانی ناوەڕاست کە نووسەرانی دووری عەرەبزمان و هی تر تۆماریان کردوون؛ ئەگەری هەیە هەڵە بن و کێشەیان هەبێت. بەڵام پێم وایە ئەوەی لای ئیبن ئەل-فەقیه و ئیبن بەهرام و حەمدوڵڵای موستەوفی هاتووە؛ لەگەڵ بنچینەبوونی ناوی «بەستام» و هەتا لەگەڵ گۆڕانی بۆ «وەستان» و پاشان بۆ «وەسان» لە کوردیی باشووریدا دەگونجێت.

بۆیە لێکدانەوە و ڕیشەناسیی پەسەندکراو؛ وا دیارە ئەوەیە کە ناوەکە لە بنەڕەتدا «بەستام» (یاخود «بیستام») یان ـ وردتر ـ «ڤەستام»ە، وەکوو لای حەمدوڵڵای موستەوفی ناوەکە لەسەر بنچینە هاتووە کە نووسراوە «بسطام». جا هەندێک جار ئەو ناوانەی ـ بۆ نموونە لە فارسیدا ـ بە «-ام» کۆتاییان دێت؛ دەبنە «-ان» (یان ـ با بڵێین ـ زۆر «-م»ی کۆتایی دەبنە «-ن»)، بۆیە ناوی «ڤەستام» یان «بەستام»ـە کە بووەتە «وەستان» و «بەستان». یانی لە کوردیدا بووەتە «وەستان» و ئەمەیە کە لای جیۆگرافەرە کۆنەکان (وەکوو ئیبن ئەل-فەقیه و ئیبن بەهرام) بە شێوەی «وستان» و «وسطان» هاتووە. لە فارسییشدا ناوەکە بووەتە «بستان» /بەستان/، کە دواتر ئەمە بە «بستان» /بوستان=بۆستان/ زانراوە یان لەگەڵ ئەمە تێکەڵ کراوە، بەتایبەتییش کە باخێکیش لەبەر شوێنەکەدا هەیە یان هەبووە کە لە ڕابردوودا گەورەتر و ڕازاوە بووە، بەم شێوەیە ناوەکە لە فارسیدا بووەتە «طاق بستان»، و هەندێکیش ئەمە بە شێوەی «طاق بوستان» دەنووسن، بەو پێیەی «بستان» دەبەنەوە سەر بنچینەکەی کە «بوستان»ـە.

ئینجا ئایا ئەو ناوی «بەستام»ـە چیە کە بنچینەیە؛ ئەمە هەمان ئەو ناوەیە کە زیاتر بە شێوەی «بسطام» /بەستام/ دەنووسرێت، و ناوی هەندێک کەسێتیی ئێرانی و

هەندێک شار و دێ و ئاوەدانیی ئێرانیە. ناوەکە دەچێتەوە سەر vistaxma*ی ئێرانیی کۆن کە دەقاودەق واتای ‹دەسەڵات فراوان› دەدات، و بەڵگە هەیە کە بەم بێژە و واتایە لە زمانی مادیدا هەبووە. ناوەکە بە شێوەی «ڤستەم» و «ڤێستەم» گوێزراوەتەوە بۆ ئەرمەنی، و بە شێوەی «بێستەم» و «بێستەن» گوازراوەتەوە بۆ گریکی. ناوە ئێرانیەکە لە قۆناغی ناوەڕاستدا بووەتە «ڤیستەخم»، و لە پارسیی ناوەڕاستدا گۆڕاوە بۆ «گوستەهم»، بۆیە لە فارسیدا بە شێوەی «گستهم» /گوستەهەم=گوستەهم/، و وەکوو ناوی خاڵی خوسرەوی پەروێز دێت. بە شێوەی «ویستهم» /ڤییستەهم/ یش هاتووە. دوایی ناوەکە لە فارسیدا، لە دەقەکانی «شاهنامە»وە تا دوایی، بە شێوەی «بستام» و «بسطام» (و «وسطام») دێت، کە ئەمە دیارە گۆڕاوی شێوەی «ڤیستەهم»ـە. ئینجا دواتر ناوەکە لە ئێران دەبێتە ناوی چەند شار و دێیەک(٧).

جا ئیتر ئەم ناوەی کە ناوی «تاقی بەستان»ی لێ پێکهاتووە؛ ڕەنگە ناوی میرێکی ساسانی بووبێت کە ئەم تاقە دراوەتە پاڵی، هەرچەند زانیارییەکی وەها لەبەر دەست نیە. و ئەگەریشی هەیە هەر بەسادەیی «بەستام» و «بەستان» و «وەستان» ناوی دێیەکە بووبێت کە لیوەی نزیکە، کە لە گەلێک سەرچاوەدا دێیەکە بە «بسطام» ناوی هاتووە، و لەگەڵ باسی تاقی وەستاندا ئاماژە بۆ ‹سەراوی دێی بەستام› («سراب قریەء بسطام») کراوە، کە ئێستەش ماوە و بە «سراب طاقبستان» ناودەبرێت.

ڕاستە ئێستە دێیەکە پێی دەوترێت «وەسام»، و لە ڕابردوودا بە «وسطام»یش نووسراوە، و لێرەوە ڕەنگە ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات بۆچی ناوی دێیەکە وەکوو خۆی (بە «-م»ی کۆتایی) ماوە بەڵام ناوی شوێنەوارەکە بووەتە «وەستان»؟ بەڵام ئیتر دەشێت شتێک بووبێتە هۆی ئەوەی وشەکە لە ناوی «تاقی وەستام» یان «تاقی بەستام»دا بووبێتە «وەستان» یان «بەستان»، کە ئەمە ناوی دێیەکە خۆیی نەگرتووەتەوە، و شتێکی ئاشکرایشە کە دێیەکە ناوداریی تاقەکەی نیە و زۆر نەکەوتووەتە سەر زاران، بۆیە ناوی دێیەکە وەکوو شێوە ناوچەییەکەی خۆی ماوەتەوە.

بێ گومان پێچەوانەکەیشی ئەگەری هەیە، وەکوو ئەوەی «وەسان» بووبێتە «وەستان»، وەکوو نموونەی «قەسەم» و «قەستەم» و «نەسەق» و «نەستەق». پەسەندکردنی یەکێک لە دوو ئەگەرەکە دەکەوێتەوە سەر ئەوەی بزانین کامەیان ڕیشە

و بنچینەی کۆنتری هەیە، بۆ نموونە؛ دەزانین «قسم» و «نسق»ی عەرەبی بنچینەی ئەوانی ترن. بە هەمان شێوە کە زانیمان ناوەکە بە شێوەی «تاقی وەستام» یان «طاق بسطام» هەبووە (وەکوو لای حەمدوڵڵای موستەوفی و هەندێک سەرچاوەی تریش هاتووە)، و دەشزانین ناوی «بەستام» ناوێکی ڕیشەدار و بەربڵاوە؛ بۆیە ئەگەرەکان بەلای گۆڕانی «بەستام» بۆ «بەستان» و «وەستام» بۆ «وەستان» و ئینجا «وەسان»دا دەکەون.

بەو شێوەیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ناوەکە لە بنەڕەتدا «تاقی وەستان» بووە، و ئەمەیە لە کوردیی باشووریدا بە شێوەی «تاق وەسان» ماوەتەوە.

**پەراوێز:**

(١) بڕوانە: ابن الفقيه، مختصر كتاب البلدان. ليدن: مطبع بريل، ١٣٠٢. ص‌ص: ٢١٤، ٢١٥: «حديث شبديز».

(٢) بڕوانە: ابن رسته، الأعلاق النفيسة. جـ ٧، ص. ١٦٧: «وشبديز... وهي طاق منقور في الجبل...».

(٣) بڕوانە: ابن الفقيه، مختصر كتاب البلدان. ص. ٢١٦: «بوستان طاق...».

(٤) بڕوانە:

Charmoy, François-Bernard (edit.), Chèref-Nâmeh, ou, Fastes de la nation kourde. St.-Pétersbourg: Commissionnaires de l›Académie impériale des sciences, 1868 . Volume 1, p. 96.

(٥) بڕوانە: حمدالله مستوفى، نزهة القلوب. مقاله سيم در صفت بلدان و ولايات و بقاع. تصحيح: گای ليسترانج. ص. ١٢٩: «وسطام» يان «بسطام».

(٦) بڕوانە:

Charmoy, ibid.

(٧) دەربارەی ناوی ئێرانیی «بێستام»؛ بڕوانە:

Wilhelm Eilers, "BESĀM (1)," Encyclopædia Iranica, IV/2, p. 175, available online at http://www.iranicaonline.org/articles/bestam-1.

# مۆسیقا و
# زمان

هەیاس کاکەیی

زمان، ئامرازێکی دەربڕین و لێک تێگەیشتن و پەیوەندییە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا. زمان بە ناسنامەی نەتەوە هەژمار دەکرێت، وەک ئامرازێکی دروستبوونی پەیوەندی و دیاردەی دەربڕین (تەیب تاهیری لا٥٨٦). زمان، ئامرازێکی هۆکارییە بۆ تێگەیشتن و دەربڕین (مەعروف لا١٥٦). هەروەها یەکێکە لەکۆڵگە پێکهێنەرەکانی نەتەوە و پەیوەندییەکانی ئادەمیزاد لە نێوان خۆیاندا لەگەڵ ژینگە (هەمان سەرچاوە).

کە زمان ئامرازێکی پێویست بێت بۆ دەربڕین و لێک تێگەیشتن و پەیوەندی وەک پێویستییەکی ژیان و بەردەوام بوون، مۆسیقاش پێویستە وەک ئامرازێکی پەیوەندی و هەست و هەوێنی ڕۆح و جۆش و خرۆشانی(کاکەیی لا ٣٦٢). زاناکان بڕوایان وایە وشەی مۆسیقا یۆنانییە، کە پێشتر بە مانای هونەر دەهات، پاشان پێی وترا زمانی ئەڵمانی(جەزیرە نیت). کۆنفۆشیوس دەڵێ: ئەگەر دەتەوێ پلە و پێگەیشتن و شارستانییەتی هەر گەلێک بزانی، گوێ لە مۆسیقا و گۆرانیان بگرە(باقی لا٤٠). مۆسیقا بووەتە ئامرازێکی دەربڕینی ناخی مرۆڤ لەسەر تار و ئامێرە جیاوازەکاندا. لە هەمان کاتدا بووەتە هاوتای زمانیش لە بۆنە جیاوازەکاندا. هەروەها بووەتە ناسنامەی میللەتان، چونکە هەر نەتەوە و میللەتێک خاوەنی ئاوازی گۆرانی و میوزیکی تایبەت بە خۆیەتی. مۆسیقا ڕۆڵی خۆی بینیوە لە دەربڕینی ناخی مرۆڤ بە درێژایی مێژوو و ژیانی مرۆڤ لە ساتە جیاوازەکاندا، چ ئەرێنی بێت یان نەرێنی. واتە ڕاز و نیازی مرۆڤ چ لە ساتی ئارامی یان لە کاتی ڕووداوەکانی مێژوودا، کە ڕۆح و دڵ و دەروونی مرۆڤ ئارامی و تەسکینی پێ دەبەخشرێت. لە هەموو بوارەکاندا گوێگرتن لە مۆسیقا و زەبری مۆسیقا لەسەر هەست و هۆشی مرۆڤ چێژ وەرگرتنی توانای یادکردنەوەیە (باقی لا٤). دەق و فۆلکلۆری میللی تەنها وەک بابەتێک دێتە بەرچاو، وەک شیعر و پەخشانە شیعر خۆیان نمایش دەکەن، بەڵام لە هەمان بەرهەم کاتێ ئاوێتەی نۆتە و میوزیک دەبێ دەقەکە دەبێتە گەورەترین درامای سەردەم، کە سەرجەم بوارەکانی تری میللەتی تێدا ڕەنگدەداتەوە (ئیبراهیم لا٢٠).

مۆسیقا و نۆتەی مۆسیقا و گۆرانی تایبەت بۆ هەر نەتەوەیەک، سنوری موڵکایەتی ئەو نەتەوەیە دەبەزێنێ، وەک زمانێک و ئاوازێکی جیهانیی خۆی دەنوێنێ لە زۆر بواردا. سەرچاوە مێژووییەکان دەیسلمێنن کە سۆمەرییەکان و نەتەوە دێرینەکانی تر، ئامێری مۆسیقای جۆراوجۆر و ئاواز و نۆتەی مۆسیقایان بەکارهێناوە و داهێناوە لە پێش زایین (باقی لا١٨٩)، بۆ نمونە خورییەکان(هورریەکان) لە (١٤٠٠ ساڵ پ. ز)، واتە (٣٤٠٠ساڵ) بەر لە ئێستا یەکەم گۆرانیان لە مێژوودا تۆمارکردووە بە زمانی کوردی و

بە پیتی مێخی، کە سرودێک بووە بۆ خواوەندی نیکالی خورییەکان (گ. زمان و زار ژ٥ لا٣٧٢). شارستانییەتی سۆمەر و بابل و ئیلام و ئاشور لە بواری میوزیک لە لوتکەی شارستانییەتی سەرتاسەری دونیادا بوون (باقی لا١٨٩). لە چین کۆنترین ئامێری مۆسیقا دۆزراوەتەوە، مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ پێش زایین (٦٦٠٠ – ٧٠٠٠ ساڵ) پ. ز، بەڵام شێوە زوڕنایەک دۆزراوەتەوە کە لە مێژوویەکی کۆن لە لاقی مرۆڤ دروستکراوە، دەگەڕێتەوە بۆ ٦٠٠٠٠ساڵ پێش ئەو زوڕنایە دەکەوێت کە لە ئێسک دروستکراوە (ویکپیدیا).

هەڵبەتە دەنگ و ئاوازی مۆسیقا لە سەرەتای ژیانی مرۆڤ لە سروشت و دەوروبەری دایهێناوە، ئاوێتەی هەست و ڕۆحی بووە، کە وردە وردە لەگەڵ پەرەسەندنی باری ژیان ئەویش پەرەی سەندووە. دەشێت یەکەم ئامێری مۆسیقا لە دەنگی مرۆڤ خۆیەوە بێت، کە کۆمەڵە دەنگی دروستکردبێ وەک گورانی و فیکە لێدان و کۆخە و باوێژک، ......تاد، یان لاسایی کردنەوەی دەنگەکانی سروشت لە هەندێ باردا (ویکپیدیا). واتە ژێیەکانی گەروی مرۆڤ هۆکاری دەنگ و ئاواز دەربڕینە وەک تاری مۆسیقا. مۆسیقا، لە سەرەتای مێژووەوە بەکارهاتووە لە خزمەتی مرۆڤایەتی و جڵەوی بەکارهێنانی ئەم سامانە کەوتووتە دەست ڕابەرانی ئایینی (باقی لا٥). هەندێ سروود و دوعا و نزا بە ئاوازی مۆسیقا سەری هەڵداوە لە بواری سۆفیگەری زەردەشتی و ئیسلامیدا کە پێی دەڵێن سیا چەمانە، بەزۆری ناوچەکانی هەورامان بەکاریدەهێنن (ویکپیدیا)، زەردەشت گاتەکانی خۆی بە ئامێری میوزیک دەربڕیوە لەناو ٧٢سروودەی یەسنا (باقی لا١٨٥)، لە ڕێبازە سۆفیگەرییە ئیسلامییەکانیشدا هەندێ سروود (موەشەحات) دەخوێندرێتەوە بە ئاوازی تەپڵ(دەف) لە کاتی مەولود یان بۆنەکانی تردا، لە بەڵگەی زۆر مێژوودا هاتووە. زەردەشت خۆی سروود گۆیەکی ناو دەستەی ڕۆحانییەکان بووە، موغەکانی زەردەشت سروودەکانیان لە ئاتەشگەکاندا بە ئامێری مۆسیقاوە خوێندۆتەوە، بۆیەش پێیان وترا سروود تا پلەیەکی بەرزتری لە گۆرانی ناو خەڵکی پێبدەن (باقی لا٧٧ ساڵی ١٩٩٦ز).

شامانییەکان مۆسیقایان پەیوەست کردووە بە هەندێ بیر و باوەڕ یان ڕێوڕەسمی ئایینی و لە هەندێ باری دیکەدا بۆ چاکبوونەوەی نەخۆش یان پێشبینیکردن. لە سەردەمی میسرییە کۆنەکاندا مۆسیقا بەکارهاتووە لە بواری ئایینی دا، کە ژن و پیاو بە کاریان دەهێنا لە گۆرانی و هەڵپەڕکێدا.

لە میزۆپۆتامیادا مۆسیقا پەیوەندی بە هێزی هەبوو لەگەڵ ئایین کە لە نێو پەرستگاکاندا بەکاردەهات. هیند کۆنترین بەکارهێنانی مۆسیقای کردووە لە جیهاندا، مۆسیقای کلاسیکی

هیندی مارغا کە لە فیدا کتێبی پیرۆزی هیندوسیدا هەیە (جەزیرە نیت). زاناکان و فەلەکناسان ئاوازی مۆسیقایان بەکارهێناوە، زۆربەی فەیلەسوف و شاعیران مۆسیقاژەن بوون، بۆ نمونە فەیلەسوف و زانای بیرکاری فیساگۆرس ئامێرێکی مۆسیقای دروستکرد بە ناوی مونوکۆرد، کە یەک ژێی هەبوو بە هۆیەوە خوێندنەوەی پەیوەندی دەنگەکان لەگەڵ یەکتردا دابەشکردنی دەکرد (جەزیرە نێت).

ئایین و ڕابەرانی ئایینی لە دێرزەمانەوە ڕۆڵی تایبەتیان هەبووە لە ڕێکخستنی کۆمەڵگا و چاکسازییەکانی نێو کۆمەڵگا، لە کۆبوونەوە و بۆنەئایینیەکاندا مۆسیقا و ئاوازگەلی مۆسیقای ئایینیان بەکارهێناوە، لەگەڵ خوێندنەوەی دەقە ئایینیەکان و دوعا و نزا و ڕازونیازی ئایینی، کە بوەتە هۆی کاریگەری زیاتری لەسەر ڕۆح و وروژاندنی دڵ و دەروونی لایەنگران و هەواداران. ئایینی ئێزیدی و ئەهلی هەق هەردوکیان ڕاز و نیاز و سۆزی ئایینی خۆیان وەک ئایینی زەردەشت بە تێکەڵکردنی مۆسیقا لەگەڵ شیعرگەلی سروودی یارسان (ئەهلی هەق) و جیلوە و موسحەفا ڕەش ئێزیدی پیادەکردووە ( باقی لا٥).لە پێش ئایینی زەردەشت کە قۆناغێکی پەرەسەندن و چاکسازی ئایینی میترایيە. ئایینی میترایی پێشڕەوبووە لە بەکارهێنانی مۆسیقا و ئاواز گەلی مۆسیقا بە تێکەڵکردنی لەگەڵ دەقە ئایینیەکان و ڕاز و نیاز و دوعا و نزادا لە بۆنە ئایینیەکاندا لە لایەن موغەکان (پیرەکان)ی ئایینی میترایی، کە لە میزۆپۆتامیا دەگرێتەوە بۆ زیاتر لە ٦٠٠٠ساڵ پ. ز، کە لە بارودۆخی نالەباردا کەوتوونەتە ژێر باری نهێنی تۆکمە و پیاوەئایینیەکانیش پەنایان بردۆتە بەر ئەشکەوتەکان لە ناوچە چیا سەختەکانی کوردستان ئایینەکەیان پاراستووە و درێژەیان پێداوە لە ژێر باری نهێنی پارێزی سڕ مەگو، کە پاشماوەی ئەو ئایینە تا ئێستاش درێژەی هەیە لە ژێر ناوی جۆراوجۆر بە نهێنی و لە ژێر سێبەری ئایینەکانی تردا.

سامانی مۆسیقا کەوتووتە دەست ڕابەرانی ئایینی ڕیکڤیدا و خواوەندی مۆسیقای بابل و ئیلام و یۆنان و پێغەمبەرانی وەک حەزرەتی داود و حەزرەتی زەردەشت (باقی لا٥). لە یۆنانی کۆندا شیعر و مۆسیقا هاوڕێ و هاوکاری یەکتربوون. شاعیرانی ئەو ڕۆژگارەی یۆنان شیعرەکانیان بە یارمەتی و هاوکاری تار خوێندۆتەوە (باقی لا٢٧). واتە دەبێ ئەو سامانە مۆسیقایە پێش ئایینی ڕیکڤیدا بوونی هەبوبێ و کەوتووتە دەستی ڕابەرانی ئایینی ڕیکڤیدا، کە بێ گومان ئەویش میترایيە کە هەندێ سەرچاوەی مێژوو دەیگەڕێننەوە بۆ نزیکەی ٦ تا ٦٠ هەزار ساڵ پ.ز. واتە ئەو ئایینانە میرات هەڵگری ئایینی میتراییین، کە

چرۆی کردووە لە خاکی کوردستاندا، شاری سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. مۆسیقا، ڕەگی زۆر کۆنی هەیە لەگەڵ دەرکەوتنی شارستانییەت و ژیانی مرۆڤی کورد تیایدا، کە هەندێ ئاسەوارناسان دەریان بڕیوە مرۆڤ لە نزیکەی ٦٠٠٠ساڵ لەوێ بوونیان هەبووە (العربیە نێت). ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ئەگەر هەندێ ئایین بە هۆیانەوە مۆسیقایان کەوتبێتە ناوەوە، ئەوە ناوەندەکەی جوگرافیای کوردستانە بووە، وەک لە سەرهەڵدانی زەردەشت و ئایینی زەردەشتی و بەکارهێنانی مۆسیقا بۆ دەربڕینی سۆز و نیاز و ڕازی ئایینی خودا.

میوزیکی کوردی بە گشتی و یارسان (ئەهلی هەق) بە تایبەت بە ئاوازی تەرز و حەماس و ئەو عیرفانییەی کە هەیەتی لە کولتووری میللەتانی تر جیا دەکرێتەوە. هەر چەندە لێکچونیش لە ئارادا هەبێ (کاکەیی ل٣٦٤). هەرچەندە مۆسیقای کوردی لە کۆندا بەزۆری کلاسیکی و فۆلکلووری بووە (هەمان سەرچاوە). دیدی فەلسەفەی تێروانینی یارسان بۆ میوزیک ڕۆحییە (کاکەیی ل٣٦٢). هەروەها بووە بە داوێک و ڕۆحی پێ ڕاوکراوە، کە ڕۆح بە دەنگی ساز دڵگیر و مەست و حەیران بووە، گیرۆدەی دڵی ئادەم بووە و دڵیشی پێگەشاوەتەوە (کاکەیی ل٣٦٣). حاج نیعمەالله جەیحون ئابادی موکری دەربارەی ڕۆح بە بەرداکردنی ئادەم دەڵێ: خوا فەرموی مۆسیقا بژەنن تا ڕۆح خۆش نیشان بدات و بچێتە جەستەی ئادەمەوە، فریشتەکان ڕۆیشتن و مۆسیقایان بۆ ڕۆح ژەنی، ڕۆحیش دەستبەجێ چووە جەستەی ئادەمەوە (باقی ل٤١). واتە مۆسیقا هەوێنی ڕۆحی ئادەمیزادە، بزوێنەری هەستی مرۆڤایەتییەتی و پەیامە بۆ جەماوەر لە بوارە جیاجیاکاندا، کارای ئارامبوونەوەی مرۆڤە لە بارە ئاڵۆز و شەڵەژاوییەکاندا.

کورد، لە دێرزەمانەوە شارەزایی هەبووە لەگەڵ مۆسیقا و ئاوازگەلی مۆسیقا و بەکاری هێناوە وەک هەوێنی ڕۆح و جۆشوخرۆشاندنی. وەک ئەوەی کامەران ئیبراهیم دەڵێ: میلۆدی هەر ئەو میلۆدییەیە کە لە سینەی یەکەم مرۆڤی نێو ئەشکەوتەکانی هەزار مێرد و شانەدەر بووە (ئیبراهیم ل٢٠). کاکەیی (یارسان) خاوەنی ٧٢ مەقاماتی ڕەسەنی ئایینی خۆیانن، لە کۆڕوکۆبوونەوەی ئایینی و جێگەی ڕازونیاز و نەزر و و شوێنی سازدانی کۆڕی زیکری مۆسیقاییدا دەبیستریت (کاکەیی ل٣٦٥).

بە دەرکەوتنی بەهلولی ماهی، شۆڕشی یارسان لە ناوچەی کوردستان سەری هەڵدا بە شێوازێکی هێمنانە بە مەبەستی پاراستن و بوژانەوەی میهرپەرستی(میترائیزم) (سوڵتانی ل٦٦٥). بالولی ماهی لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچی، یەکەم کەس بوو تەمبوری هێنایە ناو کۆبوونەوە ئایینیەکان لە جەمخانە و بە ئاوازی تەمبور دوعا و نزا و ڕاز و

نیازیان دەخوێندەوە بە زمانی کوردی زاراوەی  هەرامی (گۆران) ( نەبەز لا٣٥) و (سەفی زادە لا٦٣). تەمبوریش لایان  ئامێرێکی پیرۆزە (باقی لا٣٧). مۆسیقا کارێکی ڕۆحی و دەروونی هەیە لەسەر مرۆڤ، نەک تەنها لە بواری ئایینیدا، بەڵکو لە هەموو بوارەکانی تری ژیاندا، وەک بواری خۆشی و سەیران، هۆرە و گۆرانی، چەمەری، جەنگ، کارکردن، ...تاد.

پەیامبەرێکی ئاری دەرکەوتووە لە سەردەمی پاشایەکی زاڵمدا و خەڵکی بۆ یەکتاپەرستی خوا بانگکردووە، خەڵکەکە موعجیزەیان لێ داواکـردووە، ئەویش ئامێرێکی مۆسیقای دروستکردووە کە حەوت ئاوازی لێداوە، بە هۆی ئەو ئاوازانەوە پۆل پۆل خەڵک بە پیریەوە چوون و ئایینەکەیان قبوڵ کردووە (باقی لا٤٢).

مۆسیقا و ئاوازی مۆسیقا بوەتە کارایەکی بەهێز و هاوتای دوعا و نزا و ڕاز و نیازی ئایینی لە بۆنە ئایینەکاندا لە دێرزەمانەوە، کە لایەنگران و هەوادارانی ئایین ئارەزویەکی بە هێزیان هەبووە بۆی و بە پیرۆزیان زانیوە و ئامێرە مۆسیقاییەکان پیرۆز ڕاگرتووە.

عەشیرەتی گۆران نزیکەی هەزار ساڵێک دەبێ لە پەیڕەوانی ئەهلی هەقن، کە ئایینێکی بێگەردی کوردییە لە کوردستان ئەژین، لە کاتی سروود خوێندن کە سروودی یارسانیان پێ دەڵێن، بە ئـاوازی تەمبور ئەوترێتەوە (باقی لا٣٢).گۆرانـی و ئاوازگەلی ناوچەی هەورامانیش پاکترین و ڕەسەنترین ئاواز و گۆرانی کوردین (باقی لا٥)، بۆ نمونە سیاچەمانە و هۆرەی کوردەواری (ویکپیدیا). پاشاکانی بابان هەفتەی جارێک یان دوو جار لەگەڵ پیاو ماقولەکانیان کۆدەبوونەوە بۆ ئەوەی گوێ لە گۆرانی و میوزیک بگرن (باقی لا١٦٥ ساڵی ٢٠١١ز). شاخۆشین لورستانی(٤٠٦ – ٤٦٧ک)، ئاوازی مۆسیقای پۆلێن کردووە لە بۆنە ئایینیەکان بەکاردەهاتن، کە هەفتا و دوو ئاوازبوون و نۆسەدە مۆسیقاژەنی هەبووە لە یارسانیان. ئێستاش زۆربەی ئاوازە کوردییەکان پاشماوەی ئەو ئاوازانەن، لەو ئامرازە مۆسیقایانە کە تا ئێستاش پیرۆز ڕاگیراون لە نێو یارسانیان  تەمبور (تەمیرەیە) (باقی لا٣٩). لە هەندێ نوورانی پیرۆز ئاماژە بەوە دەدەن  نۆسەد یاری هەبووە، هەر یەکەیان ئامێرێکی تایبەتی ژەنیوە (کاکەیی لا٣٦٤). تەمورە (تەمیرە) ئامرازێکی دێرینی کوردە لە شێوەی سێ تار هەر لە سەردەمی سۆمەرییەکاندا بەکارهاتووە و داهێنراوە (باقی لا٣٩).

پەیڕەوانی ئەهلی هەق لە کاتی کۆبوونەوەکانیاندا لە جەمخانە کە مەڵبەندی بارەگای ئایینیانە، شیعر و سروودگەلی یارسان بە ئاوازی تەمورە ئەخوێننەوە. تەمورەش لایان ئامێرێکی موبارەکە (ئیبراهیم لا٣٧). مۆسیقاش لای ئەهلی هەق وەک شتێکی پیرۆز و موقەدەس سەیر ئەکرێ (ئیبراهیم لا٣٦). گۆرانە کاکەییەکان (یارسانەکان) خاوەن داهێنانی

سەدان ئاواز و نەزمی میوزیکی ناوچەی کوردستانن، بۆ خۆیان گرنگیان داوەتە ئامێری تەمیرە، تەمبور تا ئێستاش لە ماڵە ڕەسەنەکانی کاکەیی زادە هەڵواسراوە (کاکەیی ل٣٦٥). لە سەردەمی حەزرەتی بابا ناوس ئامێری دەفیش هاوشانی ساز و تەمورە لێدراوە، یان نای و شمشاڵ و ئەو ئالەتانەی دیکە، بە هۆی لەناو چوونیان و گۆڕانکاری شارستانی خەڵکان لە بیریان چووتەوە، وەک ئەو زاراوانەی چیلچەلک و نەغمەی چل ئاواز و ڕەمز و ئەزەلساز و ساز دیوان و ئاوازی سازی حەوت سەرە (باقی ل٤٩). کۆنترین ئاواز مەقامی یاران لە سەردەمی کەیخەسرەو بە ناوی باریە بوو. باربەت ساز و چەلەنگ ژەنی بۆ کەیخەسرەو دەگەڕێتەوە، کەیخەسرەیان پێ لاواندووەتەوە (کاکەیی ل٣٦٣). دیدی فەلسەفەی تێڕوانینی یارسان بۆ میوزیک ڕۆحییە، بە بڕوای ئەوان میوزیک دەکاتە سروود و پەیامی نێوان خوای پەروەردگار (کاکەیی ل٣٦٢). کورد سەرەڕای ئەوەی لە مێژوودا بەکارهێنانی مۆسیقای تایبەت بوون بە بۆنەکانی خۆیان و بە کاریان هێناوە. لە سەردەمە جیاوازەکانیشدا مۆسیقاژەن و گۆرانیبێژی تیادا هەڵکەوتووە، بۆ نمونە لە سەردەمی عەباسییەکاندا (زریاب) کە مۆسیقاژەن و شاعیر و گۆرانیبێژێکی کوردبووە. لە دایکبووی شاری موسڵ بووە، ناوبانگی دەرکردووە و جێ پەنجەی دیارە کە لەو سەردەمە لە بواری مۆسیقای عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی گەیشتووتە وڵاتی شام و باکوری ئەفریقا و پاشان لە قورتبە گیرساوەتەوە و ناوبانگی دەرکردووە لە هەموو ئەوروپادا، هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە لە ساڵی ٨٥٧ز دا. سەرەڕای ئەوەی گۆڕانکاری لە ئامێری مۆسیقادا کردووە و داهێنی موەشەحات بووە. هەر لە سەردەمی ئەویشدا ئیسحاق موسڵی کە مامۆستای بووە، ئیبراهیم موسڵی و سەفی دین ڕماوی و محەمەد خەتیب ئەربیلی ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لە زانیاری مۆسیقا، کە هەموو کورد بوون. لە سەردەمی نوێشدا مۆسیقاژەن و گۆرانیبێژ زۆر هەڵکەوتوون لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا، کە جێ پەنجەیان دیارە.

**ئەنجام :**

مۆسیقا، بوونی خۆی سەلماندووە لەگەڵ بوونی مرۆڤدا، لە سەرەتای ئەفراندنی مرۆڤ کە ڕۆحی مەستی مۆسیقا بووە و چووتە قاڵبی ئادەمەوە. واتە مۆسیقا هەوێنی ڕۆحی ئادەمیزادە، بزوێنەری هەستی مرۆڤایەتییە، کارای ئارامبوونەوەی مرۆڤە لەبارە ئاڵوز و شەڵژاوییە دەروونیەکاندا. بۆیە ڕابەرە ئایینیەکان بە درێژایی مێژوو لە خوێندنەوەی دەقە ئایینیەکان و ڕازونیاز و دوعا و نزاکاندا مۆسیقایان بەکارهێناوە، بۆ زیاتر وروژاندنی دڵ

و دەروونی هەواداران و ئارامی ڕۆح. هەروەها بەکارهێنانی مۆسیقا لە بوارەکانی تردا بۆ هاندان و وروژاندن، ئارامی و مەستبوون، کارایەکی بەهێز بووە بۆ مرۆڤ. ئاوازی مۆسیقای جۆراوجۆر کە لەرینەوەی تار لەسەر ئامێری مۆسیقا خۆی دەنوێنێ، سەدای گەمارۆی ڕۆحی مرۆڤ دەدات. هەروەها ژێیەکانی گەروی مرۆڤیش دەنگەکان دەردەپەڕێنن لە ئاوازی سرووده ئایینیەکان و گۆرانی چڕیندا شان بە شانی ئاوازە موسیقیەکاندا دەبنە هاوتای یەکتر و جیهانێکی تایبەت بۆ مرۆڤ و گوێگران دەخوڵقینن، کە لەو بوارەدا دەچێتە دونیایەکی خەیاڵاوی و مەست بووندا.

شارستانییەتە دێرینەکان مۆسیقایان داهێناوە بە ئامێری سادە، ئاسەواری تا ئێستاش ماوە، بوەتە میراتێکی بە جێماو، کە نەتەوەکان بەکاری دەهێنن لە بوارە جیاجیاکاندا. پیاوانی ئایینیش هەر لە کۆنەوە ئەو هەلەیان قۆزتۆتەوە بۆ بەکارهێنانی مۆسیقا لە بۆنە ئایینیکاندا. لە دەربڕینی ڕاز و نیاز و دوعا و نزاکان، کە کاریگەری بە هێزی هەیە لەسەر دڵ و دەروون و ئارامی ڕۆحی هەواداران و گوێگران لە بۆنە ئایینیەکاندا، کە مۆسیقا و ئاوازی مۆسیقا لە هەموو ئایینەکان و ڕێبازە ئایینیەکان بوون و ڕۆڵی خۆی هەیە.

**سەرچاوەکان :**


١) محەمەد حەمە باقی، مێژووی مۆسیقای کوردی، چ١ ، ١٩٩٦ز ،چ. تاران، شەهر کورد.

٢) کامیران ئیبراهیم، ئەنتۆلۆجیای سترانی کوردی، ٢٠١٣ ز ،چ. هیڤی، هەولێر.

٣) د. سدیق سەفی زادە بۆرەکەیی، نام ئاوەران یارسان، چ١، چ. حەیدەری، تەهرانی، ١٣٧٦فارسی.

٤) محەمەد عەلی سوڵتانی، بزوتنەوەی عەلەوییەکانی زاگرۆس، ٢٠١١ز، چ١، ب١، دەزگای ئاراس هەولێر.

٥) جەمال نەبەز، فەلسەفە و ڕامانی یارسان، ٢٠٠٩ز، چ. منارە، هەولێر.

٦) تەیب تاهری، زەبور هەقیقەت، چ. مزکریان، ٢٠١٣ز، هەولێر.

٧) عەبدولڕحمان مەعروف، لە کەناری هەزر و زمان و ئەدەبا، ٢٠١١ز . چ. ڕۆشنبیری، هەولێر.

٨) هاشم عاسی کاکەیی، مێژووی کاکەیی (یارسان) لە کوردستان، ٢٠٢٠ز . چ. چوارچرا، سلیمانی، چ١.

٩) گۆڤاری زمان و زار، ژ ٥، ٢٠٢٢ز. چ. تاران. سلێمانی.

١٠ ) httpllmubasher,aljazera,net

Httpllar,mwikpedia.org

Alar.aby. co.uk.coogle.

Skynews.arabia.com.

# هەڵبژاردنی زمان
# لەکن یاشار کەمال

بێژان ماتوور
لە تورکییەوە: بەکر شوانی

«تۆ کوردیت، لەبەرچی بە کوردی نانووسیت؟» چەندین جار لە شوێنی جۆراوجۆر ئەم پرسیارەم لێ کراوە. چەند سەیرە، یەکێک لەوانەی لەم ڕۆژانەدا ئەم پرسیارەی لێم کرد، یاشار کەمال بوو! وەک دەزانرێت، ئەو خۆیشی یەکێکە لەوانەی بەردەوام هەمان پرسیاریان ئاڕاستە دەکرێت.

چەند ساڵێک لەمەوبەر، لە میانەی کۆنفرانسێکدا بەناونیشانی «ئیستانبوڵ... خاڵی ئاوێتەبوونی کولتوورەکان» کە کۆنسولخانەی سوێد سازی کردبوو، یاشار کەمال بە هەڵوێستی هەمیشە پڕ لە جۆشی خۆیەوە گلەیی لێم کرد و گوتی: «کچی کورد، زۆر لێت  تووڕەم.. تۆ کوردیت، بۆچی شیعرەکانت بە کوردی نانووسیت؟» منیش بەڕاستی و بە مەراقێکی بەدەربەستەوە لە وەڵامدا لێم پرسی: «یاشار بەگ، ئەدی بۆچی ئێوە ڕۆمانەکانی خۆتان بە زمانی کوردی نانووسن؟»

ئەو کاتە مامۆستای گەورە وەڵامی ئەم پرسیارەی منی نەدایەوە، تەنیا زەردەخەنەیەکی بۆم کرد. هەفتەی ڕابردوو دیسان بابەتی «بۆچی یاشار کەمال بە کوردی نانووسێت؟» کەوتەوە ڕۆژەڤ. دۆگان پەرەنچیک (مافناس و سیاسەتمەدار ... وەرگێڕ) لە پرسەیەکدا یاشار کەمال دەبینێت و شتێکی لەم بابەتەی پێ دەڵێت: «لە هەموو شوێنێک دەڵێیت کوردم، کەچی ڕۆمانەکانت بە تورکی دەنووسیت. کەواتە تۆ ڕۆماننووسێکی تورکیت نەک کورد. ئەگەر مەیلیشت لێ بێت، هەر ناتوانیت بە کوردی ڕۆمان بنووسیت.» پێ دەچێت یاشار کەمال بەم قسانە تەنگاو بووبێت، بۆیە لە وەڵامدا دەڵێت: «هەفتەیەک خۆم سەرقاڵ بکەم، ڕۆمانێکی کوردی دەنووسم.»

زۆر گرنگە بپرسین ئایا نووسەرانی «جووت زمان»ی وەک یاشار کەمال کام زمان لەبەرچی هەڵدەبژێرن؟ ئەم پرسیارە بەشێوەیەکی گشتی لە کەسانێکەوە دێت کە فریان بەسەر زمانەوە نییە و نازانن کاری ئەدەبی چییە، بۆیە وەڵامەکان بەزۆری دەکەونە قاڵبی سیاسی یاخۆ نارەزایی دەربڕینەوە و بابەتەکە بەزوویی فەرامۆش دەکرێت.

ئەگەر تەنیا لە ڕووی گفتوگۆی ئەدەبییەوە بۆ بابەتەکە بڕوانین، ئەو نووسەرەی خۆی وەک کورد دەناسێنێت و بە زمانی دایک نانووسێت، دەبینین نووسینەکانی بە زمانی دووەم، واتە بە تورکی، چ بۆ ئەدەب و چ بۆ کۆمەڵگە ئەزموونێکی زۆر گرنگە. پێویستە ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە زۆربەی ئەدیب و نووسەرە گەورەکان، ئەوانەی زمانی دایکیان خستووەتە لاوە -هەندێک جار بەناچاری- و دواتر زمانێکی

تر فێربوون و بەرهەمیان پێ نووسیوە، کارەکانیان لێوانلێوە لە هەستیاری و ناسکیی بێ وێنە. کوردبوونی یاشار کەمال لەم ڕووەوە زۆر گرنگە. بێگومان لە دەستدانی زمانی دایک و دانانی پێوەندی لە نێوان زمان و ڕەوشی هەبوودا کارەساتێکە پێویستە هەموو نووسەرێک پرسەی بۆ بگێڕێت، هەر پەسەندکردنی لە دەستدانی زمانیشە کە بووە بەهۆی ئافراندنی بەرهەمی ئەدەبیی ناوازە. دەمەوێت بڵێم: لە دەستدانی زمانی دایک، بێ هیچ گومانێک ئەو زمانی دووەمە دەوڵەمەند دەکات کە نووسەر پێی دەنووسێت، چونکە ئەو پرسەیەی کە نووسەر بۆ زمانی ونبووی خۆی دەیگێڕێت، هەست و دەنگی لەدوا بەجێ دەمێنێت و ئەمەش لە قوڵاییی کارەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە.

نازانم یاشار کەمال تا چ ڕادەیەک دەسەڵاتی بەسەر زمانی کوردیدا دەشکێت، لێشم ڕوون نییە، وەک خۆی گوتویەتی، داخۆ دەتوانێت ڕۆمانی کوردی بنووسێت یاخۆ نا، بەڵام زۆر بەپەرۆشەوە خوازیارم لە خۆیم ببیستایە داخۆ چی دەڵێت سەبارەت بە ئەو دەنگ و هەستانەی کە لە هەستیی ناسکی کوردانەی خۆیەوە بۆ ناو ئەدەبی تورکیی گواستووەتەوە؟

وەڵامی من بۆ پرسیاری «بۆچی بە کوردی نانووسیت؟»، لە ڕابردوودا چۆن بووە، ئێستاش هەر وایە. بە کوردی نانووسم، چونکە ئەو کوردییەی من دەیزانم، دەست نادات بۆ ئەوەی بیکەم بە بناغە بۆ نووسینی شیعری هاوچەرخ. کوردییەکی قەڵس و سنووردار دەزانم کە تەنیا بەشی ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕۆژانەم دەکات. بەواتەیەکی تر، من ناکەومە خانەی شاعیرانی «جووت زمان»ەوە. بەڵام ئەمە ئەو ڕاستییە پەردەپۆش ناکات کە شیعرەکانی من لە قوڵایی ناخەوە پێوەندییان بە کوردبوونمەوە هەیە. بێگومان کوردبوونم لە کۆکی ئەو ئەزموونەدایە کە دنیای نووسینی منی ئافراندووە، بەڵام لەبەرئەوەی بە وشەی تورکی شیعرم بۆ دێت، بە تورکی دەنووسم، بە تورکی بیر دەکەمەوە و بە تورکیش خەون دەبینم. سەرچاوەی ئەو هێمایانەی کەرەتەی ئەدەب، بەتایبەتی کەرەسەی شیعر پێک دەهێنێت، هەمان سەرچاوەی خەونەکانە، بۆیە بەهەمان ئەو زمانەی خەونی پێ دەبینین، دەتوانین بەرهەمی ئەدەبی بئافرێنین. ئای چەندم پێ خۆشە بزانم یاشار کەمال بە چ زمانێک خەون دەبینێت!

بە بۆچوونی من، کارەکتەری نووسین، لە شوێنی لە دایکبوونمان، ئەو شوێنەی هەست دەکەین زێدی ئێمەیە و لەو ئەزموونانەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە سۆنگەی

سۆزمانەوە بۆ ئەو شوێنە کۆمان کردووەنەتەوە. زۆر گرنگە بزانین سەرجەم ئەو دەنگانەی لە سەرەتای ژیاندا لە بیروەریماندا چەسپیون، گەمەکانی سەردەمی منداڵی، لاواندنەوە، هاوار و ناڵە و تەنانەت گشت ئەو شتانەی ڕەنگ و ترسانەکانی ژیانی مرۆڤ پێک دەهێنن، بە چ زمانێک بوون؟ بەڕای من گشت ئەمانە بەسەریەکەوە وشە و ڕستەکانی هەستی ناو نووسین دەستنیشان دەکەن. نووسەر بەهەر زمانێک بنووسێت، لەبەرئەو هۆیانەی کە لەسەرەوە باسم کردن، ڕەچەڵەکی خۆی و هەستی ئەو شوێنەی لێی دەژی، لە نووسینەکانیشیدا ڕەنگ دەداتەوە. بەکورتی دەمەوێت بڵێم: ئەوەی ئەدەبی یاشار کەمالی جیاکردووەتەوە و تایبەتمەندیی پێ بەخشیوە، هەستکردنێتی بە کوردبوونی خۆی. ئەگەر یاشار کەمال خۆی بە کورد نەزانیبایە، ئەوا جنۆکەی ناو ڕۆمانەکانی، کە شتێکی دوور و نامۆ، بەڵام ئەفسووناوییە لەکن خوێنەران، لە ئاستی پێویستدا نەدەبوو، یاخۆ هەر نەدەبوو.

ئێستا با بێینە سەر ئەو ڕستەیەی کە یاشار کەمال بە ناڕەزایی دەربڕینەوە وەک وەڵام بۆ ڕەهەندی سیاسیی پرسیارەکە دەری دەبڕێت و دەڵێت: «هەفتەیەک خۆم سەرقاڵ بکەم، ڕۆمانێکی کوردی دەنووسم.»؛ پێویستە بزانین کاری ئەدەبی دواجار هەوڵێکی مرۆڤە بۆ دۆزینەوەی خۆی لە بەرامبەر گەردووندا، بۆیە نووسەر ناچارە بە دەوروبەرەوە پەیوەست بێت، کەوابوو پێداویستیی سروشت بوار بۆ هەڵبژاردن ناهێڵێتەوە، واتە کاتێک نووسەرێک دەڵێت «من دەتوانم بەم زمانە بنووسم، بەڵام ئەو زمانەی ترم لەکن پەسەندترە»، ئەمە ناکەوێتە خانەی هەڵبژاردنێکی ڕاستبینانەوە، بگرە دەکرێت بڵێین زیاتر هەڵبژاردنێکی هزرییە، چونکە ئەدەب بە گوشاری زمان خۆی دەسەپێنێت. ئەگەر نووسەرێک لە دۆخێکدا بێت بتوانێت بە زمانی دایک بنووسێت، بەڵام پێی نەنووسێت، ئەمە نیشانەیە بۆ ئەوەی دەنگی ناو ئەو زمانە لەکن وی بەشی نووسین ناکات. ئەمەش بەم واتەیە دێت؛ هەڵڕشتنی هەستی هەناو بەو زمانە، ناگاتە ئەو ئاستەی کە نووسەر خۆی ئارەزووی دەکات. با نموونەیەک لە شیعرەوە بهێنینەوە؛ شیعر، لەبەرئەوەی لە قسەی سادەوە نزیکە، بە چ وشەگەلێک بێت، ناچارە هەروا لە دایک ببێت. وەک سۆفییەکان ناڵێم «شاعیر ئامرازە»، بەڵام شاعیر نا، شیعر خۆی بڕیار دەدات بە چ زمانێک لە دایک دەبێت! ڕۆماننووسێکی وەک یاشار کەمال کە داستان دەنووسێت و وشە و ڕستە و دەبڕینەکانی وەک تاقگە بەسەریدا دەڕێژن، من پێم وا نییە بەدوای هەڵبژاردنی زمانەوە بێت بۆ تۆمارکردنی وشەکانی. زمان

دوای ئەوەی ڕسکا و لە دایک بوو، ئیدی نووسەر –با ئەو نووسەرە یاشارکەمالیش بێت- ناتوانێت تەگەرە بخاتە بەردەم لە دایکبوونی. یاشار کەمال ئیلهامی ڕۆمانەکانی بە زمانی تورکی بۆ دێت، بۆیە هەر بەو زمانەش دەیاننووسێت. بەڵام وەک لە سەریشەوە ئاماژەم پێ دا، هیچ قسەم لەسەر ئەوە نییە هەستی خۆ بە کوردزانین لە پشت ئەو زمانەوەیە کە ئەو ڕۆمانەکانی خۆی پێ دەنووسێت. پێویستیش ناکات ناسنامەی ئەدەبیمان تێکەڵ بە ناسنامەی سیاسی و نەژادیمان بکەین. یاشار کەمال بەتەواوی ئەزموون و کارەکانی خۆیەوە مرۆڤێکی کوردە. تەنانەت ئەگەر ڕۆمانی کوردیشی پێ نەنووسرێت، کە بەشایەنی ئەوەی نازانێت هەفتەیەک کاتی بۆ تەرخان بکات، هەر کوردە. ئەرکی ئێمە ئەوەیە ئەزموونەکانی بەدەستهێنراو لە کوردبوونییەوە و هەست و دەنگەکانی وی بە تورکی بخوێنینەوە و سوپاسبژێر بین.

**بێژان ماتوور:**

سالّی ١٩٦٨ لە خێزانێکی کوردی عەلەویی لە گوندی مەقسودئوشاغی سەر بە قەزای پازارجیک لە پارێزگای ماراش لە دایک بووە. قۆناغی سەرەتاییی لە هەمان گوند خوێندووە. ئەو سالّانە بووە بە بینەری ناکۆکی نێوان عەلەوی و سونەکان کە بە «کۆمەڵکوژیی ماراش» ناودەبرێت. قۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەییی لە غازی عەنتەب خوێندووە. دواتر کۆلێژی مافی سەر بە زانکۆی ئەنقەرەی تەواو کردووە. بەهۆی ناسنامەی کوردایەتی و ئەندامێتی لە ڕێکخراودا، لە سالّانی خوێندنی زانکۆدا دادگایی کراوە، سالّێکی لە زینداندا بەسەر بردووە و دواتر ئازاد کراوە. سالّی ١٩٩٦ یەکەم دیوانی شیعری خۆی بەناوی «هەوارەکانی پڕ لە با»وە بڵاوکردەوە. ئەم دیوانە ئەگەرچی بە زمانی تورکی نووسراوە، بەڵام لە تورکیا وەک دیارترین نموونەی شیعری هەڵقوڵاو لە سۆزی کوردییەوە پەسەند کرا. پاشان هەرسێ دیوانی «با خوا پیتەکانم نەبینێت» و «لە بیابانی ئەودا» و «ئەو کوڕان بەر ئەفسوونی مانگ کەوتوو»ی بەچاپ گەیاند. دیوانەکانی وەرگێڕاونەتە سەر زمانەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و فەرەنسی. چەندین هۆنراوەشی بە زمانەکانی فارسی و عەرەبی و ئیسپانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەدەبییەکاندا بڵاو کراونەتەوە. سالّی ٢٠٠٢ پاش بڵاوبوونەوەی دوایین دیوانی، بێژان ماتوور ماوەیەک وازی لە شیعر هێنا و دەستی کرد بە نووسینی وتار و لێکۆڵینەوە. لە نووسین و وتارەکانیدا بە زمانێکی زیاتر

ئەدەبی سەرنج ڕادەکێشێت بۆ سەر شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی کورد لە تورکیادا. هەندێک گرووپی توندەڕەو و گۆشەگیربووی کورد و تورک نەبێت، گشت لایەن و ناوەندەکان بە بایەخەوە پێشوازی لە نووسینەکانی ئەو دەکەن. بێژان ماتوور، پاش دابڕانێکی پێنج ساڵە، دیسان گەڕایەوە بۆ جیهانی شیعر. لە ساڵی ٢٠٠٨دا پێنجەمین دیوانی خۆی بەناوی «جێهێشتنم لەلایەن ئیبراهیمەوە» بە چاپ گەیاند. وەقفی کولتوور و هونەری دیاربەکر – D
KSV، لەسەر دەستی ئەم دامەزراوە و خۆی سەرۆکایەتیی دەکات. بێژان ماتوور بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی وەقف لە نێوان هەردوو شاری ئیستانبوڵ و دیاربەکردا، کە خۆی بە دوو شاری پڕ لە واتەیان دادەنێت، لە هاتوچۆی بەردەوامدایە.

**سەرچاوە: ڕۆژنامەی «زەمان»ی تورکی، ٢٠٠٦/١١/٤**

# مادی ناوەڕاست،
# زارێکی نەناسراو

## ئەڵقەی ونکراوی زمانی کوردی لە هەزارەی یەکەمی زاینییدا (شیکارییەك زمانناسیی- مێژوویی)

کامەران ڕەحیمی - ئیلام

سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر، زمانی ئاوێستایی زمانی ئایینی ئێرانییەکان بووە، نزیک بەو سەردەمە، زمانی مادی و پارسی کۆنیش برەویان هەبووە.

هەر چەند زۆربەی رۆژهەڵاتناسان وەکو دارمستر، نولدکە، مینۆرسکی و ... وا بیردەکەنەوە کە کوردی و مادی هەر یەکن، بەڵام بە هۆی ئەوەوە کە تا ئێستە لە زمانی مادی بێجگە لە چەند وشەیەک هیچ دەقێک نەدۆزراوەتەوە، لۆژیکیتر و زانستیتر ئەوەیە لەم باسەدا واز بێنین و روونبوونەوەی کێشەکە بە داهاتوو بسپێرین.

زۆربەی نووسەرانی ئێرانی دەنووسن زمانی فارسی سێ قۆناخی هەبووە کە بریتین لە: پارسی کۆن، پارسی ناوەڕاست یان پاڵەوی، فارسی نوێ یان دەری: بە واتایەکی تر ئەم بیرۆکەیە، زۆربەی زمانە کۆنە ئێرانییەکانی بە موڵکی زمانی فارسی زانیوە، لە کاتێکدا ئێستە بە هۆی خوێندنەوەی بەڵگە مێژووییەکان و زماناسیی نوێوە، روون بووەتەوە کە فارسی دەری نە تەنیا بەر لە ئیسلامیش برەوی هەبووە، بەڵکو درێژەی پاڵەوی نییە و هەروەها زمانی پاڵەوی دوای روخاندنی دەسەڵاتی ساسانییەکان و هاتنی ئیسلام بۆ ئێران (۲۱ی هەتاوی) بە تێکڕایی تێکنەچووە و زمانی ئاخافتنی خەڵک لە ناوەڕاست و رۆژئاوای ئێران بووە، کە دەکاتە رۆژهەڵاتی کوردستان، (جهانبخش، ۱۳۸۳، ۷۵ـ۷٤).

«د.زەبیح‌الله سەفا» لەم بارەوەوە دەنووسێت: «زمانی ئاخافتنی خەڵکی ناوچەکانی رۆژئاوا و باکووری ئێران لە سەدەی یەکەمی ئیسلامیدا، پاڵەوی یان شێوەزاری نزیک بەو زمانە بووە ...» (ذبیح‌الله، سیری در تاریخ و زبان‌ها و ادب ایرانی، ۱۳۸۳: ۷۵).

هەروەها دوکتور ناتڵ خانلەری دەبێژێت: «دوای ئیسلام، شێوەزاری پاڵەوی یان فالەوی (فەهلوی) بەو زمان و زارانە دەگوترا کە لەگەڵ زمانی رەسمی و ئەدەبی فارسی دەری جیاوازیان هەبووە و لە ناوەڕاست و رۆژئاوای ئێران برەویان هەبووە» (خانلری، ۱۳٦۹: ۲۰٦ ـ ۲۰۵).

«ابن‌الندیم» لە کتێبی «الفهرست» دەنوسێت: «عبدالله ابن مقفع» گوتویەتی: «زمانە کۆنە ئێرانییەکان بریتین لە: فاڵەوی، دەری، فارسی، خوزی، سوریانی»(الفهرست، چاپ مێر، (؟) ۱۹)، هەروەها «یاقوتی حەمەوی» لە کتێبی «معجم‌البلدان» بە گوێرەی وتەی حەمزە ئیسفەهانی لە کتێبی «التنبه» ئەم بۆچوونە دووپات دەکاتەوە. (معجم‌البلدان، چاپ مێر، (؟)، ج٦: ٤۰٦ـ٤۰۷) (دکتر یفا، ۱۳۸۳ : ۷۷).کەچی لە هەموو کتێبی قوتابخانە و زانستگاکاندا دەنووسرێ فارسی دەری درێژەی پاڵەوییە (؟). لە

کاتێکدا ئەم بەڵگانە، روونی دەکەنەوە کە «فارسی» و «پاڵەوی» وەکو دوو زمانی ئێرانی بەر لە ئیسلام، دوو زمانی جیاواز بوونە. پرسیار ئەمەیە فارسی دەری چۆن دەتوانێ هاوکات، جیاواز و درێژەی پاڵەوی بێت؟

هەروەک ئاماژە کرا، لە هەموو گرنگتر، پاڵەوی دوای هاتنی ئیسلام تێک نەچووە ،بەڵکو لە رۆژئاوای ئێران قسەی پێکراوە، بە شێوەیەک کە زانای بە ناوبانگ «دهخدا» دەبێژێت: تا سەدەی شەشەم بەم زمانە نووسراوە هەیە. (دهخدا، ١٣٧٣: ٥٠٠٩٣). هەروەها «شەمسی قەیسی رازی» لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا دەنووسێ: «بەیتە فاڵەوییەکان لە لای خەڵکی عێراقی عەجەم [واتا: قرمیسین (= کرماشان)، هەمەدان، رەی و ئیسفەهان، بڕوانە لوغەتنامەی دهخدا ١٣٨٣] لای خوێندەوار و نەخوێندەوار بڕەوی هەبووە». هەر ئەو نووسەرە لە جێگەیەکی تردا، پاڵەوی و هەورامی بە یەک زانیوە.

«خۆشترین کێش، فەهلەویاتە. کە هەواکەی بە ئەورامنان دەخوێنن ...
لحن اورامن و بیت پهلوی
زخمە رود و سماع خسروی»
(شمس قیس رازی، ١٣٧٣ : ١١٢).

ئایەتوڵڵا «مەردووخ»یش وا بیر دەکاتەوە و دەنووسێت: «لە نێوان شێوەزارە کوردییەکان یەکەم لوری، دووەم کەلهوڕی، سێیەم گۆرانی بە زمانی پاڵەوی و شارە پاڵەوییەکان نزیکن(مەردووخ، ١٣٧٩: ٥٧).

لەم دواییەدا زمانناسێک، ١٤٥٠ وشەی پاڵەوی ساسانی لەگەڵ کوردی بەدرەیی ـ کە بنزارێکە لە کوردی فەیلی ـ بەراورد کردووە، پاشان بەو ئەنجامە گەیشتووە کە ئەم دوو زاراوە لە بواری وشەدا ٧١٪ بە یەک نزیکن (د. کەریمی، کوردی ئیلامی، ١٣٨٠: ٢٨٩). پێویست بە وتنە، جەماوەری بیست هەزار کەسی بەدرەیی سەر بە پارێزگای ئیلام، رێژەیەکی ٦٪ لە نفووس و حەشیمەتی هەموو کوردان پێکدێنن. ئەگەر لە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیدا زمانی پاڵەوی لەگەڵ هەموو زاراوە کوردییەکان بەراورد بکرێت بێگومان ئەنجامەکەی لەمە کە هەیە، فرەتر دەبێت.

بەڵام ئێستە ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە. کە مەبەستی مێژوونووسانی سەردەمی ئیسلامی، لە رۆژئاوای ئێران کوێنە بووە؟ هەروەها شارە پاڵەوییەکان (فەهڵە) کامانەن؟

«شیرووویە ئیبنی شەهرەدار» حەوت شاری بە پاڵەوی زانییوە کە بریتین لە: «هەمەدان، ماسەبزان [ ئیلام بەشێک بووە لە ماسەبزان]، قوم، ماەبەسەر [نەهاوەند: ناوی شارێکە لە هەمەدان]، سەیمەڕە [دەڕەشەهر: ناوی شارێکە لە پارێزگای ئیلامی ئێستا]، ماەکوفە [دینەوەر] و کرماشان. هەروەها ئەم نووسەرە ئەم شارانە وەک: «رەی، ئیسفەهان، کومش، تەبەرستان، خوراسان، سەگەستان، کرمان، قەزوین، دەیلەم، تاڵەقان» بە شاری پاڵەوی نەزانیوە (دهخدا، ١٣٧٣: ٥٠٠٩٣).

«ئیبنی فەقیەی هەمەدانی» نووسەری کتێبی «البلدان» لە سەدەی سێهەمی کۆچی هەر ئەم شارانە بێ کەمی وکورتی، بە پاڵەوینشین لە قەڵەم دەدات. هەروەها نووسەری «قامووس اعلام ترکی» راستەوخۆ دەنووسێ: «زمانی پاڵەوی لە کوردستان و عێراقی سەر بە ئێران [مەبەست کوردستانی عێراقە] قسەی پێدەکەن (دهخدا، ١٣٧٣: ٥٠٠٩٤).

ئێستاش هەمووی ئەم شارانە جیا لە قوم و هەمەدان، کوردنشینن و بە شێوەزاری کوردی باشووری قسە دەکەن. هەر بۆیە رەنگە وشەی فەیلی گۆڕدراوی وشەی پاڵەوی بێت.چونکو پرۆسەی واچی (phonemic process) ئەمە دەچەسپێنێت:

پاڵەوی – فاڵەوی – فەیلی

پێویست بە وتنە کە دەنگی /p/ زۆرجار دەبێتە دەنگی /f/ بۆ وێنە:

پارسی – فارسی،

پێڕست – فەهرست

هەروەها دەنگی /a/ لە ناوەڕاستی وشە لە کوردی سۆرانیدا دەبێتە دەنگی /ye/ لە کوردی فەیلیدا بۆ وێنە:

کانی – کیەنی، / پان – پیەن، / مارە – میەرە، / نازانم – نیەزانم...

بەڵام باسێک، کە لە هەموو ئەو باسانە گرنگترە، باسی لقێکی نامۆ و نەناسراوی زمانی پاڵەوییە کە تا هێشتا ئاماژەی پێ نەکراوە. پێویست بە وتنە کە هەر لە مێژە زمانی پاڵەوی بە دوو لق دابەش کراون، کە ئەم دوو لقە بریتین لە: پاڵەوی باکووری یان پارتی (دەقە مانەویەکان «تورفانی») و لقی پاڵەوی باشووری یان پارسی (بەردەنووسەکانی سەردەمی ساسانی)، ئەم دابەشکردنە راستە. چونکو ئەم زاراوانە، زمانی رەسمی بوونە. بەڵام لقێکی تر لە زمانی پاڵەوی واتە «پاڵەوی رۆژئاوایی» لە

مادستان بڕەوی هەبووە، هەر لەبەر ئەوەی ڕەنگە ئەم زمانە درێژەی مادی کۆن بێت، مێژوونووسانی سەردەمی ئیسلامیش بەردەوام بەم زاراوە کە جیاواز لەگەڵ پارتی و پارسی بووە وتوویانە فالەوی.

ڕۆژهەڵاتناسانی بەناوبانگی ئەم سەردەمەش وەک: ئیشتالکبرگ، ویکتۆر ڕۆزن، لسچینسکی و هەروەها زماناسی گەورەی ئێرانی پرۆفسۆر ئیحسانی یارشاتر (دانەری زانستنامەی مەزنی ئێرانیکا لە کانەدا) ، زاراوەی «مادیی ناوەڕاستی» بۆ ئەم شێوەزارانە هەڵبژاردووە و دوکتور «ئەزکایی»ش کە دوای سی ساڵ لەسەر شێوەزارە جوراوجۆرەکانی ڕۆژئاوای ئێران و هەروەها ساخکردنەوەی هۆنراوەکانی باباتاهیر، لێکۆڵینەوەی کردووە، لەم بارەوە دەنووسێ: «پالەوی ڕوژئاوایی، گۆڕدراوی زمانی مادییە. ئەم ناولێنانە بە هۆی جوگرافیای زمانی [بڵاوبوون لە مادستان] لۆژیکییە. سەرەڕای ئەوە ئەم زاراوە پێشنیارییە [= مادی ناوەڕاست] ستەمێکە بە هۆی ژێردەستە بوون یان نامۆبوونی زمانەکە لێکراوە» ( اژکایی، ١٣٧٥: ١٦٧).

هەر ئەم نووسەرە لە جێگەیەکی تردا دەنووسێت: «قەد نابێ زمانی کوردی و شێوەزارەکانی جیا لە «فەهلوی» و بنیاتی زمانی کوردی جیا لە زمانی مادی بزانین» (اژکایی، ١٣٧٥: ٢٠٤).

زۆربەی نووسەرانی کورد، زمانی کوردی بە خاوەن پێشینەیەکی چەند هەزار ساڵە دەزانن و بەردەوام ئاماژە بە هۆزە ئارياييەکان وەک: لوولووبی، کاسیت، گووتی، میتانی، سووباری، کاردۆخی و ... دەکەن کە تەنانەت وشەیەک لێیان نەدۆزراوەتەوە. لە کاتێکدا ئەم بوچوونە تازە ـ کە ڕەنگە یەکەم جارە، ئاماژەی پێدەکرێ ـ تا ڕادەیەک دووهەمین بازنەی ونبووی زمانی کوردی لە سەردەمی ساسانیەکانەوە هەتا سەدەی شەشمی کۆچی (واتا یەکبوونی کوردی لەگەڵ پالەوی ڕۆژئاوایی یان مادی ناوەڕاست) ڕوون دەکاتەوە.

بە کورتی ئەنجامی باسەکە ئەوەیە کە پالەوی ڕۆژئاوایی بە هۆی هەبوونی وشەنامە و دەق، دەتوانێ ببێت بە سەرچاوەیەکی گەورە بۆ وشەسازی لە زمانی کوردی ئەمڕۆدا، تا ئێمەش وەکو گەلانی تر کە پێشینەی کۆنیان هەیە، بتوانین لە زمانی مێژووییمان کەڵک وەربگرین.

**سەرچاوەکان:**

ـ ناتل خانلری، پرویز، تاریخ زبان فارسی، تهران، نشر نو، چاپ چهارم، ١٣٧٩.
ـ مردوخ، آیت‌الله محمد، تاریخ مردوخ،تهران، نشر کارنگ، ١٣٧٩.
ـ معین، محمد، فرهنگ فارسی، تهران، امیرکبیر، چاپ دهم، ١٣٧٥.
ـ کریمی، غلامحسین، کردی ایلامی، بررسی گویش بدره، سنندج، دانشگاه کردستان، ١٣٨٠.
ـ جهانبخش، فرهنگ، تاریخ زبان فارسی، تهران، انتشارات جامی و فرهنگ، چاپ اول، ١٣٨٣.
ـ اژکایی، پرویز، باباطاهرنامه، تهران، انتشارات توس، چاپ اول، ١٣٧٥.
ـ ارانسکی، ای.م، مقدمه فقه‌اللغه ایرانی، کریم کشاورز، تهران، انتشارات پیام، چاپ اول،١٣٨٥.
ـ آموزگار، ژاله وتفچلی، احمد ،زبان پهلوی ادبیات و دستور آن، تهران، انتشارات معین، چاپ چهارم، ١٣٨٢.
ـ آکوپوف،گ.ب؛ حێارف، م.ا ،کردهای گوران و مسئلەی کردهای ترکیه، سیروس ایزدی، تهران، انتشارات هیرمند، چاپ اول، ١٣٧٦.
ـ دهخدا،علی اکبر، لغت نامه، مؤسسه انتشارات و چاپ دانشگاه تهران، با همکاری انتشارات روزنه، تهران ١٣٧٣.
-Ferheng Kurmaçî-Dimilî –Tirkî , seîd Verrog ،war ،îstenbol ،2003.
– تەیفووری، مەنسوور؛ رەزا شەجیعی.» وانەکانی زمانی کوردی ٢». تاران، لە بڵاوکراوەکانی یەکەمین کۆنگرەی زانستی فێرکاریی زمانی کوردی لە ئێراندا، بەرگی دووەم، ١٣٨١.

## ڕانانی کتێب




# ڕێزمانی گشتگری کوردی شێوەزاری فەیلی به پێی تیۆری پێکهاتەیی(structural)

کامران مەڵگشایی

ئێستا بە ڕوونی و زانستی دەرکەوتووە کە زمانی پاڵەوی (پهلوی)، هەر زمانی «مادی»ی ناوەڕاستە، واتە ئەڵقەی ونکراوی زمانی کوردییە لە دوو هەزار ساڵی پێشووترەوە. تەنانەت بلیمەتێکی وەکو «ابن المقفع»(سەدەی دووهەمی کۆچی) بەڕاشکاوی ئاماژەی کردووە کە تا یەکەمین سەدەکانی ئیسلام زمانی پاڵەوی لە پاڵ خووزی، فارسی و... ئاخێوەری هەبووە و پەیوەندیی بە «فارسی دەری»یەوە نییە.

بۆچی تا ئێستا ئەم دیکۆمێنتە لەلای سەنترالیستەکان و پاوانخوازنەوە بڵاو نەبووەتەوە باس و خواسێکی ترە... پاش هاتنی ئیسلام، زۆربەی نووسەرانی گەورەی وەکو «شهردار بن شیرویە» (سەدەی چواری کۆچی) «ابن فقیە»، «شمس قیس رازی» و کێ و کێی دیکەش چەندین جار ئاماژەیان بە «بلاد بهلویون»، واتە شارە پاڵەوییەکان کردووە و بە وردی، وێڕای دابینی سنوور، نێوی هەمووی شارەکان وەکوو» ماسبذان»، «صیمرە»، «نهاوند»، «دینور» و گەلێ شوێنی دیکەیان دیار کردوون، کە ئەمڕۆ بریتین لە: پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان، هەمەدان و لوڕستان. هەروەها لەم سەردەمەدا توێژەرانی ئێرانیی وەکوو «د.صفا»، «د.خانلری»، «اذکایی» و... بە دڵنیاییەوە باسی دوو شێوەزاری پاڵەوی دەکەن، کە یەکیان زمانی فەرمی ساسانییەکان و ئەوی تر وەکو بنزاری ئاخاوتن و شیعر لە دەڤەری «جبال» و «عراق عجم»دا برەوی بووە و ئەمڕۆ ئەم دوو دەڤەرە کەوتوونە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە باری جەغزی جوگرافیاییدا «بلاد بهلویون»، «جبال» و «عراق عجم» هەر یەکن.

فەیلی(پالە)، نێوی شوێنێکی مێژووییە و گۆڕدراو و کورتکراوەی پاڵەوی و فاڵەوییە، واتە دانیشتووانی ئەو شارانەی کە بە کوردی پاڵەوی دەدوێن؛ ئەم ناوە وەکوو سۆرانی، نێوێکی سیاسی و زمانناسییە، نەک خێڵ و هۆز؛ ئێستاش زاراوەی(idiom) کوردیی فەیلی بە هۆی جمشتی ڕۆشنبیری و ئابووری و ژینۆساید و ئەنفال، دیار و بەناوبانگە. پێویست بە وتنە لە وڵات و فەڵاتی پاڵەویدا- کە ئاماژەی پێکرا- جیا لە فەیلییەکان، کۆمەڵێک خێڵ و شێوەزاری -تری کورد دەژین، کە بریتین لە: لەک، کەڵهوڕ، لوڕ، زەنگنە و... کە لە باشوور (هەرێمی کوردستان) بەگشتی، بە هەموویان دەوترێ کوردی فەیلی، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەنیا تایبەتە بە شاری ئیلام و دەوروبەری، هەروەها کوچبەرەکان لە تاران، کەرەج، کرماشان، ئەهواز و... . فەیلی لە تەک کەڵهوڕی و لەکی نە یەکێکن نە زۆر لە یەک جیاوازن،

بەڵکو لەک و کەڵهوڕ نێوی خێڵ و هۆزن لە کاتێکدا فەیلی یان پاڵەیی، نێوی فەلات و کۆنفدێراسیۆنێکە.

زۆر ڕوونە، لە درێژایی دیرۆکدا زاگرۆسی بەرز و بەڕێز، جێگەی هاتوچووی کوردەمالان بووە؛ بەپێی کۆمەڵێک بەڵگەی مێژوویی (بدلیسی، ابن حوقل- ابن مستوفی، ذکی بگ)، هەزار ساڵ لەمەوبەر، دوو هۆزی مەزنی کرمانج، واتە مەڵکشایی و کوردەلی لە باکوور و ڕۆژاوای کوردستان کۆچ دەکەن و لە خاک و هەرێمی پەهڵەدا نیشتەجێ دەبن و وردەوردە لەتەک کوردی گۆرانی تێکەڵ دەبن، بە شێوەیەک کە هەر ئێستاش لە ڕوانگەی زماناسییەوە ئەم شێوەزارە میکسە، کە بە تێر و تەسەلی لەم بەرهەمەدا باس کراوە، بەلام لە لای خەڵکی ئاسایی بەم مۆرفیمانە پێناسە دەکرێن وەکو: ژە/دە، خوازم، زاڕوو، پێشگری «د» بۆ مۆرفیمی بەردەوامی و... لە ئەنجامدا کوردە فەیلییەکان، بریتین: لە کۆمەڵە بنزارەکانی نزیک بە یەک، کە وەکوو دوڕگەیەک لەم ناوچەیەدا دەژین؛ هەر ئەم تایبەتمەندییە ڕێزمانی و خێڵییە بووە بە پێناسەی شوناسیان. بە کورتی ئەم کوردانە لە بنزارەکان و هۆزەکانی وەکوو: مەڵکشایی، کوردەلی، ئەرکەوازی، دێوالای، خزڵ، باولی، شووهان، سوورەمیری، عالیوەی، کلاوپیەن، پەنج سۆن، میەخاس، عەلیشەروان، ڕێزەوەن و... پێکهاتوون و لەم شار و شاروچەکانە نیشتەجێن؛ لە ئێران: ئیلام، پاڵە، چەوار، مێهران، ئەرکەواز، بەدرە، ئاودانان، دێلوران، شێروان، سیروان، کارەزان هەروەها کوچبەرەکان لە تاران، کەرەج، کرماشان، ئەهواز و... لە عیراق: بەشێک لە خانەقین و بەغدا، جەسان، مەندەلی، بایرە، عیمارە، کووت، زورباتییە، عەلی غەربی، بەسرە و...

تا ئێستا، کتێبێک بە شێوەیەکی زانستی، سەبارەت بە ڕێزمانی شێوەزاری کوردیی فەیلی، بە میلیۆن جەماوەر و ئاخێوەرەوە بلاو نەبووەتەوە، تازە ڕێزمانەکانی تری کوردی، سەرەڕای نەبوونی تیۆری، بەراورد و لاسایی ڕێزمانی زمانەکانی وەکو فارسی و عەرەبی کاریگەرییان لەسەر داناون، بەم هۆیانە زۆر لە تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی، بزر کراون. بەم بۆنەوە، نووسەر لەم بەرهەمەدا تێکۆشاوە سەر بە قوتابخانەی پێکهاتەیی (structural) بێت و بە توێژنەوەی چەند لایەنە، هەموو خاڵە بزر و لەبیرکراوەکانی ئەم شێوەزارە، وە دەربخات و هاوکاتیش لەبەر ئەوە ٢٠ ساڵە، سەرقاڵی کۆکردنەوەی قامووسی کوردیی فەیلییە، نزیکەی ٣٠ هەزار وشەی تۆمار کردووە، کە ٤ هەزار وشەی تایبەت بەم شێوەزارەیە. شیکاریی ئەم وشانە وای

کردووه کە دەیان نموونە بۆ وشە لێکدراو و داڕێژراوەکان دەست¬نیشان بکرێت کە بێگومان لەم بوارەدا چڕوپڕە. هەروەها هەموو چاوگ و کارەکان بۆ یەکەمجار، پاش کۆبوونەوە بە فۆرموڵ، ڕێزبەندی کراون. هەبوونی ١٤٣ گر((affix و ١٨٥کاری سادە، لەم شێوەزارەدا سەرەڕای سەرسوڕمان و شانازی، توانست و پوتانسیەلێکی هەرە مەزنە بۆ نۆژەن و پێوەرسازیی زمانی کوردی. گرەکانی وەکوو: اش، از، ەن، رچ، ئەڵ، ئەنە، ات، ما و... کە لە سۆرانی و کرمانجیشدا نییە، یان شێوەکانی وشە-سازی سروشتی، کە دەرفەت و ڕەهەندەکانی نوێ بۆ بووژانەوەی زمان، دابین دەکات؛ لە روانگایەکی تر، بە لێکدانەوە و شیکاری وشەکانی داتاشراو، بۆمان دەردەکەوێت کە رەنگە ئەم شێوەزارە، پاشماوەی زمانی پێوەر یان دیوانی ساسانیەکان و دەستەڵاتی حەسنویە بووبێت کە زمانەوانان توانیانە بە یاسا و ڕێسا و زانست ئەوەندە وشەکانی رێک و پێک دابهێنن, بۆ نموونە لەم شێوەزارەدا بە پێچەوانەی فارسی لە «ناو+ ا» ئاوەڵناوی کارا دروست دەکا، وەکوو: ویرا(وریا)، شیرا(شیردەر) و... لە کۆتاییدا دەبێ بێژم بۆ یەکەم جارە ئاوڕ لە بابەتگەلێکی وەکوو گرۆک، چاوگی دەستکرد، ناوی دەنگ (دەنگەناو)، ناوی کورتکراو، ناوی خۆشەویستی، ناوی وشەدووانە و... هەروەها کاری پاشگری، کاری ناتەواو، کاری برێتی، کاری تێنەپەڕی تاکەکەس و... دراوە، کە هیوادارم تا ڕادەیەک توانیبێتم خاڵە بزر و شاراوەکانی زمانەکەمان دیاری بکەم؛

# هەڵسەنگاندنێك بۆ (١٠) ژمارەی گۆڤاری زمان و زار

فازیل شەوڕۆ

**دەروازە:**

هەڵسەنگاندن، وەک کردەیەکی زانستی و مەعریفیی بێلایەنانەی پەیامدار، ئەستونگ و دەستگرێکی بایەخدار و بە بەرە، لە هەر بوارێک ئەنجام بدرێ، جا هەڵسەنگاندنی بەرهەمێکی چاپکراو، چ کتێب بێ، چ گۆڤار و بڵاوکراوە، گڕ و تین و هێز و برستێکی پڕ خوێنی تازە و هەنگاوی جددیتر، بەو بەرهەمە دەدەن، بەمەرجێک، هەڵسەنگێنەر، خەسڵەت و بنەما و توانستە سەرەکییەکانی ئەو هەڵسەنگاندنەی لێبوەشێتەوە. لە پێشدا، دەبێ بزانێریت، هەڵسەنگان، بۆ نموونە وەک ئەمەی ئێمە نیازمانە بۆ گۆڤاری(زمان و زار (ی شکۆدار ئەنجامی بدەین، هەر ڕەشکردنەوی کاغەز نییە، بەڵکوو هەڵگر و بەخشەری پەیامێ مەزن و جوانە، بۆ ئەو بەرهەمە. دیارترین، سیمای ئەو خەسڵەتانەش بریتین لە:

- نرخاندنی بابەت و ناوەڕۆکەکانی ئەو گۆڤارە، ئەمەش لەسەر بنەمای مەزاج و دۆستایەتی و خزم خزمێنە نا. بەڵکوو بە مەبەستی پتر خزمەتکردنی ئەو بوارانەی گۆڤارەکە کاری بۆ دەکات.
- پەنجەدانان لەسەر هەر خاڵ و پنتێک، گەر هەبێ، کە پێویستی بە چاوپێداخشاندنەوە هەبێ، بە مەبەستی گەیاندنی بەو ترۆپکەی کە نیاز و خەون و مەرامە.
- هەڵسەنگاندنی، تای ناوەڕۆکی بەرهەمە بڵاوکراوەکان، لە گەڵ پەیام و ئامانج و دیدیی ئەو گۆڤارە، چەند هاوتەریبن؟ چەندە لێک دوورن؟ چەند نیشانەیان پێکاوە، یان سەرچێغ ڕۆیشتوون؟
- کێرڤی، ئاست و ئارەستەی، ناوەڕۆک و زانست و پەیام و مەبەست، چەندە بەرەو پێشچوون و گەشکردیان بە خۆیانەوە بینیوە، بە بەراوردکردنی، هەر ژمارەیەکی نوێ ئەو گۆڤارە، لەگەڵ ژمارەکانی پێشتری؟ هەنگاونان و بازهاویشتن، لەسەر یەک ڕیتم و نەزم و نەغمە و ئاست، دەردێکی کوشندەیە و مەرگی حەتمی ئەو گۆڤارەی پێیە، گەر زوو ستاف و نووسەرانی ئەو گۆڤارە بە خۆ نەکەن.

دەکرێ، بایەخ و گرینگی، هەر هەڵسەنگاندنێک، بۆ گۆڤارێکی وەک (زمان و زار)، سنوور تێپەڕێنێ، بە بەراورد لەگەڵ ئەو هەڵسەنگاندنانەی دیکەی کە بۆ بەرهەمێکی ئەدەبی، یان زانستی دیکەدا دەکرێ، بۆ نموونە، بەرهەمێکی وەک ڕشتەی ڕۆمان، یان شیعر، یان شانۆگەری یان بابەتێکی پاڕاسایکۆلۆژی..تاد. بۆچێ؟

• چونکە گۆڤارەکە، تایبەتە بە زمان و زار – زمان و زاری کوردی بە تایبەتی و زمان و زاری جیهانی بە گشتی، ڕووبەر و پانتاییەکی هێندە فروان لە خۆ دەگرێ، گەر بڵێم، مەزنایەتییەکەی وەک گەردوون بێسنوورە، دوور نەڕۆیشتووم. ئەمەش ئەرک و بار و بەرپرسیارەتیی قەڵەم بەدەستانی ئەو گۆڤارە قورستر دەکات، جگە لە قورسایی ئەمانەتە مێژووییەکە.

• گەرچی زمان، بابەت، یان دیارییەکی خوداوەندیی گشتگیریی مرۆڤە – هەموومان بە زمانێک یان چەند زمانێک دەدوێین، لێ قسەکردن و توێژینەوە و شەن و کەو کردی ئەم بابەتە، کاری (نوخبە)یە، هەر یەکێک لە ئێوە دەتوانی، باسێک دەربارەی ژینگە، وەک نموونە. داڕێژێت، بەڵام زۆر کەم لە ئێمە دەتوانێ، ئەکادیمیانە و زانستییانە، دەربارەی زمان بنووسێت. کەواتە، دەستنیشانکردن و ناسین و لەمەحکدانی ئەو نوخبەیە، تا بڵێی گرنگە، هەر کاتێک توانیمان، بە ئەمانەتەوە، ئەوە بکەین، دەکرێ دڵنیابین، لەو خزمەتەی پێشکەش بە زمانمان کردوە، یان نیگەران بین، لەو گۆڕەی بۆمان هەڵکەندووە.

• ئەو شاڵاوە بە گوڕ و بە تین و تیژڕەوەی زانستیی سەدەم و تەکنەلۆژیایی دیگیتاڵی و نانۆیی و زیرەکیی دەستکرد، ئەنجامی داوە و بەردەوامیشە لە ڤێرژن و کۆپی و مۆدێلی نوێتر و پێشکەتووتر، گۆڕانکاریی زۆر گەورەیان بەسەر زمان داهێناوە. ڕۆژیش نییە بە دەیان کتێبی نوێی دەربارەی ئەو دیاردە سەرنجڕاکێشە چاپ نەکرێن. ئەمەش لەبەر ئەوەی زمان، ئیمڕۆ، کاڵا و کەرەستەیەکی پڕ قیمەتی ئابووری و دارایی و زانستیی و پەروەردەیی و تەکنەلۆژیایی و سەربازییە. بە دەیان و بە سەدان، ئامێری تەکنەلۆژیی، ئیمڕۆ بەرهەم هاتووە کە بە هەزاران ملیار دۆلاریان، بۆ خاوەنەکانی وەدەست هێناوە، کەرەستەی خاوی ئەوان، هەر زمان و هیچی تر نییە. زمان، ڕەوتی پەروەردە و زانست و ژیانی، تەواو گۆڕیوە. زمان، وەک نەوت و زێر و ئەڵماس، ئێمرۆ کاڵایە، دەکرێت و دەفرۆشیتەوە.

• ڕەنگ بێ تایبەتمەندییەکی جیاوازی – تا ڕادەیەک، بایەخی ئەو هەڵسەنگاندنە، بۆ گۆڤاری (زمان و زار) مەزنتر و پیرۆزتر بکات، ئەوەیش ئەوەیە، گەرچی خۆشبەختانە زمانی کوردی (٢٠٢٣) لە خەم خەملێوە و بەسەر پێ کەوتووە، لێ هەڕەشە و مەترسییەکانی سەریشی کەم نیین، ئەگەر ئەو نوخبە قەڵەم بەدەست

هۆشیارانە و بە ئاگایانە کار نەکەن و ئەرکە مێژووییە گەورەکەی سەر شانیان هۆشمەندانە و و بیرمەندانە بەجێ نەگەیێن و بەرجەستەی نەکەن.

دەبێ خاکییانەش، ئەوە بنووسم، ئەو کەسەی گەرەکیەتی قەڵەمکاریی هەڵسەنگاندن، لە گۆڤارێکی وەکو گۆڤاری (زمان و زار) بکات، دەبێ لەو ئاستەدا بێ، لە ڕووی پاشخانیی مەعریفی و زماننانسی و هەموو ڕشتە و چڵ و پۆپەکانی زانستی زمان – کە یەکجار زۆرن، گەنجینەیەکی هەبێ، دەنا ناکرێ، ڕەخنە و ڕەخنەکاریی لە نوخبەیەک لە نووسەرانی وەک ئەم گۆڤارە بکات و پێخواست و کوێرانە و نەفامانە گیرەی تێدا بکات. بەمە پێش ئەوەی لە مەزنانەتی و مەقامی بەرزی ئەو قەڵەمانە بشکێنێتەوە، ئەوا خۆی دەشکێنێتەوە، بۆیە، بەو پەڕی تەوازوعەوە، دەنووسم، گەر لەو ئاستە دانەبووم، لۆمەم مەکەن، هەر هێندەم لە بارە، گرنگ، نیاز و نیەتم پاک و پیرۆزە... .

فەیلەسوف و شاعیری ئەڵمانی، WalterKaufmann ١٩٢١- ١٩٨٠، زۆر بە جوانی بایەخی هەڵسەنگاندن لەم پەیڤەدا چڕ دەکاتەوە و دەڵێ:"کتێبێکی پێداچوونەوە نەکراو، وەک زەنگێکی لێدراو وایە کە هیچ دەنگدانەوەیەکی نەبێ. بەبێ پێداچوونەوە، ئەدەب، سەرەڕای ئەو هەموو وشانەی لە هەموو ئەو لاپەڕەی ئەو کتێبانەدا هەیە، بە شێوەیەکی سەیر بێدەنگ دەبێت. پێداچوونەوە وا دەکات هەم خوێنەر و هەم نووسەریش، لە وەرزشێکی هزریدا بەشدار بن، بە مێشک و ڕۆح و جەستە، نەک هەر تەماشاچییەکی وەرزشکە بن."[1]

**پێناسەی گۆڤاری (زمان و زار):**

گۆڤاری (زمان و زار)، گۆڤارێکی زماننناسی وەرزییە، ڕێکخراوی خانی بۆ لێکۆڵینەوەی هزری و کۆمەڵەی پەروەردەیی مارگرێت دەریدەکات. یەکەم ژمارەی لە پاییزی ٢٠٢١، دەرچووە. د. تەها ڕەسووڵ، خاوەن ئیمتیاز و فەرەیدوون سامان، سەرنووسەریەتی. نووسەری مەزن، تۆفیق وەهبیش، وەک سەرنووسەری فەخری گۆڤارەکە، ناوی تۆمار کراوە. تاکوو ئێستا (١٠) ژمارەی، بە بێ پسانەوە، لێدەرچووە.

1– https://www.jstor.org/stable/j.ctvc77jpd

**دەستەی ڕۆیژکاریی گۆڤارەکە:**

ئێستا، ئەم بەڕێزانەن: د. وریا عومەر ئەمین، د. هۆگر مەحموود، د. مزگین چالی، د. بێستوون حەسەن ئەحمەد، کامران ڕەحیمی. بەڵام لە ژمارەکانی (١،٨)دا هیچ ئاماژەیەک بە ناوی دەستەی ڕاوێژکاری نییە و لە ژمارەکانی دیکەشدا، ناوی دەستەکە گۆڕانکارییان تێدا کراوە، بۆ نموونە، لە ژمارە (٢) دا بوون بە (٧) کەس،: د. هۆگر مەحموود، د. مزگین چالی، کامران ڕەحیمی، ئیدریس لاوە، د. دارا حەمید، د. سادق حەمەغریب، د. دەریا جەمال حەوێزی؛ لە ژمارە (٣) دا د. سادق حەمەغریب، د. دەریا جەمال حەوێزی نەماون؛ لە ژمارە (٢)دا د. وریا عەمەر ئەمین داندراوە، بەڵام لە ژمارە (٧)دا هەر ئەو پێنج بەڕێزەن: : د. وریا عومەر ئەمین، د. هۆگر مەحموود، د. مزگین چالی، کامران ڕەحیمی، ئیدریس لاوە. ئەڤین ئەحمەدە و پەیوەندییەکانیش سارا سەعدی عومەر بووە، لە ژمارە (٢) خەزان بابانیش هاتووە ولە (٧)وە ناوی نەماوە. سالْم سەلمان کوببەچیش ڕاۆژێکاریی یاسایی هەموو ژمارەکانە.

بەرامبەر هەڵەگریش لوقمان و م. شیانی و مەسعود لاوە دانـدراون؛ بەڵام لە ژمارەکانی (١،٢) ناوی فاتیح مودەڕیس هەیە. دیزاینی ناوەوەی هەموو ژمارەکانش ئومێدە محەمەدە. ئارام عەلیش دیزاینەری بەرگی هەموو ژمارەکانە.

**قەبارەی گۆڤارەکە:**

گۆڤارەکە لە شێوەی کتێبێکی بەرگ ڕەقی قیتانداری قەبارە بە (١٧ بە ٢٤)ی کاغەز (٧٠)ی غرامی بە لۆگۆی دامەزراوەی کەریم عەلەکە و ڕێکخراوی خانی بۆ لێکۆڵینەوەی هزری چاپکراوە، بە تیراژی (٥٠٠) دانەیی.

لە پاییز و زستانی ٢٠٢١ دوو ژمارەی دەرچووە، لە ساڵی ٢٠٢٢ چوار ژمارە و لە ساڵی ٢٠٢٣ شدا هەمان ژمارە.

**لاپەڕە و بابەت:**

ژمارەی لاپەڕە و پێرستی بابەتەکان گۆڕانکارییان تێدایە، کەمترین لاپەڕە( ٤٠٦) لاپەڕەیە لە ژمارە(١) وە زۆرترینی (٤١٦) لە کۆی ژمارەی ئەم دە بەرگەی گۆڤارەکە نزیکەی دەکاتە (٤٠٣٠) پەڕە، واتا بە ڕێژەی (٤٠٣) بۆ هەر ژمارەیەک.

**ئەمەش خشەی ژمارە و لاپەڕەکانە:**

**خشتەی ١ ژمارە و لاپەڕەکان**

| ژمارە | لاپەڕە |
|---|---|
| ١ | ٤٠٦ |
| ٢ | ٤٠٠ |
| ٣ | ٤١٦ |
| ٤ | ٤٠٠ |
| ٥ | ٤٠٠ |
| ٦ | ٤٠٠ |
| ٧ | ٤٠٠ |
| ٨ | ٤٠٠ |
| ٩ | ٤٠٠ |
| ١٠ | ٤٠٨ |
| کۆی لاپەڕەکان | ٤٠٣٠ |

کۆی ژمارەی بابەتەکانی ئەو دە ژمارەی گۆڤارەکە )٣٣٢ (بابەتە، کە بە زاری سۆرانی و کرمانجی و زمانی عەرەبی وفارسی و ئینگلیزی ئامادەکراون. زۆریرتن بابەت لە ژمارە )٨) دایە کە )٣٩) ەو کەمترینیشیان کە )٢٦) بابەتە لە ژمارە (٣) دایە. کەواتە ڕێژەی بابەتاکان دەکاتە )٣٣) و کەرتێک.

بڕوانەی خشەی ژمارە (٢(، بۆ بابەتەکان بە زاری کرمانجی و زمانی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی:

| ژمارە | کۆی بابەت | کرمانجی | عەرەبی | فارسی | ئینگلیزی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٣٦ | ٤ | ٢ | ١ | |
| ٢ | ٢٨ | ٣ | ٣ | ١ | |
| ٣ | ٢٦ | ٣ | ٦ | ٣ | |
| ٤ | ٣٦ | ٢ | ١ | ٥ | |
| ٥ | ٣٣ | ٢ | ٢ | ٥ | |
| ٦ | ٣٧ | ١ | ٧ | ٢ | |
| ٧ | ٣٢ | ٣ | ٢ | ٤ | ١ |
| ٨ | ٣٩ | ٢ | ٣ | ٢ | ٢ |
| ٩ | ٣٦ | ٨ | ١ | ٢ | |
| ١٠ | ٢٩ | ٤ | ٣ | ٢ | |
| کۆی بابەتەکان | ٣٣٢ | ٣٢ | ٣٠ | ٢٧ | ٤ |

خشتەی ٢ ژمارە بابەت و زار و زمانەکان

**نووسەر و بابەت:**

جگە لەو نووسەرانەی کە یەک بابەتیان لەو (١٠) ژمارەی گۆڤارەکە بڵاوکردووەتە، هێندێ نووسەر بە پتر لە بابەتێک بەشدارن. شاسوار هەرشەمی، پشکی شێری بەرکەوتووە، بە سوپاسەوە، بە (١٢) بابەت، ژمارەکانی دەوڵەمەند کردوە و فەرەیدوون سامان بە (١٠( بابەت و د. برزو مەحمود و بەهائەدین ڕووبار هەر یەکەی بە (٨( بابەت و کامران ڕەحیمی بە (٧( بابەت و د. وریا عومەر ئەمین بە (٦( بابەت. شەش نووسەر بە (٤( بابەت و حەوت نووسەر بە (٣( بابەت و پتر لە (٢٩( نووسەریش بە (٢ ( بابەت، بەشداریان کردوە، ئەمانە بە زاری سۆرانی و کرمانجی و زمانی عەرەبی و فارسی.

درێژترین بابەتیش هی نووسەر ڕێکار ئەحمەدە کە (٣٦( لاپەڕەیە لە ژمارە (٢( گۆڤارەکە بە ناونیشانی "پەهلەویی لە تای تەرازووی بەراوردکاریدا".

کورترین ناوی نووسەر، "ک. پالیزیان" و درێژترین ناوی نووسەریش" فەتحی مەلا عەلی مەلا عەبدوڵلا مودەڕیس"ە.

**هەڵسەنگاندنی ئاست و ئارەستەی گۆڤارەکە:**

ناکرێ زانستییانە (٣٣٢( بابەتی فرە ڕەنگ و دەنگ و قەڵەمی گۆڤارێکی زانستی و ئەکادیمی وەک گۆڤاری زمان و زار، لە چەند لاپەڕەیەکدا هەڵسەنگێنیت و بە ویژدانەوە نرخاندنێکی ڕەخنەکارانەی بۆ بکەیت، کەواتە، وەک لە ستاندار و قالبی ئەو جۆرە هەڵسەنگاندە باوە، دەبێ کۆی بابەتەکان دابەش بکەین بەسەر چەند هۆبە و تەوەرەیەک، ئەوجا، وەک یەک بوخچە، هەر هۆبە و تەوەرەیەک هەڵبسەنگێنن – هەرچەند ئەمەش لایەنی نەرێنی خۆی هەیە، بەڵام دیوە بایەخدار و بەبەرەکەی باشتر و دیارتر.

لە ڕووماڵێکی سەر پێی گۆڤارەکە، دەگەینە ئەو ئامانجە، کە ئەو پانتایی و ڕووبەرەی گۆڤارەکە داپۆشیوە ، بە گشتی، ئەگەر کۆی بابەت و ناونیشان و چڵ و پۆپەکانی زمان و زانستی زمان و زمانەوانی نەگربێتەوە، ئەوا بەشە هەر زۆر زۆرەکەی گرتووەتەوە. خۆ ئەگەر لەگەڵ هەر گۆڤارێکی دیکەی هاوشێوە، لە ناوەڕۆک و بابەت، بەراورد بکرێت، ئەوا هاوسەنگییەکی جوان و موژدەبەخش نیشان دەدات.

ڕەنگ بێ، تۆ وەک هەڵسەنگێنەرێک، شێواز و قالبێکی جیاوزتر بەکاربێنی لە چاوی ئەو پۆلینکردن و دابەشکردنەی من ئەنجامم داوە، لێ لە ئاکامدا، ڕەنگبێ زۆر لێک نزیک بین لە حکومدان و ڕەخنەکانمان – ئەمەش مەرام و مەبەستە.

لێرەدا، کۆی بابەتەکانی گۆڤارەکەی، دەکرێ بەسەر ئەم (١٢( هۆبانەدا پۆلێن بکەین:

- هۆبەی زمان:
- هۆبەی زمان و مێژوو.
- هۆنەی فەرهەنگ و کتێب.
- هۆبەی زار.
- هۆبەی زمانی ستاندەر.
- هۆبەی ڕینووس.
- هۆبەی زاراوەکان.
- هۆبەی وەرگێڕان
- هۆبەی دیمانە.

- هۆبەی کورستان و زمان.
- هۆبەی زانا و داناکان.
- هۆبەی ئەدەب و زمان.
- هۆبەی چێشتی مجێور – فرە بابەت.

پێش ئەوەی یەکە یەکە، قسە لەسەر ئەم هۆبانە بکەین، دەکرێ نووسەرەکانی گۆڤارەکەش بە سەر(٣ ( دا کۆمەڵدا دابەشبکەین:

**یەک:** نووسەر خۆڕسکەکان: مەبەست لەو نووسەرانەیە، کە لە ڕێی خوێندەوە و خۆ- ڕۆشنبیرکردن و تێکەڵاوی و ژیری و بەرهەمەندی و هۆشمەندی خۆیانەوە، توانیویانە لەم بوارانەدا ئەسپی خۆیان تاو بدەن و بەرهەمی زۆر بەکەلک پێشکەش بە نەتەوە و مرۆڤایەتی بکەن.

**دوو:** بڕوانامەدارەکان: ئەمەش هەموو ئەو مامۆستایانە دەگرێتەوە، کە لە ڕێی خوێندنی بوارە ئەکادیمیەکاندا، توانیویانە، لەم زانست و مەعریفەیەدا، ببنە پێشەنگ و خزمەتی مەزنی زمان و نەتەوە بکەن.

**سێ:** بەهرەمەندە بڕوانامەهەڵگرەکان: واتا نووسەرێک کە هەم خۆی بەهرە و پاشخانی زانیاریی و ژیریی و دانایی تێدایەوە، هەم ئەو گەنجنەشی ئاوجۆش داوە بە بڕوانامەی ئەکادیمی باوەڕ پێکراوە.

بێگومان ئەم (٣ (گرووپە، قەڵەم جوانە. هەر یەکەی بە پێی، توانستی خۆی خزمەتی کردوە، بەبێ ئەوەی کەسیان لەسەر کەس تەفزیل بکەین.

ئێستا، با بگەڕێنەوە سەر بەیتی مەقسەد، کە هەڵسەنگاندنی بابەتەکانە.

**هۆبەی زمان:**

ژمارە بابەتەکان، لەم هۆبەیەدا، پشکی شیریان بەرکەوتووە، کە لە سەرووی (١٢٠ (ناونیشان دەبن. بێگومان زمان و زمانناسی، دار بەڕوویێکی گەورەیە بۆخۆی، ئیمڕۆ سەدان چڵ و لق و پۆی لێبووەتەوە و بەردەوام خەڵف و چرۆی نوێش دەردەکات، لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا. بۆیە ناونیشانەکانی سیبەری ئەم هۆبەیە، زۆرن، هەرچی پەیوەندی بە زمانەوە هەیە لێرەدا، وەک دەخیلەی عەتاران، دەستت

دەکەوێ. ناونیشانە زانستییەکان زۆرن، پێویست ناکات تۆماریان بکەم. بابەتەکان، زۆربەی دەربارەی زمانی کوردییە و ئەوی دیکەی دەربارەی زمانەکانی جیهانە.

**هۆبەی  زمان و مێژوو:**

لە ڕاستیدا، لەم هۆبەیەدا تەنیا ئەو بابەتانە ناخوێنیتەوە کە پەیوەستە بە مێژووی زمان و ڕەگی وشە و زمان و مێژووی مرۆڤایەتی، بەڵکوو، ڕووبەرێکی جوانی جوگرافیای زمانیشی ڕووپۆش کردوە، وەک نەخشەیەکی زمان، چ لەسەر نەخشەی کوردستان، چ لەسەر نەخشەی زمانەکانی ناوچەکان و وڵاتان و کیشوورەکان. ئەمە یەکێکە لە تەوەرە هەر قورسەکانی نووسین دەربارەی مێژووی زمان و زمان و مێژوو، چونکە زمان تۆمار نەکراوە و نووسینەکانی سەربەردیش، هێندە زۆر نین و بەردەست نین.

**هۆنەی فەرهەنگ و کتێب:**

زانستی فەرهەنگ، بۆ خۆی ڕشتەیەکی سەربەخۆیە، خۆشبەختانە، لەم سەدەی دواییدا، جوولەیەکی گەرم و گوڕ، لە جیهانی فەرهەنگی کوردیدا فەراهەم بووە و بەرهەمی جوانیان چنیتەوە. داخی گرانم، لە زۆربەی و لاتاندا، فەرهەنگنووسین و ئامادەکردن، کارێکی دەستەجەمعی مەڵبەندە ئەکادیمییەکانی زمان و زانکۆکانن، لێ لە کوردستان، پتر نووسەرەکان بۆ خۆیان ئەم ئەرکە سەخت و قورسەیان بە کۆڵی خۆیان داداوە. بۆیە ئەم هۆبەیە، سەنگ و قیمەتی خۆی هەیە، بۆ پتر خزمەتکردنی ئەم بوارە و لە ئاکامیشدا پتر خزمەتکردنی زمان.

**هۆبەی زار.**

دەوڵەمەندیی زمانی کوردی لە زار و بنزاردا، قسەی زۆری لەسەر کراوە، بەڵام بەداخەوە، لە بەر هەر هۆکارێک بی، تاوەکو ئێستا زار و بنزارەکانی نێو زمانی کوردی، زانستییانە،  وەک پێویست خزمەت نەکراوەن، کە ئەمەش ئەرک و کاری زانکۆ و مەڵبەندە ئەکادیمییەکانی زمانە. لەگەڵ ئەوەشدا لەم گۆڤارەدا، نزیکەی (٢٠ (بابەتی ی جوان و پر سوود، بە قەڵەمی نووسەری کارامە و لیهاتوو بڵاوکراوەتەوە.

**هۆبەی زمانی ستاندەر:**

ڕۆشنبیرانی کوردی بە ئاگان، که لە هەموو بڵاوکراوە و چاپەمەنی و کۆڕ و کووبوونەوەیک، تابەت بە زمان ئەنجام درابی، بابەت و خەم و گرێی زمانی ستاندەری کوردی، بووەتە ئەستونگێکی بە هێزی ئەو بابەتانە. خۆشبەتانە، نەک هەر بابەتی تایبەت بەم مژارە بڵاوکراوەتەوە، بەڵکو دۆسیە و دیمان و بوخچەی تایبەتیشی بۆ ئامادەکردوە. ئەمانەش هەمووی، دەبەن بە بەشێک، لەو هەوڵ و ڕەنجە هزرانەیان لە خەمی ئەوەدان ڕۆژی زمانی ساندەری کوردی بە فەرمی بناسرێت و کاری پێبکرێت

**هۆبەی ڕێنووس:**

قسەکردن لەسەر زانستی ڕێنووس، لەسەر کۆی ڕێنووسی زمانەکانی جیهان، کە بەسەر (٣ (یان (٤ (شێواز دەبەش دەکرێن، دەبینین کە ڕێنووسی زمانی کوردی، کتومت، وەکە ڕێنووسی زمانی ئەڵمانی، لە ڕێنووسە هاسان و سادە وساکار و خۆشەکانە. ئەمە ئەگەر بەراوردی بکەین بە ڕێنووسی زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی. داخی گران، ئیمڕۆ، لە بەر نە بوونی یاسایی فەرمی نووسین لە هەرێمدا، مەبەست لە یاسای نووسینی پەسندکراو لە لایەن پەرلەمان و دەزگا تایبەتمەندەکانی زمان، بە گشتی، بووەتە هۆی ئەو سەرگەردانییە ئیمڕۆ لە ڕێنووسی کوردیدا دروستیان کردوە. لێرەدا گۆڤاری زمان و زار خەمخۆریی بۆ ئەم گرفتەش نیشان داوە، بە بڵاوکردنەوەی پتر لە (١٢ (بابەت دەربارەی ڕێنووسیی کوردی لەم (١٠ (ژمارەی خۆیدا.

**هۆبەی زاراوەکان:**

چونکێ شورشی تەکنەلۆژیای سەردەم و گەشەکردنی زمانەکان، هێندە خیرا و فرە لایەنە، زاراوەسازی و وشەسازی، ڕووبەرێکی بەرچاوی لەم گۆڤارە داپۆشیوە و خەمخۆرانی زمانی کوردی، ئەکادیمییانە، پتر لە (١٤ (بابەتیان تەرخان کردوە و بڵاوکردۆتەوە.

**هۆبەی وەرگێڕان:**

بزافتی یان جوولەی وەرگێران بۆ زمانی کوردی ، هەر چەندە پتر یەک لایەنەیە – وەک دڵداری یەک لایەنە، جموجۆڵێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە – هەرچەندە بە بەراورد بە وەرگێران لە وڵاتێکی وەکو ئێران ئێمە یەکجار لە دواین، بەڵام دیسان هەر باشە، جا بۆ باشترکردن و پووختەترکردنی ئەو ڕشتە ئەدەبییە بە نرخە، گۆڤاری زمان و زار، پتر لە (٦ (بابەتی تایبەت بەم ڕشتە جوانە، بڵاوکردووەتەوە و دەکرێ سوودی باشیان لێ بچننەوە.

**هۆبەی دیمانە:**

بایەخەکانی دیمانە و دیدار و گفتوگۆ زۆرن، بە تایبەتی ئەگەر: یەک؛ کەسی میوان، لەو بلیمەت و بەهرەمەند و قەڵەمباڵایانە بێ، کە وەک کاریزما و ئەستێرە سەیری دەکرین،؛ دوو: ئەگەر خاوەنخۆێ و دیمانەگێر، کەسێکی باخەبەر و هۆشیار و زیرەک بێ لە داڕشتنی پرسیای و کنە و پشکنین و ختووکەدانی میوانەکەی. ئەو شەش حەوت دیمانەی گۆڤارەکە، دەکرێ وەک ژێدەری بەسوود، خوازیاران سوودی لێببینن و خوێنەران خۆیانی پێ ڕۆشنبیرتر کەن.

**هۆبەی کوردستان و زمان.**

ژمارەی بابەتانی کەمن، بە بەراورد بە هۆبەکانی دیکە، بەڵام چونکە ناوئاخنی بابەتەکانی هەر گرێدراو نین بە کوردەکان، بەڵکو ئاخێوەری غەیرە کوردیش لە سنووری جوگرافیای کوردستان دەگرێتەوە و زمان و زارەکان، ناونیشانی تایبەت بە خۆیان هەیە، ئێمە لێرە جیامان کردونەوە.

**هۆبەی زانا و داناکان:**

نزیکەی (٨ ( لە ئەستێرە دیارەکانی جیهانی زمان و زمانناسی و زمانەوانی و زمانزانیدا لێرەدا، بە قەڵەمی باڵا و دیار بەسەر کراونەتەوە، کە سەرچاوەی جوانن بۆ خوێنەران و توێژەران.

**هۆبەی ئەدەب و زمان:**

ڕاستە گۆڤارەکە تایبەتە بە زمانناسی وەک زانستێکی سەربەخۆی فرە لایەن، بەڵام خۆ هەرچی بەرهەمی ئەدەبی هەیە، زادە و بەری زمانە، بۆیە هۆشیارانە، دەستەی گۆڤارەکە پتر لە (٢٥ ( بابەتی فرە لایەنی ئەدەبیی و زمانیان پەسند کردوە و بڵاوکردوەتەوە. بوارەکانی شیعر و چیرۆک و ڕومان و ... تاد، گرتووەتەوە. نرخ و بایەخی ئەم بابەتانەش دووسەرەن، لە لایەک خزمەتی ئەدەبە و مەقام و پایەکەی دەکات، لە لایەکی دیکە زمان بە هەموو لایەنەکانییەوە لەم ڕشتانەدا شەن و کەو دەکات.

**هۆبەی چێشتی مجێور – فرە بابەت.**

ژمارەی  بابەتەکانی ئەم هۆبەیە، کە چەندان بابەت و مژار و باس و سەرباسی جیا جیای پەیوەست بە زمان و ئەدەب و مێژوو و جوگرافیا و پەروەردە و بواری کۆمەڵایەتی و نەتەویی و هەموو ڕشتە مەعریفی و زانستییەکان دەگرێتەوە، بە مەرتەبەی دووەم دێ لە زۆریدا، دوای هۆبەی زمان. لێرەدا پتر لە (٤٥ (بابەت دەبن.

| بابەت | ژمارەی بابەت – بە نزیکی |
|---|---|
| هۆبەی زمان | ١٢٠ |
| هۆبەی چێشتی مجێور | ٤٥ |
| هۆبەی ئەدەب و زمان | ٢٥ |
| هۆبەی فەرهەنگ و کتێب | ٢٢ |
| هۆبەی زار | ٢٠ |
| هۆبەی  زمان و مێژوو | ١٨ |
| هۆبەی ڕێنووس | ١٢ |
| هۆبەی زاراوەکان | ٢٠ |
| هۆبەی زمانی ستاندەر | ١١ |
| هۆبەی زانا و داناکان | ٨ |
| هۆبەی دیمانە | ٦ |
| هۆبەی وەرگێڕان | ٦ |
| هۆبەی کوردستان و زمان | ٤ |

**نەخشەی ٣- هۆبە و ژمارەی بابەتەکان**

**دیزاین و ڕێنووس و خاڵبەندی گۆڤارەکە:**

دەبێ سوپاسگوزاری پێشکەش بە هەر یەک لە ئومێدە محەمەد و ئارام عەلی بکەین کە هەم دیزاینی بەرگ و مەتنی گۆڤارەکەیان بە شێوەیەکی جوان و هونەری و مۆدێرنانە کێشاوە، تا ڕادەیەکی زۆر نازدار و پەسند و شیاون. خۆزگە هێڵە ڕەشەی لە سەر بەرگەکە هەیە، بۆ هەر ساڵەی ڕەنگێک بێ، بۆ نموونە بۆ هەر چوار ژمارەی ساڵی (٢٠٢٣( ڕەنگی ڕەش بێ، بۆ ساڵی ئاینده هەر چوار ژمارەکە بە هێڵێکی ڕەنگی شێن بێ، تا ساڵەکان لێک جیا بکرێنەوە کە لەسەر ڕەفتە دادەندرێن.

○ ڕێنووسیی پەیڕەوکراوی گۆڤارەکە، هاوتەریبی دەستووری ڕێنووسیی پەسندکراوی دەزگای ئەکادیمای کۆردییە و زۆر بە دەگمەن ساتمەی تێدا دەبینرێ. لە هێندێ شوێن پیتی (ر (لە سەرەتای وشـەدا بەکارهاتوە لە جیاتی پیتی (ڕ (، دەزانیین ئەم دووانە دوو پیتی سەربەخۆن. جاران دەیان گوت، ئاساییە بەکار بێ، بەڵام دەستووری ئەکادیمیای کوردی ڕێی پێنادات، تەنانەت لەسەرتای وشەشدا.

بۆ خاڵبەندیش – کە بەداخەوە کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی کوردی بە گشتی لەم بارەیەوە کلۆڵی و لاوازییان پێوە دیارە، گۆڤاری زمان و زار، نمرەی بەرز وەردەگرێ. کە بەدیقەت، سەرنج لە هەموو هێماکانی خاڵبەندی دەدەیت، دەبینی کە زانستییانە بەکار هاتوون و لە شوێنی شیاوی خۆیان داندراون. تێبینییەکانم لەو خاڵانە چڕ دەکەمەوە ، هیوادارم بە هەندیان وەرگرن:

○ نابێ پتر لە یەک نیشانەی پرس، یان یەک نیشانەی سەرسوڕمان دابندێرێت. ئەمانە هەڵەن: ؟؟ / !!.

○ ژمارە تەقەڵ یان خاڵ دەستووری خۆی هەیە، یان دەبێ سێ تەقەڵ / خاڵ بی، یان چوار تەقڵ / خاڵ بێ، بەگوێرەی پێویستیی ڕستەکە. --- ، ---- / ... ، .... ؛ بەڵام ------ / ...... ئەمانە پەسندنین.

○ /- نابێ ئەم دوو هێمایە بەیەکەوە داندرێن، یەکێیان درووستە، بە گۆێرەی پێویست، ئەم نموونەیە درووستە نییە: ٤٤/- .

**سەرنووسەر و دەستەی ڕاوێژکاری:**

ویڕای سوپاسی گەرممان بۆ د. تەها ڕەسووڵ، وەک خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری زمان و زار و بۆ (دامەزراوەی کەریمی عەلەکە و ڕێکخراوی خانی بۆ لێکۆڵینەوەی هزر(، بەڵام ئەستوونگە تۆکمەدار و بەهێزەکانی گۆڤارەکە، دیسان، لە توانا و کارامەیی و شارەزایی سەرنووسەر فەرەیدون سامان و دەستەی ڕاوێژکاریی گۆڤارە کە بەدیار دەکەوێ. ئەم بەڕێزانە وەک دەستەی ڕاوێژکار، لە گۆڤارەکەدا، کاریان کردوە و جێ پەنجەیان دیارە: د. وریا عومەر ئەمین، د. هۆگر مەحموود، د. مزگین چالی، د. بێستوون حەسەن ئەحمەد، کامران ڕەحیمی، د. دارا حەمید، د. سادق حەمەغریب، د. دەریا جەمال حەوێزی.

سەرکەوتووتن و گەیاندنی گۆڤارەکە بە ئاستێکی بەرز، بەشێکی گەورەی دەکەوێتە سەر شانی ئەم بەڕێزانە. ڕاستە نووسەران، قەڵەمی بەرز و دیار و ناسراو و بە ئەزموون، بە گشتی، بەڵام دیاریکردن و هەڵبژاردن و پێداچوونە و بژارکردن و پەسندکردنی بابەتەکان، بە مەرتەبەی یەک لە ئەسیۆی ئەوان دایە. بەڕاستی هەموو ئیشەکانیان جێگەی فەخر و شانازیی خوێنەرانی گۆڤارەکە و کوردن.

لە جێی خۆیەتی لێرەدا، خاڵێک ئیزافەی، ڕۆڵ و ماندووبوونی فەرەیدوون سامان، وەک سەرنووسەری گۆڤارەکە بکەین، ئیمڕۆ پڕ زەحمەترین ئیشکردن لە گۆڤاری کوردیدا، هەر گۆڤارێک بێ، پەیداکردن و کۆکردنەوەی بابەتە. بە تایبەتی بۆ گۆڤارێکی ئەکادیمی تایبەتمەند بە بابەتێکی قورس و ئاڵۆزی وەکو زمان.

بەڕاستی، ئەوانەی بۆ خۆیان لەم بوارەدا، وەک سەرنووسەر، کارییان نەکردبێ، هەست بە موعاناتی ئەوو زاتە ناکات لە کۆکردنەوەی بابەتدا. – من خۆم ئەو ئەزموونم هەیە و دەزانم چەند قورس و پڕ زەحمەتە.

سەرنووسەر و دەستەی ڕۆژێکار، زۆر ماندوون، هەمیشە پێش پەسندکردنی هەر بابەتێک دەبێ، وەڵامێکی گونجاویان بۆ ئەو پرسیارانە هەبێ:

- ئایا سەرچاوەی بابەتەکە جێی متمانەیە ؟.هەموو ماڵپەڕەکان هەموو پێوەرەکانی ماڵپەڕێکی باوەڕپێکراو بەدی ناهێنن؟
- ئایا زانیارییەکان بەسن بۆ بابەتەکە؟
- نووسەر یان ئامادەکار کێیە؟ بڕوانامە و ئەزموون و شارەزایی پاشخانی مەعرینی چۆنە و چەندە؟

- ئایا سەرچاوەکە لەسەر بنەمای ڕاستییەکان یان بۆچوونەکان دامەزراوە؟
- ئایا نووسەر پشتگیری لە بۆچوونێکی سیاسی یان ئایینی تایبەت دەکات کە دەتوانێت کاریگەریی لەسەر بابەتییەتی ئەو لە نووسینەکەدا هەبێت؟ ئایا نووسەر لەلایەن هیچ گروپێکی بەرژەوەندیی تایبەتەوە پشتگیری دەکرێت؟
- ئایا نووسەر لە ئەزموونی کەسییەوە دەنووسێت، یان کۆکردنەوە و پێشکەشکردنی شرۆڤە لەسەر ئەزموونی ئەوانی دیکە؟
- ئایا نووسەر کەوتوونەتە ژێر ئایدیۆلۆژیای سیاسی یان لایەنگری خاوەن کۆمپانیاکانەوە و حزب و گروپێکی دیاری کراوە؟
- هەڵسەنگاندن و کوالیتی ئارگومێنتەکانی، جێگەی ڕەزامەدین و پەسندن؟

زۆر پرسیاری دیکەش.

کێشەکان زۆرن بۆ نووسەرەکان. لە هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارێکی ئەورووپی بۆ نموونە، لە بەرامبەر هەر وشەیەک، نووسەر بڕە پارەیەکی دیاری کراو وەردەگرێ. چۆن جاران برووسکە، لە پۆستەخانە بە ژماردنی وشەکان بوو، ئێمرۆ، پاداشتیی ماددی نووسەریش بە ژمارەی وشەکانیەتی. بەداخەوە، بۆ هیندی گۆڤار، وەک ئەوەی زانکۆکان، نووسەری سەربەقوڕی کورد، دەبێ پارەش بدا بە گۆڤارەکە. بەڕاستی بوونی پاداشتیی ماددی بۆ نووسەر هاندەرە.

لە لایەکی دیکە، نووسەری کورد، بۆ خۆی بەشێکە لەم کۆمەڵە، بەشداری هەموو قەیران و کێشەکانی ئەم کۆمەڵەیە و ئەمەش بارێکی دروونی ئارام و خۆش و هێمن بۆ نووسەر فەراهەم ناکات، تا زەوق و توانی نووسینی هەبێ – جار هەیە، لە وەڵامدا نووسەر پێت دەڵێ: براله، نووسینی چی؟ کەی وەختی نووسینە، لە بەر ئەو هەموو کێشەی تێکەوتووین؟

**داواکاری:**

گۆڤارەکەی پاشکۆیەکی زۆر پڕ بایەخ و پێویستیی کەمە، خۆزیا لە ژمارەکانی دادێ ئەو کەلێنە پڕ دەکەنەوە، ئەوەیش ئامادکردنی پاشکۆی (پێڕستە وشەیە (لە

ئینگلیزی پێی دەڵێن ((Index. ئەم پێڕستە وشە، زۆر یارمەتی لێکۆڵەر یان توێژەر دەدات کاتێک بەدوای بابەتێکی یان ناونیشانێکی دیاری کراودا دەگرێ. بۆ نموونە من دەمەوێ بابەتێک لەسەر زاری هەورامی بنووسم، لە جیاتی ئەوەی ئەو دە ژمارەی گۆڤارەکە هەموو بخوێنمەوە، لە پاشکۆدا سەیری پڕستە وشە دەکەم، لە وشەی هەوارامی، ژمارەی هەموو لاپەڕەکانم دێتە بەردەست و بە هاسانی دەیان دۆزمەوە و سوودیان لێ وەردەگرم.

ئامادە کردنی پێرستە وشە، زۆر هاسانە، کۆمپیوتەر بە یەک کلیک بۆت جێبەجێ دەکات، دوای ئەوەی تۆ سەرە پێڕستەکان ئامادە دەکەیت، وەک؛ هەورامی، سۆرانی، وەرگێڕان؛ ڕێنووس؛ زاراوەسازی، فەرهەنگ، ستابدار، عەبدوڵڵای حەسەنزادە، شوکر مستەفا، ... .

**ئاکام:**

ئامادەکردن و چاپکردن و بڵاوکردنەوەی نزیکەی (٤٠٣٠( لاپەڕە، لە نزیکەی (٣٣٢ ( بابەت، بە دوو زار و زمانی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی، لە (١٠ (ژمارەی گۆڤارێکی دوو ساڵیدا، نابێ نادیدە بگیرێت؛ بە پێچەوانەوە، وێرای دەستخۆشیی لە هەموو ئەوانەی بەشدار بوون لەم بەرهەمە جوانە، فەرز و سوونەتە کە هەڵ بدرێ ئەو گۆڤارە بەردوام بێ و – گەر بکرێ بە شێوەیەک لە شێوەکان نووسەرانی و کارگێرەکانی پاداشت بکرێن.

نامەوێ دووبارە، بکەومە مەدح و ستایشی بابەتەکانی گۆڤارەکە، بەڵام دەڵێم، ئەم دە ژمارەی گۆڤارەکە بۆ خوێنەر و ڕۆشنبیر و ئەدیب و نووسەری و لێکۆڵەر و توێژەر و زانکۆییان زۆر پڕ بایەخ و دەکرێ نەک هەر وەک ژێدەر و سەرچاوە سوویان هەبێ، دەکرێ زۆر لە بابەتەکان و ناونیشانەکانی بکرێن بە کانگا؛ واتا بابەتی دەکەین لەبەر هەڵهێنجن، یان بکەین بە بابەتی ماستەرنامە و تیزی دکتۆرا، بە گویرەی ڕشتەی خۆیان.

# "پێگەی گۆڤاری زمان و زار لە تەرازووی ڕاژەدا"

■ پ.د.هۆگر مەحموود

لە ئێستادا، بڵاوکراوە، هەر لە پەرتووکەوە بیگرە تا بە گۆڤار و ڕۆژنامە و...تاد، لە هەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەکی مشە لەئارادان، کە ئەمە بۆخۆی لەلایەکەوە ئەرێنێتیی خۆی هەیە، بەڵام بە دیوێکی تردا، کە پێوەر لەئارادا نەبێت، بۆ ئەوەی بڵاوکراوەی ڕژد و لەبار لە نالەبار هەڵئاوێردێت، ئەوا وادەکەوێتەوە، کە زۆر و بۆری لە بوواری بڵاوکراوەی کوردیدا بهێنێتە ئاراوە. لەلایەکی تریشەوە ئەم هەلومەرجی نەمانی پێوەرە وایکردووە هەرکەس توانیی چەند ڕستەیەکی شلۆق بخاتە پاڵیەک و خولیای ئەوەی هەبێت پێیبڵێین نووسەر، هاوکات بتوانێت تێچووی بڵاوکردنەوەی کتێبێک بداتە چاپخانەکان، ئیدی هێندەی پێناچێت کتێبێک دەخاتە ناوانەوە، ئەگەرچی تاکە خوێنەرێکی ڕژدیش ئامادەنەبێت سەرپێیش چاوێکی پێدا بخشێنێت. ئێستا کەسانێک پەیدابوون، کە خۆهەڵدەنێن و دەڵێن هێندە کتێبمان نووسیون، ئیدی بەبێ ئەوەی گوێ بەوە بدەن، کە ئایا چەند کەس ئەو کتێبانەی خوێندوونەوە. هەرئەوەش وایکردووە، کە کەسێکی وەکو (عەبدوڵڵای حەسەنزادە)، بڵێت: "لە ئێستادا ژمارەی ئەوانەی کە کتێبێک دەنووسن، زۆرترن لە ئەوانەی، کە کتێبێک دەخوێننەوە". بێگومان ئەوەش باش دەزانین، کە لەناو ئێمەدا ئەو ئاست و ژمارەیەی خوێنەر، کە لە شەستەکان و حەفتاکان و بگرە تا چەند ساڵێکیش دووای ڕاپەڕین، هەبوون، زۆر زۆر لەمەی ئەم ڕۆژگارە زۆرتر بوون، ئەگەرچی ڕێژەی زۆربوونی دانیشتووان لەئێستادا زۆر زیاتریشە، هەرئەوەشە وایکردووە، کە هێندێکجار کتێبی زۆر بەجێ لەبارەی بابەتی زۆر پێویست و گرنگەوە بنووسرێن، بە تیراژێکی کەم ٣٠٠-٥٠٠ ڕوونووس بڵاوبکرێنەوە، کەچی لە کتێبخانەکاندا بمێننەوەو لەسەر شۆستەکان بیانبینینەوە. هەرئەوەش وایکردووە، کە نووسەر کتێب بەبێ بەرامبەر بداتە خەڵک و بەڕێزەوە وەک دیاری بۆی بنووسێت و واژووی بکات، کەچی کاکی ڕێزلێگیراو، بێشەرمانە بە پارەیەکی چارەکە بەهای کتێبەکە، دەیفرۆشێتە کتێبفرۆشەکانی سەر شۆستەکان. کاتێکیش لاپەڕەکانیان هەڵدەدەینەوە، دەبینین دەقی کتێبەکە نەشکاوە، چونکە هێندێک لە لاپەڕەکانی کە پێکەوە نووساون، لێکنەکراونەتەوە، ئەمەش باشترین بەڵگەیە، کە کتێبەکە نەخوێنراوەتەوە بگرە سەرنجێکی سەرپێیش لە لاپەڕەکانی نەدراوە.

ئەم هەلومەرجە، بەشێکی ئاکامی پەرپووتکردنی پەروەردەی ئێمەیە لە باشووری کوردستاندا. هاوکات دەستخرایە خوێندنی باڵاش، بەوە هێندەی تر بابەتەکە لە

گرێژەنە دەرکرا، بەتایبەت کە کردنەوەی زانکۆ لە قەزا و ناحیەکان و ئەرێدان بە کردنەوەی زانکۆی ئەهلی، کە لە زۆربەردا وەک دەستگای پێدانی بڕوانامەیان لێهاتووە، بەجۆرێک خەریکە وەک هێندێک زانکۆی ڕووالەتیی ئەورووپای لێدێت، کە کەسانی بێگانە بۆ خوێندنی باڵا وەردەگرن، بەڵام بۆیان گرنگنییە، کەسەکە لەباریدایە، کە ئەو بابەتە بە سەرکەوتوویی تەواو بکات، چونکە خۆیشیان دەزانن، کە لە زۆربەردا کەسانی مەغریبی و جەزائیری لە ئەو وڵاتانەدا هەن، کە کاریان بووەتە نووسینی لێکۆڵین بۆ زۆرێک لە خوێندکارانی ئەو چەشنە زانکۆیانە. جا ئێستا لە هەرێمەکەی ئێمەشدا خەریکە ئەو چەشنە خوێندکار و بڕوانامە بەدەستهێنانە پەرەدەسێنن. ئاشکراشە، کە ئەمانە نەدەبنە خوێنەرو نە دەتوانن بەکەڵکی نەتەوەکەمان بێن، بەڵکو دەکرێنە بار بەسەر ناوەندەکانی میری و خوێندنی باڵایەوە. لە زۆربەریشدا ئەمانە لە بنەڕەتدا خاوەنی پاڵپشت بوون چ لە حیزبەکان و چ لە حکومەتیشدا، بۆیە دوواجار بە بیانووی ئەوەوە کە لە ئەورووپا خوێندوویانە و بڕوانامەی باڵایان چ لە ئەورووپا و چ لە هەرێم، بەدەستهێناوە، ئەوا هێدیهێدی دەخرێنە جێگەی کەسانی ڕژد لە دامودەستگاکاندا و بەوەش ئەوەندەی تر لەبریی پێشکەوتن، هەرێمەکە بەرەو پاشەکشە دەبەن، کەسیش ناتوانێت لە گوڵێک کاڵتریان پێبڵێت. هەربۆیە لە ئەم ئاستەشدا خوێنەر و خوێندنەوەو ئاکادیمێتیش بەرەو پاشەکشە دەبرێت و براویشە. هەموو ئەم مامەڵەکردنە لەگەڵ پەروەردە و خوێندنی باڵا و ناوەندە ڕۆژنبیرییەکاندا، وایانکردووە، کە سەرجەم پرسە نەتەوەییەکان لای تاکی کورد، بەتایبەت نەوەی نوێ پاشەکشەی پێبکرێت، کە گرنگترینیان پرسی زمان و کەلتووری کوردییە.

ڕاستە ئێستا وەک ژمارە بڵاوکراوەی زۆرو ناونیشانگەلی زۆر دەکەونە بەرچاو، بەڵام ڕەنگە ناڕەوا نەبێت گەر بڵێین هێندێک لە ئەو بڵاوکراوانە، نەبوونیان لە بوونیان پتر ڕاژەی زمان و کەلتووری کوردی دەکەن. ئەمەش بۆ خوێنەری ڕژد، بە ئاشکرا دیارە. بێگومان هیچ کات و بۆ هیچ پرسێکیش زۆر و بۆری کەڵک ناگرێت. بەندە لە مێژە لەمەڕ ئەم پاشاگەردانی و زۆر و بۆرییەی بڵاوکراوەی کوردی دوواوم، بەڵام بەداخەوە بەدەنگەوەهاتن نەبووە و نییە، بەتایبەت لەلایەن ئەو بەرپرسانەوە، کە دەتوانن سەبارەت بە ئەو پرسە بڕیارێک بدەن و کارێک بکەن. پرسی زمان و زار بۆ ئێمەی کورد، دەبوو لە گرنگترین پرسەکان بووایە، چ لەلای

بەرپرسان و چ لەلای ئاکادیمی و ڕۆژنبیرانی کورد بەگشتی. لەپێش هەمووشیانەوە دەبوو پەرلەمانی هەرێمەکەمان ئەو پرسەی بکردایەتە خەمی لەپێشینەی خۆی، کە بەداخەوە نەک ئەوەی نەکرد، بەڵکو لە پەرلەمانەکەمانەوە خەمساردی و بگرە دژیەتیی زمانی کوردییش بەجۆرێک لە جۆرەکان کراوە. هەر ئەوەش بووە هۆی پەرتبوونی زمانەکەو بڵاوکراوەی کوردییش بەرەو پاشاگەردانی و کەسلەکەسی برا.

بەندە، کە ئەم وتارە دەنووسم و لە ئەو بابەتە دەدوویم، چاک دەزانم، کە هێندێک لە خوێنەران هاوڕام نابن، بەڵام من وەک خوێنەرێک و ئاکادیمییەکی پسپۆڕی بوواری زمانی کوردی، ئەوەی دەیڵێم قسەگەلێکی سەرپێیی نین، بەڵکو بەرهەمی لێکۆڵین و وردبوونەوەی بەردەوامن لە زمانی نەتەوەکەم و لە نووسین و بڵاوکراوەکانمان. هەرئەوەش وایکردووە، کە چەندان لێکۆڵین و وتار و کۆڕ و کۆبوونەوە و مێزگرد و چاوپێکەوتنی میدیاییم هەبن و بەردەوام لە مەترسییەکانی ئەو پاشاگەردانییە بدوویم، کە ئاکامەکەی بۆ نەتەوەی ئێمە زۆر خراپ دەکەوێتەوە.

دیارە ئەمە بە ئەو واتایە نییە، کە بڵێین لە ئێستادا کەسانی دڵسۆزی زمانزان و نەتەوەپەروەرمان کەمن، بەڵکو بەپێچەوانەوە، کەسانی دڵسۆزمان زۆرن، بەڵام کاتێک گوێیانلێنەگیرێت و کار بە ڕێنمایی و بۆچوونەکانیان نەکرێت، یاخود لە پێگەیەکی وادا نەبن، کە بتوانن بۆچوونەکانیان بەردەنگیان هەبن و ڕەچاوبکرێن، ئەوا دیسان هیچ ئاکامێک بەدەستنایەت. خۆ ئەگەر ئەو دڵسۆزانە کۆڵبدەن و بەردەوامنەبن لە هەوڵەکانیان، ئیدی ئەو ڕەوتی کاولکارییەی زمان هێندەی تر جێگەی خۆی دەکاتەوە، بەشێوەیەک کە ئیدی دەبێت خەونی کاراکردنەوەی زمانە ستانداردەکەمان لەبیربکەین و خۆبدەینە دەست ئەو دەنگە ناسازانەی، کە دەخوازن زمانی ئینگلیزی بکرێتە ستانداردمان، یاخود لە هەوڵی ئەوەدابن، کە هەر زارەو ڕێچکەی بوونە زمانی سەربەخۆی پێ بگیرێت. بێگومان هەریەک لە ئەو بۆچوونانە دەچنە خانەی پەرژەوەندیی داگیرکەرانی نیشتمان و ئاکامەکەشی بەدڵنیاییەوە لەدەستدانی ناسنامەی نەتەوەیی کورد دەبێت، بە سەرجەم تایبەتمەندییەکانییەوە.

لەئێستادا، ئەگەرچی زمانی کوردی ئەمە هەلومەرجەکەیەتی، کە دەیبینین، بەڵام خۆشبەختانە هەمیشە لەناو کورددا کەسانی دڵسۆز و ئاگا هەبوون و هەن، کە کۆڵنەدەرانە بەرەنگاری ئەو دەستانە دەبنەوە، کە بە بیانووگەلی نابەجێ، کار بۆ

پەرتکردن و شێواندن و نابوودکردنی زمانی نەتەوەکەمان دەکەن، لە زۆربارێشدا لۆجیکی ئەمانە هێندە لەبارو تۆکمەیە، کە بتوانێت ڕێسی ناحەزانی نەتەوەی کورد و زمانەکەی بکاتەوە بەخوری، هاوکات بە نووسین و لێکۆڵین و دیمانە میدیاییەکانیان، ڕێچکەی ڕاست و دروستی زمانەکەمان پیشانی ڕۆڵەکانی نەتەوەکە بدەن و ترسناکیی لەدەستدانی زمانی زگماک بکەنە بابەتی کار و بەدوواداچوونەکانیان. هەربۆیە بەدڵنیاییەوە دەڵێم، کە گۆڤاری (زمان و زار) یەکێکە لە ئەو بڵاوکراوانە، کە ئەو پرسەی کردووەتە خەمی پیرۆزی خۆی و کاری ڕژد لەپێناو پەیامەکەیدا دەکات. جا ئەگەر بەوردی و بەویژدانەوە بە کۆی بابەتەکانی ئەو (٩) ژمارەیەی گۆڤارەکەدا بڕوانین، بەئاشکرا ڕاستیی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هۆشیاری و دڵسۆزییەکی زۆر لەپشت سەرهەڵدان و بەردەوامبوونی ئەم گۆڤارەوە سەبارەت زمانی کوردی و پێکۆڵەکانی سەرڕێی، هەیە.

چاکیش ئەوەیان زانیوە، کە پایەی یەکهەمی نەتەوەکەمان زمانەکەمانە. بەندە لەوە بەئاگام، کە چۆن سەرنووسەری گۆڤارەکە، لەڕێگەی ئەو پێوەندییە فراوانەیەوە، کە لەگەڵ نووسەرانی باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکووردا، هەیەتی، چۆن هەوڵدەدات بۆئەوەی نووسەرانی سەرجەم پارچەکانی کوردستان هانبدات، تاوەکو سەبارەت بە زمان و زارەکانی کوردی بنووسن و لێکۆڵین بکەن، ئەگەرچی بە زمانی زگماکیش نەتوانن بنووسن. هەر ئەم دڵسۆزی و فراوانییەی پێوەندییەکانی سەرنووسەریشە، وایکردووە گۆڤارەکە تائێستا بەردەوامبێت و خوازتی ئەوەشی هەبێت، کە ئاستەنگەکان نەتوانن پەکیبخەن. دیارە لە ئەوەش بەئاگام، کە کەسانێک هەن، بە هەر هۆیەک بێت، دژایەتیی گۆڤارەکە لە دەمودوویاندا دەردەکەوێت، بۆیە نابێت گوێ بەئەو دەنگانە بدرێت، لەکاتێکدا، کە گۆڤارەکە پەیامێکی پیرۆزی هەیە و لە ڕاژەی پرسێکی هەرە گرنگی نەتەوەکەماندایە.

لە کۆتاییدا دەمەوێت سوپاسێکی بێپایانی خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارەکە، دکتۆر (تەها ڕەسووڵ) بکەم، کە هەر خۆیشی تێچووی گۆڤارەکەی لەئەستۆ گرتووە، کە ئەمە کارێکی دڵسۆزانەیە. بۆیە هیوادارم بەردەوامبێت و ناحەزانی زمانی کوردی نەتوانن بە هەر بیانوویەکبێت بیخەنەسەر کەڵکەڵەی وەستاندنی گۆڤارەکە.

لە کۆتاییدا سوپاسێکی تایبەتم بۆ کاکە (فەرەیدوون سامان)ی سەرنووسەر، کە بەڕاستی دەروێشانە کار بۆ بەردەوامبوونی گۆڤارەکە دەکات و هاوکات وەک

لایەنی ئازادیی بیروڕا، ئەو نووسینانەش بڵاودەکاتەوە، کە ئەگەرچی زۆر لەگەڵ پەیامی گۆڤارەکەشدا کۆکنین.

لە نزیکیشەوە ئاگادارم، کە چۆن ڕوو لە نووسەرانی سەرجەم پارچەکانی کوردستان دەنێت، تاوەکو سەبارەت بە پرسی (زمان و زار) بابەت و لێکۆڵینی بۆ بنێرن، هەرچەندە گۆڤارەکە لە توانایدا نییە، کە پاداشتی نووسین بە کەس بدات. دیارە ئەوەش بۆ ئەم ڕۆژگارە، بۆخۆی جۆرێکە لە گرفت، چونکە لەئێستادا کەمنین ئەو نووسەرە بەتوانایانەی، کە لایەنی ئابووریيان لەبار نییە و ئەوەش وادەکات، کە نەتوانن خۆیان بێبەرامبەر بۆ ئەم پرسە تەرخانبکەن. بۆیە هیوادارم کاکە فەرەیدوون، کە ئەم ئەرکەی گرتووەتە ئەستۆ، کۆڵنەدات و بەردەوامبێت و گۆڤارەکەش پتر لە گەشە و بەخۆداهاتندا بێت.

# منظومه حماسی گورانی «بهمن و فرامرز» در یک نگاه

سکینه آزادی- علی گراوند

## چکیده

میرزا الماس‌خان کندوله‌ای(ت۱۱۱۸- م۱۱۹۰-۱۲۰۰)، شاعر حماسه سرای کرد، پس از گذراندن دوران نظامی‌گری در سپاه نادرشاه و تبعید به منطقهٔ کندوله، به نظم داستان‌های حماسی و غنایی با گویش کردی گورانی پرداخت یکی از این داستان‌ها، «بهمن و فرامرز» است که حماسه‌ای منظوم با زبانی ساده در قالب مثنوی است. ناظم داستان، ظاهرا این اثر را به تقلید از بهمن‌نامه «ایرانشاه بن ابی‌الخیر» پدید آورده است.

این مقاله با هدف معرفی منظومه حماسی«بهمن و فرامرز» سرودهٔ الماس‌خان کندوله‌ای کرمانشاهی، به عنوان یکی از جلوه‌های فرهنگ بومی و یکی از پشتوانه‌های فرهنگ ملی، ویژگی‌های داستانی این منظومه را در مقوله ساختاری و محتوایی بررسی کرده است. در بخش ساختار «شکل و قالب، زبان، موسيقي، تخیل، منطق، زاویه دید، لحن، شخصیت‌پردازی و گفتگو» و در بخش عناصر محتوا «دیباچه منظومه، سخن‌گفتن با پروردگار، اشاره به روز رستاخیز، حکیمانه‌ها، سوگند، زمین‌بوسی، توصیف، فریب و نیرنگ، نامه‌نگاری، زمان، تقدیر، آلات موسیقی جنگ، انتقام و کین‌خواهی، عشق، توفیق خداوندی در کارها، عامیانه‌ها» بررسی شده است. نتیجه پژوهش نشان می‌دهد که ویژگی‌های یک داستان حماسی بر پایه ساختار و محتوا بر این داستان حاکم است و در ردیف داستان‌های حماسی بومی و محلی قرار می‌گیرد.

واژگان کلیدی: الماس‌خان کندوله‌ای، بهمن و فرامرز، تحلیل ساختار و محتوا، زبان کردی گورانی.

### ۱. مقدمه

از دیر باز تاکنون ایران، جولانگاه شاعران، اندیشمندان و بزرگانی بوده است که با قلم توانای خویش آنچه را که بر مردمان این سرزمین گذشته، به نظم و نثر مکتوب ساخته‌اند. آنان گاه به بیان اندیشه‌های صوفیانه و عارفانه پرداخته و گاه به ذکر دلاوری‌ها و رشادت‌های این مردمان همت گماشته‌اند و به خلق آثاری ماندگار در پهنه ادب و فرهنگ دست یازیده‌اند که هریک دنیایی از هنر این مردم را در خویش جای داده است. در این میان شاعران کردزبان نیز در انتقال اندیشه‌ها و فرهنگ مردمان این دیار سهمی بسزا داشته‌اند. ادبیات حماسی و شاهنامه‌های کردی جزئی از میراث گذشتگان ماست که در گسترهٔ پهناوری از جغرافیای ایران زمین در میان مردمان، زبان به زبان ساری و جاری گشته است. شاهنامه کردی، آینه تمام‌نمای

زندگی و تلاش مردمانی است که روزگارانی دراز در این سرزمین زیسته و اندیشه و افکارشان سینه به سینه و زبان به زبان نقل گردیده و اکنون با شکوهی وصف‌ناپذیر با انبوهی از عقاید و سنن و رسوم پیشینیان به ما رسیده است.

امروزه سخن گفتن از لزوم گردآوری ادبیات بومی و منطقه‌ای و پیشگیری از تباهی این شاخه بزرگ درخت تناور فرهنگ و هنر مردم کرد، نگاهی قوم‌گرایانه نیست؛ بلکه یک ضرورت فرهنگی ملی و مردمی است. نگارندهٔ این نوشتار نیز با هدف نگهداری و حفظ منظومه حماسی «بهمن و فرامرز» سرودهٔ الماس‌خان کندوله‌ای کرمانشاهی، به عنوان یکی از پشتوانه‌های فرهنگ ملی، با گردآوری چهار نسخه از آن به تصحیح انتقادی این اثر همت گماشت و اکنون با هدف معرفی این اثر زیبا به دوستداران علم و معرفت بر محور بررسی ساختاری و محتوایی و با هدف دستیابی به مختصات و ویژگی‌های شعری این شاعر توانا، به نگارش این مقاله دست یازید. همچنین این پژوهش می‌تواند نشان دهد که معرفی اینگونه آثار می‌تواند راهگشای تحقیقات جدید ادبی، بخصوص در مورد شاهنامه کردی باشد و بر غنای فرهنگ این خطه بیفزاید.

## ۲. شرح حال شاعر

الماس‌خان در سال ۱۱۱۸ هجری قمری در روستای بزرگ کندوله از توابع کرمانشاه دیده به جهان گشود (بوره‌که‌یی، ۱۳٦۷: ۲۸). گاهی او را الماس‌خان کندوله‌ای و گاهی میرزاالماس‌خان و در بعضی نوشته‌ها و روایات سرهنگ الماس‌خان کردستانی می‌گویند. این سه عنوان در مورد او صدق می‌کند و اینکه می‌گویند الماس‌خان کردستانی به این معنی است که او اصلا کردستانی و در ابتدا از سرهنگان و پرچم‌داران سپاه والی وقت کردستان بود و در لشکر والی کردستان در جنگ‌های نادر شاه افشار با عثمانی‌ها در عراق و بغداد و سرزمین‌های مرزی کرد نشین شرکت کرده و پرچمدار بوده‌است (صالحی، ۱۳۸۰: ۱٦۱).

الماس خان در دوران پادشاهی نادرشاه افشار(۱۱٤۸- ۱۱٦۰) وارد سپاه نادر شد و فرماندهی سپاه سنندج را در جنگی که بین نادر و سپاه عثمانی در گرفت به عهده داشت و در جنگی که در صفر سال (۱۱٤٦هـ.ق) بین سپاه عثمانی به فرماندهی «توپال عثمان شاه» با نادر در گرفت بر اثر تخلف کلنل الماس‌خان تیپ سنندج مجبور به عقب‌نشینی شد یا به قول سرجان ملکم باعث شکست نادر و یا طبق اظهارات میرزامهدی‌خان در کتاب جهانگشای نادری از استقرار نظم مجدد باز ماند (یزدان پناه، ۱۳۸٤: ۱۸).

نادر پس از این شکست، سرهنگ وفادار خود الماس خان را که عمری برای او خدمت کرده به طرز فجیعی مجازات نمود و به طور کلی او را از آن تاریخ به بعد مقطوع‌النسل نمود و همراه سه دخترش به منطقه ییلاقی کندوله تبعیدکرد (گجری، ۱۳۷۳: ذ). خلاصه چون الماس‌خان این بی‌مهری را می‌بیند صحنه جنگ و جدال را ترک می‌کند و به منطقه کندوله می‌آید و در آنجا که مکان امن و راحتی برای او می‌باشد، اقامت می‌کند شمشیر را کنار می‌گذارد و قلم به دست می‌گیرد و به شعر و شاعری می‌پردازد و به نظم حماسه‌ها سرگرم می‌شود (صالحی، ۱۳۸۰: ١٦٤). الماس‌خان در نیمه دوم قرن دوازدهم یعنی حدود سال ۱۱۸۰ قمری در قید حیات بوده و احتمالا در فاصله سال‌های ۱۱۹۰ و ۱۲۰۰ در کندوله بیلوار فوت کرده است.

۳. **عناصر ساختاری:** در ادامه، عناصر شعری و داستانی منظومه بهمن و فرامرز در ده مورد، تحت عناوین «شکل و قالب، زبان، موسيقي، تخیل، منطق، زاویه دید، لحن، شخصیت‌پردازی و گفتگو» در جهت نشان دادن ارزش‌های ادبی، بررسی شده است.

**الف) شکل و قالب:** همانطور که می‌دانیم عمده‌ترین، قوي‌ترين و هنري‌ترين قالب شعري، براي بيان داستان‌هاي حماسي و منظومه‌هاي طولاني، قالب مثنوی است. الماس‌خان نیز داستان خود را در این قالب سروده است. داستان تقريبا بلند «بهمن و فرامرز»، به تفصيل و در ساختاري كامل و منسجم، جنگ و تقابل دائمی سپاه «بهمن» با «فرامرز و بازماندگانش» را در چارچوب داستاني زيبا ارائه مي‌دهد. شاعر اين داستان را همچون يك راوي با مهارت و ظرافت، به سادگي روايت مي‌كند.

**ب) زبان:** یکی دیگر از ویژگی‌های این منظومه، زبان ساده و محسوس آن است. الماس‌خان کندوله‌ای مضامین و افکار حماسی را با استادی تمام به زبان کردی سروده است.

